# پێکهاتنی ژیانی حزبایەتی لـە جیهان

## بۆردی هۆشیاری

ئۆرگانێکی هۆشیاری و رۆشنبیریی سیاسییە، لە چوارچێوەی مەکتەبی راگەیاندن و هۆشیاری، بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەسەندکراوی پێنجەمین کـۆنگرەی (ی. ن. ك) لە ساڵی ٢٠٢٣ دامەزراوە.

ئەرکەکانی بریتین لە: دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی هۆشیارکردنەوەی فیکری و سیاسی و حزبی، لەبەر رۆشنایی بنەما فیکری و سیاسییەکانی پەیڕەو و پرۆگرامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە ئاشتی و مافی چارەی خۆنووسین، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسی، سیکۆلاریزم، مافی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتی، تاوتوێکردنی پرسەکانی بیری هاوچەرخ و رەوتە فیکرییە نوێیەکان، دابینکردنی ئەدەبیاتی رێکخراوەیی، ئەرشیفکردن و دووبارە چاپکردنەوەی بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بەرهەمەکانی سەرۆك مام جەلال، نووسینەوەی مێژووی (ی. ن. ك) و شۆڕشی نوێ و رۆڵی لە بوژاندنەوەو درێژەپێدانی گیانی خەبات و بەرگری.

نووسینی
محمد فاتح

# پێکهاتنی ژیانی حزبایەتی لە جیهان

پێکهاتنی ژیانی حزبایەتی لەجیهان
نووسین: محمد فاتح
دیزاین: کەمال حامد
تیراژ: 500 دانە
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
ساڵی چاپ: 2024
شوێنی چاپ: کوردستان - سلێمانی
چاپ: چاپخانەی حەمدی
زنجیرە ( 560 - 60 )

لە بەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە سپاردنی (1527) ی ساڵی 2023 پێدراوە

بڵاوکراوەکانی بۆردی هۆشیاری
مەکتەبی ڕاگەیاندن و هۆشیاری
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

www.hoshyary.com inf@puknow

# پێڕست


پێشەکی ٩

**بەشی یەکەم/ بیرۆکەی ڕێکخستن و زاراوە و چەمگە گشتییەکانی حزبە سیاسییەکان** ١٥

سەرچاوە و پەراوێزەکانی بەشی یەکەم ٤١

**بەشی دووەم/ سەرهەڵدانی حزبە سیاسییەکانی لە جیهاندا:** ٤٣

شیکردنەوەیەکی گشتی ٤٥

بیروبۆچوون درەبارەی دروستبوونی حزبەکان ٤٧

دروستبوونی حزبە سیاسییەکان ٤٩

خەسڵەت و جیاوازییەکانی نێوان هەردوو جۆری حزب ٦٢

هۆکارەکانی دەرکەوتنی حزبە سیاسییەکان ٦٣

شێوازە سەرەکییەکانی دروستبوونی حزبەکان ٦٥

قۆناغەکانی پەرەسەندن و گۆڕان لە دروستبوونی حزبە سیاسییەکان. ٦٧

پەروایێزی بەشی دووەم ٧١

**بەشی سێیەم/ پێکهاتنی حزبەکان لە کیشوەری ئەورووپا** ٧٥

شیکردنەوەیەکی گشتی ٧٧

پەرەسەندنە دیموکراسییەکان لە ئەورووپای ڕۆژئاوا ٧٩

گۆڕان و ڕووداوە سیاسییەکان لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا ٨٢

بنەماڵە گەورەکانی حزب لە ئەورووپا ٨٥

پێکهاتنی حزبە سیاسیەکان لە بەریتانیا ٨٦

پێکهاتنی حزبە سیاسییەکان لە ئەڵمانیا ٩٤

پێکهاتنی حزبە سیاسییەکان لە فەرەنسا ١٠٣
پێکهاتنی حزبە سیاسییەکان لە ئیتالیا ١١٢
پێکهاتنی حزبە سیاسییەکان لە دانیمارک ١٢٢
پێکهاتنی حزبە سیاسییەکان لە هۆڵەندا ١٢٨
پێکهاتنی حزبە سیاسییەکان لە بەلجیکا ١٣٥
پێکهاتنی حزبە سیاسییەکان لە یۆنان ١٤٠
پەراوێزەکانی بەشی سێیەم ١٤٤
**بەشی چوارەم/ پێکهاتنی حزبەکان لە کیشوەری ئاسیا** ١٥١
شیکردنەوەیەکی گشتی ١٥٣
دیاردەی حزبە سیاسییەکان لە کیشوەری ئاسیا ١٥٤
١/ سیستمی ئیمپراتۆرییەتە نەریتییەکان ١٥٦
٢/ سیستمی دەرەبەگایەتی لە یابان ١٦٣
٣/ سیستمی ڕکابەری سنووردار ١٧٠
حزبە سیاسییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ١٧٧
پەڕاوێزەکانی بەشی چوارەم ١٨٩
**بەشی پێنجەم/ پێکهاتنی حزبە سیاسییەکان لە کیشوەری ئەفریقیا** ١٩٣
شیکردنەوەیەکی گشتی ١٩٥
سەرەتاکانی ژیانی حزبایەتی ١٩٧
خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی سیستمی تاکحزبی ٢٠٢
پەراوێزەکانی بەشی پێنجەم ٢٠٥

**بەشی شەشەم/ پێکهاتنی حزبە سیاسییەکان لە کیشوەری ئەمریکای باکوور** ٢٠٧
بارودۆخی سیاسی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ٢١٠
بارودۆخی سیاسی مەکسیک ٢١٩
پەراوێزەکانی بەشی شەشەم ٢٢٦
**بەشی حەوتەم/ حزبە سیاسییەکان لە کیشوەری ئەمریکای باشوور** ٢٢٩
شیکردنەوەیەکی گشتی ٢٣١
دەرکەوتنی حزبەکان و ژیانی سیاسی ٢٣٣
کوبا ٢٤٠
فەنزویلا ٢٤٣
بەڕازیل ٢٤٤
ئەرجەنتین ٢٤٦
پەراوێزەکانی بەشی حەوتەم ٢٤٨
پاشکۆ ٢٥١
پەراوێزەکانی بەشی پاشکۆ ٣٩١
سەرچاوەکان ٤٠٨

# پێشەکی

حزبی سیاسی بریتییە لە کۆمەڵە هاووڵاتییەک، چەند ئامانجێکی سیاسییان هەیە، باوەڕیان بە یەک ئایدیۆلۆژیا هەیە، خۆیان ڕێکخستووە، بە مەبەستی گەیشتن بە دەسەڵات و جێبەجێکردنی ئامانجەکانیان، ئەوەش سادەترین پێناسەیە بۆ زاراوەکە.

لەم سەردەمەدا حزبی سیاسی وەک فاکتەرێکی سروشتی، وابەستەی هەموو سیستمێکی سیاسی ناسراوە، لە سیستمە زۆردارەکاندا بوونی دەبێت هەروەک چۆن لە سیستمە لیبڕاڵەکانیشدا بوونی هەیە، لەو وڵاتانەی کەوتوونەتە سەر ڕێگای گەشەکردن، هەروەک لە وڵاتانی پیشەسازی پێشکەوتوودا، ناکرێ بڵێین دەوڵەتێک هەبێ بێ ئەوەی بەلای کەم حزبێکی سیاسی تێدا نەبێت.

بەڵام دۆخەکە تا سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەم بە شێوەیەکی دیکە بوو، لەو سەردەمەوە حزبی سیاسی بە زاراوە و بۆچوونە نوێیەکەی ڕووی لە پێکهاتن کرد و زاراوەی حزب لەو سەردەمانە و پێشتریش ئەو هێما و مانایانەی هەڵنەگرتووە کە ئەمڕۆ زانراون.

دیاره دروستبوونی حزبی سیاسییش لەپێناو ئامانجێک، یان چەند ئامانجێکدایە، لەم ڕووەوە دوو فاکتەری سەرەکی ڕۆڵیان دەبێت لە دیاریکردنی ئەو ئەرک و ئامانجانەی کە حزب پێی هەڵدەستێت و خەباتی بۆ دەکات، ئەوانیش: جۆری ڕێکخستن و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکەی حزبەکەیە، ئەو ئەرکانەش دەگۆڕێ بەپێی جیاوازیی بارودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی هەر کۆمەڵگەیەک.

ئەگەر بۆ مێژووی کۆن بگەڕێینەوە و لە کاری ڕێکخراوەیی بکۆڵینەوە، دەبینین لە سەردەمی دەسەڵاتدارانی کۆنی یۆنانی و ڕۆمانی گردبوونەوەی پیشەیی بوونی هەبووە، چەند تائیفەیەکی پیشەداریش بەدی کراوە، ئەوانە شوێنێکی ڕەسمیان هەبووە و وەک نیمچەبازنەیەکی پیشەیی لە جێگای تایبەت و بەپێی چەند نەریت و هەڵسوکەوتێکی تایبەت کۆ دەبوونەوە و خۆیان ڕێکدەخست، ئەو دیاردانە لە مێژووی کۆنی وڵاتانی یابان و چین بەدیکراون.[1]

بەپێی نووسینەکانی (تیودوسیوس) لەو سەردەمە، سێ یەکێتیی پیشەیی هەبوون، هەموویان لەژێر چاودێریی حکومەتدابوون، ئەو سێ یەکێتییە بریتی بوون لە: یەکێتیی کرێکارانی کانەکان، یەکێتیی هاتوچۆی دەریایی، یەکێتیی پیشە خۆراکییەکان، سەرەڕای بوونی پیشەی جۆراوجۆر، هەریەکە لەوانە بەرپرس و ئەمینداری تایبەتی خۆی هەبووە.

ئەورووپا لە چاخەکانی ناوەڕاست لە بارێکی ئابووری سەرەتایی ساکار ژیاوە، بۆیە کە گۆڕان و پێشکەوتنی

شارستانیەت ناوچەکەی گرتەوە لە سەدەی هەڤدەهەم بەدواوە، ئەوا دابەشبوونی کار و پاشان پەیدابوونی چینە پیشەییەکان زۆرتر چەسپا، دواتر ئەو چینانە گردبوونەوە لەسەر شێوەیەک کە ناویان لێنرا (هاوڕێکانی پیشە)، هەروەک لە فەرەنسا ڕوویدا، بەڵام لە وڵاتی ئینگلتەرا بەو کارە دەوترا (جیلد هانزا)، لە کاتێکدا لە ناوچەکانی وڵاتانی ئەڵمانیا پێیان دەوترا (زوتغتن).

لە کتێبی (پیشەکان)دا، کە لە ساڵی (١٢٦٨)، (ئیتین برالو) نووسیویەتی لە فەرەنسا، نزیکەی سەد پیشەی جۆراوجۆری ناو هێناوە و بەسەر شەش گرووپدا دابەشی کردوون.

یەکێتییەکان (ڕێکخراوە پیشەییەکان) لە وڵاتانی ئەورووپا پێکهاتبوون لە (وەستاکان، هاوڕێکان، کرێکاران)، هەروەها ئەنجوومەنێکی باڵایشیان هەبووە، کە تەنها وەستاکانی تیادا بەشدار بووە و بەرنامەی ڕێکخراوەکەیان داناوە.

ئەو پێکهاتە پیشەییانە کۆمەڵە پرەنسیپ و ڕێنماییەکی توندیان لەخۆ گرتووە دەربارەی منداڵان و کرێکاران، پاشتر گرووپ و دەستەی تایبەتیان دروست کردووە، ئەو گرووپانە بوونەتە بنەمایەک بۆ دروستبوونی سەندیکا و ڕێکخراوە میللییەکان دواتر، لە وڵاتی ئیتالیا پسپۆڕی لە کاردا پێڕەو کراوە، ئەوەش بووە بەهۆی پۆلێنکردنی پیشەکان، وەک پیشەی پزیشکی، تۆمارکەری گرێبەستەکان، بازرگانی، سەرمایەداران، هەریەکە جۆرە یەکێتییەکی جیاوازیان هەبووە، کە بە یەکێتیی هونەرە گەورەکان ناسرابوون، بەڵام یەکێتیی

هونـەرە بچووکـەکان وەک (ئاسنگەران، دارتاشـان)، ئەوانـە بوون بەهـۆی دروسـتبوونی چیـن و توێـژی وەک پرۆلیتاریـا.

دیارە سیاسیەت وەک دیاردە و زانست لـە هەناوی مێژوودا هەڵقوڵاوە، بۆیـە دەبێ بۆ ئـەو مێژووە بگەڕێینـەوە بە مەبەسـتی ڕوونکردنـەوەی چۆنیەتیـی دروسـتبوونی دیـاردە و دامـەزراوە کۆمەڵایەتییـەکان لـە حکومـەت و حزبـەکان، هەروەهـا بۆ ئـەوەی بەرچاوڕوونیمـان لا پەیدا بێت دەربارەیـان، ئـەوا دەبێـت ڕۆڵـی فاکتـەرە کۆمەڵایەتـی و ئابـووری و سیاسـی و هزرییـەکان شـی بکەینـەوە، کاریگەرییـان بەسـەر دروسـتبوون و پێکهاتنـی حزبـە سیاسییەکان دیـاری بکەین.

توێژینـەوە دەربارەی حزبـە سیاسییەکان تا ئێستاشـی لەگەڵدا بێـت لای شـارەزایان و نووسـەران بـەرەو ڕووی بەرەنـگاری دەبنـەوە، هەروەهـا بـە کێشـەیەکی ئاڵـۆزی پڕگـرێ دادەنرێـت، ئەویـش لەبـەر دوو هـۆی ناوخۆیـی و دەرەکـی.

لـە هۆیـە ناوخۆییەکانـی، ئەوەنـدەی پەیوەنـدی بـە حزبـەکان هەیـە:

سـەرەتای دروسـتبوونیان، بونیـاد و پێکهاتـەی ڕێکخراوەییـان، شـێوازی سـەرکردایەتی و سـەرچاوەی شـەرعییەتیان، هەروەهـا پەیوەندییەکانـی نێـوان سـەرکردە و ئەندامـان و ئۆرگانـەکان، بەرنامـەی سیاسـی و ئایدیۆلۆژیاکان، ئامانج و سیاسـەت و ئـەو هەڵوێسـتانەی پیـادەی دەکـەن، شـێوەکانی داهاتیـان.

لـە هۆیـە دەرەکییەکانیـش: ئەوانـی پەیوەنـدی بـە کۆمـەڵان و باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسـی ڕۆشـنبیرییەوە هەیە کە

حزبەکان لە چوارچێوەیان چالاکی دەنوێنن، جۆری سیستمی حوکمڕانی دەوڵەت، سیستمەکانی هەڵبژاردن، پەیوەندی حزبەکان بە دەوڵەت و بە چین و توێژەکانی کۆمەڵگە.

ئەم توێژینەوە دەربارەی پێکهاتن و ژیانی حزبە سیاسییەکان، دوو خەسڵەت دەگەڕێتە خۆی ئەوانیش:

١/ توێژینەوەکە فراوانە: باس لە دروستبوونی حزبە سیاسییەکان دەکات لە هەموو کیشوەرەکان، هەوڵدەدات بەپێی توانا تایبەتمەندی هەر کیشوەر و ناوچەیەک بەتەنها بخاتە ڕوو.

٢/ توێژنەوەکە خۆی بە دوور دەگرێت لە بنچینە و درێژەپێدان بە بیروباوەڕ و هزرەکان، هەروەها تیۆرییەکان دەربارەی پێکهاتنی حزبە سیاسییەکان، ئەو تەنها بە کۆکردنەوە و پۆلێنکردنی زانیارییەکان هەڵدەسێت وەک لە سەرچاوە مێژووییەکانەوە دەستی کەوتووە.

ئەم کتێبە بەسەر حەوت بەش و پاشکۆیەکدا دابەش کراوە، لە پاشکۆکەدا، بۆ هەر وڵاتێکی سەربەخۆی جیهان ناوی دە حزبمان هێناوە وەک دیارە، ئەوەش سەرەڕای ئەوەی زانیارییەکی باش دەخاتە بەردەست، تەواوکەری بابەتەکە دەبێت، کەسی توێژەر سوودی زیاتری لێوەردەگرێت.

لە کۆتاییشدا لیستی ئەو سەرچاوانەی پشتیان پێ بەستراوە خراونەتە ڕوو، لێرەدا پێویستە ئەوە بوترێت، کە

ئـەم هەوڵـە ناکـرێ بـێ کەموکورتـی نەبێـت، لەبـەر زۆر هـۆ، ڕەنگـە گرینگترینیـان کەمـی سـەرچاوەکان بـن، بەتایبەتـی لـە زمانـی کوردیـدا، بـەڵام لەگـەڵ ئـەوەش کەلێنێـک لـە کتێبخانـەی کـوردی پـڕ دەکاتـەوە.

نووسەر

# بەشی یەکەم

## بیرۆکەی ڕێکخستن و
## زاراوە و چەمکە گشتییەکانی حزبە سیاسییەکان

## یەکەم: ڕەگوڕیشەی ڕێکخستن لە شارستانیەتە کۆنەکان

ئەگەر لە دەسکەوت و سەرکەوتنەکانی شارستانیەتە دێرینەکان وردبینەوە بە ڕوونی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە هەموو ئەو شارستانیانە مەحاڵە ئەو دەسکەوتانە بەدەست بهێنن ئەگەر بەهۆی زانست و هونەری کارگێڕی و ڕێکخستنەوە نەبوو بێت.

هەر بۆ نموونە پرۆسەی بونیادنانی (ئەهرام)ەکان لە وڵاتی میسری کۆن، ڕێکخستنە کارگێڕییەکانی وڵاتی بابل، دروستکردنی دیواری مەزنی چین، بەڕێوەبردنی ئیپمراتۆرییەتی ڕۆمانی کۆن، شۆڕشە جەماوەرییە گەورەکان کە ڕووی مێژوویان گۆڕی، هەموو ئەو ڕووداو و شوێنەوارە گرینگانە و زۆری دیکەش لە ڕووی ماددی و هزرییەوە، بەڵگەن لەسەر پێشکەوتنی کاری کارگێڕی و ڕێکخراوەیی لە ماوەی هەزاران ساڵدا.

دیارە ڕێکخستنی سیاسییش بەشێک بووە لە ژیانی ئەو میللەتانە، وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی پەیوەستی ژیانی ئەو کۆمەڵگە مرۆییانە بووە بە درێژایی مێژوو.

هەروەها ناکرێ وێنای ئەوە بکەین کە ئەو کارانە لە دەرەوەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی ڕوویان دابێت، چونکە ڕێکخستنیان تەنها لە چوارچێوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان

بەدی دێت، سەرەڕای شێوازی بەڕێوەبردن و بڕیاردان لەسەر کاروبارەکان بۆ ئەوەی بەئەنجام بگەن.

ئاشکراشە کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەبێ شێوازێکی ڕێکخستن تەنها وەک پەیکەرێکی ڕووت و وشک دەمێنێتەوە و دوور دەبێت لە جێبەجێکردنی ئامانجەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی[٢]

لێرەدا بەکورتی ئاماژە بۆ ژیانی ڕێکخستنی کارگێڕی و هزری چەند شارستانیەتێکی بەناوبانگی دێرین دەکەین:

## ڕێکخستن لە شارستانیەتی دۆڵی ڕافیدەین:

هەموو سەرچاوە مێژوویی و شوێنەوارەکان، کۆکن لەسەر ئەوەی کە دۆڵی ڕافیدەین (عێراقی کۆن) بەڕاستی بەلانکەی شارستانیەت دادەنرێ، مێژوونووسی بەناوبانگ – کریمەر – ئەو ڕاستییە لە کتێبەکەی بە ناوی (مێژوو لە سۆمەرەوە دەست پێ دەکات) تۆمار کردووە.

ناوبراو جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە سۆمەرییەکان یەکەم گەل بوون شارستانیەتیان لەمێژوودا بونیادناوە، ئەو مێژوونووسە ئەو سەردەمەی بە ساڵانی (٢٨٥٠ ـ ٢٤٠٠ پ.ز) دیاری کرد.

لەو قۆناغەدا (دەوڵەتە شارەکان) دەرکەوتن، هەروەک لە شارەکانی: کیش، وەرکا، ئور، لەکش... لە ناوچەکانی باشووری دۆڵی ڕافیدەین.

لوکال ناکیزی شای (ئوما) توانی دەست بەسەر وڵاتی (لەکش) بگرێت و لەگەڵ ناوچەکەی ژێر دەسەڵاتی خۆی

یەکیانی خست و بوو بە شای سۆمەر.

ماوەی دەسەڵاتی (٢٩) ساڵ درێژەی کێشا، لە (٢٣٧١) پ.ز کۆتایی بە دەسەڵاتی ئەو شایە هات و سەرجونی ئەکەدی بوو بە پادشای وڵات.

لە وڵاتی (بابل)یش، حەمورابی وەک شایەکی بەناوبانگ دەرکەوت، ئەو ماوەی (٤٢) ساڵ حوکمڕانی کردووە، لەنێوان (١٧٥١- ١٧٩٣) پ.ز، ناوبراو بە داڕشتنی یاسا ناوبانگی دەکرد.

نووسەرێک بەم جۆرە باس لە شارستانیەتی سۆمەرییەکان دەکات:[٣]

شارستانیەتی سۆمەرییەکان لە پێشەوەی شارستانیەتی ئیمپراتۆرییەتە مەزنەکانەوەیە، ئەو شارستانیەتە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چاکترین بەشداری کردووە لە بوارەکانی تەکنۆلۆژیا و هونەری حوکمڕانی و دروستکردنی شارە گەورەکان و تۆمارکردنی نووسراوەکان و دەرکردنی یاساکان.

سەرەڕای چەندین دەسکەوتی گەورە لە ژیانی ماددی، ئەویش بەهۆی کاراکردنی سیستمە کارگێڕییەکانی، کە توانیویەتی وزە مرۆییەکان هەمووی بتوێنێتەوە و بە کاریان بهێنێ .

لێرەدا بەکورتی ئەو کاروبارانە دەخەینە ڕوو کە لە شارستانیەتی دۆڵی ڕافیدەین ڕوویانداوە لە ڕووی ڕێکختسنە کارگێڕییەکان:

١/  بە دەرکەوتنی شارەکان، لەسەر کەناراوەکانی هەردوو ڕووباری دیجلە و فورات، یەکەم هەوڵەکانی نووسین و تۆمارکردن و ناوەندەکانی خوێندن و بازرگانی و پیشەسازی و کشتوکاڵی، هەروەها کاروباری پزیشکی بەدەرکەوتن.
٢/  لە ئەنجامی دامەزراندنی چەند نیمچەدەوڵەتێکی سەربەخۆ و جیاواز لە یەکتر، ژیانی سیاسی دەستی پێ کرد، پاشان ئەو نیمچەدەوڵەتانە یەکیان گرت و لە لایەن ناوەندێکەوە بەڕێوە دەچوون.
٣/  دەرکەوتنی ڕژێمی پاشایەتی، بەپێی ئەو ڕژێمەش (شا) بەو پیاوە مەزنە تەماشا دەکرا کە یەزدان بۆ حوکمڕانی مرۆڤ هەڵیبژاردووە، ئەو جۆرە ڕژێمانە نەریتی پشتاوپشتی و میراتیان پیادە دەکرد.
٤/  (شا)کان لەو سەردەمە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری حوکمڕانی دوو ئەنجوومەنیان پێکدەهێنا، یەکەمیان تەمەن گەورەکان و پیرەکان، دووەمیانیش جەنگاوەرانی دەگرتەوە، بەشداریان لە بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی دەکرد.
٥/  ئەو نیمچەدەوڵەتانە لە بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵگە بە شێوەیەکی باش پشتیان بە یاسا و سیستمەکان دەبەست، کە زۆر وردەکاری هەموو لایەنەکانی ژیانی دەگرتەوە.
٦/  سەرەڕای پێشکەوتنی شارستانیەت لە دۆڵی ڕافیدەین لە ڕووی سیاسی و یاسایی و ئابوورییەوە، بەڵام هیچ نیشانەیەک نەبووە بۆ بوونی ڕێکخراوە کارگێڕی و کۆمەڵایەتییەکان کە بەدوور لە دەسەڵاتی دەوڵەت، یان دەسەڵاتی ئایینی کاربکەن.

## ڕێکخستن لە شارستانیەتی دۆڵی نیل:[٤]

بەپێی بیروبۆچوونەکانی د. ئیبراهیم دەرویش، ڕێکخستنی کارگێڕی لە شارستانیەتی میسری کۆن بۆ چەند هەزار ساڵێک دەگەڕێتەوە، وڵاتی میسر کۆنترین ڕێکخستنی بیروکراسی هەبووە لەسەر ڕووی زەوی، ئەگەر لەسەر ئاستی حکومەتی ناوەند بوو بێت یان لەسەر ئاستی حکومەتە خۆجێیەکان.

لەو دەقە مێژووییانەی دیاردەکانی ڕێکخستن لە میسری کۆن ڕوون دەکەنەوە، لە کتێبی (الحکیم بتاح حوقب) هاتووە، کاتێک پادشایەک ئامۆژگاری کوڕەکەی خۆی دەکات و دەڵێت: «ئەگەر بوویتە سەرکردیەک و کاروباری جەماوەرت بەڕێوەبرد، پێویست بە لێوردبوونەوە دەکات لە هەرکارێکی باش، بۆ ئەوەی کارەکان لە هەموو خەوش و خراپیەک بەدوور بێت»، ئەو دەقە بۆ دوو هەزار ساڵی (پ.ز) دەگەڕێتەوە.

لە خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی ئەو شارستانیەتە بە هەموو قۆناغەکانی: نەبوونی ئەنجوومەنەکان، ئەو ئەنجوومەنانەی دەبنە ڕاوێژکاری – شا- ی وڵات، وا دەردەکەوێت میسرییەکان لەو سەردەمانەدا حوکمڕانی ڕەهایان لا پەسند بووبێت، ئەگەرچی ناڕەزایەتیشیان بەرامبەر دەسەڵاتی زۆرداری پیشان داوە.

## شارستانیەتی هیندستان:[٥]

بۆ تێگەیشتن لە شارستانیەتی هیندستان پێویست بە زانینی هەردوو هزری (بەراهیمی و بوزی) دەکات، کە لەناو هیندییەکان بڵاوبۆتەوە.

ڕێبازی براهما (Brahma) لە ماوەی سەدەی هەژدەهەم (پ.ز) دەرکەوتووە و بڵاویش بۆتەوە بێ ئەوەی دامەزرێنەرەکەی بناسرێت، ڕێنمایی و بیروباوەڕەکانی لە کۆمەڵە یاسای – مانو – دارێژراوە، کە ڕێبازی ئاین و سیاسی ئەو تائیفەیە ڕاڤە دەکات.

بەپێی ئەو کۆمەڵە یاسایە (مانو)، کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەسەر چەند چینێکی نایەکسان دابەش دەبێت، ئەوانیش: بەراهەمییەکان ئەوانە بە کاری ئایین و زانست خەریک دەبن، چینی ئەکشتەری کە بەکاری دادوەری و سەربازی و حوکمڕانی هەڵدەستن، دواتر چینی ویشییەکان دێت، کاریان بازرگانی و کشتوکاڵی دەبێت، لە دوای هەموویان چینی – هشودرا –، کە دانشتوانی ڕەسەنی هیندستانن، ئەوانە بەکاری خزمەت گوزرای و ڕاوکردن خەریک دەبن و پێویست دەکات لەسەریان بە شێوەیەکی ڕەها ملکەچی چینی یەکەم بن.

بەڵام ڕێبازی بوزی (Buddism) بۆ یەک لە کوڕە میرەکانی چینی (ئەکشتەری) دەگەڕێتەوە، ئەو خۆی لە جیهان دابڕی و گۆشەگیربوو، ناویشی بە (گوتامای ڕەبەن)، بە واتای – زانای ڕۆشنبیر دەرکرد.

هـزری بـوزی بنچینەکـەی بریتییـە لـەوەی مـرۆڤ گـەورەی خۆیەتـی، دەتوانـێ شـادی و خۆشـی بەدەسـت بهێنـێ و دوور بکەوێتـەوە لـە ئێـش و ئـازار، لەبـەر ئـەوەش کاتـێ شـتەکانی دەروبەرمـان لەنـاو دەچـن، ئەو لەناوچوونـە و بێبەشـیمان لێیان دەبێتە هـۆی ئێش و ئازار، بۆیـە وا پێویسـت دەکات پەیوەندیمان بەوانـە بپسـێنین، چاکبوونمـان تەنهـا لـە ڕێگـەی بەدیهێنانـی ئـارەزووە دەروونییەکانمانـەوە دەبێـت، بۆیـە دەبێـت گـەورەی ئارەزووەکانـی خۆمـان بیـن، نـەک ببینـە کۆیلەیـان.

ڕێبازی بوزی داوای هەڵوەشاندنەوەی چینە کۆمەڵایەتییەکان دەکات، لەگـەڵ دوورکەوتنـەوە لـە دەوڵەمەنـدی و یەکگرتنـی هەمـووان، لـەلای ڕێبـازی بـوزی مـرۆڤ هەمـووی یەکسـانن و لەیـەک چینـدا دەبـن.

## ڕێکخستن لە شارستانیەتی چین:[٦]

کاتـێ باسـی شارسـتانیەتی چیـن دەکەیـن، وا پێویسـت دەکات ئامـاژە بـۆ هەنـدێ لـە چەمکـە فەلسـەفییەکانی چیـن بکەیـن، کـە خـۆی لـە دوو قوتابخانـە دەنوێنـێ، یەکەمیـان بـە نـاوی تاویـزم و ئـەوەی دووەمیـش کونفوشـیویزمە، کـە ڕۆڵێکـی گـەورەی هەبـووە لـە یەکگرتنـی وڵاتـی چیـن وەک دەوڵـەت و مانـەوەی وەک شارسـتانیەتێکی جیـاکار بـە گـەل و وڵاتـەوە.

فەلسـەفەی تاویـزم بـۆ سـاڵی (٦٥٥) پ.ز دەگەڕێتـەوە، لـەو سـەردەمە (لاوتـان)ی ناسـراو بـە (لاوتـز) لەدایـک بـووە و بـە دامەزرێنـەری فەلسـەفەی تاویـزم دادەنـرێ.

تاویـزم دژی خاوەنداریێتییـە، هەروەهـا نـاڕازی بـووە لـە دابەشکردنی خەڵک بۆ دەوڵەمەند و هـەژار، لای تاویزم مرۆڤی زۆردار مردنی دیاردەیەکی ئاسایی نابێت، ئەو ڕێبازە کارکردنی لای دەسـەڵات پـێ بـاش نەبووە، ئەگـەر ناچـاری نەبـوو بێـت، چونکە ئەوان دەیانەوێت چێژ لە ئازادی وەربگرن، تاویـزم بۆ دامەزراندنـی دەوڵـەت پێنـج بنەمـای هەیـە، ئەوانیش:

١/ گەلێک بە ژمارە و قەبارەی مام ناوەند بێت.

٢/ تەنها فەلسەفە و بنەماکانی تاویزم فێربن.

٣/ ئاشتییەکی بەردەوام.

٤/ گۆشەگیرییەکی بەردەوام لە دەوروبەر.

٥/ ژیانێکی سادە و شارستانیەتی تاویزمی بەردەوام.

فەلسـەفەی کۆنفوشیوسـی بـۆ پیـاوە مەزنەکـەی چیـن، فەیلەسـووفی بەناوبانـگ کۆنفوشـیوس (٤٧٩ – ٥٥١ پ.ز) دەگەڕێتـەوە.[٧]

کۆنفوشیوس سـەرەتای ژیانـی ئەرکی دەسـەڵاتی ناوچەیەکی بەدەسـتەوە بـووە، هـەر بەهـۆی ڕێبـازە کارگێڕییەکـەی و بـاش سـەرکردایەتیکردنی، ناوبانـگ و دەسـەڵاتی هەرێمەکـەی بەهێزتـر بووە، پاشـان بەهـۆی ململانێ و دژایەتیکردنـی میر و هەرێمەکانـی دیکە، کونفوشـیوس لـە دەسـەڵات دوورکەوتۆتـەوە، خـۆی تەرخـان کـرد بـۆ بڵاوکردنـەوەی ڕێبـازە هزرییەکـەی لـە بـواری سیاسـەت و کارگێـڕی، ناوبـراو بـە شـار و ناوچەکانـی دەگـەڕا، لـە وتارەکانـی بانگەشـەی بـۆ خولقاندنـی نەوەیەکـی نوێـی لێهاتـوو دەکرد، کە توانـای بەڕێوەبردنـی دەوڵەتـی هەبێت

و جێگای بنەماڵـەی ئەریسـتوکراتەکان بگرێتـەوە، حکومەتیـش ببێتـە ئامرازێـک بـۆ خزمەتکردنـی خەڵـک نـەک خزمەتکردنـی دەسـەڵات.

**گرنگترین بنەماکانی کۆنفوشیوس لە بواری ڕێکخستن:**

١/ داکۆکـی لـە سـەرۆکی حکومـەت و ڕێکخراوەکانـی بـۆ خزمەتکردنـی گـەل.

٢/ فراوانکردنـی دەسـەڵاتی بەرپرسـان و کەمکردنـەوەی کۆتوبەنـد لەسـەریان.

٣/ ئامادەکردنی مرۆڤی بەکەڵک و پشتبەستن بە ڕەوشت لەجیاتی یاسا.

٤/ کارگێڕییەکی بەهێز و حکومەتێکی باش، وەک ئامرازێک بۆ دەوڵەتـی دادوەر.

٥/ بایەخدان بـە کێشـەکانی خەڵـک و ڕێگرتـن لـە کێشـە و جیاوازییـەکان.

### شارستانیەتی یۆنان:(٨)

دەکرێ گرینگترین بەشدارییەکانی شارستانی یۆنان و شارەکانی لە بواری ڕێکخستن لە چەند خاڵێک کۆ بکەینەوە:

١/ یەکەم شارستانی بووە کاری بە بنەماکانی دابەشکردنی دەسـەڵاتەکان و دابەشـکردنی ئەرکـەکان کـردووە لەنێـوان ئاستەکانی ڕێکخستن بە شێوازی ستوونی و شێوازی ئاسۆیی.

٢/ نموونەیەکـی کارای خسـتۆتە ڕوو، لـە بـواری

بەشداریکردنی جەماوەر لە کارگێڕی و چەسپاندنی چەمکەکانی کارگێـڕی دیموکراسـی لـە سیسـتمەکانی حوکمڕانـی.

٣/ جیاوازی لەنێوان کارگێڕی و دەسەڵات نەکردووە، لەو حاڵەتەدا پەیوەندیی نێوان سیاسەت و جێبەجێکردن، یان نێوان بنکە و لوتکەدا زۆر توند و بەهێز دەبێت.

٤/ یۆنانییە کۆنەکان لەوە تێگەیشتبوون کە کاروبارە دووبارەبووەکان کاریگەریی نەرێنی دەبێت لەسەر ئەوانی جێبەجێی دەکەن، چونکە دەبێتە هۆی بێزاربوون، بۆیە موسیقایان بە کار دەهێنا بۆ خۆشکردنی دۆخی کارکردن.

٥/ پشتگیرییەکی بەهێز و بایەخدانێکی زۆریان هەبووە بۆ کارگێڕی خۆجێی و هەرێمەکان، بڕیاری سیستمی ناناوەندیتی بەکۆمەڵیان داوە، ئەنجوومەنێکی (٥٠٠) کەسیان هەبووە.

**شارستانی ڕۆمانی:**[٩]

کرینگترین خەسڵەتەکانی لە بواری کاری ڕێکخراوەیی کارگێڕی:

١/ پشتبەستن بە شێوازی ناناوەندێتی لە بەڕێوەبردنی هەرێمەکان، کەسێ کێشوەری دەگرتەوە (ئاسیا، ئەورووپا، ئەفریقیا).

٢/ خودی ئیمپراتۆر پشتی بە چەند کەسێک دەبەست بۆ بەڕێوەبردنی ناوچە کارگێڕییەکان، ئەگەر ناوچەیەکی جوگرافی بووبێت، یاخود ئەرکێکی فەرمانگەری بووبێت، بڕیارە کۆتاییەکانی لای خودی ئیمپراتۆر دەمایەوە.

ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانی بە خەسڵەتی کارگێڕی باش و لەبار ناسرابوو، بەڵام دواتر بەهۆی خراپی کارگێڕی ئەو دەوڵەتە ڕووخا.

## دووەم: زاراوە گشتییەکان

### یەکەم: پێناسەی حزب[١٠]

پێناسەکردنی حزبە سیاسییەکان لەناو ڕۆشنبیران و توێژەراندا شێوەی جیاوازی وەرگرتووە، ئەو فرەییە لە پێناسەکردنی حزبەکان بۆ جیاوازیی ئایدیۆلۆژیا و پەرەسەندنی دید و تێڕوانین بۆ ئەرک و ڕۆڵەکانی حزبی سیاسی لەناو کۆمەڵگەدا دەگەڕێتەوە، ئەو کارەش پەیوەستە بە هەلومەرجی قۆناغە مێژووییەکان و بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە وڵاتانی جیهان.

أ) پێناسەی حزب لە هزری لیبرڵدا:

ئەم هزرە جەخت لەسەر لایەنی پراکتیکی و ئامانجی کۆتایی ئەو پرۆسە سیاسییە دەکات کە حزب پێی هەڵدەسێت، بە مەبەستی گەیشتن بە دەسەڵات و بەشداریکردن لە دروستکردنی بڕیاری سیاسی، هەروەها بەرنامە سیاسییەکەی حزب ڕۆڵی گرینگ دەگێڕێت لە قۆناغی دامەزراندن.
لەم چوارچێوەیە (بنیامین کونستونت) پێناسەی حزبە سیاسییەکان دەکات بەوە: بریتییە لە کۆمەڵە خەڵکێک کە

هەڵگری ئاراستەیەکی سیاسی دیاریکراون.

هەردوو شارەزای ئەم بوارە (جون جیکال – و – ئەندرێ ئۆریو) پێناسەی حزبەکان بەم شێوەیە دەکەن: حزب ڕێکخستنێکی هەمیشەییە لەسەر ئاستی نیشتمانی و خۆجێی کار دەکات، بە مەبەستی بەدەستهێنانی پاڵپشتی جەماوەری، ئامانجی گەیشتنە بە دەسەڵات، بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتێکی دیاریکراوی خۆی.

توێژەر (جورج بیردو) پێناسەی حزبی سیاسی دەکات بەوەی: هەموو گردبوونەوەیەک لەنێوان ئەو کەسانەی باوەڕیان بە ڕێبازێکی سیاسی هەیە و کار دەکەن بۆ سەرکەوتنی.

ئەویش بە کۆکردنەوەی ژمارەیەکی گەورەی هاووڵاتیان لە دەوری خۆیان و هەوڵدان بۆ گەیشتن بە دەسەڵات، یاخود بە لایەنی کەم کارتێکردن لەسەر بڕیارە گرینگەکانی دەسەڵات.

مامۆستا (فرانسوا بوریلا)، سێ ڕەگەزی داناوە بۆ هەر حزبێکی سیاسی، پێویست دەکات ئەو ڕەگەزانەی تێدا بەدی بێت، ئەوانیش:

١/ بوونی کۆمەڵێکی ڕێکخراو کە توانای دەربڕینی داواکارییەکانیان هەبێت.

٢/ بوونی بەرنامەیەک پەیوەندی بە سیاسەتی حکومەتەوە هەبێت.

٣/ بوونی چالاکی، ئامانجی گەیشتن بێت بە دەسەڵات.

ب) پێناسەی حزب لە ڕوانگەی هزری مارکسییەوە:

ئەم ڕێبازە پێناسەی حزب دەکات کە: ڕێکخستنێکە، ئەندامە چالاکەکانی چینێکی دیاریکراو یەکدەخات، دەلالەت لە بەرژەوەندییەکانیان دەکات، لەگەڵ ڕابەرایەتیکردنیان لە ململانێی چینایەتیدا.

هەروەها پێناسەی حزبی کۆمۆنیستی دەکات، بەوەی: پێشڕەوی چینی زەحمەتکێشانە، خەبات دەکات لەپێناو نەهێشتنی چەوساندنەوە بە هەموو شێوە و جۆرێک، ئامانجی گەیشتنە بە دەسەڵات و بونیادنانی سیستمی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریایە.

چەمکی حزب لای هزری سۆسیالستی، حزب نوێنەری چینێکە، تیایدا جەخت لەسەر پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکەی دەکات، لەگەڵ پەیوەندییە ئابوورییەکانی ئەندام و پلەدارانی بەپێی ڕێزبەندی کۆمەڵایەتی.

حزب لە هزری مارکسیدا، بەشێکە لە چینێکی دیاریکراو، بەڵکو بەشێکی پێشکەوتوو، یاخود پێشڕەوی چینەکەیە، حزبی شۆڕشگێڕ، یان کرێکاری پشت بە چینی کرێکاری دەبەستێت و نوێنەرایەتی بنکە جەماوەرییەکەشی دەکات.

**دووەم: ڕەگەزە سەرەکییەکانی حزب:**[١١]

بیرمەندی ناسراو (ئەنتونیۆ گرامشی) بۆچوونی وایە، بوونی حزب پێویستی بە سێ ڕەگەزی بنچینەیی هەیە:

١/ ڕەگەزی فراوانبوون و بڵاوبوونەوە، کەسانی ئاسایی بگرێتەوە، بە شێوەیەکی ڕێکخراوەیی کار بکات و باوەڕیشی بە بیروباوەڕەکەی بکرێت.

٢/ ڕەگەزی سەرەکی لە حزب یەکگرتنە لەنێوان بەشەکانی، هەموو هێزەکانی لە بواری نەتەوەیی کۆ بکاتەوە و کاراشیان بکات.

٣/ ڕەگەزی ناوەڕاست، کە هەردوو ڕەگەزی یەکەم و دووەم بە یەک دەبەستێتەوە، لە هەردوو ڕووی ماددی و مەعنەویدا.

هەر حزبیکێشی بە ڕێژەیەکی سنووردار بەدی دێنێت لەنێوان ئەو ڕەگەزانە، (جوزینی لابالومبار) لە کتێبەکەی بە ناوی (حزبە سیاسییەکان و گەشەکردنی سیاسی) ساڵی ١٩٦٦، ئاماژە بۆ چوار ڕەگەز دەکات دەربارەی دروستبوونی حزب، ئەوانیش:

١/ بوونی ڕێکخراوێکی هەمیشەیی، واتە حزب خەسڵەتی بەردەوامی هەبێت بە شێوەیەکی ڕێژەیی، بەو مانایەی درێژە بە بوونی بدات تا پاش مردنی سەرکردەکانیشی.

٢/ ڕێکخراوێکی هەمەلایەن و تەواو بێت، بە واتای هەیکەلە ڕێکخراوییەکەی لە لوتکەوە (ناوەند) تا بچووکترین ڕێکخراو

(خوارەوە) بوونیان هەبێت.

٣/ ڕاستەوخۆ ڕوو لە بەکارهێنانی دەسەڵاتی بکات، لەسەر هەردوو ئاستی ناوچەیی و نیشتمانی.

٤/ بنکەی جەماوەی فراوانی هەبێت.

د. تاریق ئەلهاشمی ئاماژە بۆ چەند ڕەگەزێک دەکات، کە پێویستە لە حزبدا بوونی هەبێت، وەک:

أ) یەکگرتوویی لەنێوان بەرژەوەندی و بنەماکان.

ب) یەکگرتوویی ڕێکخستن.

ج) سەرکردایەتییەکی یەکگرتوو.

د) گەیشتن بە دەسەڵات.

بەڵام دەکرێ هەموو ئەو خەسڵەتە بنچینەییانە لە چەند خاڵێک کۆ بکرێنەوە، کە تایبەتمەندیی بە حزب دەدات و دواتریش پێناسەیەکی تەواومان دەست بکەوێت.

گرینگترین ئەو ڕەگەزانەش:

١/ ئایدیۆلۆژیا و بنەما هزری و سیاسییەکان

٢/ ڕێکخستن و هەیکەلی ڕێکخراوەیی

٣/ پشتگیری جەماوەری.

٤/ سەرکردایەتییەکی ڕێکوپێک.

٥/ بەرنامە و پێڕەوی ناوخۆی حزب.

بۆیە لە چوارچێوەی ئەو خەسڵەت و ڕەگەزانە، دەکرێ پێناسەیەکی هەمەلایەن بۆ حزبی سیاسی دابرێژین:

حـزب بریتییـه لـه ڕێکخسـتنێکی سیاسـی، ڕەنگدانەوەیـە بـۆ بەرژەوەندییەکانـی چەنـد هێزێکـی کۆمەڵایەتـی دیاریکـراو، بەرنامەیەکی سیاسـی هەیـە، بەهۆیـەوە هەوڵدەدات ڕای گشـتی پشـتگیری بـکات و بگاتـە دەسـەڵات.

## سێیەم: تیۆری و تێڕوانینەکان بۆ دروستبوونی حزبی سیاسی:[(12)]

دەربـارەی سـەرەتاکانی دروسـتبوونی حزبـە سیاسـییەکان، لەنێـوان توێـژەران بیروبۆچوونـی زۆر جیـاواز هەیـە، هـەوڵ دەدەیـن بەکورتـی باسـیان بکەیـن:

١/ تیـۆری دەزگاگـەرا: هـەر لـە سـەرەتای سـەدەی بیسـتەمەوە، ژمارەیـەک ڕووناکبیر و توێـژەری وەک (موریزئای، ئۆسـتەر مۆرسکی، ڕوبارتـو میشـال، ماکس فیبـەر) گرینگیـان بـە توێژینـەوەکان داوە دەربـارەی پێکهێنـان و دروسـتبوونی حزبـە سیاسـییەکان، وەک شـێوەیەکی ڕێکخراوەیـی، ئـەو توێژینەوانـە ڕۆڵێکـی ناوەندییـان بـۆ ڕێکخسـتن دانـاوە، تێڕوانینـی ئـەو توێژەرانـە بۆ حزبـە سیاسـییەکان وەک دامەزراوە سیاسـییەکانی دەوڵـەت بـووە، دیـارە ئامانجیشـیان گەیشـتن بـووە بـە دەسـەڵات.

توێژینەوەکـەی (موریـس دیڤرجیـە) سـاڵی (١٩٥١) گرینگـی بەلایەنـی ڕێکخراوەیی حزبەکان داوە، لەسـەر ئاسـتی نـاو خۆیی بوو‌بێت یـان سـتراکتۆری حـزب.

٢/ تیـۆری ململانێـی مێژوویـی: کاتـێ حزبێکـی سیاسـی پێکدێـت ئـەو حزبـە بەرژەوەندییەکانـی لایەنێـک دەنوێنـێ دژی لایەنێکی دیکـە، بۆیـە حزبـە سیاسـییەکان دەبنـە ئەنجام بـۆ ئـەو

ناکۆکی و ململانێیانە.

هەر بەپێی بوونی ململانێی دوولایەنی، (موریس دیفرجیە) تیۆرییەکی لەژێر ناوی (جووتبوونی دووانەیی) خستەڕوو، واتە حزبەکان پێکدێن لە ئەنجامی ململانێی نێوان (دووانەییەکان)، لەم بارە (دوفرجیە) زنجیرە دووانەییەکی خستەڕوو، کە دەکرێ بەرەو ڕووی یەک ببنەوە، وەک:

لە ڕووی سیاسییەوە (پاشایەتی بەرامبەر کۆماری)

لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە (کرێکاران بەرامبەر بۆرژوازی)

لە ڕووی ئابوورییەوە (زۆرداران بەرامبەر ئازادیخوازان)

لە ڕووی ئایینییەوە (ئایینداران بەرامبەر عیلمانییەکان)

٣/ هۆکاری سایکۆلۆژی: لایەنگرانی ئەم ئاراستەیە نێوان ڕەفتار و هەڵسوکەوتە مرۆییەکان لەگەڵ ویست و ئارەزووە زگماکییەکان بە یەک دەبەستنەوە، نموونەی پێویستی مرۆڤ بە بایەخپێدان و پەیوەندی بە کۆمەڵەوە، هەروەها ناکۆکی و ململانێ لەگەڵ کەسانی دیکە دیارە، گردبوونەوەی ناو کۆمەڵ، هەستێک بە ئاسوودەیی دەبەخشێتە مرۆڤ.

٤/ هۆکاری ئایدیۆلۆژی: لایەنگرانی ئەم ئاراستەیە دەرکەوتنی حزبە سیاسییەکان بۆ دەرکەوتنی ئایدیۆلۆژیا دیموکراسیەکان دەگەڕێننەوە لەگەڵ پەرەسەندنی ژیانی کۆمەڵایەتی و گۆڕانە سیاسییەکان، ئەو هەلومەرجە بووە بەهۆی دروستبوونی پەرلەمان و فراوانبوونی سنووری دەنگدان.

٥/ تیۆروانینی – پەرەسەندنی سیاسی – ئەم بیرۆکەیە لە تیۆرییەکانی پەرەسەندنی ئابوورییەوە وەرگیراوە، بۆیە

دروستبوونی حزبە سیاسییەکان بە دیاردەی تازەگەریێتی دەبەستێتەوە لەسەر بنەمای ململانێکان، بیرۆکەی بەستنەوەی نێوان ئاستی پەرەسەندنی سۆسیو – ئابووری لەگەڵ دیموکراسییەت دێتە پێشەوە، بە بەچوونی لایەنگرانی ئەو ئاراستەیە، حزبە سیاسییەکان لەمیانەی گواستنەوەی نێوان سیستمێکی سیاسی کۆن بۆ سیستمێکی سیاسی هاوچەرخ دروستبوونە.

ئەویش کاتێ کۆمەڵگەکان دەستیان کرد بە ڕێکخستن و دانانی بنەما و شێوازی دیموکراسیانەش هاوکار بێت، کە بانگەواز بۆ یەکسانی لە مافە مەدەنی و یاسایی و سیاسییەکان دەکات، هەروەها داوای پەرەسەندن و پارێزگاریکردن لە مافە ئابوورییەکان دەکات، هەر لەمیانەی پەرەسەندنی کۆمەڵگە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، ئەوا حزبە سیاسییەکان وەک چالاکییەکی کۆمەڵایەتی سیاسی دەرکەوتوون لەپێناو بەدیهێنانی پێداویستییە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان.

٦/ تێڕوانین بۆ بیرۆکەی فەرمانگەرایی: ئەو بیرۆکەیە ئەرکی حزبە سیاسییەکان لەناو کۆمەڵگە زەق دەکاتەوە و چالاکییەکانیشی دەبنە بەشێک لە چالاکی کۆمەڵگە، هەروەها جەختی لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی حزبەکان کردۆتەوە وەک هۆکار بۆ شەرعیەت و دیموکراسییەت.

شارەزا لەم بوارە (لافو) لە توێژینەوەکانی دەربارەی بیرۆکەی فەرمانگەرایی وەک هۆکارێک بۆ تێکەڵبوون و یەکگرتنی کۆمەڵایەتی تەماشای کردووە، بەڵام (ئوبیشال) وەک ئەرکێک، (لارسون)یش وەک ئامراز بۆ پەرەسەندنی تاکەکانی

کۆمەڵگە باسیان کردووە.

٧/ تیۆرواتینی – دابەشبوونە کۆمەڵایەتییەکان: هەریەک لە نووسەران (ستاین ڕوکان، لیست) لە کتێبەکەیان، ساڵی (١٩٦٧)، تیۆری دابەشبوونە کۆمەڵایەتییەکانیان خستەڕوو، تیۆروانینی دابەشبوونە کۆمەڵایەتییەکان نموونەی بیروبۆچوونی بونیادی فەرمانگەرایی لەگەڵ تیۆرییەکەی (موریس دیفرجیە) کۆ کردۆتەوە.

لەو کۆکردنەوەیە چوارچێوەیەکی شیکارییان خستۆتە ڕوو، هەموو دووانەییە ئەزموونییەکان کە دابەش بوونە لە سیستمێکی دیاریکراودا باسکراون، هەروەها باسی چوار جۆر دابەشبوونی بنچینەییان کردووە، ئەوانیش: ناوەند (ژینگە-دەوڵەت – کڵێسە)، چینی سەرەتایی (لاوەکی)، کرێکاران، خاوەنکار.

بە بۆچوونی (ستاین) حزبە سیاسییە هاوچەرخەکان بەهۆی زنجیرە دابەشبوونێک کە ڕوویانداوە، مێژووی وڵاتانی ئەورووپایان پێکهێناوە لە سەدەی نۆزدەهەم.

**چوارەم: پۆلێنکردنی حزبە سیاسییەکان:**(١٣)

أ) شارەزای ئەم بوارە (مۆریس دیڤرجیە)، ڕێکخراوی حزبی دەکاتە بنچینەی پۆلێنکردنی حزبە سیاسییەکان، لەسەر ئەم بنەمایە حزبەکان بەسەر دوو دەستە دابەش دەکات، ئەوانیش حزبە تایبەتییەکان و حزبە جەماوەرییەکان.

١/ حزبە تایبەتییەکان:

بە بۆچوونی – دیڤرجیە – حزبە تایبەتییەکان یەکەمین ئەو حزبانەن کە لە ئەورووپای ڕۆژئاوا سەریان هەڵداوە، ئەنجوومەنەکانی یاسادانانی بە سەرچاوەی سەرەکیان دادەنرێت، ڕەگوڕیشەیان بۆ بە گشتیکردنی مافی دەنگدان دەگەڕێتەوە، دروستبوونیانیش هاوکاتە لەگەڵ پەرەسەندنی مافی دەنگدان بۆ هەمووان، کە زیاتریش لە چین و توێژەکانی ئەریستوکرات و بورژواکانی کۆمەڵگە پێکهاتوون.

٢/ حزبە جەماوەرییەکان:

ڕەگوڕیشەی حزبە جەماوەرییەکان بۆ پەرەسەندنی مافی دەنگدان لە کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکان دەگەڕێتەوە، ئەم حزبانە لە تەوژمەکانی دەرەوەی پەرلەمان سەرچاوە دەگرن.

حزبە جەماوەرییەکان سێ مۆدیلی سەرەکیان هەیە، ئەوانیش: حزبە سۆشیالستەکان، حزبە کۆمۆنیستەکان، حزبە فاشیستەکان.

ب) سیاسەتزان (جۆن شارلو) حزبە سیاسییەکان بە سێ جۆر دەخاتە ڕوو، کە بریتین لە:

١/ حزبی پیاوماقول و خانەدان: ئەوانی خاوەن سەرمایە و پێگەی کۆمەڵایەتین.

٢/ حزبی تێکۆشەران، ئەو حزبانەی بایەخی گەورە بە ئەندام و لایەنگرانیان دەدەن، ئەوانی ئابوونە دەدەن و لە چالاکیەکانی حزب ڕۆڵ دەبینن، ئەوانە کارتێکردنی گەورەیان دەبێت لە سەرکەوتنی حزب و بڕیارەکانی.

٣/  حزبی گردبوونەوە، ئەو حزبانەی گرینگی بە دەنگدەران دەدەن، ئەو دەنگدەرانەی پشتگیری لە حزب دەکەن لە ماوەی پرۆسەی هەڵبژاردن، ئەوانە حزبی چینایەتی نین، ئامانجیان ئامادەکردن و تەیارکردنی دەنگدەرانە، لە چین و توێژە پیشەییە جیاوازەکانی ناوکۆمەڵگە.

ج)  د. ساڵح جەواد و عەلی غالب، پشتیان بە دوو پێوەری سەرەکی بەستووە بۆ پۆلێنکردنی حزبە سیاسییەکان، ئەو دوو پێوەرەش بریتین لە: پێکهاتەی ناوخۆیی حزب، لەگەڵ ڕەگەزە بنچینەییەکانی حزب.

بەپێی پێوەری یەکەم، حزبەکان پۆلێن دەکرێنە سەر:

١/  حزبە سیاسییە ناناوەندییەکان (حزبە لیبراڵەکان لە ئەورووپا)

٢/  حزبە سیاسییە ناوەندییەکان (حزبە ئایدیۆلۆژییە کۆمۆنیستەکان)

٣/  ئەو حزبانەی پشت بە پەیوەندییە ستوونیە ناوخۆییەکان دەبەستن (حزبە فاشیستەکان).

بەڵام بەپێی پێوەری دووەم حزبە سیاسییەکان پۆلێن دەکرێنە سەر:

١/  لە ڕووی پێکهاتەی کۆمەڵایەتییەوە (بۆرژوازی، کرێکاری، جوتیاری).

٢/  لە ڕووی ئایدیۆلۆجیا و ئامانجە سیاسییەکانەوە (حزبە ڕادیکالە فاشیستەکان، حزبە بۆرژوازییە لیبراڵەکان، حزبە سوسیالست و دیموکراسییەکان، حزبە مارکسیەکان)

٣/ لە ڕووی فەرمان و پێگەی لە سیستمی سیاسی (حزبە دەسەڵاتدارەکان، حزبە ئۆپۆزیسیونەکان).
٤/ لە ڕووی پێکهاتەی ناوخۆیی، (حزبە ئۆتۆکراسییەکان، حزبە دیموکراسییەکان).

د) توێژینەوەیەکی دیکە، حزبە سیاسییەکان پۆلێن دەکاتە سەر:
١/ حزبە پراگماتیکەکان
٢/ حزبی کەسەکان
٣/ حزبی کادیران
٤/ حزبە جەماوەرییەکان

**پێنجەم: ڕۆڵی سیاسییەکان لە کۆمەڵگەدا:**[١٤]

حزبە سیاسییەکان بە چەندین ئەرکی سەرەکی هەڵدەستن لەناو کۆمەڵگەی دیموکراسیدا، وەک:
کۆکردنەوە و داڕشتنی پێداویستییەکان، ئەوانی خواستی ئەندامان و لایەنگران دەنوێنێ.
هەستان بە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان و ڕۆشنبیرکردن و هۆشیارکردنەوەی دەنگدەران، هەروەها هاووڵاتیان بە شێوەیەکی گشتی دەربارەی سیستمی سیاسی.
پێگەیاندن و هۆشیارکردنەوەی جەماوەر و خولقاندنی بەها سیاسییەکان.
پەیداکردنی هاوسەنگی لەنێوان پێداویستی و داخوازییە

ناکۆکەکان و گۆڕینیان و سازدانی ڕێبازێکی سیاسی گشتی.

جووڵاندن و کاراکردنی تاکەکانی کۆمەڵ بۆ بەشداریکردن لە بڕیارە سیاسییەکان.

خولقاندنی شێواز و هۆیەکانی گەیاندنی بیروڕای گشتی هاووڵاتیان بە دەسەڵات.

دیاریکردن و ئامادەکردنی پاڵێوراوان بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران.

چاودێریکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دامەزراوەکانی حکومەت.

حزبە سیاسییەکان بۆ ئەوەی بتوانن بە ڕۆڵ و ئەرکی خۆیان هەستن، پێویستیان بە دەستەبەری دەستووری و یاسایی دەبێت بۆ ئەوەی مافەکانیان زامن بکات، کە ئەم بوارانە دەگرێتەوە:

- ئازادیی کاری ڕێکخراوەیی و سیاسی.
- ئازادیی خۆهەڵبژاردن.
- ئازادیی کۆبوونەوە و ڕادەربڕین.
- ڕکابەری پاک و بێگەردی نێوان لایەنە سیاسییەکان و دەسەڵات.
- دابینکردنی بنەمای فرەیی.
- هاوتایی و یەکسانی دەرفەتەکان و نەبوونی جیاوازی

**شەشەم: پێناسەی ڕێکخراو**[١٥]

قەوارەیەکی ڕێکوپێکە، ئامانجی جیبەجێکردنی چەند ئامانجێکی دیاری کراوە.
ئەو قەوارەیە خاوەن کەسایەتییەکی مەعنەوییە.

**پێناسەی ڕێکخستن:**

پرۆسەیەکە لە ڕووی ئەرک و فەرمانەوە جیاوازیی لەنێوان بەشێک و بەشێکی دیکە دەکات، لە هەمان کاتدا پێکهاتەیەکی تەواو لە پەیوەندییە فەرمانییەکانی ناو قەوارە گشتییەکە دروست دەکات.

## سەرچاوە و پەراوێزەکانی بەشی یەکەم


١.  گۆڤاری (الهدف ٢٠٠٠) ساڵی دووەم، ژمارە (٧٥) ١٩٧٥، چاپی القاهرە، مؤسسة الاهرام، ص١٤٩٢

٢.  الفكر التنظيمي – أفراد، د. عامر الكبيسي – دمشق – ط/٢٠٠٩ص ١٥

٣.  الادارة العامة بمنظور مقارن، فدل هيدى، ترجمة محمد قاسم القزيوني، دار المستقبل للنشرو التوزيع – عمار، ١٩٨٩ص ٩٨

٤.  الادارة العامة نحو اتجاه مقارن  الهيئة العامة للكتاب – ١٩٧٩ – ص٢٠٠.

٥.  تطور الفكر السياسى، د. احمد شبلي، الدار الجامعة بيروت/١٩٨٥   ص٣٦

٦.  نصوص من الفلسفة الصينية القديمة – لاوتزو – ترجمة هادى العلوي دار أبن رشد – بيروت – ١٩٨١ ص٢٤

٧.  حكمة الصين – فؤاد محمد شبل – جزء أول، دار المعارف بمصر، ١٩٦٨ ص٦٧.

٨.  الفكر التنظيمي – د. عامر الكبيسي – سەرچاوەی پێشوو – ص٢٧

٩.  سایتی www. Facebook.com

١٠.  الشيوعية العلمية – معجم – دار التقدم – موسكو/١٩٨٥ ص٢٠٣

•  سەرهەڵدان و بەردەوامی حزبە سیاسییەکان لە ڕۆژئاوادا، نووسینی/ حوجەتوڵلا ئەیوبی، وەرگێڕان: ئازاد

وەلەدبەگی، چاپی١/٢٠٠٧ هەولێر/ل١٠٦

١١. العلوم السياسية والاقتصادية والاستراتيجية، احمد الرشيدي واخرون ط١/٢٠١٣ القاهرة ص٣٢

• سەرهەڵدان و بەردەوامی حزبە سیاسییەکان... سەرچاوەی پێشوو ل٧٧

١٢.التعددية الحزبية في الفكر الاسلامي الحديث – ديندار شفيق الدوسكي – ط١/٢٠٠٩ – ص٢٦

١٣. سەرهەڵدان و بەردەوامی حزبە سیاسییەکان سەرچاوەی پێشوو.

• اتجاه الطلبة الجزائريين نحو صفحات الاحزاب السياسية عبر شبكات التواصل الاجتماعي – ابتسام عليقي – رسالة ماجستير/كلية العلوم الاجتماعية والانسانية – جامعة العربي بن مهدي – الجزائير (٢٠١٦-٢٠١٧) ص٧٥.

• الاحزاب السياسية/ د.طارق علي الربيع – جامعة بغداد/١٩٩٠ ص ب – المقدمة.

١٤. الاحزاب السياسية والسياسة العامة والديمقراطية التشاركية، المعهد الديمقراطي الوطني للشوون الدولية (NDI)/ ترجمة نور الاسعد ٢٠١١/لبنان.

• الاحزاب السياسية (أهميتها – نشأتها – نشاطها) د.سعاد الشرقاوي جامعة القاهرة – ٢٠٠٥/المبحث الثالث.

١٥. فەرهەنگی، زاراوەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، د. ئەحمەد زەکی بەدەوەی، وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی کوردی: محەمەد فاتیح، چاپی١/٢٠٢١ – ئەکادیمیای کوردی – هەولێر ل٥٠٩

# بەشی دووەم

# دەرکەوتنی حزبە سیاسییەکان لە جیهاندا

## ١/ شیکردنەوەیەکی گشتی:[١]

ژیانی سیاسی کۆنە، لەگەڵ کۆنی جیهاندا، ململانێی سیاسییش لەگەڵ بوونی مرۆڤ لەسەر زەوی دەرکەوتووە، لە ڕاستیشدا هەر تاکێکی مرۆڤ بە شێوەیەک کار دەکات و هەوڵی جێبەجێکردنی ئامانجەکان خۆی دەدات لەم ژیانە، دیارە لە کار و چالاکییەکانیشی کاریگەر دەبێت بە چەند هۆکارێک و وا دەکات کە هەڵویستەکانی هەندێ جار ئەرێنی بێت و جاری واش هەیە نەرێنی بێت.

زانستی سیاسەت لە ژیانی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە بە هەموو شێوە و دیاردەکانیەوە، بە تایبەت لە بواری دەسەڵات لەناو کۆمەڵگەدا، سیاسەت لە هەناوی مێژوودا سەری هەڵداوە، بۆیە پێویست دەکات بۆی بگەڕێینەوە، بۆ ئەوەی چۆنیەتی دروستبوونی کۆمەڵە و حزبە سیاسییەکان ڕوون بکەینەوە، دیارە توێژینەوەیەکی مێژوویی بەم جۆرەش، گرینگ و بنچینەییە بۆ تێگەیشتن لەو بابەتەی لەبەردەستە.

ئەو لێکۆڵینەوە مێژووییە چۆنیەتی دروستبوونی حزبە سیاسییەکان و دامەزراوەکانی دیکە دەردەخات، بێگومان هۆکارە کۆمەڵایەتی و ئابووری و هزرییەکان، ڕۆڵە سەرەتاییەکان دەگێڕن لەو جیاوازییانەی نێوان خەڵک کە لە بوارەکانی بیروباوەڕ و هەڵوێستەکاندا هەیە و دەبنە هۆی ئەوەی گەلێک بەسەر چەندین کۆمەڵی جیاوازدا دابەش بکرێت.

خراپ دابەشکردنی سەروەت و سامان، کۆکردنەوەی

لای کەسانێک و مانەوەی زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵ لەباری هەژاریدا، سەرچاوەیەکی گرینگ و بەردەوامی جیاوازییەکانە و لە ئاکامیشدا دابەشبوونیان و ڕوودانی ململانێیەکان لەناویاندا.

ئەو ناکۆکی و جیاوازیانە لەنێوان دوو هێزدا ڕوو دەدەن، هێزێکی خاوەندار و دەسەڵاتدار و دەوڵەمەند و ساماندار، لەلایەکی دیکەوە هێزێکی کۆیلە و هەژار و بێدەسەڵات، ئەو حاڵەتە هۆکارێک بوو لە گەورەترین هۆکارەکانی دروستبوونی حزبە سیاسییەکان، شانبەشان حاڵەتی چەوساندنەوەی نەتەوەیی و ڕۆڵی هزر و بیروباوەڕ و نەریت و جیاوازییە ئایینی و ڕەگەزییەکان.

هەروەها ڕەنگە زۆرداری دەسەڵات و پاوانکردنی لەپێناو دەسکەوت و داهاتەکان بۆ بەرژەوەندی کەمایەتییەک و بێ ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییە گشتییەکان، یاخود بەرژەوەندی زۆرینە، دیارە ئەویش هۆکارێکە دەچێتەپاڵ هۆکارەکانی دیکەی دروستبوونی جیاوازیی سیاسی و حزبی بە مەبەستی گۆڕینی ئەو دەسەڵاتە.

بەردەوام لە ڕابردوو ئێستاشی لەگەڵدا بێت، جەماوەر کار دەکات بۆ گۆڕینی ڕژێمە ملهوڕەکان، ئەوانی نوێنەرایەتی ئاوات و ئامانجەکانیان ناکەن و هەست بە ئێش و ئازارەکانیان ناکەن.

ئەو وێنانەی خستمانە ڕوو لەگەڵ جیاوازییان بە شێوەیەکی ڕێژەیی، بەشدارن لە دروستبوونی حزبە سیاسییەکان، بەڵام ئەوەی گومانی تیادا نییە حزبە سیاسییەکان لە کۆندا حزبی هزر و بیروباوەڕ بوونە، لەگەڵ گۆڕانی بارودۆخی ژیان،

شێوازی ململانێ سیاسییەکانیش گۆڕانی بەسەردا هات و حزبی بەرژەوەندییەکان دروستبوون.

## ٢/ بیروبۆچوون دەربارەی دروستبوونی حزبەکان:[٢]

بوونی جیاوازی توند لەنێوان توێژەران دەربارەی چەمکی حزبە سیاسییەکان حاڵەتێکی ئاساییە، جیاوازییەکان لە بەشێکی گەورەدا ڕەنگدانەوەی جیاوازییەکانە لە ئاست ڕەسەنایەتی و بنچینەکانی دیاردەی حزبی و سەرەتا و چۆنیەتی سەرهەڵدانیەتی، چونکە ئەوانی چەمکە فراوان و پانوپۆڕەکەی حزبی سیاسییان پێ باشە بەو پێیەی کە هەموو جۆرە گردبوونەوەیەک دەگرێتە خۆی و پەیوەستە بە پیادەکردنی دەسەڵات، یاخود ململانێ لەسەر دەسەڵات، ئەوانە لە ڕاستیدا بۆچوونەکەیان دەربڕین لە چەمکێک دەکات کە دیاردەکە لکابێت بە ڕووداوە سیاسییەکانەوە هەر لە کاتی سەرهەڵدانیەوە تاوەکو ئەمڕۆ.

ئەگەرچی ئەوانەی چەمکی حزبی سیاسییان لە سنوورێکی دیاریکراودا پێ باشە، ئەوانە بە زۆری دیاردەکە دەبەستنەوە بە دەرکەوتنی ئەنجوومەنەکانی نوێنەرایەتی و یاسادانان و سیستەمەکانی هەڵبژاردن، لە دوایشدا بۆچوونەکانی ئەو توێژەرانە دەربڕینێکە لە چەمکێک، کە سەرهەڵدانی حزب تەنها پەیوەست دەبێت بە سنووری ئەورووپاوە، کە دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم.

ئەگەرچی ئەم بۆچوونەی دوایی دەربارەی حزب و

دیاردەی حزبایەتی لە نووسینە کلاسیکییەکانی ڕۆژئاوادا بۆ ماوەیەکی زۆر باو بووە، ئەوا سەرهەڵدان و پەرەسەندنی حزبە سیاسییەکان لە دەرەوەی سنووری هەردوو کیشوەری ئەوروپا و ئەمریکای باکوور لە سەدەی بیستەمدا، هەروەها لە کیشوەرەکانی ئاسیا و ئەفریقیا و ئەمریکای لاتینی، لە پێشەوەی ئەو هۆکارانە بوون کە وایانکرد توێژەران بە چەمکە ئاساییەکانیاندا بچنەوە دەربارەی حزب و دیاردەی حزبایەتی، بە جۆرێکیش کە لەگەڵ ڕووداو پەرەسەندنە نوێیەکاندا گونجاوبن.

دەکرێ ئەو ڕاڤە و لێکدانەوەیەی کە بۆ دیاردەی حزبایەتی کراوە و بەستراوەتەوە بە ژیانی پەرلەمانی، بۆ گفتوگۆکانی (ماکس فیبەر) بیگێڕینەوە دەربارەی پەرەسەندنی حزبەکان لە دەوری گرووپە پەرلەمانییەکاندا، هەروەها بەدواداچوونی - فیبەر – بۆ ئەو حاڵەتەی ناوی لێناوە (پەیڕەوکارە دڵسۆزەکانی ئەریستوکراتیەت) بۆ حزبەکانی پیاوماقوڵ و خانەوادەکان، هەروەها سەرهەڵدانی بیرۆکەی (دیموکراسیەتی میللی)، یان جەماوەری.

(مۆریس دیفرجیە) لە کتێبەکەی حزبە سیاسییەکان، جەختی لەسەر ئەو تێڕوانینە کردۆتەوە و (لە بنەڕەتیشدا) ئەو تیۆرییەی دەخرێتە پاڵ، کە نێوان گەشەی حزبەکان و پەرەسەندنی پەرلەمان و گەشەکردنی دەنگدەران بە یەک دەبەستێتەوە.

(دیفرجیە) وای بۆ دەچێ کە گەشەکردنی حزبەکان یەکەمین جار بە پێکهاتنی چەند باڵێکی ناو پەرلەمان دەستی

پێ کـردووه، پاشـان ڕێکخسـتنی لیژنەکانـی هەڵبـژاردن و لـه دوایشـدا دروسـتبوونی پەیوەندییە هەمیشـەییەکان لەنێوان ئـەو دوو ڕەگـەزه.

هەریـەک لـه (ماکس فیبـەر) و لـه (موریـس دیفرجیـه) کۆکـن لەسـەر ئـەوەی بڵێـن کـه باڵەکانـی نـاو پەرلەمـان و کۆڕبەنـده سیاسـییەکانی بـژاردەی کۆمـەڵ، ئەوانـی بـەر لـه حزبـەکان پێکهاتـوون، ئەوانـه حزبـی سیاسـی نەبـوون، بـەو مانایـەی زاراوەکـەی بـۆ بـەکار دەهێنرێـت.

### ٣/ دروستبوونی حزبه سیاسییەکان:[٣]

(موریس دیفرجیه) مێژووی ڕاستەقینەی حزبەکان بۆ ساڵی (١٨٥٠) دەگەڕێنێتەوه، بە بۆچوونی ئەو لەو سەردەمە لە هیچ وڵاتێکی جیهان (تەنها ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نەبێت) حزبـی سیاسـی بـه مانـا سـەردەمییەکەی، نەناسـرابوو، بەڵکـو لـەو کاتانـەدا چەنـد جیاوازییـەک لـه بیروبۆچوونـی تاکەکانـدا بوونـی هەبـووه، لەگـەڵ بوونـی چەنـد گرووپێکـی هـزری و پەرلەمانی، بەڵام لە ڕاستیدا حزبی سیاسی بوونی نەبووه بە مانـا ڕاسـتییەکەی.

لـه نیـوەی دووەمـی سـەدەی بیسـتەمدا ئـەو حزبانـه لەنـاو زۆربـەی نەتـەوه شارسـتانییەکان بەدەرکەوتـن، لـه کاتێکدا لـه چەنـد وڵاتێکـی دیکـەدا لـه هەوڵـی لاسـاییکردنەوەیاندا بوونـه.

لێـرەدا پرسـیارەکە ئەوەیـه، چـۆن لـه ناوەڕاسـتی سـەدەی نۆزدەهـەم تـا ناوەڕاسـتی سـەدەی بیسـتەم ئـەو گواسـتنەوه

گەورەیە ڕوویدا؟
بە شێوەیەکی گشتی دەردەکەوێت، کە گەشەکردنی حزبەکان پەیوەستە بە گەشەکردنی دیموکراسییەت، واتە فراوانبوونی بواری دەنگدان و هەڵبژاردن، هەروەها دەسکەوتە پەرلەمانییەکە و رادەی پەرەسەندنی پرۆسەی سیاسی، واتە چەندی ئەندامانی ئەو دامەزراوانە هەستیان کرد بە پێویستی گربوونەوە و خۆڕێکخستن، لەگەڵ بەدیهاتنی سازان و هاوشێوەیەتی لەنێوانیاندا، ئەویش بە مەبەستی کارکردن بە شێوەیەکی کۆمەڵایەتی و چەندی پێویست بەوە بکات درک بە بیروڕای دەنگدەران بکرێت لەلایەن لیژنەکانی هەڵبژاردن، بۆ ئەوەی توانای ناسینی پاڵێوراوانیان هەبێت.
کەواتە دروستبوونی حزبەکان پەیوەست بووە بە دروستبوونی گرووپ و لیژنە پەرلەمانییەکان، لێرەدا باس لە هەردوو شێوازی دروستبوونی حزبە سیاسییەکان دەکەین:
یەکەم: دروستبوونی حزبەکان لەناو پەرلەمان
وا دەردەکەوێت کە پرۆسەی پێکهاتنی حزبەکان کارێکی ئاسان بووبێت، بۆ یەکەم جار گرووپێکی پەرلەمانی پێکدێت، پاشان لیژنەکانی هەڵبژاردن دەردەکەون و لە کۆتاییشدا پەیوەندییەک لەنێوان ئەو دوو لایەنە دروست دەبێت.
بەڵام لە ڕاستیدا ئەو بۆچوونە بەو سادەییە و بەو شێوە تیۆرییە نییە، بەڵکو بەهۆی چەندین دیاردەی ناڕاست و گەندەڵی و هەڵسوکەوتی شاراوە لە پەیوەندی و مامەڵەی نێوان کەسەکان، کارەکە دەشێوێت و دوور دەبێت لە پاکی و بێگەردی.

گرووپەکانی ناو پەرلەمان پێش لیژنەکانی هەڵبژاردن لەدایک بوونە، هەروەها ئەنجوومەنە سیاسییەکان لەو وڵاتانە (مەبەست وڵاتانی ئەوروپایە)، پێش هەڵبژاردنەکان دروستبوونە، لەم بارەدا دەکرێ بوونی گرووپی پەرلەمانی وێنا بکرێت لەناو ئەنجوومەنێکی ئۆتۆکراسی، هەروەک بوونیشی لەناو ئەنجوومەنێکی هەڵبژێردراو هەبووبێت.

ڕاستییەکانیش ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ململانێ لەنێوان توێژ و گرووپەکان، بە شێوەیەکی گشتی لەناو هەموو ئەو ئەنجوومەنانە دەرکەوتوون، ئەگەر میراتی بوون بن یاخود دروستکراو، ئەگەر ئەو ئەنجوومەنانە ئەنجوومەنی پیرانی کۆنی ڕۆمان بووبێت، یانیش ئەنجوومەنی (دیت)ی کۆنی پۆلۆنیا. بۆ یەکەم جار وا دەردەکەوێت کە بوونی بیروباوەڕ و ڕێبازێکی سیاسی یەکگرتوو، بزوێنەری بنچینەیی بن لە پێکهاتنی گرووپەکانی ناو پەرلەمان، بەڵام ڕاستییەکان بەردەوام ئەو گریمانەیە ناسەلمێنن، بەزۆریش وادەردەکەوێت کە دراوسێتی لە ڕووی جوگرافییەوە (دوو وڵات)، یاخود ویستی بەرگریکردنی بەکۆمەڵ (کاتی ڕووداوەکان) هاندەری یەکەم بوونە، بەڵام بیروباوەڕیش ڕۆڵی گێڕاوە.

لە هەندێ وڵاتدا گرووپە سەرەتایی و یەکەمەکانی پەرلەمان، گرووپی خۆجێی بوون، دواتر گۆڕانیان بەسەرداهات و بوونە کۆمەڵەیەکی بیروباوەڕ هەڵگر و خاوەن ڕێبازێکی سیاسی، دروستبوونی حزبەکان لەناو ئەنجوومەنی یاسادانانی فەرەنسا ساڵی (١٧٨٩) باشترین نموونەی ئەو بۆچوونەیە، هەروەک لەم شیکردنەوەیە دەردەکەوێت: لە نیسانی (١٧٨٩) نوێنەرانی

گوندەکان لە ئەنجوومەنی گشتی فەرەنسا، گەیشتنە ناوچەی فەرەنسای (شوێنی کۆبوونەوەی ئەنجوومەن)، ئەوانە لەناو ئەنجوومەن هەستیان بە جۆرێک لە نامۆیی و ئاوارەیی دەکرد، بۆیە لەگەڵ نوێنەرانی دیکەی ناوچە دوورەکان دەستیان بە گردبوونەوە کرد بۆ خۆڕزگارکردن لەو هەستە، لە هەمان کاتدا کاریان دەکرد بۆ بەرگریکردن لە بەرژەوەندی ناوچەکانیان.

یەکەم دەستپێشخەری لەم بارەوە لەلایەن نوێنەرانی ناوچەی (ئەلبرتون)ەوە دەستی پێ کرد، کە هۆڵی قاوەخانەیەکیان بەکرێ گرت و دەستیان کرد بە کۆبوونەوەی ڕێکوپێک تیایدا، لەمیانەی ئەو کۆبوونەوانە بۆیان دەرکەوت کە ڕێککەوتن، لە بیروباوەڕیان تەنها کێشەی ناوچە ناوخۆییەکان ناگرێتەوە، بەڵکو کێشە بنچینەییەکانی سیاسەتی نیشتمانیش دەگرێتەوە، بەم جۆرە یانەی – ئەلبرتۆن – ڕێبازێکی ئایدیۆلۆژی گرتەبەر.

کاتێ کۆمەڵەی نیشتمانی لە ناوچەی فەرەنسای گوازرایەوە بۆ شاری پاریس، یانەکە سەرەتا لە کارەکانی وەستا بەهۆی نەبوونی شوێنی کۆبوونەوە، بۆیە ناچار بوون ژوورێکی نانخواردن لە کڵێسەیەک بەکرێ بگرن (کڵێسەی یەعقوبییەکان)، بەو هۆیەوە کڵێسەکە ناوی لە مێژوودا تۆمار کرا، زۆرینەی خەڵک ناوی یانەی (ئەلبرتون)یان لەبیر کرد و یانەی (یەعقوبییەکان) لە هەموو لایەک ناسرا.

هەر بە هەمان شێوە گرووپێک (کوتلە) لەژێر ناوی (یانەی جیروندییەکان) پێکهات، لە کۆمەڵە کەسێکی ناوچەیەک و پاشانیش بوونە ڕێبازێکی سیاسی[٤] لە دەستووری فەرەنسای ساڵی (١٨٤٨) چەندین گرووپ (کوتلە) باسیان هاتووە، وەک:

گرووپـی کۆشـکی نیشـتمانی، گرووپـی پەیمانگـە، گرووپـی شـەقامی بوایتـە، گرووپـی شـەقامی کاسـتیلفیون، گرووپـی شـەقامی هەرەمـەکان.

لـە ئەڵمانیـا، لەنـاو پەرلەمانـی (فرانکفـورت) دەکـرێ چەندیـن گـرووپ (کوتلـە) بژمێریـن، لەوانـە: گرووپـی قاوەخانـەی میلان، گرووپـی کازینـو، گرووپـی ئۆتێلـی ورتمبـرج، هەروەهـا چەنـد باڵێـک لـەو گرووپانـە جیابوونەتـەوە وەک: وسـتندهاڵ، باڵـی ئۆتیل ئوغسیورغ، باڵی ئوتیلی ئەڵمانیا، باڵی ئۆتێل مون تونیر.

بـەڵام دیـارە خەسـڵەت و دیاردەکانـی ئـەو گرووپانـە لەگـەڵ جیاوازیـان هەرلایـەک تایبەتمەنـدی خـۆی هەیـە، بەتایبەتـی لەنێـوان گرووپەکانـی فەرەنسـا و گرووپەکانـی ئەڵمانیـا.

نوێنەرانـی ئـەو کوتلانـەی نـاو پەرلەمـان لـە یـەک شـوێندا کۆ دەبوونـەوە و هەڵگری بیروباوەڕی هاوبەشـیش بـوون، لـە کاتێکدا ئەندامانـی هـەردوو یانەکـەی (ئەلبرتـون) و (جیرونـدی) لـە بیروبـاوەڕی یەکتـر شـارەزا دەبـوون لـە کۆبوونەوەکانیـان.

لـەم بـارەدا گـرووپ (کوتلە)یەکـی ئایدیۆلۆژیاییـە نـەک کوتلەیەکی خۆجێی، بـەڵام ناوهێنان و ناساندنیان بەپێی شـوێنی کۆبوونـەوەکان بەڵگـەی ئەوەیـە، کـە ڕێبـاز و بیروباوەڕەکانیـان لەو ڕۆژگارەدا کەم ڕوون و ئاشکرا بوونە تا وەک خەسڵەتێکی جیـاواز کـە بـۆ گـرووپ بـەکار بهێنرێت.

شانبەشـان ڕەگـەزە خۆجێـی و هەرێمایەتییەکانـی ئـەو گرووپانـە، لەگـەڵ ڕەگـەزە ئایدیۆلۆژییەکانیش، ئـەوا واپێویسـت دەکات کـە لایەنـی بەرژەوەندییەکانیـش بەهەنـد وەربگیرێـن، هەروەهـا بەرگریکردن لـە بەرژەوەندییـە پەرلەمانییـەکان، ئەمە و

سەرەڕای گرینگیدان، بە دووبارە هەڵبژاردنەوە بۆ پەرلەمان و ئەنجوومەنەکانی دیکە، دیارە ئەو حاڵەتە بەتەواوی لە مێشکی گرووپەکانی ناوپەرلەمان دوور ناکەونەوە، بگرە تا لای ئەوانی گەیشتوونەتە قۆناغی پێگەیشتن و ئاستێکی بەرزی تێگەیشتن.

بیروبۆچوون وایە کە دروستکردنی لیژنەکانی هەڵبژاردن دەستپێشخەری چەپخوازان بێت لەبەر ئەوەی لە بنچینەدا چەپ سوودی لێوەرگرتووە، بۆیە بەهۆی کاریگەری ئەو حاڵەتە، دەستەبژێرییەکی نوێ پێکهات، کە توانای ململانێی هەبێت بەرامبەر دەستەبژێری کۆنەکان، کە لەلایەن دەنگدەرانەوە وەک ڕاستییەک تەماشا دەکرا.

لەو هەلومەرجەدا بەرەی ڕاسترەویش بەناچاری بەدوای ئەو دەستە پێشەنگەی خۆی کەوت بۆ ئەوەی پارێزگاری لە پێگەی خۆی بکات.

بە شێوەیەکی گشتی کوتلەی پەرلەمانی ڕۆڵی بنچینەیی گێڕاوە لە دروستبوونی حزب لە قۆناغە کۆتاییەکاندا، هەر لەسەر ئاستی لوتکەدا کوتلەی پەرلەمانی چالاکی پەرلەمانتاران ڕێکدەخات، بەڵام هەریەکەیان هەوڵدەدات پەیوەندییەکانی بە لیژنەی هەڵبژاردنەکەی خۆی بەهێز بکات، لەبەر ئەوەی هەڵبژاردنی بۆ جاری دووەم لەسەر هاوکاری دەنگدەرانی ناو کوتلە پەرلەمانییەکە دەوەستێت.

لەم بارەدا گۆڕینی پەیوەندییەکان لەسەر ئاستی تاکەوە بۆ سەر ئاستی کۆمەڵێکی ڕێکوپێک بەس بوو بۆ ئەوەی حزبێک بەشێوەیەکی ڕەسمی لەدایک بێت.

پوختەی بۆچوونەکانی (موریس دیفرجیە) دەربارەی

دروستبوونی حزبە سیاسییەکان لەناو پەرلەمان لە دوو خاڵدا کۆ دەبێتەوە، ئەوانیش:

یەکەمین: گرووپە پەرلەمانییەکان لەناو ئەنجوومەنەکانی یاسادانان لە وڵاتانی ئەوروپا سەریان هەڵداوە، ئەو گرووپانە لەو نوێنەر و کەسایەتییە جۆراوجۆرانە پێکهاتوون، کە لەگەڵ ڕەوتی هەڵبژاردنی پەرلەماندا کاریان کردووە.

دووەم: فاکتەری دروستبوونی حزبە سیاسییەکان بۆ دروستبوونی لیژنەکانی هەڵبژاردن دەگەڕێتەوە، ئەو لیژنانەی لە ماوەی بەگشتی بوونی مافی دەنگدان سەریان هەڵداوە.

حزبە سیاسییەکان دروستبووی ناو پەرلەمان لە ئەنجامی تێکەڵبوونی ستوونی و ئاسۆیی ئەو دوو فاکتەرە دروستبوونە.

هەروەها دەکرێ ئاماژەش بۆ ئەوە بکەین کە هۆکارەکانی دروستبوونی گرووپەکانی ناو پەرلەمان بریتین لە:[٥]

أ) هۆکاری سیاسی و بیروباوەڕە جیاوازەکان.
ب) هۆکاری جوگرافی و پەیوەندییە خۆجێی و کەسێتییەکان.
ج) هۆکاری بەرژەوەندییەکان و سوودوەرگرتن.

**دووەم: دروستبوونی حزبەکان لە دەرەوەی پەرلەمان**

- دیفرجیە - لە کتێبەکەی دەربارەی حزبە سیاسییەکان نووسیویەتی: «جیاکردنەوە لەنێوان ئەو حزبانەی بەهۆی هەڵبژاردنەوە دروست دەبن و ئەو حزبانەی سەرچاوەکەیان پەرلەمانە، کارێکی ورد نییە، لەبەر ئەوەی کارەکە پەیوەست

دەبێت بە چەند ئاراستەیەکی گشتی، زیاتر لەوەی پەیوەست بێت بە چەند شێواز و جۆرێکی سەربەخۆ، بە شێوەیەک کارێکی دژوار دەبێت ئەگەر پرۆسەکە بخرێتە بواری پراکتیککردنی کردەییەوە.

بە شێوەیەکی گشتی، زۆر جار حزب دروست دەبێت بەهۆی کاریگەری دامەزراوەیەک، کە پێشتر هەبووە و خاوەن چالاکی تایبەت بووە لە دەرەوەی هەڵبژاردنەکان و لە دەرەوەی پەرلەمانیش، لێرەدا دەکرێ بەوردی باس لە دروستبوونی حزب بکرێت لە دەرەوەی پەرلەمان.

١/ دەبینین زۆرێک لە حزبە سۆشیالستەکان بە شێویەکی ڕاستەوخۆ و بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ مۆرک و بڕیاری سەندیکای کرێکارانی هەڵگرتووە لە کاروباری هەڵبژاردن و پەرلەماندا.

حزبی سۆشیالستی بەریتانیا زیاتر جێگای ئاماژە بۆ کردنە لەم بارەوە، ئەو حزبە لە ئەنجامی بڕیاری کۆنگرەی سەندیکاکان لە ساڵی (١٨٩٩) لەدایک بوو، کاتێ بڕیاریدا بە پێکهێنانی ڕێکخستنێک بۆ هەڵبژاردن و کاروباری پەرلەمان، ئەگەرچی پێشتر (حزبێکی کرێکاری سەربەخۆ) بوونی هەبووە بە سەرکردایەتی (کیرهارد) و گرووپێک لە ڕۆشنبیرەکانی سۆشیالستە (فابیەکان)[٦]، بەم جۆرە ئەو حزبە لەژێر دەسەڵاتی سەندیکاکان مایەوە.

توێژەر (جان بریس) پێشنیازی کرد، کە جیاوازی لەنێوان دوو جۆرە حزبی سۆشیالست بکرێت، کە بەهۆی پەرلەمانتارانەوە دروستبوونە، لەبەر ئەوەی ئەو حزبەی

دوایی – فابییەکان – زیاتر پشت بەلایەنی تیۆری دەبەستێت و زۆریش لەباری ڕاهاتوو دووره تا حزبە کرێکارییەکان.

٢/ هەر بە هەمان شێوەی کاریگەری سەندیکا کرێکارییەکان بەسەر پێکهاتنی حزبەکان، ئەوا کۆمەڵە کشتوکاڵییەکان و گرووپە پیشەییە کشتیارییەکان، کاریگەرییان بەسەر دروستبوونی چەند حزبێکی کشتوکاڵی و جوتیاری هەبووه، بەڵام کەمتر لە حزبە کرێکارییەکان گەشەیان کردووه.

هەرچەندە لە چەند وڵاتێک چالاکییەکی گەورەیان پیشانداوه، بەتایبەتیش لە وڵاتە ئەسکەندنافییە دیموکراسییەکان و لە چەند وڵاتێکی ئەورووپای ناوەڕاست، هەروەها لە سویسرا و ئوسترالیا و کەنەدا تا دەگاتە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

٣/ هەر لەم بوارەدا دەبێ باسی ڕۆڵی ڕێکخراوی قوتابیان و گرووپەکانی ناو زانکۆ بکەین بەسەر بزووتنەوە میللییەکان لە سەدەی نۆزدەهەمدا، لە وڵاتانی ئەورووپا و دواتریش دەرکەوتنی حزبە چەپەکان.

٤/ هەروەها ئاماژە بۆ بزووتنەوەی (ماسۆنیەت)[٧] دەکرێت بۆ بەشداریکردنی لە دروستبوونی حزبی ڕادیکاڵی فەڕەنسا، ئەویش لە پێکهاتنی حزبە لیبراڵەکانی دیکە لە ئەورووپا، لە وڵاتی بەلجیکا دەستێوەردانی ماسۆنیەت تەواو ئاشکرا و ڕوون بوو، مامۆستای گەورەی ماسۆنییەکان لە بەلجیکا (د.فاکز) ساڵی (١٨٤١) کۆمەڵەی – ئەلیانس – ی سیاسی دامەزراند، کە بەهۆی ئەوەوە چەند کۆمەڵەیەکی دیکە لە هەریمەکانی ئەو وڵاتە دامەزراون.

ساڵی (١٨٤٦) کۆمەڵەی (ئەلیانس)ی بانگەوازی بۆ کۆنگرەیەک کرد، کە هەموو کۆمەڵە لاوەکییەکان کۆ بکاتەوە لە بارەگای شارەوانی شاری – بروکسل ، لەو کۆبوونەوەیە نزیکەی (٣٠٠) نوێنەر ئامادەبوون، کۆبوونەوەکە بە سەرۆکایەتیی (د. فاکز) بوو، بڕیاردرا بە دروستکردنی ڕێکخراوێکی لیبراڵ لەسەر ئاستی هەرێمەکان.

٥/ نموونەی دیکەش هەیە لەسەر دامەزراندنی حزب بەهۆی کۆڕبەندی هزرییەوە، بەڵام ئەو جۆرە حزبانە زۆر کەم توانیویانە ببنە خاوەن بنکەیەکی جەماوەری و سەرکەوتن بەدەست بهێنن لە سێبەری سیستمێکی دەنگدانی هەمەلایەن، نموونەش لەسەر ئەوانە، ئەو شکستییەی کە گردبوونەوەی دیموکراسیخوازی شۆڕشگێڕ (RDR) تووشی هات.

ئەو حزبە (جان پۆل سارتەر) و [8] چەند نووسەرێکی چەپڕەو لە فەرەنسا دایانمەزراند، باشترین بەڵگەیە، چونکە ئەو شێوازە لە دروستکردنی حزبەکان لەگەڵ سیستمێکی هەڵبژاردنی سنوورتەسک دەگونجێت.

٦/ بە پێچەوانە دەبینین کاریگەریی کڵێسە و کۆمەڵە ئایینییەکان بەردەوام لە گەورە بووندایە، بۆ نموونە لە وڵاتانی وەک هۆڵەندا و بەلجیکا حزبێک پێکهات بۆ دژایەتی (بزووتنەوەی چاکسازیی ئایینی – کە کەسایەتیی ئایینی دیار (کالفن)[9] پاڵپشتی دەکرد و خاوەن ڕێبازێکی ئایینی بوو، ئەو حزبەش – حزبی کاسۆلیکی پارێزگار – بوو.

لە ساڵی (١٨٧٩) کۆمەڵێک لە پرۆتستانە توندرەوەکان حزبی مەسیحی مێژووییان دامەزراند، وەک نارەزاییەک بەرامبەر

هاوکاریکردنی نێوان کاسۆلیک و دژەکانی چاکسازی ئایینی.

چەند ڕێکخراوێکی کاسۆلیکی، لەگەڵ چەند پیاوێکی ئایینی، ڕاستەوخۆ دەستیان لە دروستکردنی حزبە مەسیحییە ئایینییەکان هەبووە لەساڵی (١٩١٤)، هەروەها لە دەرکەوتنی حزبە مەسیحییە دیموکراتخوازەکان، لە وڵاتی بەلجیکا دەسەڵاتدارە ئایینییەکان بەتوندی دەستیان لە دروستکردن و گەشەپێدانی حزبی مەسیحی پارێزگاردا هەبووە، پیاوانی ئایینی مەسیحی کاریان بۆ دروستکردنی – لیژنەکانی قوتابخانەی کاسۆلیکی – دەکرد، بۆ بەرهەڵستیکردنی یاساکانی (هەژاری و نەداری)، کە ساڵی (١٨٧٩) دەرچووە، دەربارەی خوێندنی عیلمانی، هەروەها بۆ بەرگریکردن لە خوێندنی ئایینی لە هەموو وڵاتانی بەلجیکا، ئەو لیژنانە کاریان بۆ کشانەوەی منداڵان دەکرد لە قوتابخانە ڕەسمییەکان و زۆر کردنی قوتابخانە ئازادەکان، بەڵام لیژنەکان ساڵی (١٨٨٤) گۆڕان و بوون بە لقی خۆجێیی بۆ حزبیکی کاسۆلیکی، کە دواتر بووە بەهێزترین حزبەکانی ئەورووپا.

٧/ لێرەدا پێویست دەکات باس لە ڕۆڵی کۆمەڵەی جەنگاوەرە دێرینەکانیش بکەین لەبواری ڕێکخستنە دەرەکییەکان (کە توانای دروستکردنی حزبیان هەبوو)، لەبەر ئەوەی ڕۆڵیان لەپاش جەنگی یەکەمی جیهانی (١٩١٤ ـ ١٩١٨) گەورە بوون لە دروستکردنی حزبە فاشییەکان و ئەوانی لەسەر هەمان شێوەن، نموونەش لەسەر ئەوە کارتێکردنی جەنگاوەرە دێرینەکانی ناوچەی بەلتیک لە دروستکردنی ڕێکخستنی نیشتمانپەروەرە سۆشیالستەکان، هەروەها کارتێکردنی جەنگاوەرە دێرینەکانی

ئیتالیا لـه دامەزراندنی ڕەوتـی فاشییەت.

لـه فەرەنسـاش دیاردەیەکـی زۆر زەق ڕوویـدا، لـه سـاڵی (١٩٣٦) کاتـێ کۆمەڵـەی جەنـگاوەرە دێرینـەکان گـۆڕاو بـووە حزبێکـی سیاسـی لەژێـر نـاوی حزبـی کۆمەڵایەتـی فەرەنسـا.

٨/ بەشـێکی دیکـەی کۆمەڵـە و ڕێکخـراو، ئەوانی بـە نهێنی کاریـان دەکـرد و قەدەغەکراویـش بـوون، ئەوانـە هەڵگـری ئامانجـی سیاسـی بـوون، هەموویـان لەسـەر ئاسـتی هەڵبـژاردن و پەرلەمانـی کاریـان نەدەکـرد و نەیاندەویسـت لـەو بـوارە کار بکـەن، هەروەهـا ڕێـگای کارکردنـی سیاسـییان نەبـووە، تەنهـا ڕێکخـراوی ماسـونییەت نەبێـت کـە ئاشـکرایە، بـەڵام کارەکانـی بـە نهێنـی ئەنجـام دەدات.

بۆیـە ئەگـەر ڕێگرییـە یاساییەکان هەڵبگیرێـن ئـەوا گرووپـە نهێنییـەکان دەگـۆڕان، دەبوونـە حزبـی سیاسـی، هـەروەک تێبینییـش دەکـرێ بزووتنەوەکانـی بەرهەڵسـتی و ئازادیخـواز لـە زۆربـەی ئـەو وڵاتانـەی پێشـتر داگیرکرابـوون، بوونـە حزبـی سیاسـی، بـێ هـەر پەسـندکردنێکی گشـتی، یـان ڕەزامەندییەکـی یاسـایی.

بـەڵام بزووتنـەوەی میللـی کۆمـاری لـە فەرەنسـا (M.R.P) هەروەهـا حزبـە دیموکراسییە مەسیحییەکان لـە ئیتالیـا، ڕەنگـە تـا ڕادەیەکـی گـەورە لەلایـەن ڕێکخـراوە کۆنـە قەدەغەکراوەکانـەوە دامەزرابـن.

حزبـی شـیوعی لـە وڵاتـی (یەکێتیـی سـۆڤیەتی پێشـوو) هەمـان سـەرچاوەی هەیە، لە سـاڵی (١٩١٧) لە بارێکی ناشـەرعی گۆڕاوە و کەوتـە قۆناغـی شـەرعیەت و دەسـەڵاتی گرتـە دەسـت، کـە زۆر

خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی پێشووی خۆی پاراستووە، بەڵام دەربارەی دۆخی حزبە کۆمۆنیستەکان (لە زۆربەی وڵاتانی جیهان) ڕاستە مانەوەی ڕێکخستنەکان بە شێوەیەکی نهێنی هۆکاری خۆی هەبوو، چونکە چاوەڕوانی ئەوەیان دەکرد، کە حکومەتەکان فشاریان بخەنە سەر و تووشی لێپرسینەوەی یاسایی ببن.

٩/ لە ژماردنی ڕێکخراو و دەزگا دەرەکییەکان (دەرەوەی پەرلەمان)، بۆ دروستکردنی حزبی سیاسی، دەبێ گرووپ و دامەزراوە پیشەسازی و بازرگانییەکان، بانکەکان، پڕۆژە گەورەکان، کارگە پیشەسازییەکان، سەندیکا و کۆمەڵەی کاروبارەکان... هتد، هەموو ئەوانە لەبیر نەکەین، بە شێوەیەک لە شێوەکان لەم بوارەکاریان کردووە.

لە ئینسکلوپیدیای زانستە کۆمەڵایەتییەکان، کە نووسەرەکەی (ف. ە. ئەندەرهیل)ە، ڕۆڵی چەند بانکێک ڕوون دەکرێتەوە لە پێکهێنانی حزبی پارێزگارانی کەنەدا لە ساڵی (١٨٥٤).

بەکورتی حزبەکانی دەرەوەی پەرلەمان، ئەو حزبانەن کە لە دەرەوەی پەرلەمان دروستبوونە، لە خەسڵەتەکانی ئەو حزبانەش جۆرێک بەرەنگاربوونەوەی دژ بە دەسەڵاتیان هەڵگرتووە، لەگەڵ داواکردنی نوێنەرایەتی پەرلەمان، ئەو جۆرە حزبانە گوزارشت لە دیاردەیەکی مۆدیرنتر دەکەن، زیاتریش پەیوەستن بە فراوانبوونی مافی دەنگدان و ئایدیۆلۆژیای ڕادیکاڵەکان، ئەوانە لە زۆربەی ناوچە گەشەسەندووەکان بەشێکن لە بزووتنەوە نەتەوایەتییەکانی دژ بە ئیستعمار.

بەرچاوترین جۆری ئەو حزبانەش لە ڕۆژئاوادا، حزبە سۆشیالستەکان بوون، کە لە سەدەی نۆزدەدا دامەزراون، هەروەها حزبە مەسیحییەکان، یاخود مەسیحییە دیموکراسییەکان، کە لە سەرەتای سەدەی بیستەم دروستبوونە.

**سێیەم/ خەسڵەت و جیاوازییەکانی نێوان هەردوو جۆری حزب (لەناو پەرلەمان و دەرەوەی پەرلەمان):[١٠]**

هەرچییەک بێت سەرچاوەی ئەو حزبانەی کە لە دەروەی پەرلەمان دروست دەبن، ئەوا هەڵگری کۆمەڵە خەسڵەتێکن جیاوازیان دەکاتەوە تاڕادەیەک لەو حزبانەی کە سەرچاوەیان سیستمی پەرلەمانی و هەڵبژاردنە:

١/ حزبەکانی دەرەوەی پەرلەمان خەسڵەتی ناوەندێتیان زۆرترە لە حزبەکانی دیکە، ئەو حزبانە لە لوتکەوە دەست پێ دەکەن، لە کاتێکدا حزبەکانی دروست بووی ناو پەرلەمان لە بنکەوە هەڵدەقوڵێن.

٢/ ڕادەی کۆکردنەوە و چڕکردنەوەی کار و دەسەڵاتەکانی ناو دامەزراوەیەکی دەرەکی کە بووە بەهۆی دروستبوونی ئەو حزبە، کارتێکردنی دەبێت بەسەر ڕادەی پیادەکردنی ناناوەندێتی تیایدا، نموونەش لەسەر ئەوە حزبە کرێکارییەکان کەمتر ناوەندێتی پیادە دەکەن تا حزبە کۆمۆنیستەکان.

٣/ بە شێوەیەکی گشتی و هەر لەبەر هەمان ئەو هۆیانە، ئەو حزبانەی سەرچاوەی دامەزراندنیان دەرەکییە زیاتر توند و یەکگرتوو دەبن، هەروەها دیسپلینیان بەهێزتر دەبێت لەو

حزبانـەی سـەرچاوەی دامەزراندنیـان پەرلەمانـە.

٤/ گرووپـی هەڵبژاردنیـش لـە ئاسـت هـەردوو جـۆری حزبـەکان جیاوازییـان دەبێـت، حزبەکانـی دروسـتبووی نـاو پەرلەمـان زۆرتـر کارتێکـردوو دەبـن لەگـەڵ یـەک.

٥/ حزبەکانی دروستبووی دەرەوەی پەرلەمان، دەسترۆیی پەرلەمانتارانی بەسەردا لاواز دەبێ، بە پێچەوانەوە حزبەکانی دروستبوونی ناو پەرلەمان دەسترۆیی و باڵادەستی پەرلەمانتارانی بەسەردا بەهێزتر دەبێت، چونکە خۆیان بەشدار بوونـە لـە دامەزراندنـی.

٦/ حزبەکانی دروستبووی دەرەوەی پەرلەمان بێ بایەخی خۆیان بەرامبەر پەرلەمان پیشان دەدەن بە شێوەیەکی بەهێزتر لەو حزبانەی کە لەناو پەرلەمان دروستبوونە.

٧/ حزبی ناو پەرلەمان ئامانجی سەرەکی بەدەستهێنانی چەند کورسییەکی ناو پەرلەمانە (زۆربوونی ژمارەی نوێنەرەکانی)، بەڵام حزبە دەرەکییەکان، گرینگی زۆر بە ململانێی ناو پەرلەمان دەدەن.

## چوارەم/ هۆکارەکانی دەرکەوتنی حزبە سیاسییەکان لە جیهاندا:[١١]

چەندین ڕووداوی گرینگ کارتێکردنی هەبووە بەسەر ئەو گۆڕان و پەرەسەندنانەی لە کۆمەڵگەکاندا ڕوویانداوە و لە ئاکامیشدا کاریگەرییان بەسەر مێژووی ئەو کۆمەڵگەیانە دروست کردووە و پێشکەوتن لە ژیانیاندا بە سیستمێکی دیموکراسیانە بەدیهاتووە.

لەو هۆكارانە، هۆیەكانی بەرهەمهێنان، ململانێی چینایەتی و كۆتایی هاتنی دەسەڵاتی چینێك و دەستپێكردنی دەسەڵاتی چینێكی دیكە... ڕۆڵی زانا و بیرمەندان لە هۆشیاركردنەوەی كۆمەڵان و كاریگەریی شۆڕش و ڕاپەڕینە جەماوەرییەكان، ئاكامەكانی ئەو ڕووداوانە چەندین گۆڕان و پەرەسەندن بووە لە سیستمە سیاسییەكان و دەركەوتنی هزر و بیروباوەڕ و ڕێبازە فەلسەفی و كۆمەڵایەتی و سیاسییەكان بووە، كە هەموو ئەوانە كارتێكردینان بەسەر دروستبوونی گرووپ و كۆمەڵە و ڕێكخراوی سیاسی هەبووە لە ڕابردوو ئێستادا.

لێرەدا پێویست دەكات داكۆكی لەسەر ئەوە بكەین كە سیستمی دیموكراسی ئەو ژینگە سروشتییەیە دەكرێ حزبە سیاسییەكان بە چەمكە نوێیەكەی كاری تیادا بكەن و لە خەسڵەتە بنچینەییەكەی ئەو سیستمەش بوونی حزبە سیاسییەكانە.

دیارە حاڵەتێكی بەڵگەنەویستیشە، كە سیستمی دیموكراسی بە بڕیارێك ناخوڵقێت، ئەو سیستمە ئەنجامی چالاكی مرۆڤایەتیە بەدرێژایی مێژوو، ئەو مێژووەی پڕە لە ململانێ و جەنگ و شۆڕش و تێكۆشان، هەروەها مشتومڕ و گواستنەوەی ئەزموونی جیاوازی وڵاتێك بۆ وڵاتێكی دیكە.

هەروەها دەبێ ئەوە لەبیر نەكەین كە بارودۆخی ئابووری و سیاسی كۆمەڵایەتی لە هەر كۆمەڵگەیەك، كاریگەری لەباری دەبێت بەسەر گۆڕان و بەدیهاتنی ئەو سیستمە دیموكراسییە.

لە فاكتەرە گرینگەكانی بەدیهاتنی ڕێبازە سیاسییە مۆدێرنەكان و سەركەوتنی سیستمی دیموكراسییەت:

١/ دۆزینـەوە جوگرافییـەکان، دیاردەکـە لـە کیشـوەری ئەورووپاوە دەستی پێ کردووە لە سـەدەی پازدەهـەم بەدواوە، هەمـوو کیشـوەرەکانی ئەفریقیا و هـەردوو ئەمریکای باکوور و ئەمریـکای لاتینـی و ئوسـترالیای گرتۆتـەوە.

٢/ بزووتنـەوەی چاکسـازیی ئایینـی لـە ئەورووپـا، کـە لـە مارتـن لۆسـەرەوە سـاڵی ١٥١٧ دەسـتی پـێ کـرد.[١٢]

٣/ شۆڕشی پیشەسازی و بڵاوبوونەوەی و دەرئەنجامەکانی.

٤/ شۆڕشی گەورەی فەرەنسا لە ١٧٨٩ و دەرهاویشتەکانی.

٥/ هـزر و بیروبـاوەڕی سۆشیالسـتی، کـە لـە ١٨٢٥وە لـە وڵاتانـی فەرەنسـا و ئینگلتـەرا بەرنامەکانیـان کەوتنـە بـواری کارپێکـردن.

٦/ کۆتاییهێنان بە دیاردەی کۆیلایەتی و بازرگانیپێکردنی.

٧/ دامەزراندنـی سـەندیکا و ڕێکخراوەکانـی کریـکاری و پیشـەیی.

### پێنجەم: شێوازە سەرەکییەکانی دروستبوونی حزبەکان:[١٣]

گرینگترین ئەو شێوازانەی کە بەهۆیەوە حزبە سیاسییەکان دامەزراون:

١. دەرکەوتنی پەرلەمـان (ئەنجوومەنەکانـی یاسـادانان)، لـە سیسـتمە سیاسـییە جیاوازەکانی جیهـان، لەگـەڵ دەرکەوتنی ئـەو دامەزراوەیـە، گـرووپ و کوتلەکانـی نـاو پەرلەمـان پێکهاتـوون، ئەوانـەش ناوکـەی دەرکەوتنـی حزبـەکان بـوون.

٢. بەشـێک لـە حزبـە سیاسـییەکان بەهـۆی ئەزمونەکانـی

هەڵبـژاردن دەرکەوتـوون، لـە چەنـد وڵاتێکـی جیـاوازی جیهانـدا، ئـەو ئەزموونانـەش لەگـەڵ سـەرکەوتن و پیادەکردنـی دەنگدانـی گشـتی دەرکەوتـن و پەرەیـان سـەند، لەجیاتـی بنەماکانـی پێشـووتر کـە بـە شـێوەی دانانـی کەسـەکانی سـەر بـە چیـن و توێـژی خانـەدان و دەسـەڵاتداران ئەنجامـدراون.

دیـارە ئاکامـی ئەزموونەکانـی هەڵبـژاردن سـەرەڕای پەرەسـەندی سـنووری دەنگدانـی گشـتی، دەرکەوتنـی گـرووپ و کۆمەڵـەی دەنگـدان و هەڵبـژاردن بـووە لـە هـەر وڵاتێـک کـە بـەو پرۆسـەیە تێپـەڕ بووبێـت، پەیوەنـدی و هـاوکاری نێـوان گرووپەکانی هەڵبژاردن و پاڵێوراوان بۆ ئەنجوومەنی نوێنـەران بنچینـەی حزبـی سیاسـی لێکەوتۆتـەوە.

٣. دەرکەوتنی کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی لاوان و خوێندکاران، هەروەهـا کۆمەڵـە هـزری و سیاسـی و ڕۆشـنبیرییەکان، لەگـەڵ ئەنجوومەنەکانـی ئایینـی و سـەندیکاکانی کرێـکاران، بەهـۆی پەرەسـەندنی چالاکی ئـەو کۆمەڵـە و ڕێکخراوانە، حزبی سیاسـی دروسـت بـووە.

٤. لـە چەنـد وڵاتێـک حزبـە سیاسـییەکان بەهـۆی بزووتنەوەکانـی ڕزگارخـوازی لـە داگیرکـەران دروسـتبوونە.

٥. لـە چەنـد وڵاتێکـی دیکـەدا، حزبـەکان لـە ئەنجامـی قەیرانەکانـی گەشەسـەندنی سیاسـییەوە دروسـتبوونە، وەک قەیرانەکانـی شـەرعیەت و بەشـداری سیاسـی.

**شەشەم: قۆناغەکانی پەرەسەندن و گۆڕان لە دروستبوونی حزبە سیاسییەکان:**[١٤]

چەند توێژەرێک لەمیانەی بەدواداچونیان بۆ مێژووی حزبە سیاسییەکان و ئەو گۆڕان و ڕووداوانەی تێپەڕبوونە بەسەر ئەو مێژووەدا لە ناوچە جیاوازەکانی جیهان، ئاماژە بۆ چەند قۆناغێک دەکەن کە حزبە سیاسییەکان پێیدا تێپەڕبوونە و بەم شێوەی خوارەوە:

قۆناغی یەکەم:

دروستبوونی حزبە سیاسییەکان بە چەمکە نویێ و سەردەمییەکەی، بەستراوەتەوە بە پراکتیکردنێکی هەستپێکراو بۆ چەمکی دیموکراسییەتی پەرلەمانی، بۆیە بۆ یەکەم جار حزبی سیاسی بەکار هێنراوە لەپێناو بەدیهێنانی پێشکەوتن لە هەڵبژاردنە گشتییەکان، هەروەها گەیشتن بە دەسەڵات و دەستگرتن بەسەریدا.

**قۆناغی دووەم:**

لەم قۆناغەدا حزبە سیاسییەکان لەپێناو سەرکەوتنیان لە هەڵبژاردن پێویستیان بە چەندین بەرنامە و ڕێکخراوی جەماوەی هەبووە، بۆ ئەوەی گەورەترین ژمارەی لایەنگریان بۆ پەیدا بکات، هەروەها گەورەترین ڕادەی دەنگیان بۆ بەدەست بهێنێ لە کاتی پرۆسەی دەنگدان، لێرەدا پێویستبوون بە حزبی جەماوەری خۆی سەپاند بەسەر دۆخەکە.

**قۆناغی سێیەم:**

دروستبوونی حزبە سیاسییەکان ڕووی لە فراوانبوون کرد لە چەند وڵاتێکی جیهاندا، لەگەڵ زۆربوونی ڕۆڵی هۆکارە درەکییەکان لە پێکهێنانیان بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش، لەم قۆناغەدا حزبە شیوعییەکان هاتنە سەر گۆڕەپانەکە، ئەوان بە ڕۆڵی خۆیان کاریگەرییان هەبووە لە گۆڕینی ئەو نەریتە باوەی کە مۆرکی دروستبوونی حزبە سیاسییەکانی هەڵگرتبوو پێشتر.

**قۆناغی چوارەم:**

لە زۆربەی ناوچەکانی جیهان و لەژێر کاریگەری ململانێی ئایدیۆلۆژی لەنێوان بەرەی سۆشیالستی بە سەرکردایەتی (یەکێتیی سۆڤیەت) و بەرەی سەرمایەداری بە سەرکردایەتی ئەمریکا، حزبی سیاسی زۆر دروستبوون.

حزبە شیوعییەکان لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات، بە پاڵپشتی حزبی شیوعیی سۆڤیەت دروست دەبوون، هەروەها ئاراستەکردنیان تاڕادەیەک، هەمان هەلومەرجیش بۆ دروستبوونی حزبە لیبراڵەکان دووبارە دەبۆوە.

**قۆناغی پێنجەم:**

ئەم قۆناغە بەئەنجام و دەرهاویشتەی ڕووخاندنی سیستمی سۆشیالستی دادەنرێت لە جیهاندا، ئەو دیاردەیە بووە هۆی دارمانی زۆرینەی سیستمە کۆمۆنیستەکان و پاشەکشەی ژمارەیەک لەو حزبانەی پشتیان بە ئایدیۆلۆژیای سیستمەکە بەستبوو، لە هەمان کاتدا ژمارەی حزبە پراگماتیکەکان و حزبەکانی بەرژەوەندی ڕوویان لە زۆر بوون کرد، کە لەگەڵ بارودۆخی گۆڕاودا خۆیان گونجاند.

**حەوتەم: هۆیەکانی پەیوەندی و ئینتما بۆ حزبەکان:(١٥)**

لەم بارەوە چەندین لێکۆڵینەوە و توێژینەوە ئەنجامدراوە، کۆمەڵە بنەما و ڕێسایەک خراوەتەڕوو بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو هۆیانە، لێرەدا لە چەند خاڵێکدا کورتیان دەکەینەوە:

١. بنچینە دەروونییەکان: ئەم ئاراستەیە لەلایەن (لویل) خراوەتەڕوو، بەپێی بنچینەکە دەکرێ لەوە تێبگەین کە تاکێک بۆ پەیوەندی بە حزبێکی دیاریکراو دەکات دیارە ئەوە هەستێک هانی دەدات، ئامانجیش گۆڕانە لە شێوازی ژیان.

هەستی مرۆڤایەتیش لە ئاست دیاردەی گۆڕان بەسەر دوو جۆر دابەش کراوە:

- جۆرێک لەو کەسانەی باوەڕیان بە گۆڕان هەیە، کە ناویان لێنراوە ئازادیخوازان (Liberal).
- جۆرێکی دیکە ویستیان مانەوەی دۆخەکەیە وەک خۆی،

پێیان دەوترێت پارێزگاران.

٢. بنچینە کۆمەڵایەتی – ئابوورییەکان: ئەو ئاراستەیە پێکهاتنی حزبەکان بۆ باری ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەندامانی حزب دەگەڕێنێتەوە، ئاراستەکە بۆچوونی وایە کە ئەندامیەتی تاک لە حزبێکدا، دۆخە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکە دەیسەپێنی، واتە ئەو چینە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەی تاک ئینتمای بۆ هەیە: ناودارترین کەسانی ئەم ئاراستەیە، کارل مارکسە.

٣. بنچینەی بیروباوەڕ (ئایدیۆلۆژیا): بەپێی بۆچوونی ئەم ئاراستەیە، هۆکاری پێکهاتنی حزب ئەو بیروباوەڕە سیاسییەیە کە ئەندامانی حزبێک کۆ دەکاتەوە.

لە ڕاستیدا ئاسانیش نییە دیاریکردنی بنچینەیەک بەتەنها ببێتە هۆ بۆ ئینتیمای حزبی سیاسی، بەڵکو هەرسێ هۆکارەکە دەکرێ بنچینە بن لە پێکهاتنی ئینتما بوون.

## سەرچاوە و پەراوێزەکانی بەشی دووەم:


١. الاحزاب السياسية – د. طارق علي الربيعي – جامعة بغداد – ١٩٨٦ – ص٥

٢. حزبە سیاسییەکان لە جیهانی سێیەمدا – نووسینی: د. ئۆسامە ئەلغەزالی حەرب، وەرگێڕانی/ محەمەد فاتیح – چاپی/٢٠١٩ – هەولێر.

٣. سەرهەڵدان و بەردەوامی حزبە سیاسییەکان لە ڕۆژئاوادا، نووسینی: د.حوجەتوڵڵا ئەیوبی وەرگێڕان: ئازاد وەلەدبەگی. دەزگای موکریان/ هەولێر/٢٠٠٧

- الاحزاب السياسية – موريس ديفرجية – ترجمة/ علي مقلد واخرون – الهيئة العامة لقصور الثقافة ـ القاهرة/٢٠١١، ص٦.

٤. وێنەی ئەو حاڵەتانە لەم سەردەمە لە کاتی هەڵبژاردنە گشتییەکانی ئەنجوومەنی نوێنەران لە زۆر وڵاتدا دووبارە دەبنەوە، بە ڕێکەوتنی چەند ئەندام پەرلەمانێک بە پێکهێنانی کوتلەیەک، یان هاوپەیمانیەتییەک و لەژێر ناوی جۆراوجۆردا.

٥. البعد الاجتماعي للاحزاب السياسية – د.عبدالرضا حسين الغعان، دار الشؤون الثقافية بغداد/١٩٩٠ – ص٢٠٩٢٠٩

- سەرهەڵدان و بەردەوامی حزبە سیاسییەکان لە ڕۆژئاوادا – سەرچاوەی پێشوو.

٦. (fabin society) ڕێکخراوێکی ئینگلیزییە ساڵی (١٨٨٤) دامەزراوە، ئەندامانی لە هەوڵی بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی

سۆشیالیزمی بوون بە شێوەیەکی ئاشتیانە.

٧. (ماسۆنی): ڕێکخراوێکی برایانەی جیهانییە، ئەندامانی باوەڕیان بە یەک ڕێبازی ئاکاری و یەک لە بیروباوەڕ هەیە، تایبەت بە شیکردنەوەی گەردوون و ژیان، هەروەها باوەڕهێنان بە یەزدان، ئەم ڕێکخراوە لە سەدەی (١٤) دامەزراوە، لە خەسڵەتەکانی، پاراستنی حاڵەتی نهێنییە زۆر بەتوندی.

٨. جان پۆل سارتەر: فەیلەسووف و ڕۆماننووسی فەرەنسا، ساڵی (١٩٠٥) لەدایک بووە و ساڵی (١٩٨٠) کۆچی دوایی کردووە.

٩. جیان کالفن: زانایەکی ئایینی مەسیحی بوو لە فەرەنسا، ڕێبەرایەتی بزووتنەوەی چاکسازیی ئایینی کردووە، ساڵی (١٥٠٩) لەدایک بووە، ساڵی (١٥٦٤) کۆچی دوایی کرد.

١٠.البعد الاجتماعي للاحزاب السياسية – سەرچاوەی پێشوو.

- بحث (الاحزاب السياسية بين النشأة ونظم التصنيف: حسني الخطيب net.www.almayadeen

١١. نشأة الاحزاب السياسية – حسين جميل – الدار العربية للموسوعات بيروت/١٩٨٤ ص٣٧

١٢. مارتن لۆسەر: پیاوێکی ئایینی و مامۆستای لاهووت، ساڵی (١٤٨٣) لە وڵاتی ئەڵمانیا لەدایک بوو، ساڵی (١٥٤٦) کۆچی دوایی کردووە.

نظام الحزب الواحد وأثره على الحقوق السياسية للمواطن – مولود مراد محي الدين ط/١ – ٢٠٠٧ – ص٢٧

- السياسة والحكم – لورانس گراهام واخرون – ترجمة

– د. عبدالله فهد عبدالله – جامعة الملك سعود/٢٠٠٠ الرياض – ص١٧٧ – ١١٣.
١٤. الاحزاب السياسية و دورها في التنشئة السياسية في أقليم كردستان – صباح صبحي رسالة ماجستير – جامعة صلاح الدين – ٢٠٠٣ ص١٨.
١٥. الاحزاب السياسية – التفاتة سوسيولوجية – بحث – د.المهدي الشيباني كلية الاداب – جامعة الزيتونة – ليبيا – مجلة الجامعة/ العدد/١٦/٢٠١٤.

# بەشی سێیەم

# پێکهاتنی حزبە سیاسییەکان
# لە کیشوەری ئەوروپا

## شیکردنەوەیەکی گشتی

کیشـوەری ئەوروپـا لـە ڕووی جوگرافیـاوە دەکەوێتـە نێـوەی باکـووری گـۆی زەوی[1]، سـنوورەکانی: لـە ڕۆژئـاواوە، ئۆقیانووسـی ئەتڵەسـی، لـە ڕۆژهەڵاتـەوە، چیاکانـی قەوقـاز و چیاکانـی ئـۆڕاڵ و دەریـای قەزویـن، لـە باشـوورەوە: دەریـای سـپیی ناوەڕاست و دەریای ڕەش، لە باکوورەوە، ئۆقیانووسـی بەسـتەڵەکی باکـوور.

دانیشـتوانی کیشـوەرەکە لـە ڕووی کۆمەڵایەتییـەوە لـە (٨٧) گرووپی ڕەگـەزی جیاواز پێکهاتـووە، گەلـی ڕووسـیا گـەورەترین ئـەو گرووپانـەن کـە لەسـەر خاکـی هـەردوو کیشـوەری ئاسـیا و ئەوروپـا دەژیـن و بڵاوبوونەتـەوە، کیشـوەری ئەوروپـا نزیکـەی (٥٠) دەوڵـەت دەگرێتـە خـۆی.

لە ڕووی ئایینییەوە، ئایینی زۆرینەی دانیشـتوانی کیشـوەرەکە ئایینـی مەسـیحییە، بـە ڕێبـازە جیاوازەکانـی کاسـۆلیکی، ئەرسـەزوکس، پروتسـتانتی و ئینگلیکانـی، سـەرەڕای بوونـی کەمایەتییـەک لـە ئیسـلام و جـوو.

ئەوروپـا سـەرچاوەی دروسـتبوونی کولتـووری ڕۆژئاواییـە، ڕۆڵێکـی گـەورەی گرینگـی لـە کاروبـاری جیهـان گێـڕاوە.

دەوڵەتەکانـی ئەوروپـا (بەتایبەتـی بەریتانیـا و فەرەنسـا و ئەڵمانیا و ئیسپانیا و ئیتالیا)، لـە سـەدەی پانزەهـەم بەسـەرەوە بۆ مـاوەی چەند سـەدەیەک دەسـتیان گرتبوو بەسـەر زۆربـەی

وڵاتانی کیشوەری ئەفریقا و ئۆستورالیا و بەشێک لە ئاسیا و هەردوو کیشوەری ئەمریکای باکوور و ئەمریکای باشوور. لە سەدەی حەڤدەوە لەناو ڕۆشنبیر و نووسەر و سیاسەتمەدارانی ئەورووپا، چەند بیروباوەڕ و تیۆرییەکی فەلسەفی و مەعریفی نوێ دەرکەتن، دەربارەی گەیشتنی مرۆڤ بە ڕاستییەکان لە ئاست سروشت و ژیانی کۆمەڵایەتی، ئەویش بەهۆی بیرکردنەوە و بەڵگەهێنانەوەی ئەقڵی و زانستیانە، ئەو دیاردەیە کە سەری هەڵدا درێژەی کێشا و پەرەی سەند، ناویشی لێنرا بزووتنەوەی ڕۆشنگەری و ڕابوون.

ئەو قۆناغە بەکورتی وەک بزووتنەوەیەکی فەلسەفی و ئەدەبی دەستی پێ کرد دژ بە بیروباوەڕی پڕوپووچ و نەزانین، هەروەها دژ بە دابونەریتە کۆنە بەسەرچووەکان، کە دوور بوون لە خەسڵەتی ئەقلانی و تێگەیشتنی زانستیانە، ئەو قۆناغە لە سەردەمی (جۆن لوک)ەوە[٢] دەستی پێ کرد تا شۆڕشی فەرەنسا و درێژەی کێشا تاسەدەی نۆزدەهەم.[٣]

بزووتنەوە ڕۆشنبیرییەکان کە لە سەدەی حەڤدەوە سەریان هەڵدا، بە بەردەوامی فراوانتربوون لەسەر هەردوو ئاراستەی ئاسۆیی و ستوونی.

بزووتنەوەکە کاریگەریی گرینگی لەسەر ژیانی سیاسی بەجێهێشتووە، لەسەر ئاستی تاک و کۆمەڵ لە وڵاتانی ئەورووپا.

ڕۆشنبیر و بیرمەندانی سەردەمی ڕۆشنگەری باوەڕیان بە کۆمەڵە چەمک و بەهایەک هێنابوو، گرینگترینیان ژیانی دەستووری بوو، لەگەڵ بوونی دامەزراوە دەستوورییەکان،

یەکسانی، ڕێگرتن لە دیاردەی کۆیلایەتی زەوی، لێبووردنی ئایینی، سنووردانان بۆ دەسکەوتەکانی پیاوانی ئایینی و توێژی خانەدان و ئەریستوکرات، هەروەها بونیادنانی سیستمێکی ئازاد، سنووردانان بۆ دەستێوەردانی دەوڵەت لە ژیانی ئابووری.

وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوا بە کاریگەری ئەو بزووتنەوە ڕۆشنگەرییە بەرەو ڕووی زنجیرەیەک شۆڕش و ڕاپەڕینی جەماوەری و سیاسی گەورە بوونەوە، بەهۆیەوە زۆر لە ڕژێمە پاشایەتییە کۆنەپەرستەکانی گۆڕی، هەروەها هاندەرێک بوو بۆ چەسپاندنی سیستمی پەرلەمانی دیموکراسی، زیاتریش لە وڵاتانی بەریتانیا و فەرەنسا و ئەڵمانیا و ئیتالیا.

**پەرەسەندنە دیموکراسییەکان لە ئەورووپای ڕۆژئاوا:**[٤]

سیستمە دیموکراسییە نوێنەرایەتییە لیبراڵەکان لەم قۆناغە مێژووییە، کۆلکەی هاوبەش بوونە لەنێوان وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوا، بونیادنانی ئەو دیموکراسییەتە لە ڕاستیدا بە شێوەیەک بووە کە باری ڕاهاتووی ئەو دەوڵەتانە تاڕادەیەک لە یەک نزیک و هاوشێوە بوونە، بەڵام قۆناغەکانی تێپەڕبوون بە پرۆسەکە لە هەموو ئەو شوێنانە لە یەک کاتدا نەبووە، هەروەها لە ڕووی مێژوویی و دەستوورییەوەش وەک یەک نەبووە.

بەشێک لەو وڵاتانە وەک: بەریتانیا، دانیمارک، هوڵندا، لوکسمبورگ، لەسەر سیستمی پاشایەتی درێژەیان پێدا تا

ئەمڕۆ، بەڵام چەند وڵاتێکی دیکەی وەک، فەرەنسا، ئیتالیا، ئەڵمانیا، ئیرلەندا، سیستمی کۆماریان تێدا چەسپا، ئەگەرچی لە هەموو ئەو وڵاتانە سیستمی پەرلەمانی چەسپا و هیچ حکومەتێک بەبێ ڕەزامەندی زۆرینەی پەرلەمان ناتوانێت درێژە بە کارەکانی بدات.

هەموو ئەو دەوڵەتانە نموونەن بۆ سیستمێکی ئابووری سەرمایەداری، کە پشتگیرییەکی میللی بەهێزیان هەیە (ئەگەر سوشیالستی بن یاخود نەبووبن) و بەردەوامیشن لەسەر دەسەڵات.

هەروەها بنەما ئازادییەکانی وەک دامەزراندنی کۆمپانیاکان و موڵکداری تایبەتی و هۆیەکانی بەرهەمهێنان و بازاڕ و قازانجکردن، ئەوانەکە بزوێنەر و ڕێکخەری چالاکی ئابوورین، تا ئێستا نەکەوتوونەتە بەر ڕێگرتن و لێپرسینەوە، لەبەر ئەوەی دەرئەنجامی بارێکی ئابووری بەهێزن.

لە ڕووی بونیادی کۆمەڵایەتییەوە، ئەو دەوڵەتانە چەند خەسڵەتێکی هاوبەشی دیاریکراویان هەیە، وەک (بەهێزی چینی کرێکار و پتەوی ڕێکخستنەکانی) چینی سەربەخۆ لە مێژووی جیاوازدا و بەپێی هەلومەرجی هەر وڵاتێک دەرکەوتوون، هەروەها دەستڕۆیی چالاکی بزووتنەوەی کرێکاری لەسەر ئاستی سەندیکاکان و بواری سیاسەتی کۆمەڵایەتی، لەگەڵ لەناوچوونی چینی جوتیار لە هەموو ئەو وڵاتانە و لە شوێنی خۆیان کشتیار و وەرزێریان بەجێهێشتووە و پەیوەندییان بە بازارەکانەوە توند کردووە.

هـەر لـە خەسـڵەت و تایبەتمەندییەکانـی ئـەو وڵاتانـە، زۆربوونـی ژمـارەی چینـی ناوەڕاسـت و بەهێزبوونـی پێگەکـەی لـەو وڵاتانـە و سـەربەخۆییان لـە چینـی کرێـکار بەتایبەتـی لەسـەر ئاسـتی سیاسـی، هەروەهـا بارگرانـی و شـەکەتبوونی بۆرژوازییەتـی سـەرمایەداری بەهـۆی چڕبوونـەوە و گردبوونـەوەی دامـەزراوەکان لـە یـەک شـوێن و پەرەسـەندنی کۆمپانیـا سـەرمایەدارەکان و ئەرکـی بەڕێوەبردنیـان، سـەرەڕای پارێزگاریکـردن لـە ڕۆڵـی دەسـترۆییان لـە ڕووی ئابـووری و سیاسـییەوە.

بـەڵام دەرهاویشـتە ئایدۆلـۆژی و کولتـووری و ئایینییـە هاوبەشـەکان، ئـەوا ڕێـگا بـۆ جێبەجێکردنـی هەمـان ئـەو دەسـکەوتانە دەدات و ئاسـانکاری بـۆ فێربوونـی ڕەوتـە گەورەکانیـش دەکات، وەک: ڕەوتـی کاسـۆلیکی ڕۆمانـی، ڕەوتـی پرۆتسـتانی، ڕەوتـی ئاقڵانـی و ڕەوتـی نازانمـکاری فەلسـەفی ڕەوتـی پەرەسـەندنی ڕەوشـت و چێـژی تاکگرایـی... ئـەو ڕەوت و ئاراسـتە سیاسـی و هزریانـەی لـەو سـەردەمە جێگای بـاس و بایەخپێـدان بوونـە.

ئـەو کورتـە شـیکارییە بـۆ بارودۆخـی وڵاتانـی ئەورووپـای ڕۆژئـاوا لـەو سـەردەمە لـە ڕووی کۆمەڵایەتـی و ئابـووری و سیاسـییەوە، ئـەوە دەسـەلمێنێ کـە بنچینەکانـی دروسـتبوونی کۆمەڵـە و حزبـە سیاسـییەکان گەشـەیان کردبـوو، دۆخەکـەش لەباربـوو بـۆ پێکهێنانیـان، لەگـەڵ جیـاوازی و تابەتمەنـدی هـەر وڵاتێـک بەتەنهـا.

لە بەشەکانی دیکەی ئەم باسە، سەرهەڵدان و دروستبوونی حزبە سیاسییەکان ڕاڤە دەکەین، لە هەر وڵاتێکی ئەورووپای ڕۆژئاوا بەتەنها.

## گۆڕان و ڕووداوە سیاسییەکان لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا:[٥]

ئەو دەوڵەتانەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا لەنێوان خۆیاندا دابەش دەکەن، ئەوانە بەزۆری لە کەلەپووری ڕەگەزی سلاڤی بەشدارن، ئەگەرچی هەندێکیان سلاڤیش نین، دەوڵەتە ناسلاڤییەکان وەک: ئەستونیا، هنگاریا، مەکدونیا، ئەلبلنیا، هەروەها بەشی ڕۆژهەڵاتی ئەڵمانیاش دەگرێتەوە. سەرەتاکانی سەدەی بیستەم ئەو وڵاتانە لە ڕووی هیوا و ئاواتە نیشتمانییەکانیان بەرەو ڕووی بێئومێدی ببوونەوە، هەندێکیان بوونە بەشێک لە چەند ئیمپراتۆرییەتێک، جەنگی دووەمی جیهانی بۆ ئەوان بووە هۆی ئازاری گەل و وێرانکردنێکی زۆرتری وڵاتەکانیان، بەشێک لەو دەوڵەتانە لە ماوەی دووەم جەنگی جیهانی کەوتنە گێژاوی هاوپەیمانیەتی جۆراوجۆرەوە، لە کۆتایی جەنگ هەریەک لە پۆڵەندا و جیکۆسلۆڤاکیا و هنگاریا و ڕۆمانیا و بولگاریا و بەشی ڕۆژهەڵاتی ئەڵمانیا کەوتنە ژێر دەسترۆیی و داگیرکاری (یەکێتیی سوڤیەت)، هەروەها کۆمارەکانی ناوچەی بەلتیق وەک: لیتوانیا، لاتڤیا، ئەستونیا، بە ڕەسمی بوونە بەشێک لە (یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو)، بەڵام یوگوسلافیا و ئەلبانیا نەکەوتنە ژێرباری داگیرکاری.

لەو سەروبەندەدا، لەو وڵاتانە حزبە کۆمۆنیستەکان خاوەن دەسەڵات بوون و بەتوندی دژایەتی سیستمی نازییان دەکرد، ئەو وڵاتانەی کە ڕاستەوخۆ لەژێر چاودێریی یەکێتیی سۆڤیەت بوون، ئەوا ستالین بەهۆی چەند پیلان و نەخشەکێشان و بێنەوبەرەیەک، ئەو ناوچانەی بە ویستی خۆی ڕێک دەخست و دابەشی دەکردن، حزبە کۆمۆنیستەکان لەو وڵاتانە بە هاتنی ساڵی (١٩١٨) و لەژێر ناوی جیاوازەوە دەسەڵاتیان دەگرتەدەست.

ئەگەر لە ڕووداو ژیانی سیاسی و حزبایەتی ئەو وڵاتانە بکۆڵینەوە و بگەڕێینەوە بەرەودوا و بۆ کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم، دەکرێ ئاماژە بۆ چەند گۆڕانێک بکەین:

- ساڵی (١٨٩٤) لە هەنگاریا حزبی دیموکراتی کۆمەڵایەتی دروست بوو، ساڵی[٦] (١٩٠٩) حزبی خاوەن زەویوزارەکان پێکهات لەگەڵ حزبێکی بۆرژوازی نەتەوەیی ڕادیکالی بچووک، کە لە دەستەبژێری ڕۆشنبیرانی شار پێکهاتبوو.
- ساڵی (١٩٠٥) حزبی گەلی سلۆڤاکی دروست بوو، بە سەرکردایەتی (پیاوی ئایینی) ئەندرو هیلینکا.
- لە پۆڵەندا مافی دەنگدانی گشتی کاری پێکرا، ئەویش دوای ڕووداوەکانی ساڵی (١٩٠٧) لە ئاژاوە و ناکۆکی و خۆپیشاندانەکان، هەر لەو وڵاتە بزووتنەوەی نەتەوەیی دامەزرا لەلایەن کۆمەڵەی پۆڵەندییەکان، ئەوانی لە سویسرا جێگیر ببوون ساڵی (١٨٨٧)، ئامانجی بزووتنەوەکەش کۆکردنەوەی پۆڵەندییەکان بوو لەپێناو سەربەخۆیی... ساڵی (١٨٩٣) حزبی سۆشیالستی پۆڵەندا (pps) دامەزرا بە سەرکردایەتیی

(جوزیف بیو سودسکی)، بە بۆچوونی جوزیف ڕێگای ڕزگاربوونی پۆڵەندا پەیوەستە بە ڕووخاندنی ئیمپراتورییەتی قەیسەر، حزبی سۆشیالستی پۆڵەنداش بنەماکانی مارکسیزمی بە ئامانجە نەتەوەییەکانی پۆڵەندا بەستۆتەوە.

جوزیف جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە چەوساندنەوەی کۆمەڵایەتی کرێکارانی پۆڵەندا پەرەی سەند، بەهۆی جەور و چەوساندنەوەی نەتەوەیی پۆڵەندا، تێڕوانینی ناوبراو بۆ چینی پرۆلیتاریای پیشەسازی وەک تێروانینی ڕادیکاڵەکان بووە بۆ چینی جوتیاران، هیچ هێزیک ناتوانێت پشت لەو چینە بکات بۆ ڕزگارکردنی نەتەوە و بەدیهاتنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی.

بەڵام حزبی دیموکراسی کۆمەڵایەتی (چەپ) لە پۆڵەندا، بەرنامەکەی حزبی سۆشیالستی لاپەسند نەبوو، ئەوان لە دەوری ـ ڕۆزا لوکسمبورگ – کۆببوونەوە و ساڵی (١٩١٨) بنچینەکانی حزبی کۆمۆنیستیان پێکهێنا.

• ساڵی (١٨٩٦) حزبی جەماوەری چیک (دیموکراتە کۆمەڵایەتییەکان) لە حزبی (هەموو نەمسا) جیا بووەوە و سەربەخۆیی بەدەستهێنا، پاش دوو ساڵ حزبی نیشتمانیی سۆشیالستی لەو وڵاتە دامەزرا، کە جەختی لەسەر بیروباوەڕی نەتەوەیی دەکردەوە.

لە چیک ساڵی (١٨٩٩) بانگەواز و هاندەرانی دابەشکردنی زەوی دەرکەوتن و چوونە پاڵ حزبی کاسۆلیک، لەناو هەموو ئەو گرووپ و حزبانە، حزبی پێشکەوتنخوازی بچووک بە ئاشکرا لایەنگری ڕووخاندنی دەوڵەتی پاشایەتی دەکرد و داوای دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی دەکرد.

## بنەماڵە گەورەکانی حزب لە ئەورووپا[٧]

کارێکی پێویست و بەسوودە لێکۆڵینەوە لە بنەماڵە گەورە حزبەکان بکرێت، ئەوانی لە ئەوروپا سەریان هەڵداوە، پاشان لق و هاوتاکانیان زۆر بوونە، ئەم بنەچەناسینە (Typology) بەپێی سێ پێوەر دەبێت، ئەوانیش: ئامانج، ئایدیۆلۆجیا، ڕێکخستن لە کاری ڕێکخراوەیی.

لەو چوارچێوەدا بنەماڵەی گەورەی حزبە سیاسییەکان لە ئەوروپا بریتیبوون لە:

لیبڕاڵەکان، دیموکراتە کریستانەکان، لەگەڵ چەپەکان، لەگەڵ ئەو بنەماڵانەش چەند لایەنێکی دیکەی بچووکتر، یاخود کەم گرینگتر هەبوونە، وەک هێزی جوتیار و کشتیارەکان، هەروەها دژەئایینییەکان.

حزبە لیبڕاڵەکان لە لقە هەرە کۆنە سیاسییەکانی ئەورووپان، کە لە سەدەی نۆزدەدا لە بەرامبەر پاێزگاران پێکهاتبوون، بەڵام ئێستا وەک پێشوو بەهێز و دەسەڵات نەماون (بەتایبەت لەبەریتانیاو ئیتالیا).

حزبە سۆشیالستەکان بە زۆری لە دەیەکانی (١٨٨٠ و ١٨٩٠) پێکهاتوون و جێگای خۆیان لەناو هێزە سیاسییە دەسەڵاتدارەکان کردووەتەوە، سەرەڕای دووبەرەکییەکانیان دوای دامەزراندنی نێو نەتەوەیی سێیەم لەسەر دەستی لینین لە (١٩١٩)، بەڵام ئەوان توانیان هاوپەیوەندی خۆیان لەژێر ناوی سۆشیالستی نێونەتەوەیی بپارێزن (نموونەی حزبە

سۆشیالستەکانی فەرەنسا و ئەڵمانیا و حزبی کرێکارانی بەریتانیا).
حزبە کریستانەکان زیاتر پاش جەنگەکانی یەکەم و دووەمی جیهانی لەسەر گۆڕەپانی سیاسەتدا بەدەرکەتن، بەهۆی خەبات دژی فاشیزم، نموونەی (یەکێتیی دیموکراتی کریستیانی ئەڵمانیا، حزبی دیموکراتی کریستیانی ئیتالیا).

## دروستبوونی حزبە سیاسییەکان لە بەریتانیا[٨]

سیستمی حزبایەتی لە بەریتانیا ناوبانگ و ناسینێکی فراوانی هەیە، زۆر کەمن ئەو دیاردە سیاسییانەی کە بە هەمان قووڵی و وردی توێژینەوەیان لەسەر کرابێت، بەڵگەش لەسەر ئەو بۆچوونە، سیستمی دوو حزبی بەریتانیا بە پێوەر دادەنرێت و سیستمە فرەحزبیەکانی جیهان بۆی دەگەڕێتەوە، بەڵکو ئەو سیستمە دوو حزبییە بۆتە نموونەیەک لاسایی دەکرێتەوە.
بەریتانیا زیاتر لە (٩٠٠) ساڵ دەبێت کە بەرەو ڕووی هێرشی دەرەکی نەبۆتەوە، هەروەها زیاتر لە (٣٠٠) ساڵیش دەبێت نموونەی سیستمێکی پەرلەمانی کاریگەرە، ئەویش بەهۆی سیستمە دوو حزبییەکەی و بەهۆی ئەو شێوازەی حکومەت پێی بەڕێوە دەچێت.
بەڵام لە ڕووی مێژووییەوە هەڵەیە بوترێت کە بەریتانیا دایکی پەرلەمانە[*]، لەم بارەوە مافی ئیرلەنەدا لەپێشترە، بەڵام لە ڕاستیدا بەریتانیا ڕۆڵێکی نموونەیی گێڕاوە.
نووسەرانی ئینگلیزیش کە سیستمی دوو حزبی ڕوون

دەکەنـەوە، ئامـاژە بـۆ گونجـان و سـازانی کۆمەڵگـەی بەریتانیـا دەکـەن، هەروەهـا بـۆ سـەقامگیری و لەبـاری دامەزراوەکانـی و بوونـی سیسـتمێکی دەنگدانـی زۆرینـە کـە لـە یـەک خولـدا ئەنجـام دەدرێـت.

نووسـەرە ئەورووپییـەکان چەخـت لەسـەر هەسـتی دەروونـی بەکۆمـەڵ و لەسـەر ئایدیۆلۆژیایەکـی زاڵبـوو دەکەنـەوە، سیاسـەتیش لـەو وڵاتـە بـە شـێوەیەک بنەماکانـی داڕێـژراوە وەک یارییـەک یاریکەرانـی ڕێـز لـە ڕێسـا و نۆرمەکانـی یارییەکـە دەگـرن، یاریـزان پایەبەرزیـش بێـت ڕێـز لـە یاسـاکانی دادوەر دەگرێـت. ڕێککەوتنـی هەمەلایـەن لەسـەر ئـەوە هەیـە کـە تێگەیشـتن و بەڕێوەچوونـی سیسـتمی دوو حزبـی لـە بەریتانیـا جێبەجـێ نابێـت تەنهـا بـە پشتبەسـتن بـە تایبەتمەنـدی خەڵکـی بەریتانیـا نەبێـت، لـە ڕاسـتیدا ڕۆڵـی مێژوویـی بەریتانیـای گـەورە لـە جیهانـدا ئـەو حاڵەتـە تایبەتـە جیاکـارەی کـردە نموونەیـەک بـۆ پرسـیار و شـیکردنەوەی بـەردەوام.

### دروستبوونی سیستمی دوو حزبی(٩)

لـە سـەدەی حەڤدەهەمـدا وڵاتـی ئینگلتـەرا دوو شـۆڕشـی تیـادا هەڵگیرسـاوە، هەردووکیـان ئامانجـی سیاسـییان بەدواوەبـووە، ئـەو ئامانجـەش بریتـی بـووە لـە جیاکردنـەوەی نێـوان: بـەرەی شـا و سیسـتمی پاشـایەتی ڕەهـا (ئـەو سیسـتمەی لـە کیشـوەری ئەوروپـا بڵاوەی کـرد بەتایبەتـی لـە ئیسـپانیا و فەرەنسـا)، لەگـەڵ ئەوانـی بـەرەی سیسـتمی پاشـایەتی سـنووردار و پابەندبوونـی

دەسـەڵاتەکانی پەرلەمانـن، واتـە نێـوان ئەوانـی نێونەرایەتیـی چینـی ئەریسـتوکرات (ئەنجوومەنـی لـۆردەکان) دەکـەن لـە بەرامبـەر ئەوانـی نوێنەرایەتـی بۆرژوازبوونـی گـەورە دەکـەن (ئەنجوومەنـی گشـتی).

بـەرەی دووەم، ئەوانـی لایەنگـری سیسـتمی پاشـایەتی سـنووردار بـوون، توانیـان شـای بەریتانیـا (جـاک سـنیواردی دووەم) لـە دەسـەڵات دوور بخەنـەوە و (غەلیـوم دورانـج) لـە شـوێنی دابنێـن، کـە ڕازی بـوو بـە ڕاگەیاندنـی مافەکانـی هاووڵاتیـان لـە سـاڵی (١٦٨٨).

## حزبەکانی ئەلویگس و ئەلتوری (Tories . Whigs)

ئـەو حزبـە سیاسـییانەی کـە لـەو قەیرانـە لەدایک بـوون لەسـەر شـێوەی حزبـە تـازەکان نەبـوون، بەڵکـو بریتـی بـوون لـە چەنـد گرووپێکـی بـێ فـۆرم، ئـەو دوو گرووپـە دژ بـە یەکـە چەنـد نازناوێکـی برینداریـان پێـوە لکابـوو لەنـاو خەڵکیـش پێـی ناسـرابوون.

وشـەی ئەلتـوری (Tory) وشـەیەکی جنێـو هەڵگـری ناشـرین دەگرێتـە خـۆی، وشـەکە سـەرچاوەکەی ئێرلەندییـە و بـە مانـای دز، یـان ڕێگـر بـەکار دەهێنرێـت، ئـەم حزبـە سـاڵی (١٦٨٨) دەسـەڵاتی لەدەسـتدا.

بـەڵام کۆمەڵـەی (ئەلویگـس) Whigs، کـە سـاڵی ١٦٨٨ سەرکەوتن و دەسەڵاتیان گرتە دەست، وشەیەکە سەرچاوەکەی ئوسـکوتلەندییە، بەمانـای شـوانی ئـاژەڵ و وڵاخـی بـەرزە دێـت.

بەکارهێنانی ئەم وشانە تا ساڵانی سەدەی نۆزدەهەم بەکار هێنراون، بەڵام ناوەرۆکی وشەکان گۆڕانیان بەسەرداهات.

لە سەدەی حەڤدەهەمدا حزبی ئەلویگس دەسەڵاتی بەسەر ژیانی سیاسیدا گرت، تا ڕادەیەک وشەکە بە مانای پیاوی دەسەڵات دەهات، یان حزبی دەسەڵاتدار، یاخود مەبەست لێی چینی بۆرژوازیەتی گەورەی شارەکانی دەگرتەوە، وەک یاساناسان، پیاوانی کاروباری بازرگانی و پیشەسازی، خاوەن بانکەکان، سەرمایەدار و خاوەن کەشتییەکان.

حزبی ئەلویگس بە شێوەیەکی بنچینەیی پشتی بە (ئەنجوومەنی گشتی) بەستبوو، ئەوانیش بەزۆری ئاراستەیەکی لیبراڵیان هەبووە، بەتایبەتی لیبراڵیزمی دادوەری ئەوەندەی پەیوەندی بە مافی کەمایەتییە ئایینییەکان هەبووە دژ بە پاوانکاری کڵێسەی ڕەسمی ئینگلتەرا، هەروەها لیبراڵیزمی ئابووری کە خۆی لە ئازادی کار و ئاڵوگۆڕکردنی کەلوپەل دەنوێنێ بە شێوەیەکی ئازاد، لەگەڵ لیبراڵیزمی سیاسی بە شێوەی جیاکردنەوەی دەسەڵاتی شای وڵات لە حکومەت.

بەڵام بەرەی پارێزگاران پەرشوبڵاو نەبوون، یاخود کۆتاییان پێ نەهاتبوو، ئەوان پشتیان بە چینی ئەریستوکرات و بە دەسەڵاتەکانی کڵێسە بەستبوو بۆ بەرگریکردن لە دەسەڵاتەکانی شای وڵات و کڵێسە، هەروەها پەرلەمانیش بەرگرییان لە دەسەڵاتەکانی ئەنجوومەنی لۆردەکان دەکرد، هەروەک بەرگرییان لە خاوەنداریێتی زەویوزارە گەورەکانیش دەکرد، سەرەڕای پشتگیریکردن لە بنەمای بەرگریکردن – بۆ پارێزگاری لە دەرامەتە کشتوکاڵییەکان و بەخێوکردنی

مەڕومالأت.

ئەلویگس (لیبراڵەکان) درێژەیان بە دەسەڵاتدا بێپسانەوە، لەنێوان (١٧١٤ ـ ١٧٦٠)، لە کاتێکدا ئەلتوری (پارێزگاران) لەنێوان (١٧٦٠ ـ ١٨٣٠) حوکمڕانیان بەدەستەوە بوو، دەسەڵاتی ئەو لایانانە لەسەر شێوازی حزبێکی ڕێکخراو نەبووە، سیستمی حوکمڕانی لەو ڕۆژگارەدا دیموکراسی نەبووە، بە بەراورد لەگەڵ ئێستادا، چونکە مافی دەنگدان تەنها توێژێکی کەمی دەگرتەوە، حزبەکانیشی بریتی بوون لە چەند گرووپێکی ناو پەرلەمان دەگۆڕان بەپێی بەرژەوەندی و ڕووداوەکان.

## گۆڕینی کۆمەڵگەی سیاسی و چاکسازی هەڵبژاردن:[١٠]

تێپەڕبوونی بەریتانیا بە هەلومەرجی سەرمایەداری بازرگانی و دەریایی، لەگەڵ ئەو ڕووداو و گۆڕانانەی لەو ماوەیەدا ڕوویاندا، هۆکارێک بوون بۆ پێشکەوتنی وڵات و بکەوێتە ڕیزی یەکەم لەسەر ڕێگای سەرمایەداری پیشەسازی، هەر بەهۆی ئەو ڕووداو و گۆڕانانە، چینێکی کرێکار لەو وڵاتە دروست بوو، بەڵام ئەو چینە ژیانی لە ڕووی ماددی و مەعنەوی لەوپەڕی خراپیدابوو، هەروەها شۆڕشی پیشەسازیش بووە هۆکار بۆ دەرکەوتنی چینێکی بۆرژوازی مامناوەندی شارستانی، کە بە دۆخە سیاسییەکەی خۆی ڕازی نەبوو.

فراوانکردنی سنووری دەنگدان و دووبارە دابەشکردنەوەی بازنەکانی هەڵبژاردن و چاکسازی لە شێوەی بەڕێوەبردن و سیستمی هەڵبژاردن، لە داواکارییە بەپەلەکان بوون لە

سەرەتای سەدەی نۆزدەدا.

ئەو داواکاریانە، داواکاری توێژە باڵاکانی چینی کرێکار و ڕۆشنبیران و بۆرژوازییەتی بچووک بوون، ئەوانی لەلایەن لیبرالەکانەوە نوێنەرایەتی دەکران، لە کاتێکدا پارێزگارانی ناو دەسەڵات داواکاریەکانیان بە زەرووری دەزانی، بەڵام وا پێویست دەکات دیاریکراو بن بەپێی توانا. ساڵی (١٨٣٠) لیبرالەکان دوای سەرکەوتنیان لە هەڵبژاردن، پڕۆژەیەکی چاکسازییان خستەڕوو، بەڵام پڕۆژەکەیان لەلایەن ئەنجوومەنی لۆردەکانەوە پەسند نەکرا، بۆیە لە هەڵبژاردنی ساڵی (١٨٣١) بابەتی چاکسازی بووە ناونیشانی ناوەندی هەڵمەتەکەیان لە هەڵبژاردن و شەقامیش پشتگیرییانی دەکرد.

ساڵی (١٨٣٢) بزووتنەوەی – شارتست، کە بزووتنەوەیەکی کرێکاری بوو، هەڵمەتێکی فراوانی دەست پێ کرد بە داواکاری کرێکاران لەپێناو دەنگدانی گشتی بۆ پیاوان و چاکسازی لە ژیانی سیاسی و پەرلەمانی.

قۆناغی دووەم لە چاکسازی هەڵبژاردن بەدەستپێشخەری پارێزگاران و ڕابەرەکەیان (دزرائیلی) جێبەجێ کرا، بەڵام ئەو کارە لەژێر فشاری ڕەوتی لیبراڵ و بزووتنەوەی کرێکاریدا ڕوویدا.

ساڵی (١٨٦٧) بەهۆی هەنگاوەکانی چاکسازی، ڕێژەی بەشداربوونی هەڵبژاردن بۆ (١٦٪) بەرزبووەوە، ئەویش بۆ بەرژەوەندی دانیشتوانی شار دەگەڕێتەوە لە بۆرژوازییەتی بچووک و بەشێک لە چینی کرێکار، لە هەمان کاتدا کێشەی چاکسازی لە بازنەکانی هەڵبژاردن بەردەوام بوو، دەنگدانیشی

سالّی (١٨٧٢) بوو بە نهێنی.

لەنێوان (١٨٨٤ - ١٨٨٥) ڕێژەی دەنگدان بەرزبووەتەوە، تا گەیشتە (٢٨٪)، ئەویش بە کردنەوەی دەرگای دەنگدان بۆ خەڵکی گوندەکان ئەوانی خاوەن موڵک نین، سالّی (١٩١٨) مافی دەنگدان هەموو پیاوانی گرتەوە تا تەمەنی (٢١) سالّی، هەروەها ژنانی سەرووی تەمەن (٣١) سالّ، سالّی (١٩٦٩) حزبی کرێکاران تەمەنی دەنگدانی بۆ (١٨) سالّ دابەزاند، گەشەکردنی پرۆسەی دیموکراسییەت لەو وڵاتە زیاتر لە سەدەیەکی خایاند (١٨٣٠ - ١٩٢٨)، لەو کار و ڕووداوانە حزبەکان هەموویان بەشداریان کردووە، بە ئاراستەکانی (لیبراڵ، پارێزگار، کرێکاران).

**دەرکەوتنی حزبە نوێیەکان:**[١١]

بەکورتی باسی سێ حزبی دێرین دەکەین کە لە بەریتانیا ڕۆڵی سەرەکی و گرینگیان گێڕاوە:

١/ حزبی لیبراڵ:

ئەم حزبە سەرەتا وەک گرووپێکی سیاسی دەرکەوت لەناو پەرلەمان، لەژێر ناوی (ئەلویگس). پاشان بووە حزبێکی سیاسی، لە ململانێدا بووە لەسەر دەسەڵات و چاکسازی لەگەڵ حزبی پارێزگاران (ئەلتوری) لە هەشتاکانی سەدەی حەڤدەوە.

سالّی (١٨٦٥) بووە حزبێکی سیاسی لەژێر ناوەی –

حزبی لیبراڵی بەریتانیا ـ لە سەرکردەکانی (غلادستون، جون ستیوارت مل، لوید جۆرج)، بەڵام لە (١٩٢٥)وە ئەم حزبە رووی لە لاوازی کردووە و حزبی کرێکارانی بەریتانیا سەرکەوت.

٢/ حزبی کرێکارانی بەریتانیا:

حزبێکی (سوشیال دیموکرات)ە، هۆکارەکانی دامەزراندنی دەگەڕێتەوە بۆ:

أ) شکستهێنانی بزووتنەوە سۆشیالست و کرێکارییەکان لەنێوان (١٨٨٠ ـ ١٨٩٠) لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی.

ب) ویستی بەهێزی کرێکاران بۆ ئەوەی نوێنەریان هەبێت لە پەرلەمان، بۆیە لە (١٩٠٠) لیژنەی نوێنەرایەتی کرێکاران پێکهات، ئەو لیژنەیە، حزبی کرێکارانی سەربەخۆ و کۆمەڵەی فابییەکان و سەندیکای کرێکارانی کۆ کردەوە، ساڵی (١٩٠٦) بە ڕەسمی دروستبوونی حزبی کرێکاران ڕاگەیەندرا، حزب تا ساڵی (١٩١٤) وەک حزبێکی بچووک ماوەتەوە، بەڵام لە دوای (١٩١٨)وە حزب ڕووی لە گەشەکردن و فراوانبوون کرد و دەستی گەیشتە دەسەڵات و بەشداری لە حکومەت کرد.

٣/ حزبی پارێزگاران:

حزبێکی دێرینی بەریتانیایە، ڕەگوڕیشەی بۆ حزبی – ئەلتوری – دەگەڕێتەوە، پشتگیری توندی سیستمی پاشایەتی دەکات، ساڵی (١٨٣٢) تووشی شکستییەکی گەورە هات، ساڵی (١٨٣٦) ناوی حزب گۆڕا و بووە حزبی پارێزگاران.

## دروستبوونی حزبە سیاسییەکان لە ئەڵمانیا[١٢]

ئەڵمانیا بۆ یەکەم جار وەک دەوڵەت بەهۆی یەکگرتنی (٣٥٠) میرنشین پێکهات، ئەویش دوای پەیمانی (westphalie) لە ساڵی (١٦٤٨)، ئەو میرنشینانە توانیان کێشەکانی خۆیان چارەسەر بکەن لەژێر کاریگەریی ڕێبازە ئایینییەکان و بزووتنەوەی چاکسازیی ئایینی، هەروەها بەپێی بنەماکی ئەو ڕێکەوتنە ئاشتییەی، کە لە شاری – ئۆغسبورج – بەسترا لە ساڵی (١٥٥٥)، یەکگرتنی ئەڵمانیا وەک دەوڵەت ساڵی (١٨٧١)، ڕاگەیەنرا.

## دەرکەوتنی ڕێبازە هزری و سیاسییەکان:

### ١/ بزووتنەوەی لیبرالیزم:

ساڵی (١٨٠٦) نابلیون – ئیمپراتۆری فەرەنسا – کۆنفیدراڵییەتی – ئەلراین – ی ڕاگەیاند، لەو کاتانەدا، هۆشیاری و هەستی نەتەوایەتی لای ئەڵمانییەکان دەرکەوتبوو پەرەی دەسەند، بەوەش ململانێ و ڕکابەری لەنێوان خەڵکی ئەڵمانیا خولقا دەربارەی ئەو شێوە سیاسییەی کە کۆمەڵگە لەسەری بێت.
هەر لەو سەروبەندەدا دامەزراندنی کۆنفیدراڵی جەرمەنی ساڵی (١٨١٥)، کە بەهۆی دەستڕۆیی نەمسا دروست بوو، بەتوندی لەلایەن پڕووسیاوە دژایەتی دەکرا ـ پرووسیا ئامانجی بەدیهێنانی یەکگرتنی ئەڵمانیا بوو، بەڵام لەژێر

چاودێری خۆی، هەوڵەکانی پرووسیا خۆی لە چالاکییەکانی مامۆستایانی زانکۆ و پشتگیری توێژی بۆرژوازی و هەندێ ئەریستوکرات دەنواند، کە شێوەی بزووتنەوەیەکی لیبڕاڵی پچڕپچڕی ناڕێکخراوی وەرگرت، ڕەوتی لیبڕاڵ بەسەر سێ بەشی دابەش ببوو:

- لیبڕاڵە نیشتمانپەروەرەکان، ئەوانی جەختیان لەسەر یەکێتیی خاکی ئەڵمانیا دەکرد، لەگەڵ پشتگیریکردنیان لە بوونی سیستمێکی فیدراڵی.
- لیبڕاڵەکان، ئەوانی پشتگیری دامەزراندنی سیستمی پاشایەتی دەستووری دەکەن، هەروەها سیستمێکی پەرلەمانی بە دوو ئەنجوومەن و پیادەکردنی ڕێبازێکی سیاسی کراوە.
- لیبڕاڵە ڕادیکاڵەکان، یان دیموکراتخوازەکان، ئەوانی لایەنگری دامەزراندنی سیستمی کۆمارین، لەسەر شێوەی ویلایەتیەکگرتووەکانی ئەمریکا.

تیوری (Standish ver fassung) بریتییە لە پێکهاتن و پێکەوەنان بەهۆی میرنشین و دەسەڵاتە هەرێمایەتی و خۆجێیەکان، مەبەستیش لێی بوونی زنجیرەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ کۆمەڵگەیەکی سیاسی لە ئەڵمانیا، تیۆرییەکە دەربڕین لەو بارە ڕاهاتووە دەکات کە هەیە، هەروەها لە چەمکی ڕاستی وەک بەرهەمێکی مێژوو لەگەڵ ئەو دابونەریتانەی کە دژایەتی لەخۆداماڵین و دوورکەوتنەوە دەکەن لە بەها نەتەوەییەکان و سەروەری نیشتمان.

ئـەو تیۆرییـە دەنگدانەوەیەکـی گـەورەی لەنـاو کۆمەڵگـەی ئەڵمانیـا هەبـووە لـە کاتەکانـی گەشـەکردن و پەرەسـەندنی هەسـتی نیشـتمانپەروەری.

شۆڕشـەکانی (١٨٤٨) لـە ئەڵمانیـا بـوون بەهـۆی ئـەوەی کـە کۆمەڵگـەی ئەڵمانیـا چارەنووسـی بکەوێتـە دەسـتی خـۆی و ڕێـگای مێژوویـی خـۆی بدۆزێتـەوە.

ئەنجوومەنـی نیشـتمانی ئەڵمانیـا کـە لـە شـاری فرانکفـورت کۆبـۆوە، بەهـۆی لیبرالـە نیشـتمانپەروەرەکانەوە سـەرکەوتنێکی کاتیـان بەدەسـتهێنا، ئـەوان ویسـتیان دەوڵەتێکی ئەڵمانـی فیدراڵی لەسـەر ڕێبازێکـی لیبراڵـی دابمەزرێنن بەدوور لـە نەمسـا، بەڵام – شـا (فەرمانـڕەوا)ی پرووسـیا – ڕازی نەدەبـوو ببێـت بـە ئیمپراتـۆر لەسـەر ویسـتی گـەل، ئـەو بۆچوونـی وابـوو، ئەڵمانیای یەکگرتوو بە ویسـتی شـای پرووسـیا و میر (بسـمارک) دروسـت دەبێـت.[١٣]

سـەرکەوتنی – پرووسـیا – و دوورخسـتنەوەی نەمسـا بـوو بەهـۆی دامەزراندنـی کۆنفیدراڵیەتـی باکـووری ئەڵمانیـا لـە سـاڵی (١٨٦٧)، هەروەهـا سـەرکەوتن بەسـەر فەرەنسـا سـاڵی (١٨٧٠) ڕێـگای خۆشـکرد بـۆ ڕاگەیاندنـی (ڕایخـی دووەم)، کـە (٢٥) میرنشـین و حکومەتـی هەریمـی کـۆ کـردەوە لەنـاو ئیمپراتۆرییەتێکـی کۆنفیدراڵـی، بسـمارکیش کەسـایەتیی سیاسـی بەهێـز و کارای ئـەو دەوڵەتـە بـوو.[١٤]

## ٢/ لەدایکبوونی بزووتنەوەی سۆشیالستی:[١٥]

ئەڵمانیا لە سەردەمی – ڕایخی دووەم – هەمان ئەڵمانیای سەردەمی شۆڕشەکانی ساڵی (١٨٤٨) نەبوو، لەو سەردەمە شۆڕشی پیشەسازی تیایدا بەرپابوو، سەرمایەداری سەری هەڵدا و چینێکی کرێکاری بەهێز و ڕێکوپێک دەرکەوت، ئەڵمانیای پیشەسازی شوێنی ئەڵمانیای گوند و شارە بچووکەکانی سەدەی ناوەڕاستی گرتەوە.

زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان لەو قۆناغەدا بوو بەهۆی ژیانی شارنشینی و کۆچکردنی فراوان بەرەو کیشوەری ئەمریکا بە شێوەیەکی سەرەکی.

چینی بۆرژوازی بچووکی لیبڕاڵ و بیروکراسییەت، شوێنی ئەریستوکراتە کۆنەکانی گرتەوە بە شێوەیەکی لەسەرخۆ.

بزووتنەوەی سۆشیالستی وەک بەرهەمێکی ئەو گۆڕانە ئابووری و کۆمەڵایەتیانە دروست بوو، وشەی سۆشیالستی کەمتر بەکار هاتووە بە بەراورد لەگەڵ وشەی کۆمونیستی، سۆشیالست وشەیەکی لێڵاوی و نادیار و هەمەلایەن بوو لەو سەردەمە.

شێوازی – سۆشیالستی دەوڵەت – باو زاڵ بوو تا ساڵی (١٨٧١)، ئەویش بەهۆی[١٦] کاریگەری – فەردیناند لاسال –، ناوبراو داوای سەربەخۆیی سیاسی بۆ چینی کرێکارانی ئەڵمانیای دەکرد، ئەویش بە بوونی حزبێکی سیاسی تایبەت بە خۆی.

سالّی (١٨٦٣) لاسال هەستا بە دامەزراندنی کۆمەڵەی ئەڵمانیا بۆ خزمەتگوزاری کرێکاران، کە یەکەم ڕێکخستنی سیاسی سۆشیالستی بوو، ئەویش وەک کاردانەوەیەک دژی هەوڵەکانی لیبراڵە پیشەکەوتنخوازەکانی، کارەکەی لاسال بریتی بوو لە پێکهێنانی چەند کۆمەڵەیەکی هەرەوەزی لەناو کرێکاران.

لاسال، لەسەر هەمان شێوازی کارکردنی بسمارک، بزووتنەوەکەی خەسڵەتێکی ناوەندێتی دەسەڵاتداری هەبوو، لەگەڵ باوەڕبوون بە هەرێمی پڕووسیا لەپێناو بەدیهێنانی یەکێتیی ئەڵمانیا و هەنگاونان بەرەو چاکسازی لە بواری هەڵبژاردن و کاروباری کۆمەڵایەتی بۆ ڕزگارکردنی چینی کرێکار لەو دۆخەی تیایدا دەژی.

سالّی (١٨٦٣) لەلایەن (ولهیلم لایبەخت و ئیزاک بابیل) یەکێتیی کۆمەڵەی کرێکارانی ئەڵمانیا دامەزرا، کە لایەنگری دامەزراندنی دەوڵەتی ئەڵمانیای گەورە بوو بە وڵاتی نەمساوەش، ئەو بەرنامەیە لە دوایدا لەگەڵ هەوڵەکانی پڕووسیا دژ دەوەستا، بەلاّم سەرەڕای کاریگەریی کەسێتیی (مارکس)[١٧] بەسەر لایبەختەوە، ئەو بەرنامە سۆشیالستیە نێونەتەوەییە ڕوون نەبۆتەوە تا سالّی (١٨٦٨) نەبێت، بەتایبەتیش دەربارەی کێشەی ململانێی چینایەتی و سەربەخۆیی سیاسی چینی کرێکار.

سالّی (١٨٦٩) ئەو یەکێتییە کرێکارییە گۆڕانی بەسەر داهات، دوای ئەوەی گرووپەکەی لاسال چوونە پاڵ حزبی سۆشیال دیموکراسی کرێکاران لەگەڵ پیادەکردنی بەرنامەیەک

کە سەرچاوەکەی مارکسیزمە، بەڵام پشتگیری هەنگاوەکانی چاکسازییە دیموکراسییەکان دەکات.

**٣/ ڕایخی دووەم، لە بەرامبەر حزبە ئەڵمانییەکان:**

لەو ماوانەدا دەسەڵاتداری ئەڵمانیا هەستا بە کۆکردنەوە و باوەشکردنەوە بۆ زۆربەی لیبڕاڵە نیشتمانپەروەر و بۆرژوازییەکان، ئەوانی بە کاروباری بازرگانی و پیشەسازی هەڵدەستن، ئەویش لە ئەنجامی سەرکەوتنی ڕێبازە سیاسییەکەی بسمارک دژی نەمسا و فەرەنسا.

بۆیە وەک سیاسەتێکی ژیرانەی بسمارک، بڕیاردرا لەسەر مافی دەنگدانی گشتی بۆ پیاوان، ئەوانی تەمەنیان لە (٢٥) ساڵ بەسەرەوەیە، لەگەڵ بوونی سیستمێکی هەڵبژاردن بە دوو خول، ئەوەش بە مەبەستی کەمکردنەوەی ڕۆڵی حزبە سیاسییەکان، هەروەها بۆ لە قەبارەدانی ئەنجوومەنی گشتی وڵات (ڕایشتاخ)، کە بە دەنگدانی گشتی هەڵبژێردراوە.

سەرۆک وەزیران و دەزگای باڵای دەوڵەت کە لەژێر فەرمانی ئیمپراتۆربوون، ئەوانە خاوەن ئازادییەکی ڕەهابوون لە دەسەڵاتەکانیان، بەڵام حزبەکان ڕۆڵیان لەناو حکومەت زۆر لاوازبوو، ئەو ڕۆڵەی دەیانگێڕا تەنها خۆی لە هەندێ بەرژەوەندی و دەسکەوت و بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕەکانیان بەرجەستە دەکرد.

بسمارک ململانێیەکانی خۆی لەگەڵ حزبەکان بە نۆرە دەگێڕا، سەرەتا لەنێوان (١٨٧١ – ١٨٧٨) پشتی بەست بە لیبڕاڵە

نیشتمان پەروەرەکان دژ بە کاسۆلیک و سۆشیالستەکان، پاشان کەوتە هاوکاریکردنی پارێزگاران (لایەنگرانی چاکسازی کشتوکاڵی) و کاسۆلیکەکانی دژ بە لیبرالەکان، بەتایبەتیش سۆشیالستەکان، ئەوەش دوای ساڵی (١٨٧٨) لە هەمان کاتدا بڕیاری جێبەجێکردنی چەند پڕۆژەیەکی چاکسازی کۆمەڵایەتی گرینگی دەرکرد بۆ بەرژەوەندی کرێکاران و بواری کشتوکاڵی.

ژیانی سیاسی لە ئەڵمانیا، تا دوورخستنەوەی بسمارک لە دەسەڵات ساڵی (١٨٩٠)، بە شێوەیەکی سەرسوورهێنەر لەژێر دەستیدا بووە.

ڕەوتی ئایینی کاسۆلیکی وەک ڕەوتێکی سیاسی خۆی خستە پاڵ ئاراستە سیاسییەکانی دیکەی ئەو وڵاتە، نموونەی پارێزگاران ئەوانی پشتیان بە گوند و چینی ئەریستوکراتە موڵکدارەکان بەستبوو، هەروەها لیبراڵە نیشتمانپەروەرەکانیش ئەوانی بە ناو بۆرژوازییەتی سەرمایەداری خۆیان ڕاگەیاندبوو.

ساڵی (١٨٧٠) لەلایەن (سویند سورت) حزبی ناوەندێتی (zent Rum) دامەزرا، کە پشتی بە تۆڕێکی فراوانی ڕێکخراوە جیاوازەکان دەبەست، نموونەی: سەندیکای کرێکارە مەسیحییەکان و کۆمەڵە ئایینییەکان، بەڵام بسمارک دژی ئەو حزبە بزووتنەوەی بەرەنگاربوونەوەی کولتوور (Kultura ampf)ی ڕاگەیاند کە ئەڵمانیای بەرەو عەلمانیەت برد، دواتریش ساڵی (١٨٩٣) ئەو حزبە پشتگیری بسمارک کرد دژ بە سۆشیالستەکان.

سۆشیالستەکان لەو سەروبەندەدا یەکگرتوویی خۆیان بەدەسهێنا، ئەویش لە ئەنجامی زۆرداری و ملهوڕی دەسەڵاتی

حکومەتـی پرۆسـیا، هـەردوو ڕەوتـی سوشیالسـت کۆنگرەیـان بەسـت لـە شـاری غوتـا و لەژێـر سـەرکردایەتی – لایبخـت – حزبـی سوشیالسـتی دیموکراسـی ئەڵمانیایـان ڕاگەیانـد، بـەڵام بەرنامەکەیـان لەلایـەن مارکسـەوە ڕەخنـەی لێگیـرا، حـزب لـە کاری ڕێکخراوەیـی پشـتی بـە سـەندیکا ئـازادەکان بەسـتبوو.

هـەر بەهـۆی یاسـا نائاسـییەکانی دەوڵەتـەوە حـزب بـە کـردار چـووە بـواری کاری نهێنـی، کاریشـی بـۆ پەرەسـەندنی ڕێکخراوەکانی دەکرد، وەک: سـەندیکاکان، کۆمەڵـە کۆمەلایەتـی و وەرزشـی و ڕۆشـنبیرییەکان.

سـاڵی (١٨٩٠) بسـمارک لـە دەسـەڵات دوور خرایـەوە، قۆناغێکی سـەخت لە دەسـەڵاتی تاکڕەوی کۆتایی هـات، حزبی سۆشیالسـت توانی سـەرلەنوێ خۆی بونیادبنێتـەوە بووە یەکەم حـزب لـە ئەڵمانیـا، سـاڵی (١٩٢١) ڕێـژەی (٣٥٪) دەنگەکانـی بەدەسـتهێنا.

لـەو ماوەیـەدا حزبـی سۆشیالسـت بەرنامەیەکـی نوێـی پیـادە کـرد، کـە لەلایـەن [١٨] (کارل کاوتسـکی) ئامـادە کرابـوو، بەهـۆی ئـەو بەرنامەیـە ڕەوتـی میانـڕەو و چاکسـازی بەسـەر ڕەوتـی توندڕەو و شۆڕشـگێڕی نـاو حـزب سـەرکەوت، حزبـی سوشیالسـتی دیموکراسـی ئەڵمانیا دەسـتی بەسـەر نێونەتەوەیـی دووەمدا گرت، کە سـاڵی (١٨٨٩) بە یارمەتی حزبی کرێکارانـی بەلجیکـی پێکهاتبـوو.

لە دواهەڵبژاردنی پێش جەنگی جیهانی یەکەم، کە لە ساڵی (١٩١٢) ئەنجامدرا، بەرەی چەپ بە زۆرینە سەرکەوت، بەرەی کاسۆلیک بووە حزبی دووەم، لە کاتێکدا بەرەی پارێزگار و ڕاستڕەو پەرشوبڵاو ببوونەوە.

## ٤/ بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لە ئەڵمانیا[١٩]

جەنگی یەکەمی جیهانی و تێشکانی ئەڵمانیا لەو جەنگە دەرئەنجامی چاوەڕواننەکراوی هەبووە بەسەر سیستمی حزبەکان، کاریگەرییەکانی جەنگ لە دەرەوەی ئەڵمانیاش بەهێز بووە، شۆڕشی بەلشەفی لە ڕووسیا ڕوویدا، دەرئەنجامەکانی ئەو جەنگە هۆکارێکی سەرەکیش بوو بۆ ململانێ و پەرت بوون لەناو بزووتنەوەی کرێکاری جیهان.

حزبی سۆسیالستی و دیموکراسی ئەڵمانیا یەکگرتوویی خۆی لەدەستدا، باڵی چەپی شۆڕشگێڕی لێ جیابووەوە و ساڵی (١٩١٦) ڕێکخستنی سپارتاکوسی دامەزراند.

پاشان چەند کادیر و سەرکردەیەکی ئەو حزبە (کاوتسکی و بیرنشتاین) لە ساڵی (١٩١٧) جیابوونەوە حزبی سۆشیالستی دیموکراتی سەربەخۆیان پێکهێنا.

شۆڕش بەلشەفی (ئۆکتوبەر) لە ڕووسیا بووە هۆی پەرەسەندن و چالاکبوونی لەخۆوەی بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکان، دۆخەکە لەلایەن حزبی سۆشیالستی دیموکراتی ئەڵمانیا سوودی لێوەرگیرا، چەندین ئەنجوومەنی کرێکاری و سەربازی پێکهات.

له مانگی تشرینی دووەم/ ١٩٩٨ له شاری بەرلین حکومەتێکی کۆماری ڕاگەیەندرا، لە مێژووی ٢٩/ تشرینی دووەمی/ ١٩١٨ سپتارتاکۆسییەکان و بەشێک لە سۆشیالستە سەربەخۆکان حزبی کۆمۆنیستی ئەڵمانیایان ڕاگەیاند.[٢٠]

ئەو ململانێ و پچڕپچڕییە لەناو حزبە سۆشیالست و چەپەکانی ئەڵمانیا درێژەی کێشا، تا ئەو کاتەی حزبی (نازی[٢١] بە سەرکردایەتی هیتلەر گەیشتە دەسەڵات و کاری سیاسی و حزبایەتی بۆ هەموو ئاراستە سیاسییەکان قەدەغە کرد، تەنها حزبی دەسەڵات نەبێت.

### دروستبوونی حزبە سیاسییەکان لە فەرەنسا:

لە گرینگترین خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی سیستمی سیاسی فەرەنسا، ئەگەر[٢٢] بەراورد بکرێت بەو سیستمانەی خاوەن نەریتی دیموکراسی دێرینن، بریتییە لە نەبوونی ڕەگەزی بەردەوامی لە حوکمڕانیدا (لە سەدەکانی ١٨ و ١٩)، ڕەنگە هۆیە سەرەکییەکەشی بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی مێژووی سیاسی فەرەنسا مێژوویەکی شۆڕشگێڕانەی توندی پڕئاژاوە بووە لەو سەردەمانە.

لە ماوەی نیو سەدە لە مێژووی فەرەنسا سێ شۆڕشی گەورە هەڵگیرساوە، لە سالانی (١٧٨٩، ١٨٣٠، ١٨٤٨)، هەروەها لە سەرەتای سەدەی نۆزدەوە پێنج جار سیستمی کۆماری پێکهاتووە و گۆڕانی بەسەردا هاتووە، هەندێ جار تەمەنی ئەو سیستمە کۆمارییە تەنها سێ ساڵی تێپەڕ نەکردووە.

سالّی (١٧٨٩) کاتێ ئەنجوومەنی یاسادانان پێکهات، زۆرینەی ئەندامانی ئەو[٢٣] ئەنجوومەنە هیچ جۆرە پەیوەندییەکی حزبایەتیان نەبووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بیرۆکەی حزبایەتی و ئاراستەی سیاسی لە کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەن، هەر لە سەرەتاوە بەدەرکەوتووە، هەرچەندە سیستمی حزبایەتی لای شۆڕشی فەرەنسا پەسند نەبووە، بەڵام لە ڕاستیدا هەر بەهۆی سروشتی مرۆڤایەتی لە بیروبۆچوونی جیاواز، ئەوا ئەندامانی ئەو ئەنجوومەنە بەسەر چەند ئاراستەیەکی حزبی و سیاسی جیاواز دابەش ببوون.

لەو گرووپە سیاسییانەی لەناو کۆمەڵەی یاسادانان بەدەرکەوتن:

١/ گرووپی پاێزگاران (یان ڕاسترەو)، ئەوانی لای ڕاستی ئەنجوومەنەکە دادەنیشتن، ئەوانە بە ناوی – ئەلفویان – ناسران و لەناو هۆڵی ئەنجوومەن ـ لافایت – نوێنەرایەتی دەکردن، ئەو ئاراستەیە گەورەترین گرووپی سیاسی بوو، بەڵام دواتر ڕوویان لە لاوازی کرد.

٢/ گرووپی چەپ (ڕادیکاڵەکان) ئەوانەش هەر لایەنگری خودی شای فەرەنسابوون، بەڵام نەک بەتوندی، پاشان دابەش بوون بەسەر دوو بەش:

أ) جیروەندییەکان، لەبەر ئەوەی زۆربەیان خەڵکی هەرێمی جیروەندبوون.

ب) یەعقوبییەکان، دەسترۆییەکی گەورەیان هەبوو لە کاروباری وڵات، لە سەرکردەکانیان (مارا، روبسبیر، دانتون)

### ئاراستە سیاسییەکان و ململانێ:[24]

لە ماوەی شۆڕش و جەنگەکان و سەردەمی دەسەڵاتی ناپلیۆن کێشەیەکی زۆر کەوتە ڕوو، بەرنامە و پرۆژەیەکی زۆری چارەسەرکردنیانیش هەبوو، لێرەدا دەکرێ ئاماژە بۆ ئەو کێشانە بکەین کە بەرەو ڕووی فەرەنسا ببوونەوە بەهۆی ئەو بارودۆخەی کە نزیکەی (٢٠٠) ساڵی بەسەردا تێپەڕی، لەو کێشانە:

بابەتی سیستمی سیاسی (جۆری حوکڕانی)، ڕێکخستنی حکومەت و ئامانجەکانی، بابەتی کێشە کۆمەڵایەتییەکان، پێگەی کڵێسە لەناو کۆمەڵگە، ڕۆڵی دەوڵەت بەرامبەر کۆمەڵگەی مەدەنی و پەروەردە و ئابووری، سەرەڕای پەیوەندییەکانی نێوان چینە کۆمەڵایەتییەکان، دواتریش بابەتە دەرەکییەکان، واتە ڕۆڵی فەرەنسا لە نێودەوڵەتانی دیکە.

لە ئاست ئەو کێشانە ئاراستەی سیاسی جیاواز دەرکەوتن، پاشان ئەو ئاراستانە خۆیان ڕێکخست لەسەر شێوەی چەند گرووپێکی سیاسی بۆ دەربڕینی بیروڕا و خستنەڕووی چارەسەریەکان.

### یەکەم: ململانێیەکانی نێوان ڕاست و چەپ:[25]

لەناوەڕاستی ساڵی (١٧٨٩) جیاوازی لەنێوان هەردوو ڕەوتی ڕاست و چەپ دەرکەوت دەربارەی دەسەڵاتی سیاسی (شای فەرەنسا) لەناو دەستووری ئایندەی فەرەنسا.

لێرەدا کێشەی بنچینەیی بریتی بوو لەو دابەشبوونەی کە لەناو ئەنجوومەنی نیشتمانی دەرکەوت، لەنێوان هەردوو بەرەی (ئەلمونتان) و بەرەی (ئەلبلین)، کە زۆریش درێژەی نەکێشا، لە کاتێکدا جیاوازی لەنێوان ڕاست و چەپ بووە دیاردەیەکی جیهانی، بە پلەیەک کە دیدی خۆی بۆ ژیانی سیاسی جیهانی لە ئاست ئەو چەمکانە یەکلا کردەوە، بەڵام جیاوازییەکان نیشانەیەکی بەردەوام، یان گیانێکی جێگیریان نەبووە، بەڵکو ئەوەی هەبووە حاڵەتێک لە تێکەڵاوی و جووتبوونی هزری و ڕەفتاری و سوودمەند بوون بووە، ئەویش بەرامبەر ئەو بابەت و کێشانەی کە لە ژیانی کۆمەڵایەتی دەخرێتە ڕوو.

لێرەدا وا دەردەکەوێت کە سێ ئاراستەی سیاسی هەبوو بێت لە هەر بەرەیەک، لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی فەرەنسا و بەم شێوەی خوارەوە:

١/ دەربارەی بەرەی ڕاسترەو: سێ ئاراستەی هەبووە:

- ئاراستەیەک دژی شۆڕش و پەرەسەندن و گۆڕانە، ئەو ئاراستەیە ئەوپەڕی ڕاسترەوی کۆنەپەرست بوو، لەگەڵ ڕووداوەکانی ڕۆژگاردا هەڵپەی سەند و کەوتە بەکارهێنانی توندوتیژی راستەوخۆ دژی ڕژێم بۆ ڕووخاندنی، واتە چەند کاروکردەوەیەکی شۆڕشگێڕانەی ئەنجامدا بۆ گەیشتن بە چەند ئامانجێک کە مۆرکێکی دژەشۆڕشگێڕی هەڵگرتبوو.
- ئاراستەیەکی واقیعبینانە، لەگەڵ گۆڕان و پەرەسەندنەکان هەنگاو دەنێت کار بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی دەکات، ئەو ئاراستەیە دواتر ناوی لێنرا ڕاسترەوی نەریتگەری پارێزگاری

لیبڕاڵ لە یەک کاتدا، هەروەها لایەنگری چاکسازیش ئەگەر پێویست بکات.

- ئاراستەی سێیەم، تایبەت بە فەرەنسا و ناوی لێنراوە ئاراستەی دەسەڵاتی – قەیسەری دیموکراسی –، کە بۆ سەردەمی ناپلیۆن دەگەڕێتەوە و پیشتیشی بە ئیرادەی بەکارهێنانی هەموو شێوازەکانی پێشووتر دەبەستێت بۆ نەرمکردنەوە و تواندنەوەی دەسەڵاتی نویێ.

لەم بارودۆخەدا دەسەڵات پشت بە تیۆری (مافی خواوەندی) دەبەستێت، کە لایەنگری جەماوەریشی تیادا ڕەچاو بکرێت، ئەم جۆرە حوکمڕانییە، چاکسازی و پارێزگاری لە یەک کاتدا، بە ناوی نیشتمان و گەل کار دەکات و دژ بە چینە کۆمەڵایەتییەکان و دەستەبژێرییەکەیەتی.

٢/ دەربارەی بەرەی چەپڕەوە:

بەهۆی سەرکەوتنی شۆڕش لە فەرەنسا ئەوا بەرەی چەپ بوارێکی فراوان و بێ کۆسپی لەبەردەمدا کرایەوە، هەر لەو بوارەشدا ئازادییە لە دەسەڵات و ڕۆڵی لە دامەزراوەکان، هەروەها لەو ماوە کاتییەی هەڵوەشاندنەوەی بونیادە کۆمەڵایەتییەکان، بەرەی چەپ بەوریایی دەستپێشخەرییەکانی دەخستە ڕوو.

چەپی لیبڕاڵە ئامانجی زاڵبوون بوو بەسەر کاروباری دەسەڵات، ئەویش بەهۆی هەڵبژاردنە نیشتمانییەکان و دیاریکردنی ئازادییە گشتییەکان.

شانبەشان چەپی لیبڕاڵ بەخێرایی چەپی شۆڕشگێڕ دەرکەوت، کە ئامانجی گۆڕینی کۆمەڵگە بوو بەهۆی چەند بڕیارێک لەلایەن دەسەڵاتێکی دیموکراسییەوە، ئەو ڕەوتە بەرەو ڕووی ڕەوتی ئایینی و دابونەریتە کۆنەکان وەستایەوە، باوەڕی بە ڕزگاری هەبوو زیاتر لە ئازادی، لەبەر ئەوەی لە قورسایی دۆخی هەژاری ئاگاداربوو، لە بانگەشەکانی داوای ڕزگاربوونی کرێکارانی دەکرد.

ئەم جۆرە چەپە جیاوازبوو لە چەپی ڕادیکاڵی دژ بە دیموکراسییەت، لەبەر ئەوەی نوێنەرایەتی سیاسی لا قبووڵ نەبوو وەک دەستەبەرییەک بۆ دەسەڵات، ئەو ئیرادەی میللی بەوە دەزانی کە هەڵە ناکات.

ئەم جۆرە چەپە (لە فەرەنسا) ڕۆڵی کەمایەتییەکی کاریگەری لا چاکتر بووە، کە ئاڵای پێشکەوتن و بەرژەوەندی و بەهاکانی چینی کۆمەڵایەتی بەرز دەکاتەوە، ئەو چینەی پێشەنگایەتی مێژوو دەکات.

**دووەم: سێ ماوە مێژووییەکە:**[٢٦]

مێژووی حزبە سیاسییەکان لە فەرەنسا بە سێ قۆناغی گەورە تێپەڕ بووە، ئەوانیش:

١/ لەنێوان (١٨١٥ ـ ١٨٧٥) ئاراستە سیاسییەکان بەرەو ڕووی کێشەی ڕیشەیی بوونەتەوە، تایبەت بە سیستمی سیاسی، بەڵام کێشەکانی دیکەی کۆمەڵایەتی، ئابووری، جیهانی، ئەوانیش پشتگوێ نەخرابوون، ئەگەرچی کیشەی

سەرەکی کە حزبەکانی پێوەی خەریک بوون، ئەوە کێشەی شەرعیەت بوو، کە بە ڕۆڵی خۆی دەسەڵاتی پێکهێنا و کاری بۆ ڕێکخستنی دەکرد.

هەروەها چارەسەرییە پەرلەمانییەکە دەربارەی کۆتاییهێنان بە ڕاپەڕینی کۆمەڵایەتی و لەناوبردنی دەسەڵاتی جەماوەری لە شاری پاریس، وەک هۆکارێکی مێژوویی لە ئاستیان جیاوازی نەبووە.

لە ڕاستیدا لەو ماوەیەدا حزبی سیاسی ڕاستەقینە بوونی نەبووە، ئەوەی هەبووە چەند گرووپ و ئاراستەیەکی سیاسی جیاواز بوون، لەوانە:

ئاراستەی ڕاسترەوی پاشایەتی توندڕەو.

ئاراستەی لیبڕاڵی کۆنەپارێز

لیبڕاڵە جیر وەندنییەکان.

چەپی دیموکرات ڕێباز

هەروەها (چەپی توندڕەو)، کە ناویان لێنرابوو (شێتۆکەکان)، هەروەها لایەنگرانی بابۆف.

٢/ نێوان سالانی (١٨٧٥ ـ ١٩٤٥)

لەم قۆناغەدا کێشەی ڕیشەیی گۆڕینی مرۆڤ بوو بەهۆی چاکسازییە کۆمەڵایەتییەکانی وەک: ئازادییە گشتیەکان، بە عیلمانیکردنی دەوڵەت، پەروەردە، ڕێکخستنی ئابووری، پێگەی چینی کرێکار، هەروەها شێوەی دەوڵەت و حوکمڕانی فەرەنسا لە جیهاندا، ئەویش بە ڕێگای داگیرکاری و بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری.

له حزبه سیاسییەکانی ئەم قۆناغە:

چەپی سۆشیالست، کە بەسەر دوو ئاراستە دابەش ببوون، ئەوانیش میانڕەو، لەگەڵ ڕادیکاڵەکان.

حزبی کرێکاران، ساڵی ١٨٨٣ دامەزرا

حزبی شۆڕشگێڕی فەرەنسا ساڵی ١٨٩٨ دامەزرا

حزبی سۆشیالستی کرێکاری ساڵی ١٨٩٠ دامەزرا

دروستبوونی نێو نەتەوەیی سۆسیالستی ساڵی ١٩٠٤

حزبی سۆشیالستی یەکگرتوو ساڵی ١٩٠٥

حزبی کۆمۆنیستی فەرەنسا ساڵی ١٩٢٠

٣/ ساڵی ١٩٤٥ بەدواوە

لەم ماوەیە (بەکۆتاییهاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی) قۆناغێکی نوێ لە مێژووی حزبە سیاسییەکانی فەرەنسا دەست پێ دەکات.

ئاسانیش نییە بەکورتی بخرێتە ڕوو، بەهۆی زۆری و تێکەڵی دیاردەکانی دروستبوون و تێکەڵبوون و جیابوونەوە و هەڵوەشاندنەوەی ئەو حزبە و ڕێکخراوانە:

ئەو حزبانە لەم قۆناغەدا پێش هەموو شتێک بەرەو ڕووی کێشەی سیستم هاتوون لە وڵاتدا، بەڵام بە شێوازێکی سنووردار و هۆشیارانە، پاشان گرنگیان بە کێشەی ڕووخاندنی ئیمپراتۆرییەتی فەرەنسا داوە، حزبە سیاسییەکانی فەرەنسا لەم قۆناغەدا بەوە دەناسرێن کە حزبی مێژوویین، خەباتیان مێژووی دوورودرێژی هەیە، هەڵگری تێڕوانین و

دیدی سیاسی جیاوازیشن، لە ماوەی مێژووییان چەندین هاوپەیمانیەتی و دووبەرەکی و لە یەکجیابوونەوە ڕوویداوە.
سەرەڕای ئەو بارودۆخانەش، توێژەران ئەو حزبە سیاسییانەیان بەسەر دوو ئاراستەدا پۆلێن کردووە، ئەوانیش بەرەی ڕاسترەو بەرەی چەپ ڕەو.

**گرینگترین حزبەکان:**

١) حزبی سۆسیالستی فەرەنسا، (ps): حزبێکی دیموکراسی سۆسیالستیە، بۆ ماوەیەکی زۆر گەورەترین حزبی چەپی میانڕەو بووە لە فەرەنسا، ساڵی ١٩٦٩ لەسەر دەستی فرانسوا میتران دامەزراوە، هەڵگری ئایدیۆلۆژیای دیموکراسی سوسیالستییە.

٢) حزبی کۆمۆنیستی فەرەنسا (pcf): ساڵی ١٩٢٠ پێکهاتووە، هەڵگری بیروباوەڕی (مارکسی لینینی)یە، دامەزرێنەرەکانی (لودوفیک ئۆسکار، فرناندو ریو، مارسیل لسین).

٣) گردبوونەوەی گەلی فەرەنسا، ساڵی ١٩٤٦ لەسەر دەستی شارل دیگول دامەزرا، هەوڵیداوە چاکسازی لە دامەزراوەکانی دەوڵەت بکات و شکۆی نەتەوەیی گەلی فەرەنسا بگەڕێنێتەوە، ئەم حزبە ساڵی ١٩٦٨ ناوی گۆڕا بۆ: یەکێتیی دیموکراتخوازان لەپێناو کۆمار.

٤) حزبی ناوەندی نیشتمانی بۆ سەربەخۆکان، حزبێکی لیبڕاڵ بوو، سەرکردەکانی زیاتر لە کەسانی ئەریستوکرات و

بۆرژوازی مامناوەندی پێکهاتبوو، ساڵی ١٩٤٨ لەسەر دەستی سیناتۆر (رۆژیە دۆشیە) دامەزرا.

٥) بزووتنەوەی کۆماری میللی، ساڵی ١٩٤٤ دامەزراوە لەسەر شێوەی بزووتنەوەی دیموکراتە مەسیحییەکان، بیروباوەڕی چەپی لیبڕاڵی هەڵگرتووە، دامەزرێنەرەکەی (جورج بومبیدو) بوو، ساڵی ١٩٦٧ هەڵوەشاوەتەوە.

## دروستبوونی حزبە سیاسییەکان لە ئیتالیا:

### ئیتالیا لە سەدەی نۆزدەدا (شیکردنەوەیەکی گشتی):[٢٦]

لە ئەنجامی گۆڕان و پەرەسەندنەکانی ماوەی زیاتر لە (٧٥) ساڵ، ئیتالیا وەک نیشتمان یەکگرتنی بەدەسهێنا لە (١٨٦١)، لەو هۆکارانەی یارمەتیدەر بوون بۆ ئەو یەکگرتنە شۆڕش فەرەنسا و ڕۆڵی ناپلیۆن بوو، کە گڕی هەستی نەتەوایەتی بەرپا کرد و ڕێبازی لیبڕاڵیان لە وڵاتدا پەرە پێدا، هەر لە هۆکارەکانی ئەو یەکگرتنە بزووتنەوەی ڕابوون بوو کە لە وڵاتانی ئەوروپا بڵاوبووەوە.

بزووتنەوەکە لە ئیتالیا چەند ئاراستەیەکی سیاسی دەگرتە خۆی، لەوانە ڕابەرانی بزووتنەوی –ئیتالیای لاو –کە لەلایەن مازینی دامەزراوە، هەروەها چالاکوانانی ڕەوتی – میانڕەو– و لایەنگرانی سیستمی پاشایەتی دەستووری[٢٧] کە کافور ڕابەرایەتی دەکرد.[٢٨]

بزووتنەوەی ڕابوون تەنها بزووتنەوەیەکی ئەدەبی نەبوو، بەڵکو ناوەرۆکێکی سیاسیشی هەبووە، هەموو ئەو شێواز و

ئامرازانـەی تیایـدا بەکارهاتـوون کـە لـە سیاسـەتدا بەکاردێت.

ئیتالیا بەشێکی هـەر لەژێر سـەرپەرشتی فەرەنسـا یەکگرتنی بەدەسـتهێنا، بـەڵام ئـەو بەشـە ڕووخـا و بـەش بـەش بـووەوە، دوای کۆنگـرەی ڤییەننـا، (١٨١٤ ـ ١٨١٥).[٢٩]

پاشـان بزووتنـەوە شۆڕشـگێڕییەکانی ئیتالیا لەنێوان (١٨٢٨ ـ ١٨٤٨) بابەتی دامەزراندنی کۆمارێکی دیموکراسیان خستەڕوو، کـە کۆمارێکـی عیلمانـی بێـت بەپێـی بۆچوونەکانـی مازینـی و گاریبالـدی، بـەڵام ئـەوان لـە ڕووی سـەربازییەوە شکسـتیان[٣٠] هێنـا، بۆیـە دەرگا لەبەردەم هەوڵەکانی (پاپا) کرایەوە کە داوای دەوڵەتێکـی کۆنفیدراڵـی دەکـرد و خـودی (پاپـا)ش سـەرۆکی بێت، ئـەو هەوڵـەش سـەری نەگرت و هـەر زوو ڕووخـا، بەهۆی هەڵوێسـتە سیاسـی و کۆنەپارێزییەکـەی کڵێسـای ڤاتیکان.

یەکێتیی ئیتالیا بەهۆی هەوڵی بۆرژوازیەتی سـەرمایەداری و لیبڕاڵی میانڕەو، بە سـەرکردایەتی (کافور) هاتـەدی،[٣١] ئـەوەش بەسـوودوەرگرتن لـەو ناکۆکیانـەی کە لەنێوان هێزە گەورەکانی سـەرگۆڕەپانی سیاسی لە ئەوروپا هەبوون.

لـە (٢٧/نیسـان/١٨٦١) ئـەو پەرلەمانـەی لـە شـاری (تۆرینـۆ) کۆبـووە، بڕیاریـدا بـە هەڵبژاردنـی – فیکتـور عەمانوئێـل – ی دووەم بە شـای ئیتالیـا، پاشـان هێزەکانیان چوونەنـاو شـاری – ڕۆمـا – لە ئەیلوولی (١٨٧٠)، بـەو هەنگاوەش یەکێتیی ئیتالیا[٣٢] جێبەجێکـرا، ئاراسـتەی لیبڕاڵـی سیاسـی و ئابـووری ئیتالیـاش بەسـەر ئاراسـتەی کۆنەپارێـز و هێزەکانـی کڵێسـەی کاسـۆلێکی سـەرکەوتن.

### ١/ ململانێییەکانی سەر دەسەڵات تا ساڵی (١٩١٤)

لـە ئیتالیـا سیسـتمی پاشـایەتی دەسـتووری دامـەزرا، شـا خـاوەن دەسـەڵاتی جێبەجێکردنـی باڵایـە، حکومەتیـش تەنهـا[٣٣] لەبـەردەم ئـەو بەرپرسـیارە، بـەڵام پەرلەمـان ئـەوا لەلایـەن کۆمەڵێکی سنووردارەوە هەڵدەبژێردرا کە دەسـەڵاتی یاسادانان بـوو، زۆرینـەی ناوپەرلەمـان لەنێـوان سـاڵانی (١٨٦١ ـ ١٩١٣) گۆڕانی بەسـەردا نەهات، ئـەو زۆرینەیە بـەرەی لیبڕاڵ دەسـتیان بەسـەردا گرتبوو، ئەوانی یەکێتیی ئیتالیایان بونیادنابوو، بەڵام بەبێ دروسـتبوونی حزبی سیاسـی بە کردار. ئـەو دیاردەیـەش چەنـد هۆیەکـی هەبـووە.

- هـۆی یەکـەم و بەڵگەنەویسـت، سیسـتمی هەڵبژاردنەکەیە، ئەگـەر بنکـەی هەڵبـژاردن فـراوان بێـت ئـەوا بوونـی حـزب پێویسـت دەبێـت، بـەڵام ئیتالیـا تـا سـاڵی (١٨٦١) هـەر بەپێـی یاسـای (بیدمونت)ی سـاڵی (١٨٤٨) کاری کردووە، ئەو یاسـایەش تەنهـا ڕێـگای بـە (٢٪)ی دانیشـتوانی دابـوو (ئەریسـتوکرات و بـۆرژوازی گـەورە).

پاشـان چاکسـازی لـە سیسـتمی هەڵبـژاردن کـرا لـە سـاڵی (١٨٨٢) و بـووە هـۆی زۆربوونـی ژمـارەی دەنگـدەران، دیـارە ئەوەش لـە بەرژەوەندی بۆرژوازییەتی مامناوەندبوو، لـە سـاڵی (١٩١٢) دەرگای دەنگـدان بـۆ هەمـوو پیـاوان کرایـەوە، بـەڵام مافـی دەنگدانـی بـۆ ژنـان تـا شـووباتی (١٩٤٥) دواکـەوت.

- هۆی دووەم، پەیوەندی بە هەڵویستی کڵێسەی کاسۆلیکی ڕۆما هەیە بەرامبەر دەوڵەتی یەکگرتووی ئیتالیا، کڵێسەدانی نەدەنا بەو دۆخە سیاسییە نوێیە، بەڵکو داوای دوورکەتنەوەی دەکرد لە ژیانی سیاسیدا.

ساڵی (١٨٧١) دادگای سەر بە کڵێسەی ڕۆما، بەشدار بوون لە دەنگدان و پەیوەندیشی بە حزبەکانەوە قەدەغە کرد، ئەویش دوای ئەوەهات، کە هێزەکانی (شا) فیکتور عەمانوئیل هاتنە ناو شاری ڕۆما.

ئەو دۆخە درێژەی کێشا تا سەرەتای سەدەی بیستەم، بەپێی ئەو بڕیارەی کڵێسە هەر کەسێک سەرپێچی بکات بەرەو ڕووی سزای کڵێسە دەبێتەوە و کارەکەی بە تاوانی گەورە دادەنرێت.

- هۆی سێیەم، هەڵگری خەسڵەتێکی پەرلەمانە، پەیوەندی بە ڕەفتاری کافور هەبووە، چونکە ئەو حاڵەتەکەی دروست کرد، بەپێی ئەو خەسڵەتە ئەوا سەرۆکی حکومەت لەناو پەرلەمان بنکەیەکی فراوانی دەبێت بۆ پشتگیریکردنی، ئەمە سەرەڕای جیاوازیان لە پەیوەندییە سیاسی و حزبیەکاندا.

کافور ئەو هاوپەیمانیەتیەی نێوان ڕاستی میانڕەو و چەپی میانڕەو ناوی لێنا (connbio)، لایەنی ئۆپۆزیسیۆنیش بریتی بوون لە کاسۆلیک و ڕادیکاڵە توندڕەوەکان، دوای ساڵی (١٨٧١) ئەو ڕەفتارەی ناوی لێنرا ڕەفتاری گۆڕین، کە لەلایەن (دیبریتس)ەوە دانرابوو، (جیولیتی) بەوردی پیادەی کرد لە سەرەتای سەدەی بیستەم.

## ٢/ دۆخی حزبەکان، دابەشبوونی حزبی سوشیالست:[٣٤]

لەو شرۆڤەکردنەی پێشەوە دەردەکەوێت کە حزبەکان تەنها چەند پێکهاتەیەکی ناو پەرلەمان بوون، جگە لە سوشیالستەکان کە چەمکی حزبی جەماوەریان گەیاندە ناو ئیتالیا.

لیبڕاڵەکان کە یەکێتیی ئیتالیایان بەدیهێنا و دەستیان بەسەر ژیانی سیاسی ئەو وڵاتە گرت لە سەردەمی (کافور و جیولیتی) تا سەرەتاکانی جەنگی یەکەمی جیهانی – لیبڕاڵەکان دەبنە دوو بەشەوە (ڕەوت):

ڕەوتی یەکەم، پارێزگاران، یان ڕاسترەوی ناوەڕاست، ڕەوتی دووەمیش پێشکەوتنخوازەکان، یاخود چەپی ناوەڕاست، کە دوای (١٨٧٦) بەسەر ڕەوتی یەکەمدا سەرکەوتن.

ئەگەرچی ئەو جیاوازیانەی لەنێوانیاندا هەبوو تەنها چاکسازییەکانی دەگرتە خۆی، کە تایبەت بوون بە ژیانی کۆمەڵایەتی لای چەپی لیبڕاڵەکان، ئاراستەی کۆماریش لەو سەروبەندەدا پارێزگاری لە نەریت و بیروبۆچوونەکانی مازینی دەکرد دژ بەسیستمی پاشایەتی.

ڕادیکالەکانیش ساڵی (١٨٧٨) ڕۆڵی دیاریکراویان هەبوو، هاوپەیمانیش بوون لەگەڵ ئەو ئاراستە لیبراڵەی دژایەتی سیاسەتی میانڕەوییان دەکرد، واتە چەپی ناوەڕاستی لیبڕاڵ و ئەوانی دژایەتی کڵێسەیان دەکرد.

ئەو حزبانە بە شێوەیەکی گشتی بریتی بوو لە چەند

گرووپێکی ناو پەرلەمان بەبێ ڕێکخستنێکی دروست لە ناوچەکانی دیکەی ئیتالیا.

سۆشیالیزم لە ئیتالیا سەرەتا وەک ڕێکخستنێکی تایبەت بە ڕۆشنبیران دروست بوو، پێش ئەوەی بزووتنەوەیەکی کرێکاری بێت، (باکونین) کە لە ئیتالیا جێگیر بوو[٣٥]، لەنێوان (١٨٦٤ – ١٨٧٦) کاریگەرییەکی گرینگی هەبووە لە جێگربوونی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی یەکەم لەو وڵاتە و زاڵبوونی بیروباوەڕەکانیشی بەسەریدا، بەڵام ئەو ڕێکخراوە نێونەتەوەییە بە تێکشکاندنی ڕاپەڕینە کرێکاریەکان کۆتایی هات.

سەرەڕای ئەو دۆخەش چەند گرووپێکی سۆشیالستی توانیان درێژە بە کارەکانیان بدەن، هەروەها چەند پەرلەمانتارێک توانیان بیروباوەڕە سۆشیالستییەکانیان دەربڕن، دواتر لە هەردوو ناوچەی (بیرامون، لومبارديا)، ساڵی (١٨٨٢) حزبی کرێکاری ئیتالی دروست بوو، هەرچەندە چالاکییەکانی لەو دوو ناوچەیە سنووردار بوو.

ساڵی (١٨٩٢) حزبی کرێکارانی ئیتالیا دەرکەوت، ئەو حزبە لە شاری – جەنەوا – دامەزرا، پاشتر گۆڕا و بوو بە حزبی سۆشیالستی ئیتالیا، تێکەڵی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی دووەم بوو، لەناو حزب بیروباوەڕە مارکسییەکان وردەوردە شوێنی[٣٦] بیروباوەڕە فەوزەوییەکانی (ئەنارشیزم) باکونین و دابونەریتەکانی چەپی گرتەوە، دیارە ئەوەش لەژێر کارتێکردنی هزری (ئەنتونیو لابریولا) کە مامۆستای زانکۆی ڕۆما بووە[٣٧]

هەڵگرانی بیروباوەڕی (ئەنارشیزم) لەو حزبە وەرنەدەگیران،

بەڵام ئەو کارە ڕێگر نەبوو لەبەردەم دابەشبوونی حزب بەخێرایی و بەهۆی دیالۆگە تیۆرییەکان و ئاراستە سیاسییە توندەکان، ئەو دیالۆگە لەنێوان دوو ڕەوتی ناکۆک ڕووی دەدا، یەکەمیان شۆڕشگێڕی توندڕەو، دووەمیشیان ئاراستەیەکی چاکسازی، کە داوای چاکسازی هەنگاوبەهەنگاوی دەکرد.

ساڵی (١٩٠٠) سەرۆکی حزب (توراتی) لە کۆنگرەی حزبەکەی ، توانی ئەندامانی کۆنگرە ڕازی بکات بە هەردوو بەرنامەکە (شۆڕشگێڕی و چاکسازی)، بەرنامەی دووەمیش بە باشتر بزانرێت لەپێناو گەیشتن بە بەرنامەی یەکەم.

ساڵی (١٩٠٨) لە کۆنگرەی فلورەنسا بیڕیاردرا بە دوورخستنەوەی هەموو چالاکوانە سەندیکاییە شۆڕشگێڕەکان، هەروەها کۆنگرەی – ریجیو ئەمیلیا – ساڵی (١٩١٢) بڕیاری دەرکردنی باڵی ڕاستڕەویدا، ئەوانی لایەنگرییان پیشاندا بە داگیرکردنی وڵاتی (لیبیا) لەسەر پێشنیازی – موسولینی – یەک لە سەرکردەکانی حزبی – سۆسیالست لە ڕەوتی چەپ[٣٨]

ساڵی (١٩٠٠) (جیولیتی) هەوڵیدا پەرلەمانتارە سۆشیالستەکان بەشداری بکەن لە پێکهێنانی حکومەت، داوای لە سەرۆکی حزب کرد (توراتی) وەزارەتێک لە حکومەت وەربگرێت، بەڵام ئەو بەو داوایە ڕازی نەبوو، هەرچەندە سۆشیالستەکان پاش ساڵی (١٩٠٦) پشتگیری حکومەتیان کرد ئەوەش بە پێچەوانەی بڕیاری سەرکردایەتی حزبەکە بوو، کە سیاسەتێکی بیلایەنی پێرەو کرد لەنێوان بەرەی شۆڕشگێڕان و ئەو بەرەیەی داوای هاوکاری حکومەتیان دەکرد.

سالّی (١٩١٤) حزبی سۆشیالستی ئیتالیا تەنها حزب بوو لە ئەوروپا کە پشتگیری دەنگدانی نەکرد و ڕازی نەبوو بەو بودجەیەی بۆ کاری جەنگ و هێزی چەکداری وڵات تەرخان کرابوو، هەروەها ڕازی نەبوو بە بیروبۆچوونەکانی ڕەوتی نەتەوەیی، ئەوان کەوتنە ژێر کاریگەری چەندین ڕۆشنبیر و چالاکوانی سەندیکایی، وەک (ئەرتورو لابریولا)، کە داوای سەرکەوتنی تیۆری دروستبوونی نەتەوەی پرۆلیتاریای دەکرد، بۆیە حزب بڕیاریدا بەدەرکردنی (موسولینی) لە ڕیزەکانی خۆی، چونکە وەک پەرلەمانتار پشتگیری سیاسەتی چەکداری حکومەتی کرد.

ئیتالیا تا دواهەڵبژاردنەکان، کە پێش جەنگی یەکەمی جیهانی لە (١٩١٣) ئەنجامدرا، لەژێر دەسەڵات و باڵادەستی ڕەوتی لیبراڵ ماوەتەوە، لەو هەڵبژاردنە ڕێژەی (٥٥,٦٪) دەنگەکانی هێناوە، ڕەوتی ڕادیکاڵ بە پلەی دووەم هات، پاش ئەوانیش کۆمارییەکان و لە کۆتایی لیستەکەدا بەرەی سۆسیالستەکان بوون.

### ٣/ قوناغی نێوان هەردوو جەنگ[٣٩]

سالّی (١٩١٥) ئیتالیا بڕیاریدا بە بەشداریکردن لە جەنگی یەکەمی جیهانی (١٩١٨ - ١٩٢٢)، لەو ماوەیەدا چەند گۆڕانێکی قووڵ لە ژیانی سیاسی ئیتالیا ڕوویدا، سیستمێکی نوێی حزبەکان دەرکەوت، هەرچەندە ئەو سیستمە نەیتوانی ئەرکی دەسەڵات بەڕێوەبردن ڕاپەڕێنێت.

هێزی سیاسی یەکەم لەو سەروبەندە کە دەرکەوت ڕەوتی کاسۆلیک بوو، هەر لە سالانی (١٩١٣)وە ئاشکرابوو کە سەرکردایەتی کڵێسەی کاسۆلیکی لە ڕۆما لە توانایدا نییە، پابەندبێت بە بڕیای – پاپا –وە، کە ڕێگای بەشداریکردنی لە هەڵبژاردن و کاری حزبایەتی قەدەغە کردووە، لەگەڵ گێڕانەوەی دەسەڵات بۆ ڤاتیکان.

پاپا (بنوای پازدە) ناچار بوو بەهۆی ناڕەزایی ژمارەیەکی گەورەی هاوولاتیان، ڕێگا بە کاری سیاسی بدات بە مەرجێک لە چوارچێوەی ڕێکخستنێکی تایبەت بێت بە خۆیان، بۆیە (لویج ستورزو) کە پیاوێکی ئاینی خەلکی سقلیە بوو، سالی (١٩١٩) حزبی گەلی ئیتالیای دامەزراند، ئەو حزبە تایبەت بوو بە کاسۆلیکەکان.

لویج ڕایگەیاند کە حزبەکەی حزبێکی سەربەخۆیە نوێنەرایەتی کڵێسە ناکات، بەڵام ئامادەیە ئامۆژگارییەکانی وەربگرێت.

حزبی گەلی ئیتالیا، حزبێکی جەماوەری ڕاستەقینەبوو لەسەر شێوەی حزبی سۆشیالستی ئیتالیا لە هەڵبژاردنەکانی سالی (١٩١٩) پلەی دووەمی بەدەستهێنا، ئەو حزبە دابەش بوو بەسەر چەند بەشێک، کە لە کۆنەپارێزەوە تا دەگاتە پێشکەوتنخوازی کۆ دەکردەوە، بەڵام بێتوانایی سیاسییان لە ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانی دەستووری وڵات، بوو بەهۆی ئەوەی سەرکردایەتیی کاسۆلیک لێیان دوور بکەوێتەوە و پشتگیری موسولینی بکات.

لەلای خۆیەوە حزبی سۆشیالستی ئیتالیا لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی ڕیزەکانی خۆی بەهێز کرد، لەو ماوەیەش بووە تەنها هێزی سەرەکی ڕێکوپێک لە ئیتالیا.

لە کۆنگرەی پۆلۆنیای ساڵی (١٩١٩) حزب بڕیاریدا بچێتە ناو ڕیزی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی سێیەم، کە لەلایەن (لینین) ەوە دامەزرابوو، لە کۆنگرەی (لیفورن)ی[٤٠] ساڵی (١٩٢١) بەهۆی مەرجەکانی لینین بۆ بەشداریکردن لەو ڕێکخراوە، حزبی سۆشیالست بەسەر سێ ڕەوت دابەش بوو، ئەو گرووپە کۆمۆنیستیەی لە حزب جیابووەوە، حزبێکی کۆمۆنیستی ئیتالیای دامەزراند.

## ٤/ سەرهەڵدانی فاشیزم و سیستمی تاکحزبی[٤١]

لەنێوان ساڵانی (١٩١٨ - ١٩٢٢) بیروباوەڕی فاشیزم لە ئیتالیا ڕووی لە پەرەسەندن دەکرد، لە (١٩١٩) ئەو ڕەوتە لە شاری (میلانۆ) کۆنگرەیەکیان ساز کرد و بزووتنەوەیەکیان پێکهێنا، بیروباوەڕەکانی بزووتنەوەکە تێکەڵەیەک بوو لەنێوان هزری ئەنارشیزمی و کۆنەپارێزی.

فاشیزمەکان لە (١٩٢١) دووبارە خۆیان ڕێکخستەوە و لەژێر ناوی حزبی - نەتەوەیی فاشی - و لە هەڵبژاردنی (١٩٢١) بە سەرۆکایەتی (جیولینی) سەرکەوتنی بەدەسهێنا، پاشان لە ئابی (١٩٢٢)دا و لە ئەنجامی داگیرکردنی ڕۆمای پایتەخت لەلایەن سوپاوە، موسولینی گەیشتە دەسەڵات و بووە سەرۆک وەزیرانی ئەو وڵاتە.

## دروستبوونی حزبە سیاسییەکان لە دانیمارک:

### ١/ شیکردنەوەیەکی گشتی:[٤٢]

شانشینی نوێی دانیمارک ساڵی (١٨١٤) دامەزراوە، دوای ڕووخاندنی ئیمپراتۆرییەتەکەی ناپلیۆن، ئەو شانشینە بە درێژایی سەدەکانی ناوەڕاست و تا سەرەتای مێژووی تازە، بەهۆی ئەنجوومەنێک لە پیاوانی ئەریستوکرات کاروباری هەڵدەسووڕا، دواتر لەگەڵ ڕۆژگاردا لەسەر شێوەی سیستمی فەرەنسا بووە وڵاتێکی شانشینی میراتی دەسەڵات ڕەهای پشتبەستوو بە چینی بۆرژوازییەت و کڵێسە.

گواستنەوەی ئەو سیستمە بۆ سیستمێکی شانشینی دیموکراسی پەرلەمانی فرەحزبی زۆری خایاند، ئەو قۆناغە زیاتر لە دوو سەدە درێژەی کێشا، بەڵام دوور لە پشێوی و شۆڕش و توندوتیژی، وەک چۆن لە چەند وڵاتێکی ئەوروپا ڕوویاندا.

(شا) فریدریکی دووەم، هەوڵیدا گۆڕان لە دانیمارک بکات بەهۆی دەسەڵاتەکانی و بە شێوەیەکی پێشکەوتووانە ساڵی (١٨٣٠) چەند ئەنجوومەنێکی ڕاوێژکاری دامەزراند لە چوار ناوچەی وڵات، بڕیاری خوێندنی بەزۆری دەرکرد لە تەمەنی شەش ساڵییەوە تا تەمەنی چواردە ساڵ، بەڵام بزووتنەوەی لیبراڵ کە سەری هەڵدا داوای زۆرتری دەکرد.

ساڵی (١٨٤٩) یەکەم دەستوور بۆ دانیمارک بڕیاری لەسەر

درا، دەستوور سیستمی دانیمارکی بە وڵاتێکی شانشینی دەستووری دەستنیشان کرد، نەک وڵاتێکی شانشینی پەرلەمانی.

لە تەمووزی (١٨٦٦) بەپێی دەستووری نوێ دوو ئەنجوومەن دروستبوون: ئەنجوومەنێکی میللی (foketing) کە بە دەنگدانی پیاوان هەڵدەبژێردرێت، هەروەها ئەنجوومەنێکی ئەریستوکرات (Lansting) کە خودی (شا) نیوەی ئەندامانی دیاری دەکات و نیوەکەی دیکەش خانەدان و دەوڵەمەندەکان دیاری دەکەن، ئەوانە خاوەن دەسەڵاتێکی یاسایی فراوان بوون.

بەڵام جەنگ و ڕووداوەکانی ئەوروپا لەو سەردەمە بوونە ڕێگر لەبەردەم پەرەسەندنی دیموکراسییەت لەو وڵاتە، ڕەوتی ڕاستڕەوی کۆنەپارێزیش بۆ ماوەی (٣٣) ساڵ تا (١٩٠١) دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت.

ساڵی (١٩٠١) سیستمی پەرلەمانی لەو وڵاتە سەری هەڵدا لەگەڵ گەیشتنی ڕەوتی چەپی چاکسازیخواز بە دەسەڵات، ڕێگاش درا بە دەنگدانی ژنان بۆ هەڵبژاردنەکان.

### ٢/ قۆناغەکانی پەرەسەندنی ژیانی دیموکراسی و حزبایەتی:

**أ) سیستمی هەڵبژاردن و دامەزراوە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان**

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا دانیمارک نموویەکە بۆ دیموکراسیەتی لیبراڵی و پەرلەمانی، سیستمی هەڵبژاردنەکەشی ڕەگەزێکی یەکلاکەرەوەیە بۆ ئەو نموونەیە و بۆ سیستمە حزبییەکەی، لەو وڵاتەدا هەر لە ساڵی (١٩٥٣)وە ئەندامانی ئەنجوومەنی

نوێنەرانی یەکگرتوو هەڵدەبژێرێت.

پەرلەمان لەو وڵاتە بەتەنها چاودێر دادەنرێت بۆ دەسەڵات، هەر لە سەرەتا سەدەی بیستەمەوە، ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران بە شێوەی دەنگدانی ڕێژەیی هەڵدەبژێردرێن، ئەویش بەپێی ئەو سیستەمەی ناوی لێنراوە سیستمی (Lague ـ Sainbe).

دیاردە ئایدیۆلۆژی و کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵی گرینگ و کاریگەر دەگێرن لە دیاریکردنی فرەیی حزبی لە وڵاتی دانیماک، ئەو وڵاتە لە دیدە مەعنەوی و ئایدیۆلۆژییەکەیەوە بە نموونەیەکی تایبەت دادەنرێت، دانیمارک لە ساڵی (١٥٣٠)وە کاریگەریی ڕێبازی (مارتن لوسەری) لەسەر بووە، هەروەها کارتێکردو بووە بە هزری لیبراڵی ئەقلانی و ڕێبازی تاکگرایی، سەرەڕای کاریگەریی فەیلەسووفەکانی سەردەمی ڕابوون پاش (١٧٧٠).

بۆیە ئەمڕۆ دانیمارک تێکەڵەیەکە لە کۆمەڵگەیەکی مۆڕاڵی لوسەری توندڕەو، هەروەها کۆمەڵگەیەکی لێبووردە تا ئەوپەڕی سنوور.

ساڵی (١٩٧٠) حزبێکی مەسیحی میللی دەرکەوت، هەڵگری ئەو تیۆرییە لوسەرییە، بەرنامەکەشی بانگەشە بۆ دژایەتیکردنی بەرەڵلایی و داوێنپیسی دەکات، لەگەڵ گێڕانەوەی بەها نەریتییەکانی خێزان.

لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە، وڵاتی دانیمارک بێ ناکۆکی و ململانێ نییە، ئەو وڵاتە پشت بە سەرچاوە کشتوکاڵی و دەریاییەکان دەبەستێت لە یەک کاتدا، پیشەسازیش

لە دانیمارک سوودی لەو دوو سەرچاوەیە وەرگرتووە، بۆیە بۆرژوازییەتی بازرگانی و دەریایی زۆر کۆنە و ڕەگوڕیشەیان لە شارەکاندا قووڵە، بەڵام ئەو جوتیارانەی کە لە سەدەی هەژدەهەمدا لە بارێکی کۆیلەیەتی دەژیان و بۆ بەرژەوەندی خانەدان و دەرەبەگەکان کاریان دەکرد، ئەوانە لە کۆتایی ئەو سەدەیە گۆڕان و بوونە چینی ناوەڕاستی جوتیار و موڵکداران، بەتایبەتی پاش پرۆسەی چاکسازی کشتوکاڵی ساڵی (١٨٦١).

پیشەسازی لەو وڵاتە لە چارەکی دوایی سەدەی نۆزدەدا دەرکەوت، کە بە شێوەیەکی تایبەت پشتی بە دەرامەتە کشتوکاڵییەکان و بەخێوکردنی مەڕوماڵات و بازرگانی دەبەست، ئەویش بەهۆی کەمی دەرامەتە سروشتییەکان و وزە، دیارە بەهۆی ئەو گۆڕانە ئابوورییە چینی کرێکار بەخێرایی و بەهێزەوە خۆی ڕێکخست، بۆیە دەبینین سەندیکاکان ساڵی (١٨٨٠) دەرکەوتن.

**ب) ڕەوتە سیاسییە گەورەکان:**(٤٣)

حزبە سیاسییەکان لە دانیمارک لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە دەستیان بە پێکهێنان کردووە، ژیانی سیاسیش لەو وڵاتە کاریگەری بەو ململانێیانەوە هەبووە کە لە ئەوروپا ڕوویانداوە لە ماوەی سەدەی نۆزدەهەمدا لەنێوان پارێزگاران و لیبڕاڵەکان، واتە لەنێوان چینی ئەریستوکرات و موڵکدارە گەورەکان لەلایەکەوە، لەگەڵ بۆرژوازییەتی بازرگانی و سەرمایەداری لەلایەکی دیکەوە، هەر بەهۆی ئەو ململانێیە لیبڕاڵەکان ساڵی (١٨٦٦) دەسەڵاتیان لەدەستدا، دوای (١٥)

ساڵ حوكمڕانی، دوای ئەوانیش پارێزگاران بۆ ماوەی (٣٠) ساڵ دەسەڵاتیان گرتە دەست.

لە كۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا، لیبرالەكان دابەش بوون، لە ئەنجامی ئەو دابەشبوونە، كشتیارە خاوەن موڵكەكان حزبێكی لیبراڵی كشتیاری میانڕەویان دامەزراند بە ناوی – حزبی چاكسازی چەپ –، كە هاوپەیمانییەكیان ساز كرد لەگەڵ حزبی میللی پارێزگار، لەنێوان (١٨٩٤ – ١٩٠١)، هەروەها بۆرژوازییەتی بازرگانی (بە شێوەیەكی تایبەت بۆرژازییەتی بچووك) كە ڕۆشنبیران و خاوەن پیشە ئازادەكان دەگرێتەوە، ئەوانی كاریگەر بوون بە پەرەسەندنی هزری ئازاد، ئەوانە ساڵی (١٩٠٣) حزبێكی ڕادیكاڵیان پێكهێنا بە ناوی حزبی چەپی ڕادیكاڵ، هەر لەسەر هەمان شێوەی وڵاتانی دیكەی ئەورووپا، لە دانیمارك حزبێكی سۆشیالستی دروست بوو بە ناوی حزبی سۆشیالستی گەل ساڵی (١٨٧٦)، پاشان یەكەم سەندیكا دامەزرا كە پەیوەندی تایبەتی لەگەڵ سۆشیالستی ساز كرد.

سۆشیالستە هاوپەیمانەكان لەگەڵ ڕادیكاڵەكان لە هەڵبژاردنی ساڵی (١٩١٣) زۆرینەی دەنگەكانیان بەدەستهێنا، هەر لەو سەردەمەوە سۆشیالستە دیموكراسەكان زاڵبوون بەسەر ژیانی سیاسی لەو وڵاتەدا، ساڵی (١٩٢٠)یش حزبی كۆمۆنیستی دانیمارك دروست بوو.

### ج ـ حزبە سیاسییە گەورەکان لە دانیمارك:

#### ١/ حزبی سۆشیالستی دیموکرات (SD)

ساڵی (١٨٧١) دامەزراوە، پشتی بە بنەماو تیۆری مارکسیزم بەستووە، لە ساڵانی یەکەمی تەمەنی جەختی لەسەر ڕێکخستنی کرێکاران کردووەتەوە، پاشان بووە حزبێکی جەماوەری.

#### ٢/ حزبی گەلی پارێزگار (KF)

ساڵی (١٨٧٦) دامەزراوە بۆ پارێزگاریکردن لە بەرژوەندی ئەوانی دەستیان بەسەر ئەنجوومەنی پیراندا گرتبوو، ساڵی (١٩٠١) ڕۆڵی لاوازبوو پەرشوبڵاو بۆتەوە.

#### ٣/ لیبڕاڵەکان:[٤٤]

ساڵی (١٨٧٠) دامەزراوە، حزبێکی ڕێکوپێک بووە، لە ململانێیەکان لەپێناو دیموکراسییەت دژ بە گەورە موڵکدارەکان بەشداربووە، ڕۆڵێکی بنچینەیی گێڕاوە بۆ چەسپاندنی سیستمی پەرلەمانی.

#### ٤/ لیبراڵە ڕادیکاڵەکان:[٤٥]

ساڵی (١٩٠٥) پێکهاتووە، گرینگی ئەم ئاراستیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بووە بە پێگەیەک هەردوو لای چەپ و ڕاست پشتی پێ دەبەستن.

**٥/ حزبی گەلی سۆشیالست:**
ساڵی (١٩٥٩) لەسەر دەستی (ئاکسل لارسین)ە وەدامەزراوە، ئەویش دوای دەرکردنی لە حزبی شیوعی بەهۆی لادانی لە ڕێبازی حزبی شیوعی سۆڤییەت.

## دروستبوونی حزبە سیاسییەکان لە هۆڵەندا[٤٦]

هوڵەندا وڵاتێکی شانشینی دەستوورییە، دەستوورەکەی لە ئابی (١٨١٥) لەلایەن دانشتوانی هوڵەندە و بەلجیکاوە پەسندکراوە و تا ئەمڕۆ بەردەوام پێڕەو دەکرێ.
بەڵام دوای جیابوونەوەی بەلجیکا ساڵی (١٨٣٠) فشارەکان دەستی پێ کرد بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی (شا)ی وڵات.
ساڵی (١٨٤٨) بەشێکی کەمی دەستوور هەموار کراوەتەوە، ئەویش لەژێر کاریگەریی چالاکییەکانی ڕەوتی لیبڕاڵ بە مەبەستی گەشەکردنی دیموکراسییەت و سەپاندنی سیستمێکی پەرلەمانی لەو وڵاتە.
بە گەیشتنی لیبڕاڵەکان بە دەسەڵات، ساڵی (١٨٥٩) ڕۆڵی شا لە بەڕێوەبردنی حوکمڕانی کۆتایی هات، دواتر قەیرانی نێوان (١٨٦٧ ـ ١٨٦٨) شای هۆڵەندای ناچار کرد بڕیار لەسەر پێکهێنانی حکومەت بدات بە ڕێکەوتن لەگەڵ زۆرینەی پەرلەمان.
دەستووری هوڵەندا ساڵی (١٨٨٧) و ساڵی (١٩٢٢) دووجار هەموار کراوەتەوە، دەربارەی ئەو بەندانەی پەیوەندییان بە

دەنگدانی پیاو و ژنانەوە هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سیستمی پەرلەمانی لەو وڵاتە پەرەی نەسەند، ئەمە و سەرەڕای توندوتیژی و ململانێ و دابەشبوونەکان لەنێوان ڕەوتە عیلمانی و ئایینییەکاندا، ئەوا بەهۆی چەند هۆکارێک کۆمەڵگەی هوڵەندا یەکگرتوویی خۆی پاراست.

**پەیوەندیی نێوان دەسەڵات و ئاراستە سیاسییەکان:**

لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم بزووتنەوەی لیبڕاڵیزم پەرەی سەند و توانی ژیانی دیموکراسییەت بەرەوپێش ببات، ئەوە لە کاتێکدا بوو کە ڕەوتی پارێزکار و لایەنگرانی دەسەڵاتی پاشایەتی لە حوکمرانیدا بوون.

لیبڕاڵەکان لە (١٨٥٩) دەسەڵاتیان گرتە دەست و سیستمی پاشایەتی پەرلەمانی لەسەر شێوەی بەریتانیا چەسپا و سیستمی دوو حزبی تایبەت بە وڵاتی هۆڵەندا پیادە کرا.

ساڵی (١٨٧٨) پرۆژەیەکی پەروەردەیی، کە سەرچاوەکەی ڕەوتی لیبڕاڵ بوو، بووە هۆی گەشکردنی حزبە سیاسییە تازەکان، پرۆتستانت لە حزبێکدا کۆبوونەوە، بەڵام کالڤینییەکان بەسەر دوو حزبدا دابەش ببوون بەهۆی هۆکارێکی ئایینی و سەرەڕای چەند جیاوازییەکی ڕێکخراوەیی و کۆمەڵایەتی ئەو دوو بەرەیەش، کە کالڤینییەکان بەسەریدا دابەش بوون بریتی بوو لە:

Gere for meerde kerk

Nder lands Hervor mde kerk

بەرەی یەکەمیان کەمایەتی دەنوێنن و لەناو خەڵکی سادە پێگە و دەستڕۆییان هەیە، دووەمیانیش نوێنەرایەتی کڵێسەی ڕەسمی دەکات، ئەمە و سەرەڕای دەرکەوتنی حزبە کاسۆلیک و سۆشیالستەکان لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم، بەو جۆرە ژیانی سیاسی لە هۆڵەندا پێکهاتەکەی تا ئەمڕۆ گۆڕانی گەورەی بەسەردا نەهاتووە،

ئەو پێکهاتەیە پشت بە سێ ئاراستەی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەبەستێت، ئەوانیش: لیبڕاڵیزم، تائیفیەتی دابەشبوو تا ساڵی (١٩٧٦)، سۆشیالستی کرێکاری.

**نوشستهێنانی سیستمی دوو حزبی:**

لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەم، ژیانی سیاسی لە هۆڵەندا بەرەو ڕووی جۆرێک ململانێ بۆتەوە کە لە ئەوروپا وەک نەریت باو بووە لەنێوان ئاراستەی کۆنەپاێز و لیبڕاڵەکان، لە ڕاستیشدا ئەو ئاراستە سیاسییانە بە مانای بوونی حزب نییە، بەڵکو بریتی بوون لە چەند ڕەوتێک و گرووپێکی ناو پەرلەمان.

کێشەی دەستوور لە وڵاتی هۆڵەندا (دەسەڵاتی شا بەسەر پەرلەمان، یان بەپێچەوانە) بابەتی سەرەکی ململانێیەکان بووە، لیبڕاڵەکان لە ساڵی (١٨٤٨) سەرکەوتن، کاتی چاکسازی لە دەستووردا ڕێگایدا بە بەرسیاریەتی حکومەت لەبەردەم پەرلەمان، هەروەها دەسترۆیی خۆیان بەهێز کرد لە کاتی

قەیـران و کێشــەکانی نـاو حکومــەت ســاڵی (١٨٦٧)، هــەر لــەو ماوانـەدا لیبرڕاڵـەکان دەستیان کرد بە گردبوونەوە لەناو حزبێکدا، بـەڵام حزبـە تائیفییـەکان پێش ئـەوان کەوتـن و دروسـتبوون.

لـە بەرامبـەردا پارێـزگاران سـەرکەوتوو نەبـوون لـە دروسـتکردنی حـزب، ئەگەرچـی چەنـد کۆمەڵەیەکیـان دروسـت کردبوو، بەڵام کاریگەرییان دوای سـاڵی (١٨٦٨) لەدەست دابوو، زۆربـەی کات هەڵویسـتەکانیان دژی پیاوانـی ئایینـی بـوو، زۆر نزیک بوون لـە لیبرڕاڵەکان، سـەنگ و پێگەشیان لەناو پەرلەمـان دوای سـاڵی (١٨٩١) نەمابـوو.

## پێکهاتنی حزبە تائیفییەکان:

دەرکەوتنـی حزبـە سیاسـییەکان لـە هۆڵەنـدا لـە ئەنجامـی کێشـەی بەڕێوەبەردنـی قوتابخانـە تائیفییـەکان بـووە لـە ڕووی داراییـەوە (پێویسـتی دارایـی قوتابخانـە تائیفییـەکان)، حکومەتـی لیبـڕاڵ سـاڵی (١٨٧٨) دەسـتی بەسـەر پێداویسـتییە داراییەکانـی قوتابخانـە بێلایـەن و عیلمانییـەکان گـرت، بەهـۆی ئـەو کێشـەیە هەڵمەتێکی فراوانـی واژۆ کۆکردنـەوە دەسـتی پـێ کرد و نزیکەی (٣٠٠) هـەزار واژۆ کۆکرایـەوە دژی ئـەو یاسـایە.

لەمیانـەی ئـەو هەڵمەتـە یەکـەم حزبـی تـازەی ڕێکخـراو لەسـەر ئاسـتی وڵات بـە گشـتی (نـەک لەنـاو پەرلەمـان) دەرکـەوت، ئـەو حزبـە نـاوی لێنـرا، حزبـی دژی شـۆڕش (ARP) ، حزبەکـە دژی بیروباوەڕەکانـی شـۆڕشـی فەرەنسـا بـوو، دژی دەسـەڵات و سـەروەری گەلیش بـوو لـە حوکمڕانیدا، تیۆرییەکـەی (حزبەکـە)

لە کتێبی (ئینجیل) وەرگرتووە و هەموو ئەندامانی لە کەسانی ڕێبازی پرۆتستانی سادەبوون سەر بە کڵێسەی (کالڤین)، بەکورتی حزبێکی ڕێکخراوی بەهێز بوو، ساڵی (١٨٨٠) زانکۆی ئەمستردامی ئازادی دامەزراند.

بەڵام لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم، ساڵی (١٨٩٤) لەنێوان پەرلەمانتارە (کالڤینییەکان) دووبەرەکی ڕوویدا، ئەوانی لە سیاسەتی حزبەکە ناڕازی بوون، ساڵی (١٩٠٨) حزبی (یەکێتیی مەسیحی مێژوویی)یان دامەزراند، کە لە ڕووی ڕێکخراوەییەوە لاوازتر بوو لە حزبی (ARP)، ئەو حزبە بووە نوێنەری ڕەسمی بۆ کالڤینییەکانی کڵێسەی هوڵەندی، کتێبی – ئینجیل –یش سەرچاوەی چالاکیە سیاسییەکانیان بوو.

جیاوازییەکانی نێوان ئەو دوو حزبە سیاسی نەبوون، زیاتر پەیوەندییان بە ئایین و کاروباری کڵێسەوە هەبووە، هەروەها ململانێیەکانیان، کۆمەڵایەتی و مێژوویی بوون.

لەلایەکی دیکەوە چەند حزبێکی ئاراستە کالڤینی هەبوون، بەڵام کارتێکردنیان لەسەر کۆی دەنگدەران لاواز بوو، زۆریش بە بیروباوەڕبوون، بەڵام کاسۆلیکەکان بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ وەک کەمایەتییەک مانەوە، لە ناوچەی باکووری (برابانت و لیمبەرگ) گردبوونەوە، گومانیان لێدەکرا کە نیازی جیابوونەوەیان هەبێت و بچنە پاڵ بەلجیکای کاسۆلیک، ئەوانە بارودۆخی ژیانیان هەر بە لاوازی مایەوە، نزیکبوونەوەیان لە لیبراڵەکان تەنها نموونە بوو کە بەردەوامی هەبوو لە ئەورووپا، چونکە دەستووری ساڵی (١٨٤٨) دانی دەنا بە مافی یەکسانی تەواویان، بەتایبەتیش گێڕانەوەی شایستە

داراییەکانی کڵێسە.

بەم جۆرە یەکگرتنی نێوان لیبراڵ و کاسۆلیک بەرهەمی ڕۆحی گۆڕانەکانی ساڵی (١٨٤٨) بوو، بەڵام ئەو حاڵەتە پاش ڕاگەیاندنی (syllabuse rrorum) ساڵی (١٨٦٤) دارما.

دوای ئەو ڕووداوانە ساڵی (١٨٩٧) کاسۆلیکەکان خۆیان لەسەر بەرنامەیەکی سەربەخۆ کۆکردەوە و یەکەم بەرنامەی سیاسییان ڕاگەیاند، پاشتر لە ساڵی (١٩٠٤) فیدراڵیەتی نیشتمانی بۆ کۆمەڵەکانی هەڵبژاردنی کاسۆلیک دروست بوو.

دوای جەنگی یەکەمی جیهانی ئەو فیدراڵییەتە بووە حزبی نیشتمانی کاسۆلیکی ئەویش ساڵی (١٩٢٦)، ئەو حزبە کاریگەر بوو بە هێزی کۆمەڵایەتی ڕێبازی کاسۆلیک، سەرەڕای ئەوەی لە حزبە کالڤینییەکان چەپڕەوتر بوو، ئەو حزبە ساڵی (١٩٤٥) گۆڕا و بوو بە حزبی میللی کاسۆلیکی (KVP)، ئەو حزبە تائیفیانە هەڵگری خەسڵەتێکی هاوبەش بوون، ئەویش ڕازی نەبوونیان بوو بە داشکردنی سیاسی لەنێوان چەپ و ڕاست.

**لیبراڵ و سۆشیالستەکان:**

لیبراڵەکان بۆ خۆڕێکخستن لە حزبێکدا بەرەو ڕووی کۆسپی گەورە بوونەتەوە، کۆمەڵەکانی هەڵبژاردن ئاراستەی لیبراڵ ساڵی (١٨٨٥) یەکیان گرت لە ڕێکخراوێکدا، بەڵام لەسەر زۆر خاڵی گرینگ جیاوازییان هەبوو بەتایبەت ئەوەندەی پەیوەست بوو بە فراوانکردنی مافی دەنگدان، دیارە ئەوەش هۆکارێک بوو بۆ لە یەک جیابوونەوە و دووبەرەکی.

پاشتر باڵی چەپیان لە (١٨٩١) حزبی ڕادیکاڵی پێشکەتنخوازی دامەزراند، لە کاتێکدا باڵی ڕاسترەوییان ساڵی (١٨٩٤) یەکێتیی لیبڕاڵە سەربەخۆکانی دامەزراند.

ساڵی (١٩١٠) ڕەوتی ناوەڕاستی ڕادیکاڵە پێشکەوتنخوازەکان لەگەڵ حزبی ڕادیکاڵ، یەکێتیی دیموکراتی لیبراڵیان دامەزراند، لە کاتێکدا پاشماوەی لیبڕاڵەکان بەڕێکەوتن لەگەڵ یەکێتیی لیبراڵە سەربەخۆکان، ڕێکخراوی (یەکێتی لەپێناو ئازادی)، یان (حزبی لیبڕاڵی نیشتمانی) یان پێکهێنا. بەڵام چاکسازی لە سیستمی هەڵبژاردنی (١٩١٧) ڕەوتی ڕاسترەوی لاواز کرد، پاشان باڵی چەپ و یەکێتیی دیموکراسی لیبڕاڵ لە ساڵی (١٩٤٦) چوونە پاڵ حزبی کرێکاران (حزبی سوشیالست) هەر لەو بارودۆخەدا حزبی لیبڕاڵ (VVd) لە ساڵی (١٩٤٨) دامەزرا، ئەویش لە یەکگرتنی بەشێک لە ڕادیکاڵە کۆنەکان و لیبڕاڵە سەربەخۆکان.

چەپی ئێستای وڵاتی هۆڵەندا وەک لە دەڵەوتە ئەورووپییەکانی دیکە ڕوویدا و سەرچاوەکەی بزووتنەوەی سۆشیالستییە، لە کاتێکدا دەرکەوتنی ڕێکخستنی سوشیالستی لە هۆڵەندا دواکەوت، فیدراڵییەتی سۆشیالستی دیموکراسی ساڵی (١٨٨٢) دامەزرا، کە یەکەم پێگەی لە پەرلەمان بەدەست هێنا ساڵی (١٨٨٨)، بەڵام ئەو ڕێکخستنە ڕووی لە ڕێبازی ئەنارشیزمی و دژایەتیکردنی ژیانی پەرلەمانی کرد.

پیادەکردنی ڕێبازی پەرلەمانی و چاکسازی لە ساڵی (١٨٨٤) هاوکات بوو لەگەڵ دامەزراندنی حزبی شۆسیالستی دیموکراسی کرێکاری (SDAP)، بیروبۆچوونە هزری و

سیاسییەکانی ئەو حزبە تازەبوون، لەوانە بانگەشە بۆ بەکارهێنانی مافی دەنگدانی گشتی و ڕاستەوخۆ وەک چەکێک بۆ ململانێی چینایەتی، ئەگەرچی بەرنامەکەی ڕەنگدانەوەی هزری مارکسی هەڵگرتبوو.

بەڵام ئەم حزبە ساڵی (١٩٠٩) ئەندامە مارکسییەکانی دوورخستەوە ئەوانی حزبی سۆسیالست دیموکراسیان دامەزراندبوو، ئەو حزبە پاش سەرکەوتنی شۆڕشی بەلشەفی لە ڕووسیا گۆڕا و بووە حزبێکی کۆمۆنیستی.

هەر ئەو حزبە (SDAP) بەکۆتاییهاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی خۆی گۆڕی و بووە حزبێکی سۆشیالستی دیموکراسی بە مانا هاوچەرخەکەی زاراوەکە.

ئەو حزبە ساڵی (١٩٣٩) ڕۆڵی ئۆپۆزیسیون دەبینێ، ساڵی (١٩٤٦) بووە حزبی کار، ئەویش بە بەشداریکردنی کەسانی ڕادیکاڵ، کاسۆلیک، پرۆتستانت، چەپڕەوەکان، هەروەها دوورکەوتنەوە لە دژایەتیکردنی پیاوانی ئایینی مەسیحی.

## دروستبوونی حزبە سیاسییەکان لە بەلجیکا:

### شیکردنەوەیەکی گشتی:[٤٧]

بەلجیکا وڵاتێکی شانشینی دەستووری پەرلەمانییە، لە تایبەتمەندییەکانی سیستمی سیاسی ئەو وڵاتە، دەسەڵاتی سیاسی شای وڵات بریتییە تەنها لە چەند دەسەڵاتێکی پرۆتۆکولی بۆ هەندێ کاروباری ڕووکەشی و ئاهەنگگێڕان، دەسەڵاتی تەواو لەدەست ئەنجوومەنی وەزیرانە، کە بەکۆمەڵ

بەرپرسیارە لەبەردەم ئەنجوومەنی گشتی، کە لە دوو بەش پێکدێت.

لە وڵاتدا دەسەڵاتی ئایینی لەدەستی تەنها کڵێسەی کاسۆلیکییە، بەڵام بەلجیکا پچڕپچڕی و دابەشبوونی زمانی و ڕۆشنبیری پێوە دیارە، کۆمەڵگەی بەلجیکی بە دوو زمانی هۆڵەندی و فەرەنسی دەدوێن، کەمایەتییەکیش بە زمانی ئەڵمانی.

دەوڵەتی بەلجیکا ساڵی (١٨٣٠) دامەزراوە لە ئەنجامی جیابوونەوەی چەند هەرێمێک لە باشووری هوڵەندا، کە لەسەر ڕێبازی ئایینی کاسۆلیکی بوون.

لە (٨ـتشرینی دووەم/١٨٣٠) کۆنگرەی نیشتمانی هەڵبژێردرا، کۆنگرە لەسەر داوای دەنگدەران لە (١٨٣١) دەستووری وڵاتی پەسند کرد، لە دەستووردا ماف و ئازادییە گشتییەکان دیاریکرابوون، بەڵام لە (١٨٤٨)وە، وردەوردە ململانێ و دووربەرەکی ناوخۆیی سەریان هەڵدا، بەهۆیەوە بیروڕای سیاسی و پێکهاتەی حزبیش سەریان هەڵدا، وەک:

**١/ لیبڕاڵەکان:**

ئەوانە پێکهاتبوون لە چینی بۆرژوازی و لیبڕاڵەکان، ساڵی (١٨٤١) خۆیان لەناو کۆمەڵەی (پەیمان) ڕێکخست، لە حوزەیرانی (١٨٤٦) کۆنگرەیان ساز کرد و بڕیاردرا دەنگدان تەنها بۆ پاڵێوراوانی کۆمەڵەو لیژنە خۆجێیەکانی دیکە بێت، هەروەها بەرنامەیەک پەسەند کرا، کە بریتی بوو لە سەربەخۆیی دەسەڵاتی مەدەنی و ڕێکخستنی کاروباری خوێندن و

فێرکردن لەلایەن حکومەتەوە، لەگەڵ کەمکردنەوەی پلەبەپلەی باجی مافی هەڵبژاردن، سەرەڕای چەند چاکسازییەکی دیکەی کۆمەڵایەتی.

لیبرالەکانی بەلجیکا باڵی چەپیان پێکێنا و وەک ژیانێکی دوو جەمسەری لە وڵاتدا، بەڵام ئەو ڕەوتە لیبراڵە بە یەکگرتوویی نەمانەوە، ساڵی (١٨٤٧) میانڕەو باوەردارەکانیان لە کۆمەڵەی – پەیمان – جیابوونەوە، یەکێتیی لیبڕاڵی دەستوورییان پێکهێنا کە لە هەڵبژاردنی حوزەیرانی (١٨٤٧) سەرکەوتن، بەو کارەیان بۆ ماوەی بیست ساڵ زیاتر دەسەڵاتیان بەسەر بەلجیکا درێژەی کێشا، لەو ماوەیەدا هەوڵیاندا دەوڵەتێکی ناوەندی دامەزرێنن کە پشتبەستوو بێت بە زمانی فەرەنسی و شێوازی کارگێری فەرەنسا، هەروەها پەرەپێدانی ئابووری وڵات لەسەر بنەمای سەرمایەداری.

**٢/ کاسۆلیك:**

ڕەوتی کاسۆلیک کە پشتی بەستبوو بە دانشتوانی گوندەکان و دەرەوەی شارەکان، خۆی ڕێکخست، بەڵام بەتاوانبارکردنی پیاوی ئایینی (لامانیە) ساڵی (١٨٣٢) لەلایەن کڵێسەی فاتیکانەوە، ئەوە بوو بەهۆی دابەشکردنی کاسۆلیک بەسەر دوو باڵدا، کاسۆلیکە لیبڕاڵەکان (دەستوورییەکان) و کاسۆلیکی موانتانین (تائیفییەکان).

دواتر لە ساڵی (١٨٤٦) لیژنەی بەرگری دەستووری پێکهات، وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر کۆمەڵەی (پەیمان)ی لیبڕاڵەکان.

بەڵام کاسۆلیکە پچڕپچڕ و دابەشبووەکان دەربارەی

کێشەی ملکەچی بۆ ڕۆما، خۆیان ڕاست نەکردەوە تا ساڵی (١٨٦٣)، لەو ماوەیەدا کۆنگرەی بەناوبانگی (مالینس) ڕێگای بە کاسۆلیکە لیبراڵەکاندا کە ملکەچی دەسەلاتی بەرزی ئایینی ڕۆمابن.

ساڵی (١٨٦٨) حزبی تائیفی کاسۆلیکی دامەزرا، دواتر یەکێتیی یانە کاسۆلیکەکان و کۆمەڵەی پارێزگاران دامەزرا، هەموویان یەکدەنگ بوون دەربارەی بابەتی بەرگری کردن لە کڵێسە لەناو دامەزراوە نیشتمانییەکان.

لەنێوان ساڵانی (١٨٧٠ ـ ١٨٧٨) حزبی کاسۆلیکی ڕاستڕەو دەسەلاتی بەدەستەوە گرت، دواتر لیبراڵەکان گەڕانەوە دەسەلات و دەنگیان بە یاساکانی ساڵی (١٨٧٩)دا، ئەوان دەسکەوتەکانی پێشووی کاسۆلیکەکان دەربارەی کێشەی قوتابخانەکانیان هەڵوەشاندنەوە، بەو کارەش ناکۆکی و ململانێ دووبارە دەستی پێ کردەوە.

### ٣/ دەرکەوتنی ئاراستە سیاسییەکانی دیکە:

أ) لەو ماوەیەدا جەمسەرگیرییە دوولایەنیەکەی (لیبراڵ و کاسۆلیک) ڕووی لە لاوازی کرد، ئەوەش بەهۆی دەرکەوتنی بزووتنەوەی سۆشیالستی لەو وڵاتە، مافی هاوپەیمانیەتی و حزبایەتی دانی پێدانرابوو، بەڵام ڕێگا گیرابوو لەدەسبردن بۆ ئازادی کارکردن، ناوچەی (والۆنی) ببووە ناوچەیەکی پیشەسازی بەهۆی بوونی کانەکانی خەڵووز، هەر لەو نزیکانە پیشەسازی پۆڵا دروست ببوو، لە سەرەتادا بزووتنەوەی

کرێکاری بەو هۆیەوە دروست بوو، بزووتنەوەکەش شێوەی کۆمەڵەی هەرەوەزی و سەندیکایی وەرگرتبوو، کە دژی پیاوانی ئایینی و ڕێبازەکەیان بوون، لە هەناوی ئەو ڕێکخراوانە ساڵی (١٨٨٥) حزبی کرێکاری بەلجیکا (POP) دامەزرا، ئەو ڕێکخراوە لەلایەن (١١٢) نوێنەری (٥٩) کۆمەڵە پێکهاتبوون، بەرنامەیەکی دیموکراسیان هەبوو، داوای دەنگدانی گشتی ڕاستەوخۆیان دەکرد.

لە ئازاری (١٨٩٤) فیبان کوارتون داوای کۆتایی هێنانی سیستمی سەرمایەداری دەکرد لە وڵاتدا، هەروەها کۆمەڵگەیەکی ناچینایەتی و خۆماڵیکردنی هەموو هۆیەکانی بەرهەمهێنان، لەگەڵ گۆڕینی دەوڵەت لە ئامرازێکی زۆرداریییەوە بۆ ئامرازێکی بەڕێوەبردنی کاروبارەکان.

کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، بەلجیکا بووە گۆڕەپانی ململانێی نوێی دەربارەی بابەتەکانی زمان و قوتابخانە و خوێندن، سۆشیالستەکان لەپێناو یاسا کۆمەڵایەتییەکان و بەدەستهێنانی دەنگدانی گشتی ڕاستەوخۆ خەباتیان دەکرد.

ب) پاش پەیامەکەی پایا (Rerunnotarum) ساڵی (١٨٩١) کاسۆلیکە ئاراستە کۆمەڵایەتییەکان دەرکەوتن و بزووتنەوەیەکی ڕاستڕەویان دامەزراند (کە لە ڕاستیدا باڵی چەپی حزبی کاسۆلیکە)، ئەوان دەنگیان بۆ چەندین یاسای کۆمەڵایەتی داوە، بەڵام دوای پشێوی و مانگرتن و خۆپیشاندانێکی زۆر، یاسای (نیس) لە (١٨٩٣) دەرگای یاسایی دەنگدانی بۆبڕێکی گەورەی خەڵک کردەوە (سەرۆک خێزانەکان و دەوڵەمەندان

بە شێوەیەکی تایبەت).

ج) ساڵی (١٩٢١) حزبی کۆمۆنیستی بەلجیکی دامەزرا، ئەم حزبە پاڵی بە حزبی کرێکاراندا کە ئاراستەیەکی سیاسی ناوەڕاست وەربگرێت، هەرچەندە حزبەکە زۆرینەی سەرکردەکانی پابەندی تیۆری مارکسیزم بوون.
د) هەر لەو ماوەیەدا حزبێکی بەلجیکی دروست بوو کە ئاراستەیەکی فاشیانەی هەبوو لە ساڵی (١٩٣٥).
هەروەها بزووتنەوەی (کریستورس ریکس) دەرکەوت، کە پێگە و ڕۆڵی گەورەی هەبووە بەهۆی کاریگەری ڕابەری پێشووی بزووتنەوەکە، ئەویش لەژێر دروشمی دژایەتی گەندەڵی و لەپێناو دەسەڵاتێکی بەهێز و کۆمەڵگەیەکی پیشەسازی، هەرچەندە دواتر بەخێرایی ڕووی لە شکستهێنان کرد.

## دروستبوونی حزبە سیاسییەکان لە یۆنان:[٤٨]

وڵاتی یۆنان خاوەن مێژوورییەکی کۆن و دێرینە، شارستانیەتی گەورەی دامەزراندووە، مەزنترین فەیلەسووف و زانا و شاعیری پێگەیاندووە، ئەو وڵاتە لە سەدەکانی ناوەڕاست ڕۆڵی شارستانیەتی خۆی لەدەستدا و کەوتە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی، ئەو دۆخە درێژەی کێشا تا سەدەی نۆزدەهەم و ڕزگاری بوو.

عوسمانییەکان زۆر ناوچەی ئەو وڵاتەیان داگیر کردبوو، بەڵام دوای ماوەیەک لە ڕاپەڕین و شۆڕش، هەروەها بە هاوکاری هەرسێ دەوڵەتی گەورەی ئەو سەردەمە (بەریتانیا، ڕووسیا، فەرەنسا)، یۆنان سەربەخۆیی تەواوی بەدەستهێنا لە (١٨٢١) و شا جورجی یەکەم دەسەڵاتی گرتە دەست.

هەر بەهۆی هاندانی بەریتانیا ساڵی (١٨٦٤) حکومەتی یۆنان دەستوورێکی دیموکراسیانەی پەسند کرد و دەسەڵاتەکانی (شا) کەم کرایەوە، ئەنجوومەنی پیرانیش هەڵوەشایەوە، هەروەها ڕێگای دەنگدانی بە شێوەیەکی فراوان باشتر کرد لە هەڵبژاردنەکانی تایبەت بۆ ڕەگەزی نێر.

ئەگەرچی لە یۆنان (لەو سەردەمە) پەیمان و گرووپەکانی دەسەڵات لەژێر دەسەڵات و ناوی کەسێک دەبوون، بەڵام دوو ئاراستەی سیاسی بە ئاشکرا بەدی دەکران، ئەوانیش: لیبراڵەکان بەسەرکردایەتی (شاریلاوس) و (فینیتەر بلوس)، هەروەها کۆنەپارێزان بە سەرکردایەتی (پیو دورس) و چەند سەرکردەیەکی دیکە، ئەویش لە سەدەی نۆزدەهەمدا.

حکومەتی یۆنان لە نەوەدەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا بەرەو ڕووی مایەپووچی دەبێتەوە، هەژاری بە شێوەیەکی فراوان و توند بڵاوببۆوە، بەتایبەتی لە ناوچەی گوندنشین و لەناو جوتیاراندا، ئەو حاڵەتە بووە هۆی ئەوەی خەڵکێکی زۆر کۆچ بکەن و ڕوو لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکەن، باری خوێندەواریش زۆر لاواز و بێکەڵک بوو، بەڵام لەگەڵ ئەو دیاردانەش هەندێ پێشکەوتن لە بواری ئاوەدانی و ڕێگاوبان و دروستکردنی خانووبەرە هاتەدی.

لە سەردەمی (شا) جورجی یەکەم، پرۆسەی ژیانی پەرلەمانی تاراڕدەیەکی گەورە پەرەی سەند، دیاریکردنی سەرۆک وەزیران هەر لە دەسەڵاتی خودی (شا) بوو، دۆخەکەش ناسەقامیگری پێوە دیاربوو، تا ساڵی (١٨٧٥) کاتێ بنەمای (دیلدیلومینی) بۆ متمانەی پەرلەمانی خرایەکار، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ململانێ و ناکۆکی لە کاتی هەڵبژاردنەکان دووبارە دەبووەوە، ئەو بارە درێژەی کێشا و بووە مۆرکی سیاسەت لە یۆنان.

لە ڕوویەکی دیکەوە گەندەڵی و خەرجی بە زیادەڕۆیی هۆیەک بوو بۆ تێکچوونی باری ئابووری، کە جارێکی دیکە حکومەت لە ساڵی (١٨٩٣) مایەپووچی خۆی ڕاگەیاند، بۆیە حکومەتی یۆنان ناچار بوو دەسەڵاتی چاودێری دارایی دەرەکی قبووڵ بکات بۆ پێدانەوەی قەرزەکان.

بەپێی پەیمانی لۆزان (١٩٢٢) ڕووباری (مارتینرا) بووە سنووری نێوان تورکیا و یۆنان، لە جەنگی دووەمی جیهانیشدا یۆنان بێلایەنی خۆی ڕاگەیاند، بەڵام ئیتالیا لە (١٩٤٠) هێرشی کردە سەری و خەڵکی یۆنانیش بەتوندی بەرگرییان کرد.

لە (١٩٤١) هێزەکانی بەریتانیا گەیشتنە یۆنان بە مەبەستی بەرگریکردن لەو وڵاتە دژی هێرشی ئەڵمانیا، هەر لەگەڵ هێرشی سوپای ئەڵمانیا ئەوا بەرگریکردنی میللی دەستی پێ کرد، بەتایبەتی لەلایەن بەرەی چەپ (ئەلئیس) و پارتیزانەکانی بەرەی ڕاستڕەویش (ئەدس) و بەهاوکاری هێزەکانی بەریتانیا، توانیان لەشکری ئەڵمانیا لەسەرخاکی یۆنان دەربکەن.

شا جۆرجی دووەم بەپێی ڕاپرسی میللی گەڕایەوە سەر دەسەڵات، بەڵام بەرەی چەپ دژی وەستا و لە (١٩٤٧)

حکومەتێکی ئۆپۆزیسیونیان پێکهێنا، جورجی دووەم کۆچی دوایی کرد، شا قوستەنتین دەسەڵاتی گرتە دەست، بەڵام لە (١٩٦٧) سوپای یۆنان بە کودەتایەکی سەربازی هەستا، شا وڵاتی بەجێهێشت، پاشان لە (١٩٧٣) سیستمی کۆماری لە یۆنان ڕاگەیەنرا.

## ڕەوتە سیاسییەکانی وڵاتی یۆنان:[٤٩]

**أ) بەرەی ڕاستڕەو:**

لە (١٩٧٤) یەکێتیی دیموکراتی نەتەوەیی و لە (١٩٧٧) بەرەی نیشتمانی و لە (١٩٨١) حزبی پێشکەوتن دامەزراون، ئەو ڕێکخراوانە هەموویان لەلایەن لایەنگرانی شا و ئەفسەرە گەورەکانی ناو سوپا و کەسانی کۆنەپارێزدامەزراون.

**ب) بەرەی چەپی سوشیالست:**

حزبی سۆشیالستی یۆنان لە (١٩٢٤) دامەزراوە، حزبی نیشتمانی سۆشیالستی یۆنان لە (١٩٣٢) دامەزراوە، بزووتنەوەی سۆشیالستی یۆنان (پاسۆک) لە (١٩٧٤) دامەزراوە.

**د) بەرەی چەپی توندڕەو:**

لە (١٩٢٤) حزبی کۆمۆنیستی یۆنان دامەزرا، ڕێکخستنێکی نهێنی بوو، لە (١٩٤١) دژی داگیرکاری ئەڵمانیا بە خەباتی چەکداری هەستاون، لە (١٩٥١) هەرسێ ڕەوتی چەپی لیبراڵ و ڕادیکاڵ و سۆشیالست یەکیان گرتووە بە مەبەستی سەرکەوتن لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان.

## سەرچاوە و پەراوێزەکانی بەشی سێیەم


١. www.wikipedia.com

موسوعة السياسة – الجزء الثاني – أشراف عبدالوهاب الكيالي ص٢٢٦

٢. جون لوک: فەیلەسووفیکی ئەزموونی و بیرمەندێکی سیاسی ئینگلیزییە، لە ساڵی (١٦٣٢) لەدایک بووە، ساڵی (١٧٠٤) کۆچی دوایی کردووە.

٣. بزووتنەوەی ڕۆشنگەری لە کیشوەری ئەورووپا، درێژەی کێشاوە لە سەدەی هەڤدەهەمەوە تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم، لەسەر کردەکانی، ڤۆڵتێر، ڕۆسۆ، هیوم، کانت. ئەم بزووتنەوەیە ڕۆڵی کاریگەری هەبووە لە شۆڕشی فەرەنسا و گۆڕانە سیاسی و ئابووری کۆمەڵایەتییەکانی ئەورووپا.

٤. الاحزاب السياسية في اوروبا، فرانسوا بوريلا – ترجمة د. علي دياب – دمشق/١٩٩٦، ص١٤.

٥. السياسة والحكومة – لورانس غراهام واخرون – ترجمة د. عبدالله بن فهد – جامعة الملك سعود – الرياض (٢٠٠٠)، ص٢٤٦.

٦. ثمن الحرية – تأريخ اوربا الوسطى الشرقية – بيوتر – س – غاندس – ترجمة احمد رومو دمشق ـ /٢٠١٤ ص٣٠٥.

٧. سیاسەت و حکومەت لە ئەوروپا – د. ئەحمەد نەقیب زادە، وەرگێڕ: عەلی میرپەروەر، چاپی/٢٠٠٧/١، دەزگای ئاراس

– هەولێر ل١٤.

٨. الاحزاب السياسية في اوربا – سەرچاوەی پێشوو ص ٢٩

- نشي الاحزاب السياسية – حسين جميل – الدار العربية للموسوعات – ط١٩٨٤/١ بيروت، ص٢٢.
- بۆ یەکەم جار زاراوەی پەرلەمان ساڵی (١٢٩٧) لە ئیرلەندا بەکار هاتوو، زاراوەکە لە وشەی (parler) وەرگیراوە، بە مانای گفتوگۆ و دیالۆگ دێت www.wikipedia.com

٩. موسوعة السياسة/الجزء الثاني، سەرچاوەی پێشوو – ص٢٧٦ – ٥١٤

١٠. الموسوعة السياسية – اشراف، عبدالوهاب الكيالي كامل زهير – بيروت /ط١٩٧٤/١ ص٢٣٣

١١. معجم النظم السياسية و الليبرالية – في اوربا الغربية وامريكا الشمالية – د. حسن نافعة، دار الجيل – بيروت، ص٢٠٠٠/٢ ص١٥٥

١٢. www.wikipedia.com

- الاحزاب السياسية في اوربا – سەرچاوەی پێشوو.

١٣. بسمارك: سیاسەتمەدارێکی بەناوبانگی ئەڵمانیا بوو، ماوەیەک سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بوو، لە ساڵی (١٨١٥) لەدایک بووە، ساڵی (١٨٩٨) کۆچی دوایی کردووە.

١٤. ڕایخ: زاراوەیەکی ئەڵمانییە، مەبەست لێی قەوارەی سیاسی دەوڵەتی ئەڵمانیایە.

١٥. تاريخ اوروبا الحديث والمعاصر، د. زين العابدين شمس الدين – جامعة الازهر. ط٢٠١٢/١ ص٣٩٧.

١٦. لاسال (فەردینانە لاسال): یەک لە دامەزرێنەرانی ڕێبازی سوشیالستی ئەڵمانیایە، بانگەشەی بۆ سازان دەکرد لەگەڵ سیستمی دەرەبەگایەتی دەسەڵاتدار، ساڵی (١٨٢٥) لەدایک بووە و لە (١٨٦٤) کۆچی دوایی کردووە.

١٧. مارکس (کارل مارکس): فەیلەسووف و زانای کۆمەڵناسیی ئەڵمانی بەناوبانگ، دامەزرێنەری (مارکسیزم)، لە (١٨١٨) لەدایک بووە و لە (١٨٨٣) کۆچی دوایی کردووە.

١٨. کاوتسکی: فەیلەسووف و سیاسەتمەدار و ڕۆژنامەنووسی ئەڵمانی، ساڵی (١٨٥٤) لەدایک بووە، لە (١٩٣٨) کۆچی دوایی کردووە.

١٩. www.wikipedia.com

- معجم النظم السياسية الليبرالية – سەرچاوەی پێشوو. ص ٩١

٢٠. سپارتاکۆس: بزووتنەوەکی سیاسی کۆمۆنیستی ئەڵمانییە، ساڵی (١٩١٤) دامەزراوە.

٢١. نازیزم: بریتییە لەو هزر و بیروباوەڕ و کردارانەی پەیوەستن بە حزبی – نیشتمانی سوسیالستی ئەڵمانیا بە سەرکردایەتی ئەدۆڵف هیتلەر.

٢٢. معجم النظم السياسية الليبرالية – سەرچاوەی پێشوو ص ١٤١

٢٣. تاريخ اوربا الحديث و المعاصر– سەرچاوەی پێشوو ٣٠١

٢٤. السياسة والحكومة سەرچاوەی پێشوو ص١٤٥

٢٥. الاحزاب السياسية في اوربا، سەرچاوەی پێشوو

ص ١٠٤
٢٦.الاحزاب السياسية في اوربا، سەرچاوەی پێشوو ص١٠٧
٢٧. القومية والمذاهب السياسية – د. عبدالكريم أحمد – القاهرة – ١٩٧٠ص١٨٣

- www.wikipedia.com

٢٨. بزووتنەوەیەکی سیاسییە، لە ساڵی (١٨٣١)دا لەسەر دەستی (مازینی) دامەزرا، ئامانجی ڕزگارکردن و یەکێتیی ئیتالیا بوو.
٢٩. مازینی (جوزیف مازینی): سیاسەتمەدارێکی ئیتالیا بوو، باوەڕی ماسۆنی هەڵگرتبوو، لە ساڵی (١٨٠٥) لەدایک بووە و لە (١٨٧٢) کۆچی دوایی کردووە.
٣٠. کۆنگرەی ڤییەنا: ئەو کۆنگرەیە لەنێوان (ئەیلوولی ١٨١٤ – حوزەیرانی (١٨١٥) بەستراوە، بە بەشداری نوێنەرانی دەوڵەتە ئەورووپییەکان، ئامانجی دۆزینەوەی چارەسەری بوو بۆ ئەو کێشانەی بەهۆی شۆڕشی فەرەنسا سەریان هەڵدا.
٣١. گاریبالدی: کرێکارێکی دەریاوان بوو، تێدەکۆشا لەپێناو یەکێتیی ئیتالیا، هێزێکی سەربازی لە خۆبەخشان پێکهێنا لە دوورگەی سقلییە. ناوبراو لە (١٨٠٧) لەدایک بوو، لە (١٨٨٢) کۆچی دوایی کردووە .
٣٢. کافور (کامیلیو کافور): سیاسەتمەدارێکی ئیتالیا بوو، ماوەیەک سەرۆکی وڵاتی (هەرێم) سەردینیا بووە، پاشان سەرۆکی حکومەتی ئیتالیا لەنێوان (١٨١٠ ـ ١٨٦٤) ژیاوە.
٣٣. فیکتور عەمانوئیل، فەرمانڕەوای هەرێمی سەردینیا و یەکەم شای ئیتالیا بوو، لەنێوان ساڵانی (١٨٢٠ – ١٨٧٨)

ژیاوە.
٣٤. تاریخ اوربا الحدیث والمعاصر – سەرچاوەی پێشوو ص٥٣٨
٣٥.الاحزاب السیاسیة في اوربا – سەرچاوەی پێشوو ص ١٣٨
٣٦. باکونین: ڕۆشنبیر و شۆڕشگێڕێکی ئیتالیا بوو، ماوەیەک لە شاری پاریس ژیاوە، تێکەڵی ژیانی سیاسەتمەداران بووە لەنێوان (١٨١٤ – ١٨٧٦) ژیاوە.
٣٧. ئەنارشیزم: واتە تیورییەک دژ بە هەر جۆرە دەسەڵاتێکی سیاسی دەبێت، ئەم تیۆرییە یاسا و ڕێساکان بە سەرچاوەی گەندەڵی دەزانێ لە زمانی عەرەبی زاراوەی (فەوزەوی) بۆ بەکار دێت.
٣٨. ئەنتونیو لابریولا: فەیلەسووفێکی مارکسی ئیتالیایە، ساڵی (١٨٤٣) لەدایک بووە، ساڵی (١٩٠٤) کۆچی دوایی کردووە.
٣٩. موسولینی: بینیتو ئەندریا موسولینی، فەرماندەی ئیتالیا، لە سەروبەندی جەنگی دووەمی جیهانی، دامەزرێنەری ڕێبازی فاشیزم لەنێوان (١٨٨٣ – ١٩٤٥) ژیاوە.
٤٠. تاریخ اوربا الحدیث والمعاصر – سەرچاوەی پێشوو ص٥٣٨
٤١. نێونەتەوەییەکان، وشەی نێونەتەوەیی لە ئەدەبی سوسیالستی بەکار دەهێنرێت بۆ دیاریکردنی ئەو ڕێکخراوە جیهانیانەی کە حزب و هێزە سۆشیالستە جیاوازەکان دەگرێتە خۆی، لەو نێونەتەوەییانەش:

نێونەتەوەیی یەکەم / لەنێوان ١٨٦٤ ـ ١٨٧٣ سازکرا لەسەر دەستی کارل مارکس.

نێونەتەوەیی دووەم/ لەنێوان ١٨٨٢ ـ ١٩١٤، کامیل هوبسمان سکرتێری بووە.

نێونەتەوەیی سێیەم/ پێی دەوترێت (کومنترن)، لەنێوان (١٩١٩ ـ ١٩٤٣) لەسەر دەستی لینین سازکرا.

نێونەتەوەیی چوارەم/ لە شاری پاریس (تروتسکی) ڕێکی خست دوای ئەوەی لە حزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەتی جیابۆوە.

٤٢. فاشیزم: ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسییە لە ئیتالیا پەرەی سەند لە سەردەستی موسولینی لەنێوان ١٩٢٢ ـ ١٩٤٣.

٤٣. الاحزاب السياسية في اوربا – سەرچاوەی پێشوو ص ١٦٥

٤٤. معجم النظم السياسية و الليبرالية – سەرچاوەی پێشوو ص٣٥

٤٥. (لیبڕاڵ): ئازادیخوازی ڕێبازێکی فەلسەفی و سیاسییە پشت بە بنچینەیەک دەبەستێت، کە دەوڵەت بە ئەرکە زەرووریيەکانی ژیانی کۆمەڵگە هەستێت و بوارەکانی دیکە بۆ تاک بەجێ بهێڵێت.

٤٦. ڕادیکاڵ: ڕێبازی ئازادیخوازە توندرەوەکانە، ئەوانی داوای چاکسازی ڕیشەیی دەکەن.

٤٧. معجم النظم السياسية – سەرچاوەی پێشوو ص١٨١

- الاحزاب السياسية في اوربا – سەرچاوەی پێشوو ص ١٧٧
- www.wikipedia.com

٤٨. معجم النظم السياسية – سەرچاوەی پێشوو ص١٢١
• الاحزاب السياسية في اوربا – سەرچاوەی پێشوو ص ١٩٣
٤٩. www.wikipedia.com
٥٠. الاحزاب السياسية في اوربا – سەرچاوەی پێشوو ص ٢١١
• معجم النظم السياسية – سەرچاوەی پێشوو ص٢٢٥

# بەشی چوارەم

# پێکهاتنی حزبە سیاسییەکان
# لە کیشوەری ئاسیا

## شیکردنەوەیەک[1]

کیشـوەری ئاسـیا گەورەترین کیشـوەرەکانی جیهانە لە ڕووی ڕووبـەر و دانیشـتوانەوە، ڕووبەرەکـەی دەگاتـە (٤٤,٥) ملیـون کـم٢، ژمـارەی دانیشتوانیشـی لـە چـوار ملیار و نیو زیاتـرن.

لەسـەر ڕووبەرەکـەی (٤٨) دەوڵـەت دامـەزراوە، کیشـوەرەکە بەسـەر (٦) بەشـی سـەرەکی دابـەش دەبێت:

١. باکووری ئاسیا، دەوڵەتی ڕووسیا دەگرێتەوە.

٢. ڕۆژهەڵاتـی ئاسـیا، دەوڵەتەکانـی: چیـن، تایـوان، یابـان، مـاکاو، کوریـای باکوور، کۆریای باشـوور، مەنغولیا، دەگرێتەوە.

٣. باشـووری ڕۆژهەڵاتـی ئاسـیا، ئەندونیسـیا، مالیزیـا، بروناى، فلیبین، لاوس، تەیموری ڕۆژهەڵات، تایلاند، سـەنغافورا، ڤیتنـام، بورمـا، کەمبودیـا دەگرێتـەوە.

٤. باشـووری ئاسـیا، هیندسـتان، پاکسـتان، بەنغلادیـش، ئەفغانسـتان، نیپـال، بۆتـان، سـریلانکا، دورگەکانـی مالدیـف دەگرێتـەوە.

٥. ناوەڕاستی ئاسیا، کازاخستان، ئۆزبەکستان، تاجیکستان، قیرغسـتان، تورکمانسـتان دەگرێتـەوە.

٦. ڕۆژئاوای ئاسیا: ئێران، تورکیا، ئازەربایجان، ئەرمینیا، قوبـرس، جورجیـا، وڵاتـی عەرەبـی سـعودی، یەمـەن، عێـراق، سـوریا، لوبنـان، ئـوردن، فەلەسـتین، عومـان، کویـت، قەتـەر، ئیمـارات، بەحرەیـن ئیسـرائیل دەگرێتـەوە.

کێشـوەری ئاسـیا سـەرچاوەی سـەرەکی زۆربـەی ئایینەکانـە لـە جیهـان، وەک ئیسـلام، جـوو، مەسـیحی، هەروەهـا فەلسـەفە و ڕێبـازە ئایینییەکانـی وەک: هیندۆسـی، بـوزی، سـیخی، کۆنفوشیوسـی، تـاوی.
لەسـەر ئەم کیشـوەرە زیاتر لە (دوو هەزار) زمان و دیالکتیک هەیـە، کـە دانیشـتوانەکەی پێـی دەدوێـن، نموونـەی زمانەکانـی، چینـی، هینـدی، ئینگلیـزی، ڕووسـی، عەرەبـی، تورکـی، فارسـی، کـوردی، ئەرمەنـی.

## دیاردەی حزبە سیاسییەکان لە کیشوەری ئاسیا:[٢]

دیاردەی حزبایەتی لە کیشـوەری ئاسـیا ڕەگوڕیشـەی لە دوو سـەرچاوە وەردەگرێت، یـان بـە دەربڕینێکـی دیکـە دوو هـۆکار کاریگەرییـان هەبووە بەسـەر دروسـتبوونی حزبـەکان، ئەو دوو هـۆکارەش بریتیـن لـە:
کەلەپـووری مێژوویـی کۆمەڵگەکانـی ناوچەکـە، لەگـەڵ کاریگەرییەکانـی ئیسـتعمار بەسـەر ئـەو کۆمەڵگەیانـەوە.
شـارەزای ئـەم بـوارە (ڕووسـیان بـای) لـە توێژینەوەکـەی دەربـارەی سیسـتمە سیاسـییە نەریتییەکانـی کیشـوەری ئاسـیا، گەیشـتە ئـەو ئەنجامـەی، کـە ئـەو ئاراسـتە و کردارانـەی هەلومەرجێکی لەباریان خولقاند بۆ دروسـتبوونی چەند حزبێک، هەمـان ئەو هۆکارانـەن کـە بوونـە ڕێگر لەبـەردەم گەشـەکردنی – سیسـتمە حزبیـە – کاراکان.
بـۆ نموونـە: لـە وڵاتـی هیندسـتان کارلێکردنـی نێـوان

سەرکردەی تائیفە ئایینییەکان و توێژی فەرمانبەران، بوون بەهۆی دەرکەوتنی کارامەیی و شارەزایی لەو بوارانەی پەیوەستن بە سیستمی حزبایەتی، هەروەها لە وڵاتی یابان ئەو هەست و سۆزە نەریتیانەی کە هەبوونە دەربارەی پابەندییە ئاڵوگۆڕەکان و پەیوەندییەکانی نێوان بچووک و گەورەکان، ئەوانە کارئاسانیان کردووە بۆ پرۆسەی بونیادنانی حزبایەتی، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو کەلەپوورەی کە پاڵپشتی لە هەواداری پابەندنبوون بۆ کۆمەڵ دەردەبڕن، لەگەڵ ئەو هەوڵ و کۆششە بەکۆمەڵانەی مەبەستی گرتنە دەستی دەسەڵاتە، ئەوا سیستمە باوە نەریتییەکان لە کیشوەری ئاسیا ڕوویان لە خولقاندنی چەند ئاراستەیەک کرد کە لەگەڵ بەڕێوەبردنی سیستمێکی حزبی ڕکابەری کارا یەک ناگرنەوە.

(ڕووسیا – بای) کۆمەڵگەکانی ئاسیا بەپێی کولتووری سیاسی و کاریگەرییان بەسەر دروستبوونی دیاردەی حزبایەتی، دابەش دەکات سەرسێ جۆر:

١ سیستمی ئیمپراتۆرییەتە نەریتییەکان (نموونەی وڵاتی چین)

٢ سیستمی دەرەبەگایەتی لە یابان

٣ سیستمەکانی ڕکابەری سنووردار (وڵاتانی دیکەی ئاسیا)

### ١/ سیستمی ئیمپراتۆرییەتە نەریتیەکان:[٣]

بەپێی بۆچوونی (بای) سیستمە ئیمپراتۆرییەتە نەریتییە باوەکان، کەمتر هاوکاربوونە بۆ خولقاندن و بەدیهێنانی ژینگەی گونجاو و لەبار لەپێناو دروستبوونی ڕێکخراو و یەکێتی گەلێکی ئارەزوومەندانە کە توانای داڕشتنی سیاسەتێکی گشتیان هەبێت.

لێرەدا بۆشایی فراوان لەنێوان توێژی بژاردەی ناو کۆمەڵ لەگەڵ جیهانی جەماوەردا پەیدا بووە، بە ڕادەیەک کە داواکاری و بەرژەوەندییەکانی گەل لە هەلومەرجێکی زۆر دژواردا نەبوایە ئەوا نەدەگەیشتنە کەسی فەرمانڕەوای وڵات، ئەگەر ئەو داواکاریانە بگەیشتایە دەستی خودی ئیمپراتۆریش ئەوا بەزۆری لە ئەنجامی، (یاخود) بەهۆی توندوتیژییەوە دەبوو، یانیش دەبووە هۆی پەیدابوونی توندوتیژی لە وڵاتدا.

لەو جۆرە سیستمانە هەرگیز دان نەنراوە بە زەرووڕەتی دامەزراوەگەلێک کە بە ڕوونی و ئاشکرا لە بەرژەوەندییەکانی گەل بکۆڵێتەوە، بەڵکو بۆچوون وابووە کە حکومەت (بەرپرس و فەرمانبەران) جۆرێک لە ئەقڵانییەت و ژیری لەبار و پێویستی تیادایە، بۆ ئەوەی بەهۆیەوە حوکمڕانییەکی دادپەروەرانەی سەرکەوتووی کۆمەڵگە بکات.

لە خەسڵەتە بنچینەییەکانی سیستمی ئیپمراتۆرییەتیش، پاوانکردنی دەسەڵات بووە، واتە سەپاندنی ئەو دەسەڵاتە بەسەر تەواو چین و توێژ و بژاردە و کەسانی ناو کۆمەڵ.

هەروەها ئەو جۆرە دەسەڵاتە هەوڵیداوە ڕێگە لە دەرکەوتنی هەر هێزێکی سەربەخۆ بگرێت، ئەگەر چی لە هەمان کاتدا گرووپی سەربەخۆ و ڕێکخراو، سەریان هەڵداوە کە خاوەن جۆرە ڕێکخستنێک بوون لە ئاستێکی بەرزدا و هاوکاریش بوون بۆ سەقامگیری کۆی سیستمەکە.

لە وڵاتی چینی کۆندا چەند ڕێکخراوێکی دانپێنراو پێکهاتوون لەسەر بنچینەی عەشیرەت و خزمایەتی لەگەڵ چەند سەندیکایەکی پیشەیی بە دیسپلینێکی تۆکمەوە، ئەویش بەزۆری لە بوارەکانی بازرگانیدا، سەرەڕای چەند گرووپێکی نهێنی دیکە کە دەسەڵاتی بڕیاردانیان هەبووە لەسەر ژیان و مردنی ئەندامەکانیان.

بەڵام ئەو یەکێتی و ڕێکخراو و کۆمەڵانە کە سەرکردەکانیان سوودیان لێوەرگرتوون، ئەوانە شێوەیەک یان وێنەیەک نەبوونە لە حزبە سیاسییەکان، یاخود گرووپەکانی بەرژەوەندی هاوچەرخ، ئەوانە وەک گردبوونەوەگەلێک توانای ئەوەیان نەبووە فشار بخەنە سەر حکومەت، چونکە بۆچوون وابووە ئەو هێزە کارا و بزوێنەرانەی کە سیاسەتی گشتی هەڵدەسووڕێنن، ئەوانە بەتەواوی لە چوارچێوەی چین و توێژی فەرمانبەرانی حکومەتدا سەلمێنراون، دیارە لە ئەنجامیشدا کارێکی نائەقڵانی گەورەیە کە تاکی ئاسایی (هەر چەندی بێت سامان و پێگەی) لەو هەلومەرجە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەدا بە ئاشکرا کار بکات و داواکاری لە حکومەت هەبێت.

داننەنان بە پێویست بوونی چەند پەیوەندییەکی ڕاشکاو و دامەزراوەییانە لەنێوان (یەکێتییە تایبەتەکان) و (دامەزراوەکانی

حکومەت) ئەوە دەگەیێنێ کە هەموو پەیوەندییەکانی نێوان کارمەندان، ئەوا ملکەچی پەیوەندییە کەسایەتییەکان بووە، لە ئەنجامیشدا (ئەو پەیوەندییانە) کەوتۆتە چوارچێوەی نەبوونی لێهاتوویی و شایستەیی، هەروەها بوونی گەندەڵی و خەڵەتاندن.

هەر بەپێی ئەو لێکدانەوەیە (بای) دەگاتە گریمانەیەک، ئەویش: ئەو کۆمەڵگە کراوەیەی کە لەگەڵ سەردەمی کۆماریدا لە وڵاتی چین سەری هەڵدا، جێگای سەرنجدانی تایبەت نەبووە لەلایەن زۆرینەی خوێندەوار و ڕۆشنبیرانی کۆمەڵگەکە، ئەوانی بەهۆی ترس (لە ئاکامەکانی ئاژاوە و ململانێ) ویستیان، دەسەڵاتێکی یەکگرتوو، کە خۆی لە حکومەتی پاوانکار بەرجەستە دەکات، دابمەزرێنن.

لەم بارەدا ئەگەر بوونی حزبە سیاسییەکان بە پێویست زانرابێت وەک بە دەنگەوەهاتنێک بۆ ئەو – مۆدە –یەی بڵاوبۆتەوە، ئەوا خەڵکی چین تاڕادەیەک هەموو کۆک بوون لەسەر بە باش زانین و لایەنگیریکردنی سیستمی تاکحزبی، کە لەمیانەیدا ئەو حزبە لە حکومەتە ڕەسمییەکە جیاواز ناکرێتەوە، دیارە ئەو دیدەش (لەو هەست و گیانە شاراوەییەی) کە لەپشت دەسەڵاتداری (مکۆمین تانگ)[٤]

(پارتی نیشتمانی گەل) خۆی مت دابوو، ئەویش هەمان هەست و گیانی شاراوە بوو کە لەپشتی حوکمڕانی حزبی کۆمۆنیستی چین دواتر پەیدابوو.

## ڕووداوە سیاسییەکانی وڵاتی چین:[٥]

لە مانگی کانوونی دووەمی/١٨٥١ شۆڕشێکی جوتیاری بە سەرکردایەتی (هونغ شیو) لە هەرێمی – تاپینغ – بەرپابوو، درێژەی کێشا و لە ساڵی (١٨٥٣) دەستیان بەسەر دەسەڵات گرت.

دەسەڵاتی نوێ هەوڵیدا هەندێ گۆڕان جێبەجێ بکات، لەو کارانەش:

سیستمێکی نوێی مۆڵکایەتی زەویوزاری بڵاوکردەوە، بڕیاری یەکسانی لەنێوان ژن و پیاو دەرکرد، هەروەها داڕشتنی سیستمێکی کارگێری بۆ بەرگریکردن لە خاک و زەوی بەرامبەر هێرشی دەرەکی.

پاش ماوەیەک جارێکی دیکە وڵات کەوتەوە ناو گێژاوی ئاژاوە و ململانێ، لەو بارودۆخەدا دەسەڵات کەوتە ژێردەستی چەند کەسانێکی دیکە، بەو هۆیەوە وڵاتی چین بەرەو ڕووی پارچەپارچە بوون و ئاژاوە و پشێوی هات.

لەو ماوەیەدا هەندێ ڕووناکبیر بیریان لە چارەسەر و باشترکردنی دۆخی وڵات دەکردەوە، بۆ ئەوەی ڕێگا لەبەردەم دابەشبوونی خاکی نیشتمان بگرن.

لەو سەروبەندەدا ئاراستەیەکی چاکسازی دەرکەوت و بەرنامەیەکیان داڕشت، ئامانجیشیان سەروەری یاسا و سیستمێکی نوێ بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات بوو، هەروەها هەوڵدان بوو بۆ پەرەپێدانی باری ئابووری چین.

ئەو ئاراستەیە لەلایەن هەریەک لە (کانغ یو وی) و (لیانغ شی) سەرکردایەتی دەکرا، ئەوان بۆ ئەو مەبەستە بە هەڵمەتێکی گەورە هەستان، ژمارەیەکی زۆری خەڵکیان لەگەڵدا بوو، چەند جارێک پێشنیازی چاکسازییان گەیاندووەتە خودی ئیمپراتۆر، ڕێکخراوێکیان پێکهێنا و ڕۆژنامەیەکیان بە ناوی – نیشتمان – دەرکرد، کە لە پایتەخت بڵاو دەکرایەوە.

ساڵی (١٨٩٥) جەنگی نێوان چین و یابان کۆتایی هات بە سەرکەوتنی یابان، چین ناچار کرا دەست لە دوورگەی – تایوان – هەڵبگرێت، هەروەها ڕێگایدا چەند دەوڵەتێکی ئەوروپا لەسەر خاکی چین چەند ناوچەیەکی بازرگانی بەڕێوەببەن.

ئەو ڕووداوانە هەستی نیشتمانپەروەری خەڵکی چینی وروژاند، ساڵی (١٨٩٩) ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا توانی دەوڵەتە ئەورووپییەکان ڕازی بکات کە سیاسەتی ئیستعمارییان بگۆڕن بەرامبەر چین.

لەو سەردەمە چەندین تیپ و ڕێکخراوی نهێنی دامەزراون بە مەبەستی بەرگریکردن لە خاکی چین، ئەو تیپ و ڕێکخراوانە لەژێر ناوی سەیربوون، یەک لەوانە لەژێر ناوی – تیپی مستەکۆڵەوەشێنەکان – پێکهات، ئەو ڕێکخراوانە کۆمەڵانی خەڵکیان لە دەوری خۆیان کۆکردبۆوە.

ساڵی (١٨٩٨) ئیمپراتۆری چین (توانغ شیوی) لەژێر کاریگەری ئەو ئاراستە و هەوڵانە چەند بڕیارێکی بۆ چاکسازی دەرکرد، لەوانە کردنەوەی قوتابخانە و دەرکردنی ڕۆژنامە و ڕێگاپێدان بە دەربڕینی بیروڕا، هەروەها چاککردنی کاروباری کارگێڕی وڵات، ئەو چاکسازیانە ناویان لێنرا – چاکسازییەکانی

سەد ڕۆژ – لە مێژووی چین.

بەڵام لە بەرامبەر ئەو دۆخە و هەوڵی چاکسازی، کۆنەپارێزان خۆیان کۆکردەوە، لە کۆدەتایەک توانیان ئیمپراتۆر زیندانی بکەن و ژمارەیەک لەسەر کردەکانی چاکسازی لە سێدارە بدەن، هەندێک لەوانە خۆیان دەرباز کرد و بەرەو وڵاتی یابان هەڵاتن.

لەو ماوەیەدا کەسایەتی (د. سن یات سن) دەرکەوت، کاری بۆ چارەسەرکردنی[٦] دۆخی چین دەکرد، لەگەڵ چەند ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕ پەیمانی بەست، داوای سیستمی کۆماری دەکرد بۆ وڵات (د.سن) ڕێکخراوێکی سیاسی بە ناوی (کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی چین) دامەزراند، ڕۆژنامەیەکیشی دەرکرد لەژێر ناوی (مینغ باو)، (د.سن) سێ بنەمای خستەڕوو، بۆ ئەوەی گەلی چین کاری لەسەر بکات، ئەو بنەمایانەش: نیشتمانپەروەری، دیموکراسییەت، بژێوی.

(د.سن) ساڵی (١٩١١) دەسەڵاتی گرتە دەست و بە شێوەیەکی کاتی بووە سەرۆک کۆمار، پاشتریش (حزبی نیشتمانی گەل) (کۆمین تانگ)ی دروست کرد، بەڵام هێزە چەکدارەکانی چین، بەتایبەتی چەند ئەفسەرێکی پلە باڵای ئەو هێزە، (یوان شان کای شیک)یان بۆ سەرۆک کۆمار دەستنیشان کرد، (د.سن) ناچار بوو ڕەزامەند بێت.[٧]

بارودۆخی وڵاتی چین، ڕووی لە گرژی کرد، لەلایەکەوە ملهوڕی (شان کای شیک) و هێرشی یابانیش بۆ سەر چین، بارودۆخی وڵاتی بەتەواوی تێکدا لە ئاست[٨] ئەو دۆخە حزبی کۆمۆنیستی چین بە سەرکردایەتی (ماوتسی تونگ) بڕیاری

خەباتی چەکداریدا، شەڕ و ململانێ درێژەی کێشا، دۆخەکە گۆڕانی بەسەردا هات، لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەم، هێرشی یابان بۆ سەر چین تێکشکا، لەشکرەکەی چینیش بە سەرکردایەتی (شان کای شێک) ڕووی لە لاوازی کرد، بۆیە سەرۆک و پاشماوەی دەسەڵاتەکەی وڵاتیان بەجێهێشت بەرەو دوورگەی (تایوان)، حزبی کۆمۆنیستی چین بە سەرکردایەتی ماو دەسەڵاتی گرتە دەست.

## ژیانی سیاسی ئێستای چین

وڵاتی چین کە ڕووبەرەکەی (٩,٥٩٧,٠٠٠)کم٢، ژمارەی دانشتوانەکەش لە دەوروبەری (١,٣٩٩) ملیار کەسە بەپێی سەرژمێری ساڵی (٢٠١٠).

ئەو وڵاتە لە ژمارەیەکی زۆری نەتەوەی کولتوور و زمان جیاواز پێکهاتووە، بەپێی بەڵگەنامە ڕەسمییەکانی حکومەت (٥٦) نەتەوە لە وڵاتی چیندا بوونیان هەیە، گەورەترین نەتەوەی چین، نەتەوەی (هان)ە، کە نزیکەی ٩٠٪ دانیشتوانی چین دەبێت، لە نەتەوەکانی دیکەش: (تشوانگ، لوبا، هوی، ویگور، تای، مەنگول، یی، یاو، بای، تبت، میاو).

حزبی دەسەڵاتدار لە چین حزبی شیوعییە، ئەو حزبە ساڵی (١٩٢١) دامەزراوە و ساڵی (١٩٤٩) دەسەڵاتی گرتۆتە دەست، ژمارەی ئەندامانی نزیکەی (٨٩) ملیۆن ئەندامە، پەیکەری ڕێکخراوەیی حزبی شیوعی چین ئەم شێوەی خوارەوەیە:

کۆنگرەی گشتی

کۆمیتەی ناوەندی
لیژنەی هەمیشەیی مەکتەبی سیاسی (٩) ئەندام
مەکتەبی سیاسی (٢٢ ئەندام بە لیژنەی هەمیشەییەوە)
ئەمینداری گشتی – سکرتارییەتی ئەمینداری
لیژنەی سەربازی ناوەندی
ئەنجوومەنی دیسپلین (لیژنەی پشکنینی ناوەندی)
ڕێکخراوەکان لەسەر ئاستی: هەرێم، پارێزگا، شار
لە چین چەند کۆمەڵە و ڕێکخراوێکی سیاسی ڕێگای پێدراوە، لەوانە:

١ لیژنەی شۆڕشگێڕی حزبی کومینتاناگی چین
٢ کۆمەڵەی دیموکراسی چین بۆ بونیادنانی نیشتمان
٣ حزبی تشیگونگی چین
٤ کۆمەڵەی جیوسان
٥ کۆمەڵەی چین بۆ گەشەپێدانی دیموکراسی
٦ یەکێتیی دیموکراسی چین
٧ حزبی دیموکراسی چین، بۆ جوتیار و کرێکاران
٨ کۆمەڵەی خودموختاری دیموکراسی لە تایوان

**٢/ سیستمی دەرەبەگایەتی یابان:**[٨]

یابانی کۆن وەک باس دەکرێت (لە چەندین ڕووەوە) لە بواری دامەزراندن و ڕێکخستنەوەی، زیاتر لە ئەورووپای دەرەبەگایەتی نزیک بووە تا ئیمپراتۆرییەتی چین، لەم بارەوە دوو خەسڵەتی گرینگ و بەرچاو وەردەگیرێن دەربارەی دروستبوونی دیاردەی حزبایەتی لەو وڵاتەدا:

١.  بوونـی ڕادەیەكـی بـەرز لـە فرەیـی و لـە دیاردەی ڕكابـەری، بـە پێچەوانـەی ئـەو دۆخـەی بـاو بـووە لـە دەوڵەتـە نەریتگەرییەكانـی كیشـوەری ئاسـیا.
٢.  جیاكردنەوەی نێوان هەردوو بواری ئابووری و سیاسـی، ڕێگانەدانیـش بـە كاری سیاسـی كـە زیـان بـە بەرژەوەندییـە ئابوورییـەكان بگەیێنێـت.

ئەگەرچی سیستمی – توكوجایا –ی كۆن لە یابان بە چەند شێوەیەكی[١٠] حوكمڕانی ناوەندی ناسراوە، بەڵام سـەربەخۆیی دەرەبەگـەكان لـە كاروبـاری ناوخۆییـان لەگـەڵ لایەنگرانیـان لـە چینـی – سـامورای – جەنـگاوەر، بـوو بەهـۆی فەراهەمكردنـی چوارچێوەیەكـی ڕكابەریانـە لـە سیاسـیەتی یابـان، هەروەهـا پێكـدادان لەنێـوان ئـەو سـەركردە و ڕكابەرانـە بـوو بەهـۆی پەیدابوونـی نەریتێكی یابانی هەمیشـەیی، بەوەی[١١] كە سیاسـەت بریتییـە لـە كارلێكردنـی بەرژەوەندییەكانـی چەنـد لایەنێكـی سـەرەكی، هـەر لایەنێكیـش بنچینەیەكـی هێـز و ڕێكخسـتنی سـەربەخۆی هەبێـت.

بـەم جـۆرە گیانـی سیاسـی لـە یابـان بەرجەسـتە بـوو لـە تێكەڵەیەكـی نێـوان هـەواداری و لایەنگرییەكـی تونـد، كـە چەنـد سیسـتمێكی دیاریكراوی بەدوایەكی هێنـا، لەگـەڵ فەراهەمبوونـی توانـا بـۆ بەسـتنی هاوپەیمانـی و سـازدان و مامەڵەكردن بەهـۆی سـەركردەكانی ئـەو لایەنانـەوە.

لە ئاخروئۆخری ماوەی بنەماڵەی – توكوجایا – بەرژەوەندی و سیاسـەتە ڕكابەرییـەكان تێكەڵـی یەكتـر دەبوون، سـەركردەكان ئـەو بیرۆكەیـان لاپەسـند بـوو، كـە دەكـرێ كاری سیاسـەت بـە

شێوەیەکی گونجاو بۆ پێشکەوتن و پاراستنی خۆشگوزەرانی ئابووری بەکار بهێنرێت لەپێناو کۆمەڵ و پڕۆژەکان.
لەو هەلومەرجەدا، دەرەبەگەکان لەگەڵ جیاوازییان، هەر گرووپە و بە کار و بارێکی تایبەتەوە خەریک بوون لە بەرهەمهێنان و فرۆشتن لە بازاڕە گەورەکاندا، هەروەها کاتێ قۆناغی – خۆبەسیبوونیان – تیپەڕ کرد لە پێداویستییەکان و گەیشتنە ڕادەی بەدەستهێنانی پسپۆڕی شارەزایی زیاتر، ئەوا لە ئاکامدا جۆرێک لە دابەشبوونی کاریش پەیدابوو.
دیارە مامەڵە و هەڵسوکەوتی سەرکردەکانیش هەستیارانە بووە لە ئاست زەرووڕەتی پاڵپشتیکردن لە بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیان، هەر لە گەرمەی ئەو پرۆسەیەدا و لەپێناو گەشەپێدانی نەتەوەیی، دەسەڵاتدارە یابانییەکان فێربوونیان تەنها لەو سنوورە قەتیس نەمابوو، کە چۆن سیاسەت بۆ پشتیوانیکردن لە بەرژەوەندییە ئابوورییەکان بەکاربهێنن، بەڵکو لەوەش گرینگتر فێری ئەوە بوون کە سیاسەت بوارێکی جیاوازە، بنەما و ڕێسای تایبەتی خۆی هەیە، پێشێلکردنی دەبێتە هۆی گەیاندنی زیانێکی گەورە بە هەموو لایەنەکان و لە دوایشدا سیاسەت دەبێتە جێگەی پێداچوونەوە، لەبەر ئەوەی بەها ئابوورییەکان دەبێت ڕێزیان لێ بگیرێت و ملکەچی پێداویستییەکانی ببن.
لە وڵاتی یابان سیاسەت هەمیشە ڕادەیەک لە دابەشبوون، یاخود پەرتوبڵاوبوون لە هێزدا خەسڵەتی بوو، زۆرتر لەو بارەی کە لە وڵاتانی دواکەتوودا هەبووە.

**سەردەمی (مێجی) و پەرەسەندنی ژیانی سیاسی:**[١٢]

مێژووی حزبە سیاسییەکان لە یابان کورتن، چەند حزب و کۆمەڵەیەکی سیاسی دروستبوون لە ماوە سەرەتاییەکانی دەسەڵاتی (میجی) پێش ڕاگەیاندنی دەستووری (١٨٨٩)، بەڵام چالاک و کاریگەر نەبوون، ئەو ڕێکخراوە سیاسییانە لەژێر دەسەڵاتی ئەو دەوڵەمەندانە بوون کە دوور بوون لە دەسەڵات و دەیانەویست بگەنە دەسەڵات.

سەرەتا، دروستبوونی ڕاستەقینەی حزب لە وڵاتی یابان لەگەڵ دەرکەوتنی دەستووری – میجی – سەری هەڵدا، حزبە چەپەکان، ئەوانی دەرکەوتن لەگەڵ پەرەسەندنی دیموکراسییەت، وەک: حزبە سۆسیالستەکان، حزبی جوتیارانی میللی، حزبی کۆمۆنیست، ئەو حزبانە توانا دارایییەکانیان لاوازبوو، هەروەها لە ڕووی ڕێکخستنەوە بێتوانا بوون و پشتگیری بەهێزی جەماوەریان نەبووە، ئەویش بەهۆی کولتووری یابانی کە جەخت لەسەر ڕێکوپێکی گونجاندنی کۆمەڵایەتی دەکات، لەگەڵ دوورکەوتنەوە لە دابەشبوونی کۆمەڵایەتی.

لە سەردەمی دەسەڵاتداری (میجی) لەنێوان (١٨٦٨ - ١٩١٢) نارەزایی و داواکارییەکان پەرەیان سەند، زیاتر جەختیان لەسەر بوونی سیستمێکی پەرلەمانی، یان دامەزراندنی کۆمەڵەیەکی نیشتمانی دەکرد، کە بەشدار بێت لە دارشتنی سیاسەتی وڵات و لە بەڕێوەبردنشی.

یەک لەو داواکاریانە لەلایەن سەرکردەیەکی (سامورای) بۆ

ئیمپراتۆر بەرز کرایەوە، ئەو سەرکردەیە حزبێکی سیاسی پێکهێنابوو بە ناوی (بزووتنەوەی ئازادی و مافەکانی گەل)، لەبەر ڕۆشنایی بنەماکانی هزری لیبڕاڵ لە فەرەنسا، حزبەکە ژمارەیەک لایەنگری هەبوو، کە بەزۆری لە چینی جوتیار و دەرەبەگ پێکهاتبوو.

حزبێکی دیکە لەلایەن بەرپرسێکی ناو حکومەت پێکهاتبوو، لەژێر ناوی (ئوکوما)، ئەویش داوای پیادەکردنی سیستمی پەرلەمانی دەکرد.[١٣]

خودی ئیمپراتۆر لەگەڵ چینی (ئولیگارشی) نزیک لە خۆی، ڕازی بوون بە دەرکردنی دەستوورێکی نوێ بۆ وڵات، لەبەر زۆر هۆکاری ناوخۆیی و دەرەکی ئەو دەستوورە هۆکارێک بوو بۆ ڕزگارکردنی یابان لە چەندین ڕێکەوتن و پەیمان، کە لەلایەن هێزی دەرەکییەوە بەسەریدا سەپێنرابوو.

هەر بەپێی بنەماکانی ئەو دەستوورە دەبوایە جۆرێک لە ژیانی پەرلەمانی دیموکراسی پیادە بکرێت، بەپێی سیستمی سیاسی نوێ، بڕیاردرا بە دامەزراندنی ئەنجوومەنی یاسادانان، کە لە دوو بەش (ئەنجوومەنی چینی ئەریستوکرات و ئەنجوومەنی نوێنەران) پێکهاتبوو، دەستووری وڵات دەسەڵاتەکانی ئیمپراتوریشی دیاری کردبوو.

## حزبە سیاسییەکان[١٤]

ئـەو حزبـە سیاسـییانەی لـەو سـەردەمە دروسـتبوون، هیـچ دەسـەڵاتێکی ڕاسـتەقینەیان نەبـووە، هۆکارەکەشـی زیاتـر بـۆ نەبوونـی یەکگرتوویـی لەنێـوان ئەندامەکانیـان دەگەڕێتـەوە، سـەرۆک وەزیرانـی وڵات لـە سـەرکردەکانی ئـەو حزبانـە دیـاری نەدەکـرا، بەڵکـو لەنـاو ئەندامانـی ئەنجوومەنـی ئەریسـتوکرات و بۆروژازییـەکان دیـاری دەکـرا.

یەکەم دەرکەوتنی کۆمەڵگەی مەدەنی لـە سـەردەمی (میجی) بووە، کاتـێ بزووتنـەوەی ناڕەزایی و داواکارییـەکان بـۆ ژیانی مەدەنـی دەسـتی پـێ کـرد، لـە سـەردەمی – میجـی – چەنـد حـزب و کۆمەڵەیەکـی سیاسـی دروسـتبوون، لەوانـە: حزبـی ئازادیخـوازان، حزبـی چاکسـازی حزبـی پێشـکەوتن، حزبـی دەسـتووری، حزبـی ئیمپراتـۆر، کۆمەڵـەی لایەنگرانـی دەوڵـەت، حزبـی لیبراڵـی ڕۆژهـەڵات، حزبـی سوشیالسـتی دیموکـرات.

ژیانی سیاسـی و حزبی لـە یابان، لـە نیوەی یەکەمی سـەدەی بیستەم[١٥]

بە کۆتاییهاتنی جەنگی دووەمـی جیهانی و داگیرکردنی یابان لەلایـەن هێـزی هاوپەیمانـان، دەرهاویشـتەکانی ئـەو بارودۆخـە کاردانـەوەی گرینگـی بەسـەر ژیانـی سیاسـی و حزبـی یابـان هەبـووە.

خەڵکـی یابـان بەهـۆی ئـەو ڕێکار و بڕیاریانـەی دەسـەڵاتی داگیرکـەر پێـی هەسـتا، ئـەوا بەسـەر دووبەرەی ناکـۆک دابەش

ببوون، ئەوانیش:

بەرەیەک ناوی (بەرەی پێشکەوتنخوازی) هەڵگرتبوو، پێکهاتبوو لە هێزە چەپڕەوەکان و هەندێ سەندیکای کرێکاری و بزووتنەوەی خوێندکارانی زانکۆ.

بەرەیەک دووەمیش، حزبە سیاسییە پارێزگارەکان و هەندێ هێزی کۆمەڵایەتی وەک دەرەبەگ و سەرمایەدار و خاوەن موڵک و زەوی کشتوکاڵی دەگرێتەوە.

هێزی یەکەم بەهۆی ئەو دۆخە گۆڕاوەی دوای جەنگ بەسەر یاباندا هات، ڕووی لە گەشەکردن و پەلهاویشتن بوو، حزبی شیوعی یابانیشی سوودی لەو دۆخە وەردەگرت، بەڵام دەسەڵاتی داگیرکار لە هەوڵی لغاوکردنی ئەو هێزانەبوو، هەروەها گرینگی بە باری ئابووری یابان دەدا بۆ گێڕانەوەی بەلای بەرەی ڕۆژئاوا، سەرەڕای ڕێگرتن لە تەشەنەکردنی هزری مارکسی و لە ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی لەو وڵاتە.

دواتر پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان یابان و ویلایە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کۆتایی بەرێککەوتنی ئاشتی لە نیسانی ١٩٥٢ هێنا.

بەو جۆرە قۆناغێکی نوێ لە ژیانی سیاسی یابان دەستی پێ کرد، کە دەکرێ ناوی لێ بنرێت (قۆناغی ڕێرەوی پێچەوانە)، کە زۆرترین قۆناغی پرکێشە و شڵەژان بوو لە سیاسەتی یابان پاش جەنگی دووەمی جیهانی، هۆیەکەشی بۆ جیاوازی لە بەها و کولتووری ناو کۆمەڵگە دەگەڕێتەوە، زیاتر لەوەی هۆیەکانی ناکۆکی و جیاوازییەکانی چینایەتی و ئابووری بێت.

ئاكامەكانی ئەو دۆخە پێكهاتنی جەمسەرگیری بوو لەنێوان هێزە سیاسییەكان، لەنێوان بەرەی چەپ و بەرەی ڕاستڕەو، دیارە ئەوەش گۆڕانێكی سیاسی بوو، هەردوو حزبی پارێزگاران لەو وڵاتە یەكیان گرت و حزبی لیبڕاڵ دیموكراسیان پێكهێنا، بەرەی دووەمیش، بەرەی چەپەكان بوو، حزب و ڕێكخراوە سۆشیالستەكان یەكیان گرت لە حزبی سوشیالستی یابان، ئەو حزبانەی تر هیچ كاریگەرییەكیان لەسەر گۆڕەپانی سیاسی نەمابوو، تەنها حزبی شیوعی یابان نەبێت كە تاڕادەیەكی لاواز ڕۆڵی دەگێڕا.

حزبی لیبڕاڵ دیموكرات دەسەڵاتی گرتە دەست و زۆرینەی كورسییەكانی ناو پەرلەمانی بەدەست هێنابوو.

### ٣/ سیستمە ڕكابەرییە سنووردارەكان:[١٦]

نووسەر (ڕووسیان بای) بەو دەستەواژەیە باس لەو سیتمانە دەكات كە لەناوچەكانی دیكەی كیشوەری ئاسیا دروست بووبوون، ئەوانی نێوان فۆرمە نەریتگەرییە ئیمپراتۆرییەكان و ڕۆحی سیستمی یابانی كۆ كردبووەوە.

دەبینین لە زۆربەی ناوچەكانی وڵاتی (مەلایو) سەركردە خۆجێییەكان، چ لە سەرۆكەكان بن یان لە سوڵتان و پاشاكان، هەموو پەرۆشی ئەوە بوون، كە دەسەڵاتەكان لە بواری ڕێكخستنی كۆمەڵایەتی لەژێر دەستی خۆیاندا بێت و جێگایان لە لووتكەی دەسەڵاتدا بێت.

بەڵام پەكەوتەیی و بێتوانایی ئەوانە، وای لێیان كرد كە

بنه حوکمڕانی ڕکابەر و دەرەبەگ، نوقمی ململانێ بن لەگەڵ سەرکردە بچووکەکان ئەوانەی خواستە سەرەکییەکانیان توانا ڕێکخراوەییەکانیانی تێپەڕ دەکرد، بۆ نموونە لە وڵاتی (فلیپین) پێش ئەوەی ئیسپانیا داگیری بکات ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی لەسەر شێوەی چەند گردبوونەوەیەکی ناوچەیی سەربەخۆی بچووک ڕێکخرابوو، سەرکردەکانی ئەو گردبوونەوانە هەڵگری زۆر لە ڕەفتار و ڕواڵەتی شکۆمەندی و خۆبەزلزانینیان پێوە دیاربوو، بەڵام ئەمنیەتیان بەتەواوی پشتی بە لێهاتوویی و کارامەیی خۆیان بەستبوو لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەر هەڕەشەیەکی کۆمەڵگەکانی دەوروبەریان.

لەنێوان ئەو کولتوورانەدا سیستمگەلێکی تەمومژاوی و نادیار و ڕکاربەری بەهێز سەریان هەڵدا، سەرکردەکانیان پێویست بوو لەسەریان پارێزگاری لە لایەنگرانیان بکەن و ئاستی ئاسوودەییان بۆ بهێننەدی، ڕەعیەتیش هەمیشە چاوەڕوانی مەترسییەکانی هێرش و تاڵانکارییان دەکرد لەلایەن خەڵکانی دیکەوە، هەر بەهۆی جەنگە بچووکە بێ کۆتاییەکانیشەوە، پەیداکردن و فەراهەمکردنی زەمینەیەکی هەر بەهۆی جەنگە بچووکە بێکۆتاییەکانیشەوە، پەیداکردن و فەراهەمکردنی زەمینەیەکی لەبار بۆ ململانێی سیاسی و ڕازیبوون بە ڕێساکانی هاوپەیمانێتی و بوونی بەرژەوەندییە خودییە ئاڵوگۆڕەکان، کارێکی زەروور و ناچاریش بوون.

بۆیە پرۆسەی سیاسی خۆی لە کرداری فرتوفێڵ و هەڵخەڵەتاندن دەبینیەوە لەنێوان ئەو سەرکردانەی هەڵوێستی سەربەخۆییان هەبوو، لەپێناو بەدەستهێنانی هێز و دەسەڵات،

ژیانی سیاسیش ڕکابەری پێوە دیار بوو بە مەبەستی پارێزگاری لە چەند بەرژەوەندییەکی پەرشوبڵاو.

بەڵام کارتێکردنی ڕاستەوخۆ لە دروستبوونی حزب و سیستمە حزبایەتییە تازەکان لە کیشوەری ئاسیا لە ڕاستیدا بە دەسەڵاتی ئیستعمار و دەرئەنجامەکانی دەبەسترێتەوە، خاڵی سەرەکیش لەو کارتێکردنە ئەوەیە کە ئیستعمار و ئەو دیاردانەی بەدوایدا هاتوون لە کاردانەوەی نەتەوەکان، لەسەر شێوەی چەند بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالستی دژ بە داگیرکاری، ئەوانە یارمەتیدەر بوون بۆ پاڵشتیکردن لە کرۆکی ئەو سیاسەتانەی هاوبەندبوون بە دابونەریتە ئیمپراتۆرییەتەکان لە هەر شوێنێکدا بووبێت، ئەو دابونەریتانەش پێش سەردەمی ئیستعماری ئەورووپی گەشەیان کردبوو.

بەو پێیە پشتگیری لەو ئاراستەیە کراوە کە ڕووی لە پاوانکردنی سیاسەت هەبووە، هەروەها لەبەر هەڵستیکردنی ڕکابەری و ڕێگرتن لە تێکەڵکردنی ململانێی بەرژەوەندییەکان، لەگەڵ ململانێ لەپێناو دەسەڵات و دەستڕۆیی.

ئەگەرچی لە زۆربەی ناوچەکانی کیشوەری ئاسیا کاریگەری ڕاستەوخۆی ئیستعمار لە بوارەکانی کارگێڕی گشتی و یاسا و سیستمەکاندا دەرکەوتن، هەروەها لە بەکارهێنانی ڕێکارێک بۆ خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی، بەڵام گەشەکردنی ژیانی دەستووری و هاندانی حزبە سیاسییەکان – بە شێوەیەکی گشتی – لە پرۆسەی کاروباری مەدەنیدا دواکەوتن.

لە کاتێکدا لە چەند وڵاتێکی گرینگی داگیرکراو (لە بوارێکی سنووورداردا) ڕێگا درا بە پێکهێنانی حزبە سیاسییە ڕکابەرەکان،

بەڵام بزووتنەوە نەتەوایەتییەکانی دژ بە دەسەڵاتی ئیستعمار پێیان وابوو ئەنجامدانی هەڵبژاردن، کە شێوازێکی ڕکابەری لەنێوان حزب و ئاراستە سیاسییەکان دەگرێتە خۆی، ئەوا دەبنە سەرچاوەی دووبەرەکی لەنێوان ڕۆڵەکانی گەلێکی ژێردەستەی داگیرکراو.

هیندستان کە خاوەن کەلەپوورێکی دووروردرێژی مێژووییە لە بواری هەڵبژاردنە خۆجێیەکان، شانبەشان ئەوەی خاوەن یەکێکە لە کۆنترین چوار یان پێنج حزبی سیاسی گرینگ لە هەموو جیهان، بەڵام هیچ تێکەڵبوونێکی کارا ڕووی نەدا لەنێوان هەردوو نەریتە خۆجێی و ئیستعمارییەکە لە سەردەمی حوکمڕانی بەریتانیا.

ئەگەرچی حزبی کۆنگرەی هیندی لە هەڵبژاردنە خۆجێیەکان ڕکابەر بوو، بەڵام وزە و توانا سەرەکییەکانی خۆی چڕ کردەوە لەپێناو بونیادنانی (هیندستانی نوێ) و دەوڵەمەندکردنی گەلی هیندستان بە هزر و ئاراستەی مۆدێرنەتر.

بێگومان زۆرێک لە ئایدیۆلۆژیا و بیروبۆچوونەکانی حزبی کۆنگرە دوور بوون لە داواکاری و بەرژەوەندییە ڕاستەوخۆکانی چەندین چین و توێژی جیاوازی ئەو کۆمەڵگەیە لەو سەردەمە، بەڵام پەیوەستی سەرەکی نێوان حزبی کۆنگرە و گەلی هیندستان خۆی بەرجەستە دەکرد لە داواکردنی سەربەخۆیی و خزمەتگوزارییەکانی حکومەت، کە مۆرک و خەسڵەتی هیندی هەڵبگرێت.

لەم بارەوە هەندێ بارودۆخی مێژووی هیندستان دەخەینە ڕوو:[١٧]

هیندستان ساڵی (١٨٧٥) کەوتە ژێر دەستی دەسەڵاتی ئیستعماری بەریتانیا، کە ڕاستەوخۆ کەوتە حوکمرانیکردنی و سوودوەرگرتن لە سامان و دەرامەتەکانی.

جەماوەری ئەو وڵاتە بێوچان بەرهەڵستی ئەو داگیرکاریەیان دەکرد و قوربانی زۆریان لەو پێناوە داوە، هەروەک لە ڕاپەڕینەکەی (١٩١٩) ڕوویدا، کە نزیکەی (٤٠٠) کەسیان لێ کوژراوە.

لەو سەردەمە دوو ڕەوتی سیاسی گرینگ جەماوەریان لە دەوری خۆیان کۆ کردۆتەوە:

١. کۆنگرەی نەتەوەیی هیندستان، کە لە ساڵی (١٨٨٥) لەسەر دەستی (غاندی) دامەزراوە.[١٨]

٢. ڕابیتەی ئیسلامی، لە ساڵی (١٩١٦) لەسەر دەستی محەمەد عەلی جەناح دامەزراوە.[١٩]

بزووتنەوەی نیشتمانی لە هیندستان بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕبووە:

أ. قۆناغی یەکەم، لەنێوان (١٨٨٥ ـ ١٩٠٠) درێژەی کێشا، ئامانجی بزووتنەوەی نیشتمانی لەم قۆناغەدا چاکسازی بووە لە سیستمی حوکمڕانی، کە لەلایەن ئیستعماری بەریتانیا بەڕێوەچووە.

ب. قۆناغی دووەم، لەنێوان (١٩٠٠ ـ ١٩١٤)، ئامانجی بزووتنەوەی نیشتمانی لەم قۆناغەدا، شێوەیەک لە دەسەڵاتی (ئۆتۆنۆمی) بووە.

جـ قۆناغی سێیەم، لەنێوان (١٩١٤ ـ ١٩٤٧) ئامانجی سەرەکی بزووتنەوەی نیشتمانی لەم قۆناغە سەربەخۆیی هیندستان و دەرکردنی داگیرکەربوو.

بە درێژایی ئەو قۆناغە مێژووییانە لە تێکۆشانی خەڵکی هیندستان، ئاراستە سیاسییەکان ڕوویان لە زۆربوون و پەرەسەندندابووە، سەرەڕای ململانێی توندی نێوانیان.

سیاسەتەکانی دەسەڵاتداری ئیستعمار بەرامبەر ناوچەکانی دیکەی کیشوەری ئاسیا ئەگەرچی جیاوازییان تیادا هەبووە، بەڵام دەرئەنجامە گشتییەکە هەریەک بوو، ئەویش پاڵپشتیکردنی ئاراستەی تاکڕەوی بووە لە سێبەری سیستمە نەریتگەرییە ئیمپراتۆرییەکان.

ئەو وڵاتە دەسەڵاتداری ئیستعماری فەرەنسا لە وڵاتانی ناسراو بە (هیندی ـ چینی) و هۆڵەندییەکان لە وڵاتی ئەندونیسیا، هەوڵیانداوە لە بواری گەشەکردنی دەستووری بۆ ناوچە داگیرکراوەکان چەند ڕۆڵێکی تایبەت بگێڕن، لەوانە: ئەرکە بنچینەییەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی لەو ناوچانە.

ئەوان (دەسەڵاتی ئیستعمار) لەو ناوچە کۆلۆنیالیانە، چەند ئەنجوومەنێکی ڕاوێژکاری و دامەزراوەیی نیمچەیاساییان دامەزراند، کە پێکهاتبوون لە نوێنەرانی هەموو لایەنە خاوەن بەرژەوەندییە گرینگەکان، هەر لە نوێنەرانی کێڵگەکانی لاستیک و ژوورە بازرگانیەکان... تا دەگاتە پیشە جیاجیاکان و کۆمەڵەی کەمایەتییەکانی وڵات.

بەڵام سەرکردە ناسیۆنالستەکان لەو ناوچە داگیرکراوانەدا ڕەخنەیان لەو جۆرە نوێنەرایەتییە دەگرت، جەختیانیش لەسەر

پێویستبوونی حزبی سیاسی ڕکابەر کردۆتەوە، بەو پێیەی کە هۆکارێکی لەبارە بۆ پێکهێنان و کۆکردنەوەی بەرژەوەندییە خۆجێیەکان.

دەربارەی تاقیکردنەوەی وڵاتی فلیپین، توێژەرانی ڕۆژئاوا وەک نموونەیەک دەیخەنە ڕوو، کە دەرهاوێشتەی کارلێکردنی نێوان ـ کولتوورێکی ڕکابەری سنووردار ـ لەلایەکەوە، لەگەڵ دەرهاوێشتەکانی – حوکمڕانی ئیستعمار. بوو لەلایەکی دیکەوە، لەپێناو دۆزینەوەی سیستمێکی حزبی بەهێزی ڕکابەر، ئەویش لە ڕوانگەی خۆیانەوە.

وڵاتی فلیپین ساڵی (١٥٦٤) بەرەو ڕووی داگیرکاری ئیسپانیا بووەوە، کاتێ ئیسپانیا ڕووی لە لاوازی کرد وەک دەسەڵات و ئیپمراتۆرییەت، تائیفە ئایینییەکان لە فلیپین دەستیان بەسەر وڵاتدا گرت، هەر لەو سەروبەندەدا بزووتنەوەی بەرهەڵستی نیشتمانی ڕووی لە گەشەکردن کرد.

لە سەدەی نۆزدەهەم سەربەخۆیی بەدەست هێنا، بەڵام لەژێر چاودێری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، جارێکی دیکە لە ماوەی جەنگی دووەمی جیهانی و لە ساڵی (١٩٤١) وڵاتی فلیپین کەوتە بەر هێرشی یابان و داگیر کرا، بە کۆتایی جەنگ فلیپین دووبارە سەربەخۆیی بەدەستهێنا لە (١٩٤٦).

سیستمی سیاسی ئەو وڵاتە لەسەر هەمان شێوازی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، پەرەی سەند، لە ڕووی سیستمی سەرۆکایەتی و ئەنجوومەنی نوێنەرانەوە.

فلیپین (بە شێوەیەکی گشتی) لە ڕووی ئابوورییەوە وڵاتێکی کشتوکاڵی بوو، لە ناوچە گوندنشینەکان کشتیار و

جوتیاران پشتیان بە خاوەن زەوی و دەسەلاتداران و ملکەچی دەسەلاتەکانیان دەبوون، خاوەن زەوی و موڵکداران وەک کەسی گەورە سەرپەرشتیان دەکردن.

لەمیانەی ململانێی نێوان ئەو چین و توێژانە و بە کارلێکردنی بەرژەوەندییەکان چەند قەوارەیەکی سیاسی پێکهاتوون، ئەوانیش:

حزبی لایانغ دیموکراتی کونغی فلیپین، حزبی ئازادیخوازان، حزبی نیشتمانی، ئەو حزبانە هەموویان حزبی نەریتگەری باوبوون، هێزیان لە ناوبانگی سەرکردەکانیان وەردەگرت.

پاشان چەند حزبێکی دیکەی ئاراستە جیاواز دروستبوون، لەوانە حزبی نیشتمانی دیموکراسی فلیپین، یەکێتیی نیشتمانی دیموکراسی مەسیحی، هەروەها حزبی یار تیدونغ یابان (حزبێکی چەپ بوو) دژی دەسەلاتی دەرەبەگ و موڵکداران کاری دەکرد.

## حزبە سیاسییەکان لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست:[٢٠]

بە هەمان بارودۆخی ناوچەکانی دیکەی کیشوەری ئاسیا، ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست هیچ جۆرە ئەنجوومەنێکی یاسادانان و ڕێسا و نەریتێکی نوێنەرایەتی وەک ئەوانی ئەورووپای بەخۆوە نەدیبوو، بۆ ئەوەی باس لە ڕەگوڕیشەی پەرلەمانی بکرێت بۆ حزبەکان.

ئەو کەلەپوورە ئیسلامییەی کە لە ناوچەکەدا باو بوو، لە ڕووە سیاسییەکەیەوە هیچی وای پێشکەش نەکردووە

که بیرۆکەی (شورا) ببەستێتەوە بە تیۆرێکی دیاریکراوەوە دەربارەی سیستمی نوێنەرایەتی پەرلەمانی، یاخود دەربارەی دەسەڵاتی زۆرینە.

کرۆکی تیۆری سیاسی ئیسلامی لە سەدەکانی ناوەڕاست جەختی لەسەر ئەو خەسڵەت و ئاکارانە کردۆتەوە کە پێویست بوو لە کەسی دەسەڵاتدار بێتەدی، هەروەها ئەو بنەما و خاڵە بنچینەییانەی ڕەفتار و هەڵسوکەوت دەبەستێتەوە بە شەریعەتی ئیسلام.

هەر لە سایەی دەسەڵاتی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیش بەسەر ناوچەکەدا، ئەوا دەسەڵاتی ڕەهای ئەو سوڵتانە عوسمانیانە سەپێنرابوون و هیچ ناوەندێک، یاخود دامەزراوەیەکیش بەرەنگارییان نەبۆتەوە.

دواماوەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم لەگەڵ خۆیدا دەسەڵاتی ئیستعماری ئەورووپی بۆ ناوچەکە هێناوە، ئەگەر لەسەر شێوەی داگیرکاری سەربازی ڕاستەوخۆ بووبێت، یان لەژێر ناوی - پاراستن و ئینتداب - بێت، هەروەک لەم نموونانەی خوارەوە دەبینین:[٢١]

جەزائیر لە ساڵی (١٨٣٠)، تونس لە ساڵی (١٨٨١)، میسر لە ساڵی (١٨٨٢)، لیبیا لە ساڵی (١٩٢٠)، خاکیان داگیرکراوە، هەروەها ناوچەکانی کەنداو و عێراقیش کەوتنە بەرپەلاماری داگیرکردن.

ساڵی (١٩٠٧) هەردوو دەوڵەتی بەریتانیا و ڕووسیا ڕێکەوتن لەسەر دابەشکردنی ئێران، هەریەکە بەشێکی خاکی ئەو وڵاتەی داگیرکرد (کە وڵاتێکی سەربەخۆ بوو)،

لەپێناو بەرژەوەندی ئابووری و دەسترۆیی لە ناوچەکە، ئەو کارەش دوای ئەوەهات کە ئێران بڕیاری لەسەر دەستوورێکی پەرلەمانی دابوو، هەنگاویشی بەرەو پەرەسەندن دەهاوێشت.

فەرەنسییەکان ساڵی (١٩٢٠) سیستمی ئینتدابیان بەسەر سوریا و لوبنان سەپاند، دوای داگیرکردنی شاری (دیمەشق) و پاش ئەوەی کۆمەڵەی نیشتمانی لەو وڵاتە حکومەتێکی دەستووری سەربەخۆی ڕاگەیاندبوو.

بەهەرحاڵ، حزب وەک ڕێکخستنێکی سیاسی ئارەزوومەندانە داهێنانێکی نوێ بوو لە ناوچەکە و پێشتر بەخۆیەوەی نەدیبوو، ئەوەی هەبوو چەند گردبوونەوەیەک بوو لەسەر بنەمای خزمایەتی، یاخود ڕێبازی ئایینی، یانیش بەرژەوەندییە ئابوورییەکان و پەیوەندییە کەسایەتییەکان.

لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (تەنها لە سیستمە کۆنەکانی عەرەبی سعودی، یەمەن، قەوارە بچووکەکانی کەنداوی عەرەبی نەبێت)، دیاردەی سەرهەڵدانی حزبایەتی وەک ڕێسایەک بوو بۆ دەربڕینی نارەزایی و بەرهەڵستیکردنی دەسەڵاتی بیانی، یاخود ناوچەیی، زیاتر لەوەی دەربڕینێک بێت لەلایەن گرووپێکی دەنگدان لەناو کۆمەڵەیەک یانیش ئەنجوومەنێکی یاسادانان و یاخود ئەنجوومەنێکی دەستووری، بۆیە حزبەکان بەزۆری هەوڵەکانیان بۆ گەیشتن بەدەسەڵات، یان ئاراستەکردنی کاروبارە سیاسییەکان لە چوارچێوەی سیستمی سیاسیدا، کەمتر بووە لەوەی بایەخ بدەن بە پێناسەی نەتەوەیی، یاخود بە دامەزراندنی سیستمێکی نوێ، تەنها لە وڵاتی ئیسرائیل نەبێت (ئەو دەوڵەتە لە چوارچێوەی

پەرەسەندنی گشتی کولتووری و سیاسی ناوچەکە دەردەچێت، ئەویش لەبەر زۆر هۆ).

شارەزایانی کاروباری حزبایەتی کۆکن لەسەر ئەوەی کە تورکیا تەنها وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە تیایدا حزبە سیاسییەکان لە زووەوە ئامرازی سەرەکی ڕکابەری بووە لەسەر دەسەڵات.[٢٢]

حزبەکان لەو وڵاتە ماوەی زیاتر لە سەدەیەکە دروستبوونە، بە جۆرێک بووە بە خەسڵەتێکی ناوەندی و زاڵیش بەسەر ژیانی سیاسیدا، هەر لە ساڵی (١٩٠٨)وە ئەو هەلومەرجە وایکرد کە تورکیا (بەپیترین) بابەت بخاتە ڕوو بۆ ئاشکراکردنی دەرئەنجامی گۆڕاوە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکان دەربارەی پەرەسەندنی ژیانی حزبایەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دیارە ئەو حاڵەتەش پێچەوانەی زۆربەی وڵاتە دواکەوتووەکانی ناوچەکە بووە، کۆماری تورکیا لە ساڵی (١٩٢٣) دامەزرا، میراتگری حەوت سەدەیە لە دابونەریتی دەوڵەتی عوسمانی، تورکەکان ڕێزیان بۆ بەرپرسیاریەتی حکومەتی و شارەزایی لە کاری ڕێکخراوەیی و ڕاستییەکانی دەسەڵات و هێزی سیاسی پیشانداوە، ئەو دیاردەیەش ڕەنگدانەوەی بەسەر چالاکی حزبایەتی هەبووە لە تورکیا لەگەڵ پەرەپێدانی بەردەوام.

بە شێوەیەکی گشتی، وڵاتی تورکیا بە زنجیرەیەک قۆناغی ڕێکوپێک و تێکەڵ بە یەکدا لە بواری گەشەپێدانی سیاسی تێپەڕبووە، کە دەکرێ لەم خاڵانە کورت بکرێتەوە:

١/ بونیادنانەوەی دەسەڵاتی سیاسی ناوەندی و پێکهێنانی قەوارەیەکی کارا بۆ کاروباری گشتی لە نێوان (١٨٠٨ - ١٩٠٨).

٢/ پرۆسەیەکی دژوار بۆ خولقاندنی پێناسەی هەرێمایەتی دەوڵەت و دەرکردنی هەستی هاوکاری نەتەوایەتی لە سنوورێکی سەلمێنراودا (١٨٢٠ ـ ١٩٢٣)

لە ئەنجامیشدا بەشداریکردنی ژمارەیەکی زۆرتری هاووڵاتیانی لە چالاکی سیاسی لە ڕووداوەکانی ساڵی (١٩٠٨) بەپێی ئەو بۆچوونە حزبە سیاسییەکان لە تورکیا دەستیان کرد بە گێڕانی ڕۆڵێکی بنچینەیی و تایبەت بۆ فراوانکردنی سنووری بەشداریکردنی سیاسی، سەرەتا چالاکییە بچووکەکانی حزبە سەردەمییەکانی وەک (عوسمانییە نوێیەکان و کۆمەڵەی ئیتحاد و تەرەقی)، ئەوانی بریتی بوون لە چەند گرووپێکی بچووک لەناو بژاردەی بیروکراسییە عەسکەرتارییەتەکان، کە لە شاری ئەستەمبۆل دەستیان پێ کرد و دوور خرانەوە بۆ دەرەوەی وڵات، دواتر بە جۆرێکی فراوان گەڕانەوە بۆ چەند شارێکی پێشکەوتووی ڕۆشنبیری گەورە لە سنووری دەوڵەتی عوسمانی، وەک لە ناوچەکانی مەکدونیا و سوریا.

دوای ساڵی (١٩٠٨)یش ڕێکخستنی حزبایەتی بە ئاشکرا و بە ڕەسمی چالاکییەکانی دەستی پێ کرد و بڵاو بووەوە تا گەیشتە ڕادەی چەند ناوەندێکی فرەتوێژ و چینە کۆمەڵایەتییەکانی وەک: خوێندەوار و ئەفسەر و فەرمانبەرە مەدەنییەکان لەگەڵ پارێزەر و پزیشک و مامۆستا و ڕۆژنامەوان، ئەگەر لە پایتەخت بووبێت، یان لە ناوەندە هەرێمایەتییەکانی دیکە.

ساڵی (١٩٢٠) ڕێکخستنی حزبەکان لەناو شارە بچووکەکانیش پەرەی سەند، لەم بارەوە مامۆستا و بەرپرسە کارگێڕییەکان و کۆمەڵێک لە پیاوانی ئایینی ڕێکخراوی بەرگری لە مافەکانیان

پێکهێنا.

دیاره لە سێبەری سیستمی تاکحزبیدا، لەنێوان (١٩٢٣ ـ ١٩٤٥)دا، ئەو بارودۆخە کە لەژێر دەسەڵاتی توێژی بژاردەی ناوکۆمەڵدا بوو (ئەفسەرانی سوپا، فەرمانبەرە مەدەنییەکان)، ڕووی لە چەسپاندن و بەهێزی و پتەو بوون دەکرد.

بەڵام دوای ساڵی (١٩٤٥) پارێزەران، پیاوانی کار و موڵکدارە گەورەکان، دواتریش جوتیار و کرێکارانی ناو پیشەسازی بەشدارییەکی چالاکیان لە ژیانی سیاسی کرد، لەو هەلومەرجەشدا سیستمی سیاسی لە تورکیا وەرچەرخانێکی گەورەی بەخۆیەوە دیت بەرەو سیستمی فرەحزبی.

بەڵام وڵاتانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕووبەڕووی کێشە و گرفتی زۆر دژوار ببوونەوە، ئەوەش بەهۆی دەرهاوێشتەکانی ئەو بارەی لە تورکیا خولقا و ڕوویدا، دواتریش ڕەنگدانەوەی بەسەر بارودۆخی ناوخۆیان و پێکهاتنی دیاردەی حزبایەتی.

کۆماری تورکیا لە کاتێکدا، کە لە دایکبوو میراتی سەدان ساڵەی لە نەریتی حوکمڕانی بەدوای خۆیدا هێناوە و پارێزگاریشی لە سەربەخۆیی خۆی کردووە.

بەڵام وڵاتە عەرەبییەکان بە چەند پلەیەکی جیاواز لەو کولتوورە دواکەوتبوون، هەروەها سەربەخۆییان لەدەستدابوو لە سێبەری دەوڵەتی عوسمانی و پاشانیش بەهۆی داگیرکردنیان لەلایەن دەوڵەتە ئەورووپییەکانەوە، هەڕەشە و فشارەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی و دواتر جەنگی دووەمی جیهانی و پاشانیش ڕووداوەکانی بزووتنەوە ڕزگاریخوازە

نیشـتمانییەکان، کـە پەنایـان بـۆ شـۆڕش و توندوتیـژی دەبـرد، ئـەو دۆخـە بـوو هۆکارێکـی سـەرەکی لـە سیاسـەتی ناوخـۆ، یارمەتیدەریش بوو کە سوپا لە وڵاتانی عەرەبی ببێتە هێزی سـەرەکی لـە گۆڕەپانـی سیاسـەتدا.

هـەر لـە سـەروبەندی ئـەو بارودۆخـە، مێژوویـی و کۆمەڵایەتییـەدا، پەرەسـەندنی ژیانـی حزبایەتـی لـە زۆربـەی وڵاتـە عەرەبییـەکان و بـە ئیرانیشـەوە، بـەراورد بـەو حاڵەتـەی لـە تورکیـا ڕوویـدا دواکـەوت و بـووە کۆسـپ و بـەرەو ڕووی توندوتیژییانـی کردۆتـەوە.

لـە نیوەی دووەمـی سـەدەی نۆزەدا جۆرێـک لـە ڕێکخسـتنی حزبایەتی دەسـتی پێ کرد لەسـەر شـێوەی چەند کۆمەڵەیـەک، کە بە نهێنی کاریان دەکرد و دەکرێ ناویان لێبنرێت –حزبی کادیـران–، ئـەو جـۆرە ڕێکخسـتنە لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت سـەری هەڵـدا، نموونـەی کۆمەڵـەی تورکـە لاوەکان، حزبـی نیشـتمانی بە سـەرکردایەتی ئەحمـەد عرابی لە میسـر، هەروەهـا ئەنجوومەنـە میللییـەکان لـە تـاران.

دەربـارەی ڕووداوەکان لـە ئیـران و پەرەسـەندنی ژیانـی سیاسـی لـەو وڵاتـە، دەکـرێ بەکورتـی باسـێکی بکەیـن:[٢٣]

لـە کۆتاییەکانی سـەدەی نۆزدەهـەم و سـەرەتاکانی سـەدەی بیسـتەم، کۆمەڵگـەی[٢٤] ئیران لەژێر ڕکێفی (شـا)یەکانی قاجار بـەرەو ڕووی چەوسـاندنەوەی دڕ هاتبـوو، هەروەهـا لاوازی و پچڕ پچڕی دەسـەڵات لەناو وڵاتدا و بڵاوبوونـەوەی دیاردەکانی گەندەڵـی و بەرتیلوەرگرتـن و خزمخزمێنـە لەنێوان بەرپرس و

فەرمانبەرانی دەوڵەت، لە لووتکەی دەسەڵاتەوە تا دەگاتە فەرمانبەرانی خوارەوە، لە خەسڵەتەکانی ئەو سیستمە بوون، ئەمە و سەرەڕای کورتهێنانی بەردەوامی بودجەی دەوڵەت و تێکچوونی باری دارایی بەگشتی.

لایەنە کاریگەرەکانیش لەناو دەسەڵات بریتی بوون لە بنەماڵەی (شا) و توێژی بیروکراسی پەیوەست بەو بنەماڵەیە، هەروەها پیاوانی ئایینی کە دەسەڵاتی فراوانیان بەسەر زەویوزاری وڵات و بوارەکانی خوێندن و فێربوون و دادوەری هەبووە، سەرەڕای بازرگان و موڵکدارانی زەوی و سەرۆکخێڵ و تیرەکان.

کۆمەڵگەی ئێران لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا پێکهاتبوو لە چوار چینی کۆمەڵایەتی، هەر چینێک دەرامەت و باری ئابووری و شێوازی ژیانی خۆی هەبووە، چینەکانیش:

١ چینی ئەریستوکرات: میرەکانی دەسەڵاتداری قاجار و فەرمانبەرانی کۆشکی شا و وەزیر و فەرمانڕەوای ناوچەکان.

٢ چینی ناوەڕاست: بازرگان و موڵکداران.

٣ چینی کرێگرتە و کرێکارانی حکومەت و ئەهلی.

٤ چینی جوتیار و کشتیار و ئەندامانی خێڵ و تیرەکان.

بەهۆی گۆڕان و پەرەسەندنە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان لەو وڵاتە، بزووتنەوەی نیشتمانی بەرهەڵستکار دەستی بە گەشەکردن کرد، بەدرێژایی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم.

لەو ماوەیەدا ژیانی ڕێکخراوەیی لە ئێران دەستی بە دروستبوون کرد، ژمارەیەک کۆمەڵە و ڕێکخراوی سیاسی،

ڕۆشنبیری، کۆمەڵایەتی پێکهاتن، بەتایبەتی لە شاری تاران وەک ناوەندێکی چالاکی سیاسی، هەروەها لە چەند شارێکی گەورەی دیکە، سەرەڕای دروستبوونی ژمارەیەکی زۆری (ئەنجوومەنی میللی) لە شارەکاندا لەگەڵ ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی شۆڕشی دەستووری.

دەربارەی ژیانی حزبایەتی لە میسر، چەند نووسەرێک بۆچوونیان وایە کە دمەزراندنی حزبی نیشتمانی لە (١٨٧٩) لەسەر دەستی ئەحمەد عرابی، یەکەم ڕێکخستنی سیاسییە لەو وڵاتە و سەرەتای ژیانی حزبایەتیە.[٢٥]

لە کاتێکدا توێژەرانی دیکە وادەبینن کە ئەو ڕێکخستنە تەنها کۆمەڵەیەک، یان گرووپێک بووەوە هیچ خەسڵەتێکی ڕێکخستنی سیاسی هەڵنەگرتبوو، بە بۆچوونی چەند توێژەرێک قۆناغەکانی ژیانی حزبایەتی لە میسر دابەش دەکرێتە سەر:

١/ قۆناغی ئەزموونە سەرەتاییەکان لەنێوان (١٩٠٧ ـ ١٩١٩)، گرینگترین حزبەکانی ئەو قۆناغە: حزبی نیشتمانی، حزبی نەتەوە، حزبی چاکسازی.

٢/ قۆناغی دووەمی حزبایەتی لەنێوان (١٩١٩ ـ ١٩٥٣) لەم قۆناغەدا فرەیی سیاسی و هزری بەتوندی دەرکەوتن، ئاراستەکانی لیبڕاڵ و ئیسلامی و سۆشیالستی و کۆنەپارێز، وەک حزب خۆیان ڕێکخستبوو، نموونەی ئەو حزبانەش، حزبی ئەلوەفد (لیبڕاڵ)، حزبوڵڵا، کۆمەڵەی ئیخوان ئەلموسلمین (ئیسلامی)، حزبی میسری لاو، حزبی کۆمۆنیستی میسر (چەپی سوشیالست)، حزبی ئیتیحاد، حزبی گەل (کۆنەپارێز)،

سەرەڕای چەندین حزبی تایبەت بە ژنان وەک (حزبی نیشتمانی ژنان، حزبی کچی نیلی سیاسی).

١. قۆناغی تاکحزبی لەنێوان (١٩٥٣ ـ ١٩٧٦) ئەو قۆناغە لەگەڵ شۆڕشی میسر لە (١٩٥٢)، دەستی پێ کرد، نموونە (یەکێتیی سوشیالستی عەرەب) بوو.

٢. قۆناغی چوارەمی حزبایەتی لە (١٩٧٦)وە دەستی پێ کرد، لەو قۆناغەش فرەیی حزبی بەتوندی سەری هەڵدا.

عێراق کە بەشێک بوو لە دەوڵەتی عوسمانی، لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم[٢٦]، هەر جۆرە ڕێکخراوێکی سیاسی بە مانا نوێیەکەی حزبی سیاسی بەدینەکراوە، شۆڕشی دەستووری لە (١٩٠٨) لەسەر دەستی چەند ئەفسەر و ڕۆشبیرێکی عوسمانی بەرپابوو، ئەوانی سەر بە کۆمەڵەی (ئیتحاد و تەرەقی) بوون.

هەڵسوڕاوانی ئەو ڕێکخراوە دەستیان کرد بە پڕوپاگەندە بۆ بیروباوەڕەکانیان لە شارە گەورەکانی وەک بەغدا و بەسرە، دیارە هەر پاش ئەو مێژووە چەندین کۆمەڵە و ڕێکخراوی بچووک لەو شارانە دروستبوونە، وەک: کۆمەڵەی ڕاوێژکاری، کۆمەڵەی نیشتمان، کۆمەڵەی دەستەی سوور، کۆمەڵەی ئەلعێراقییە.

خەڵکی عێراق ئەوانی لە پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی (شاری ئەستەمبوڵ) دەژیان، ئەوانە بەشدارییان کردووە لە پێکهێنانی چەندین کۆمەڵە و ڕێکخراوی سیاسی کە بە شێوەی نهێنی، یان ئاشکراکاریان کردووە، وەک: کۆمەڵەی برایەتی عەرەبی عوسمانی، کۆمەڵەی ئاڵای سوور، کۆمەڵەی دەستی ڕەش، کۆمەڵەی پەیمان.

هەروەک چۆن سەردەمی لاوازی دەسەڵاتی عوسمانییەکان سەردەمی گەشەکردنی کاری سیاسی بووە، داگیرکردنی عێراقیش لەلایەن لەشکری بەریتانیا لە ماوەی جەنگی یەکەمی جیهانی، کاتێکی گونجاو بوو بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوە سیاسییە نوێیەکان بە ئاشکرابێت یان نهێنی، بەڵام ئەزموونی سیاسی حزبەکان لەو سەردەمە ئەزموونێکی هەژاربوو لە ڕووی ڕێکخستنی جەماوەری و ئاراستەکردنی چالاکییەکان بە شێوەیەکی تەندروست، دەکرێ بوترێ پیادەکردنی سیاسەتێک بوو بەرەو گۆڕان و قۆناغێکی نوێی مێژوویی، کە بارودۆخ سەپاندوویەتی بەسەر گۆڕەپانی سیاسیدا.

هەر لە ماوەی داگیرکاری ڕاستەوخۆی بەریتانیا بۆ عێراق لەنێوان (١٩١٤ ـ ١٩٢١) چەندین کۆمەڵە و ڕێکخراوی نهێنی دامەزراوە، لەوانە: کۆمەڵەی ئیسلامی، کۆمەڵەی سەربەخۆیی، کۆمەڵەی پەیمانی عێراق.

هەروەها لە ماوەی نێوان (١٩٢١ ـ ١٩٣٢) کە ماوەی ئینتیداب بوو بەسەر عێراقدا، زیاتر لە (دە) حزب بە شێوەیەکی ڕەسمی دروستبوونە.

لە ئیسرائیل حزبە سیاسییەکان بناغەیەک بوون کە سیستمی سیاسی لەسەریان[٢٧] بونیادنرا، حزبەکان لەو وڵاتە ڕۆڵێکی گرینگ لە ژیانی سیاسی و دەستووری دەگێڕن، ئەوەی جێگای سەرنجدانە زۆرینەی ئەو حزبانە پێش دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل لە ساڵی (١٩٤٨) دروستبوونە، هەروەها ئەو حزبانە ئەرکی بنچینەییان گێڕاوە لە بونیادنانی ئەو دەوڵەتە.

لە خەسڵەتە گرینگەکانی ئەو حزبانە، فرەییانە، ڕەگوڕیشەی

ئەو فرەییە بۆ سەردەمی دەسەڵاتداری بەریتانیا دەگەڕێتەوە لە ناوچەکەدا، لەنێوان (١٩٢١ - ١٩٤٨).

حزبە سیاسییەکان لە ئیسرائیل دەکرێ بۆ چوار گرووپی سەرەکی دابەش بکرێن، ئەوانیش:

١. گرووپی حزبی کار (لیبڕاڵەکان) ئەو گرووپە لە چوار هێز پێکدێن، میعراج، یاحد، پینوی (گۆران)، لراتس (مافی هاووڵاتی).

٢. گرووپی (ئاراستەی) ڕاستڕەو، ئەو گرووپەش پێکدێت لە چەند هێزێکی سیاسی وەک: لیکود، هاتجاە (ڕابوون)، کاخ، میتس (بزووتنەوە).

٣. گرووپی ئایینی: بریتین لە پێنج لایەن: مغدال (نیشتمانپەروەران)، سفاردییەکان، ئەغودات ئیسرائیل، بزووتنەوەی مورشاە (کەلەپوور)، بزووتنەوەی نامی (دابونەریتی ئیسرائیل).

٤. گرووپی عەرەبی: حزب و بزووتنەوە سیاسییە عەرەبییەکان.

# سەرچاوە و پەراوێزەکانی بەشی چوارەم


١. www.wikipedia.com

٢. الاحزاب السياسية في العالم الثالث، د. أسامة الغزالي حرب – سلسلة عالم الكويت ط/١ العدد (١١٧) ١٩٨٧.

٣. التجربة الصينية الحديثة في النمو – أبراهيم الاحرس – ط١/٢٠٠٥/ القاهرة ص٢٣

٤. تعرف على الصين – سوشو يانغ – ترجمة حسان بستاني الدار العربية للعلوم ناشرون ط١/٢٠٠٨ – بيروت


٥. کۆمین تانگ (حزبی نیشتمانی گەل)، ساڵی (١٩١١) لەلایەن (سن یات سن)ەوە دامەزراوە، پاش مردنی (سن) لە ١٩٢٥، چیانگ کای شیک بووە ڕێبەری حزبەکە.

٦. سن یاسن: سەرکردەیەکی سیاسی چین بوو، ساڵی ١٩١٢ حکومەتی کاتی پێکهێنا و لە ١٩١٣ کۆماری چینی ڕاگەیاند، لە (١٨٦٦) لەدایک بووە و لە (١٩٢٥) کۆچی دوایی کردووە.

٧. چیانگ کای شیک: سەرکردەیەکی سەربازی و سیاسی چین بووە، پاشان بە سەرۆک کۆمار دانرا. لە (١٨٨٧) لەدایک بووە و لە (١٩٧٥) کۆچی دوایی کردووە.

٨. ماوتسی تونگ: ڕابەری حزبی کۆمۆنیستی چین بوو، سەرۆکی کۆمار لە ١٩٤٩وە، لە ساڵی (١٩٨٣) دایک بووە، لە (١٩٧٥) کۆچی دوایی کردووە.

- الصين – دار النشر باللغات الاجنبية – بكين – ٢٠١٩ ل٩٢ ل٨٤
- www.marefa.com

٩. الاحزاب السياسية في العالم الثالث – سەرچاوەی پێشوو ص٩٥

١٠. توكرجايا: ئیمپراتوری وڵاتی چین بووە لەنێوان (١٩٦٠ ـ ١٨٦٨).

١١. ساموڕای: نازناوێکە بە جەنگاوەرەکان دەوترا لە مێژووی کۆنی یابان، سەردەمی سیستمی دەرەبەگایەتی لەنێوان (١٨٦٧ ـ ١٩٠٣).

١٢. میجی، ئیمپراتورێکی یابان بوو لە ساڵی (١٨٦٧) دەسەڵاتی گرتە دەست، لە ١٨٥٢ لەدایک بووە.

١٣. ئۆلیگارشی oligarchy ، دەسەڵاتی توێژێکی بچووک، جۆرێکە لە شێوەکانی حوکمڕانی، دەسەڵاتی سیاسی لەژێر دەستی کەمایەتییەک دەبێت لەناو کۆمەڵگە.

١٤. بحث – مؤمن محمد الغزالي – المركز الديمقراطي العربي – حزيران/١٩١٧.

- السياسة و الحكومة – لورانس غرام واخرون – ترجمة د. عبدالله بن فهدعبدالله، جامعة الملك سعود، الرياض – ٢٠٠٠/ ص٢٠٠.

١٥. موسوعة – عالم السياسة – الجزء /٢٠ – دار نوبلس – بيروت ط/٢ – ٢٠١١ – ص١٥٠

١٦. الاحزاب السياسية في العالم الثالث، سەرچاوەی پێشوو ص٩٦

١٧. (بحث) التيارات السياسية في الهند عام ٢٠١٩، د.راجشيكاران/ب/٢٠١٩ .

- www.altazeera.net
- الموسوعة العربية الميسرة – المجلد الخامس – المكتبة العربية – بيروت ص٢٥١٢

١٨. غاندی: فەیلەسووف و سیاسەتمەداری بەناوبانگی هیندستان کە لەسەر دەستی هیندستان سەربەخۆیی بەدەستهێنا – ساڵی (١٨٦٩) لەدایک بووە و ساڵی (١٩٤٨) کۆچی دوایی کردووە.

١٩. محەمەد عەلی جەناح: سیاسەتمەداری پاکستانی بەناوبانگ بوو، لەسەر دەستی ئەو کۆماری پاکستان دامەزرا لە ١٩٤٧دا، سەرۆکی ڕابیتەی ئیسلامی بووە لە ساڵی ١٩٣٤، لە (١٨٧٦) لەدایک بووە لە (١٩٤٨) کۆچی دوایی کردووە.

٢٠. الاحزاب السياسية في العالم الثالث – سەرچاوەی پێشوو ص٩٨.

٢١. www.wikipedia.com

٢٢. پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکان لە تورکیا – محەمەد فاتیح – چاپ/٢٠١٦ سلیمانی دەزگای ئایدیا – ل١٠

٢٣. ژیانی سیاسی لە ئیران (سەدەی بیستەم)، محەمەد فاتیح – چاپی١/٢٠١٨ هەولێر – ل١١١

٢٤. بحث ـ قراءة في تاريخ الاحزاب المصرية – فتحي سيد فرج – الحوار المتمدن
٢٥. حزب و رێکخراوه سیاسییه عیراقییه‌کان – محمه‌د فاتیح – (سلیمانی/٢٠١٢) ل٢٢
. الاحزاب السياسية في اسرائيل – د. عصام على العبيدي – ط١/٢٠١١ بيروت.

# بەشی پێنجەم

# پێکهاتنی حزبە سیاسییەکان
# لە کیشوەری ئەفریقیا

## شیکردنەوەیەکی گشتی[١]

کشـیوەری ئەفریقیـا دووەم گەورەتریـن کیشـوەرە لەسـەر ڕووی زەوی، ڕووبەرەکـەی زیاتـرە لـە سـی ملیـۆن کـم٢، ژمارەی دانیشـتوانی بەپێی سـەرژمێری ساڵی (٢٠٢٠) خۆی لە دەوروبـەری یـەک ملیـار و سـێ سـەد ملیـۆن کـەس دەدا.

دانیشـتوانی تێکەڵەیەکـن لـە کۆمەڵـە ڕەگـەز و کولتـووری جیـاواز، لـە ڕەگـەزە ڕەسـەنەکانی ئـەو کیشـوەرە (بوشـمەن، هوتنتـوب، کورتەبـاڵاکان، قولەڕەشـەکان، حامییـەکان)، پاشـان ڕەگەزی سامییە عەرەبەکان گەیشتنە ئەو کێشـوەرە و دواتریش کەمایەتییـەک لـە سپیپێسـتی ئەوروپـا لـە باشـووری ئەفریقیـا و ڕودیسـیا نیشـتەجێ بـوون.

ئـەو ئایینانـەی زۆرتـر بڵاوبـوون لـە کیشـوەرەکەدا، ئایینـی ئیسـلام و مەسـیحی بـوون.

کیشـوەری ئەفریفیـا بـەرەو ڕووی زنجیرەیـەک هێرشـی داگیـرکاری بۆتـەوە لـە سـەدەی چـواردەوە تـا سـەرەتاکانی سـەدەی بیسـتەم.

لـەو دەوڵەتـە ئیسـتعماریانەی بەشـێکیان لـە خاکـی ئەفریقیـا داگیرکـردووە، بەپێـی زنجیـرەی مێژوویـی: پورتـوگال، ئسـپانیا، ئینگلتـەرا، فەرەنسـا، بەلجیـکا، ئەڵمانیـا، ئیتالیـا.

لـە کیشـوەری ئەفریقیـا تـا ناوەڕاسـتی سـەدەی بیسـتەم تەنهـا چـوار دەوڵەتـی سـەربەخۆی تیـادا هەبـووە، ئەوانیـش (میسـر، حەبەشـە، لیبریـا، باشـووری ئەفریقیـا)، ئێسـتا ژمـارەی دەوڵەتـە

سەربەخۆکانی زیاتر لە (٥٠) دەوڵەت دەبن.

دەربارەی گۆڕان و پەرەسەندنە سیاسییەکان لەو کیشوەرە دوو فاکتەری یەکلاکەرەوە ڕۆڵی گرینگیان گێڕاوە لە مێژووی سیاسی کیشوەرەکە، ئەوانیش:

کۆنگرەی بەرلین لە نیوەی دووەمی سەدەمی نۆزدەدا، لەگەڵ ڕووداوەکانی سەربەخۆیی لە نێوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا.

لەنێوان (١٨٨٤ ـ ١٨٨٥) بە بەشداریکردنی (١٤) دەوڵەتی ئەورووپا، کۆنگرەی بەرلین سازکرا، دەوڵەتانی ئەورروپا بۆ ڕێکەوتن لەسەر دابەشکردنی خاک و سامانی وڵاتانی ئەفریقیا لەنێوان خۆیان بەپێی چەند پێوەرێکی ناوچەیی و تیرە و عەشیرەتەکان، ئەو کیشوەرەیان پارچە پارچە کرد، فەرەنسا ئەو وڵاتانەی داگیرکرد کە دەسەڵاتی ئیسلامیان تێدا زاڵبوو، وەک: نیجریا، تشاد، جەزائیر، غینیا، بەشێک لە کۆنگۆ...، بەریتانیا وڵاتانی نیجیریا و باشووری ئەفریقیا و سودانی داگیرکرد، ناوچەکانی دیکەی ئەفریقیا لەگەڵ ڕۆژگاردا کەوتبوونە بەر لێشاوی داگیرکاری.

پاش جەنگی دووەمی جیهانی، دەوڵەتە ئیستعمارییەکان، دەستیان کرد بە دروستکردنی دەسەڵاتی خۆجێی لەو وڵاتانەدا، ئەوەش لەژێر فشار و کاریگەریی بزووتنەوەکانی ڕزگاریخوازی نیشتمانی و گۆڕانە سیاسییەکان لە جیهاندا، وردە وردە ژمارەیەکی گەورەی هەرێم و وڵاتانی ئەفریقیا سەربەخۆییان بەدەستهێنا، دەوڵەتە ئیستعمارییەکان نموونەی سیستم و دامەزراوەکانی خۆیانیان دەگواستەوە وڵاتانی

ئەفریقیا، بزووتنەوەکانی ڕزگاریخوازی نیشتمانی پاش گەیشتنیان بە دەسەلات، زۆربەیان دەبوونە حزبی سیاسی، ژمارەی ئەو وڵاتانەی سەربەخۆییان بەدەستهێنا تا ساڵی (١٩٦٨) دەگەیشتە (٥١) دەوڵەت.

### سەرەتاکانی ژیانی حزبایەتی:[٢]

لەو هەلومەرجەدا دیاردەی حزبایەتی لە کیشوەری ئەفریقیا سەری هەڵدا و ڕووی لە پەرەسەندن کرد، دیارە ئەو بارەش پەیوەندی بە کاریگەرییەکانی بوونی ئیستعمار هەبووە لەو کیشوەرەدا، پاشانیش دروستبوون و تێکۆشانی بزووتنەوەکانی ڕزگاریخوازی و گەیشتن بە سەربەخۆیی و بونیادنانی قەوارە لەدایکبووەکان، ئەو هۆکارانە ڕۆڵی کاریگەرییان هەبووە لەو بوارە، بەلام ئەو ئەزموونە دیموکراسییەی کە ئیستعمار لە وڵاتانی ئەفریقیا دروستی کرد، شکستی هێنا و سەرکەوتووش نەبوو لە ڕێکخستن و ئاراستەکردنی ڕەفتاری سیاسی گەلانی کێشوەرەکە، یان بەدەستهێنای شێوازێکی سیاسییانەی ئاقلانە لە دەسەلاتدا، بەڵکو دەرئەنجامی ئەو سیاسەتە دوو نموونەی حوکڕانی لە ئەفریقیا بوو کە سەریان هەڵدا، بێگومان بارودۆخی کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری و ئابووری وڵاتانی ئەفریقیاش هاوکاربوونە بۆ ئەو دۆخە، دوو نموونەکەش بریتین لە:

حوکمڕانی وڵات لەسەر شێوازی دەسەلاتی تاکحزبی، دووەم شێوازی حوکمڕانیش شێوازێکی دیکتاتوری سەربازی بووە.

بەکورتی حزبەکان لە کیشوەری ئەفریقیا دەرئەنجامێکی

ڕێکوپێک بوون بۆ گۆڕانە کۆمەڵایەتی و ئابوورییە گەورەکانی سەردەمی ئیستعمار، هەروەها سەرهەڵدانی چەند هێزێکی کۆمەڵایەتی و دەستەبژێری نوێی بەهێزی ناو کۆمەڵ لەگەڵ ئەو ورووژاندن و بێئومێدی و بەرەنگاریانەی کە دەسەڵاتی بیانی هۆکاری خولقاندنی بوونە، سەرەڕای پێکهاتنی چەند جۆرێکی جیاواز لە کۆمەڵە و بەرژەوەندییەکان و گرووپی بەرهەڵستکار و بزووتنەوە نەتەوایەتییەکان، کە سەرەتا ئامانجیان کەمکردنەوە و ڕێگرتن بووە لە چەوساندنەوە و زۆرداری، دواتریش دامەزراندنی حکومەتی نیشتمانی لە جێگای دەسەڵاتداری ئیستعمار.

لە چوارچێوەی ئەو بارودۆخەدا حزبە سیاسییە ڕەسمییەکان (لە سنوورێکی تەسکدا)، پێش کارکردن بە چاکسازییە دەستوورییەکان لە وڵاتانی ئەفریقیا دەرنەکەوتبوون.

بەپێی ئەو بەرنامە چاکسازیانە دەبوایە دەسەڵاتدارە ئیستعمارییەکان لە وڵاتانی کیشوەری ئەفریقیا لەمیانەی چەند ڕێوشوێن و کار و کردارێک، ڕێگا بدەن بە سەرکردە نەتەوەییەکان کە توانای گۆڕینی بزووتنەوەکانیان هەبێت و حزبی سیاسی پێک بهێنن (ئەو بزووتنەوانە لە بنچینەدا لەسەر شێوەی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی دامەزرابوون)، هەروەها کارکردن بە شێوازی دامەزراوەیی و چەند ڕێگایەکی دیکەی تایبەت بە سیستمی هەڵبژاردن، کە لە ڕاستیدا دەبنە هۆی ڕێگادان بە حزبەکان بۆ ئەوەی بگەن بە دەسەڵات بە شێوەیەکی دەستووری. حزبە سیاسییەکان لە زۆرینەی ئەو دەوڵەتە ئەفریقیاییانەی کە تازە دامەزرابوون، ئەوانە لە

سێبەری ڕێوشوێنە دەستوورییەکان، لە قۆناغە کۆتاییەکانی دەسەڵاتی ئیستعمار گەیشتنە دەسەڵات، لەوانە:

کۆنگرەی نیشتمانی ئەفریقا، کۆنگرەی نیشتمانی زیمبابۆی، کۆنگرەی نیشتمانی کینیا...، هەر لەگەڵ دەرکەوتنی ئەو بزووتنەوە ڕزگاریخوازانە، چەند سەرکردەیەکی نیشتمانی لە کیشوەرەکە ڕۆڵیان دەرکەوت، نموونەی:[٣]

ڕوبەرت موگابی، کوامی نکرۆما، جوموکینیاتا، ئەحمەد سیکوتوری، کینیپ کاوندا، پاتریس لومومبا، جولیوس نیویری، نیلسون ماندیلا.

ئەوانە لە لاتی خۆیان دەسەڵاتیان گرتە دەست کاتێ ئەو بزووتنەوانە بوونە حزبی دەسەڵات.

بەشێکی دیکەی حزبە سیاسییەکان لە ڕاستیدا بەهۆی پێگەیشتنی توێژی بژاردەی ناو کۆمەڵ دەرکەوتن، ئەوانەش لە ڕێگەی هەڵبژاردنە سەرەتاییەکان، وەک هەوڵێک بۆ گەیشتن بە دەسەڵات.

ڕەگوڕیشەی ئەو حزبانە هەرچییەک بووبێت، ئەوا هەموویان بەرهەمی سەردەمی ئیستعماربوون، بۆیە بە شێویەکی گشتی تەمەن کورت بوون، تەنها لە هەردوو وڵاتی میسر و لیبریا نەبێت، حزب لەو کیشوەرە بە شێوەیەکی ڕەسمی دروست نەبووە تا دوای جەنگی دووەمی جیهانی، ئەوەش کاتێ بزووتنەوە سیاسییە نەتەوەییەکان لە هەموو ناوچەکانی کیشوەری ئەفریقیا سەریان هەڵدا و داواکارییەکانیان پەرەی سەند بۆ بەشداریکردنی زیاتر لە دەسەڵات و وەرگرتنی پلەوپایە لەناو حکومەتە دیموکراسییەکان.

کێشـەکە لای سـەرکردە سیاسـییەکانی ئەفریقیـا، هەوڵـدان نەبووە بۆ دۆزینـەوەی ئەو فۆرمانـەی کە بەهۆیـەوە بەشداری لـە دەسـەڵات بکـەن، یـان تەنهـا کارکردنـی سیاسـی بێت دیـارە ئاشـکرا و ڕوون بـوو کـە دەسـەڵاتداری ئیسـتعمار ڕێگرێکـی سەرەکی بوو لەبەردەم بەدیهێنانی داواکاری هێزە سیاسییەکانی ئەفریقیا لـە هەموو ڕوویەکەوە، بۆیـە بزووتنەوە نەتەوایەتییەکان پێویست بوو لەسـەریان زوو یاخود درەنگ بگەنە سـەربەخۆیی وەک ئامانجێکی ئاشکرا، ئەنجامی ئـەو خەبـات و تێکۆشـانەش لەپێنـاو سـەربەخۆیی لـە زۆربـەی وڵاتانی ئەفریقیا، دەرکەوتنی دیاردەی تاکحزبی بـوو، کـە ڕەگوڕیشـەی بـە شـێوەیەکی فـراوان داکوتابـوو.

پێکهاتـە سیاسـییەکان لـە وڵاتانـی کیشـوەری ئەفریقیـا، دوو جـۆر بوونـە:

١. پاشـماوەی بزووتنـەوە نەتەوایەتییـە کۆنـەکان، ئەوانـە بنکـەی جەمـاوەری فرەڕەگەزییـان هەبـووە.

٢. حزبـە خێڵەکییـە هەرێمایەتییـەکان، کـە زۆر جـار لـە هەرێمەکانـی خۆیـان پشـتگیری جەماوەریـان بەدەسـت هێنـاوە، بەڵام ئـەو پشـتگیرییە جەماوەرییـە تەنهـا یـەک گرووپ، یاخـود یـەک ڕەگـەزی کۆمەڵایەتـی گرتۆتـە خـۆی.

لـە ڕاسـتیدا هێـزە ئیسـتعمارییەکان (هەرچۆنێـک بـوو بێـت سیسـتمی حوکمڕانیـان)، دوای جەنگـی دووەمـی جیهانـی کاریـان لەسـەر دروسـتبوونی حزبـە سیاسـییەکان کردووە بـە شـێوەیەکی گشـتی، بـە دیاریکراویـش حزبەکانـی توێـژی بژاردەکـە پشـتیان

بە دەسـەڵاتی کارگێڕی ئیسـتعماری و بە سـەرکردە کۆنەپارێز و نەریتگەرییەکانـی لایەنگـری دەسـەڵاتی ئیسـتعمار بەسـتبوو، ئەو کارەشیان بوو بەهۆی لەدەستدانی پشتگیری جەماوەری و بەهێزبوونـی بزووتنـەوە نەتەوایەتییـەکان، کـە پاشـان بوونـە بنچینـەی حزبی تـاک لـە وڵاتدا.

دەسـەڵاتدارانی ئیسـتعمار ئەگـەر بەریتانـی بووبـن (یـان فەرەنسـی و بەلجیکـی)، هەموویـان پاڵپشـتی ئـەو ڕێکخـراوە سیاسـییانەیان کـردووە کـە لـە هەرێمێکـدا دروسـت بووبـن و خاوەن بنکەی عەشایەریش بوون لـە ناوچەکە، دیارە ئەوەش بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی بزووتنـەوە نیشـتمانییەکان بوونـە، دەسـەڵاتە ئیسـتعمارییەکان بـۆ جێبەجێکردنـی سیاسـەتەکانیان پشـتیان بـەو حزبە هەرێمایەتیانە (ناوچەیی) بەسـتبوو، بەهۆی ملکەچبوونیـان بـۆ دەسـەڵاتەکانیان، ئـەو بـارە تـا قۆناغـی دوای سـەربەخۆیش بـەردەوام بـووە، نموونـەش لەسـەر ئـەو حزبانە: حزبی کۆناکان (لە وڵاتـی کۆنغۆ و بە سـەرکردایەتی چۆمبی، حزبی کۆنگرەی گەلی باکوور لـە نایجیریا، هەروەها حزبەکانی ئەشـانتی لـە هەرێمـی باکـوور، کـە دژ بـە ڕێکخـراوی «کۆنگـرەی گـەل» وەسـتابوو بـە سـەرکردایەتی نیکرۆمـا لـە وڵاتـی غانـا...)

بـەڵام بـە پێچەوانـەی ئـەو بیروبۆچوونانـەی کـە لـە هەنـدێ دامـودەزگا سیاسـی و ئەکادیمییەکانـی ڕۆژئـاوا بڵاوبوونـەوە، ئـەو سیسـتمە سیاسـیانەی کـە لـە کێشـوەری ئەفریقیـا دەرکەوتـن، ئەوانـە ڕێچکـەی هەمـان شـێوەی دیموکراسـییەتی ڕۆژئاوایـان پەیـڕەو نەکـرد، کـە فرەیـی حزبـی و ڕکابـەری لـە خەسڵەتەکانیەتی، ئـەو شـێوە سیستمەی هێزە ئیسـتعمارییەکان

هەوڵیاندا لە ژینگەی ئەفریقیا بنچینەکەی بونیاد بنێن.

سیستمە ئەفریقییەکان هەر زوو، بەتایبەتی لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی بیستەم یەک بە دوای یەک دەستیان بە گۆڕان کرد بەرەو سیستمی تاکحزبی، هەر دوای ماوەیەکی کورت لە ژیانی فرەحزبی، زۆربەی دەوڵەتە ئەفریقییەکان گواستیانەوە بەرەو سیستمی تاکحزبی، ئەگەر لەسەر شێوەی سیستمێکی تاکحزبی دەسەڵاتدار بووبێت، کە بەتەواوی دەستی بەسەر ژیانی سیاسیدا گرتووە (ڕەنگە هەر بە ڕووالّەت، یان زۆر کەم دەرفەتی بۆ هێزە سیاسییەکانی دیکە جێهێشت)، یاخود سیستمێکی تاکحزبی بێت و پاوانی ژیانی سیاسی کرد بێت بەتەواوی و هیچ دەرفەتێک بۆ لایەنەکانی دیکە بەجێ نەهێڵێت بۆ پێکەوەژیان.

**خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی سیستمی تاکحزبی لە ئەفریقیا:**[٤]

١. نەبوونی بەرنامە، ئەو حزبانەی بەهۆی بزووتنەوە نیشتمانییەکان پێکهاتوون، ئەوانە خاوەن بەرنامە و پلانی ڕوون و درێژخایەن نەبوون لە کاتی حوکمڕانیدا.

٢. چەقبەستوویی دامەزراوە حزبییەکان و گەشەنەکردنیان و نوشستی هێنانیان لە بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت.

٣. ململانێ لەنێوان گرووپە ناوخۆییەکانی هەر حزبێک.

٤. بێسەروبەری و لاوازی حزبەکان لە بواری چاودێری و لێپرسینەوە، هەروەها مانەوەیان لە دەسەڵات بەهۆی چەند سەرکردەیەکی ئەو حزبانە کە تواناکانیان لاواز بوو لە ئاست ئەو ئەرکە.

٥. گەشـەنەکردنی سـەرکردایەتییەکان، بەتایبەتـی ئەوانـی ڕێبەرایەتـی بزووتنەوەکانیـان دەکـرد.

٦. ڕۆڵـی میلیشـیای عەشـایەری لەنـاو حـزب و دەوڵـەت، کـە هەریەکەیـان لـە هەوڵـی بەرژەوەنـدی تایبەتـی خـۆی بـووە.

٧. پاڵپشـتی و هاوکاری لایەنی دەرەکی بۆ هەندێ سـەرکردە بە مەبەسـتی مانـەوەی لـە دەسـەڵات، یـان بۆ ئەنجامدانـی کودەتا و گەیشـتن بە دەسـەڵات.

٨. پچـڕ پچـڕی و دابەشـبوون و ململانێـی بـەردەوام لەنێوان سـەرکردەکانی حـزب.

٩. ڕۆڵیـان لـە کودەتـا سـەربازییەکان، لەنێـوان بیسـت سـاڵدا (١٩٦٠ ـ ١٩٨٠) لـە کیشـوەری ئەفریقیا نزیکـەی (١٢٠) کودەتـای سـەربازی ڕوویـداوە.

١٠. باوەڕنەبـوون بەشـێوازی فرەیـی و ڕێگانـەدان بـە ئاڵوگۆڕکردنـی دەسـەڵات و کۆتاییهێنـان بـە ڕۆڵـی ئۆپۆزیسـیۆن تـا ئەگـەر لـە ڕێـگای هەڵبژاردنـەوەش سـەرکەوت.

ئـەو هۆکارانـەی بەشـداریان لـە خولقاندنـی ئـەو خەسـڵەتانە کـرد:

١. سیاسـەتە زۆردارییەکـەی ئیسـتعمار لە ماوەی حوکمڕانیدا.

٢. سروشـتی بزووتنەوەکانـی ڕزگاریـی نیشـتمانی، سـەرکردەکانی ئـەو بزووتنەوانـە خۆیـان سـەپاندبوو بەسـەر حـزب و دەوڵەتـدا، هەروەهـا ڕەفتـاری توندوتیژیـان هەبـووە.

٣. کەلەپـوور و نەریتـی بـاوی ئەفریقیـا و چڕکردنـەوەی دەسـەڵات لای کەسـی یەکـەم.

٤. سەرکردایەتییە سیاسییەکانی زۆرینەی ئەو حزب و بزووتنەوانە ڕۆڵیان هەبووە لە ئاراستەکردن و ڕێکخستنی کاروبارەکان بەرەو دەسەڵاتی تاکرەوی و ڕێگانەدان بە ژیانی فرەیی.

٥. نالەباری دۆخی ژیان لە ئەفریقیا بۆ کاری سیاسی فرەیی.

٦. هەوڵی بەدیهێنانی گەشەپێدان و پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی ئابووری و کۆمەڵایەتی، زیاتر لەوەی بایەخ بدرێت بە خولقاندنی زەمینەی هزری و سیاسی بۆ ژیانی دیموکراسیانە و کولتووری پێکەوەژیان.

٧. ڕۆڵی مارکسییەکان، ئەوانی تێڕوانینیان بۆ سیستمی سیاسی لە چوارچێوەی هزری چینایەتی و دەستڕۆیی تاکحزبی بووە.

٨. ئامانجی سەرەکی حزبەکان گەیشتن بووە بە دەسەڵات، ئەوەش بە ڕێگای سەپاندنی دەسەڵاتی حزبە بەسەر دامەزراوەکانی دەوڵەتدا.

٩. لاوازی ئاستی هۆشیاری و ڕۆشنبیری جەماوەری.

١٠. ملکەچی بۆ کەس و هۆز و تیرەکان.

## سەرچاوە و پەراوێزەکانی بەشی پێنجەم:

١. الموسوعة العربية الميسرة – المجلد الاول – المكتبة العصرية – بيروت، اشراف/ محمد شفيق غزال/ ١٩٦٥ – ص ٣٣٤.

• موسوعة السياسة/ جزء الاول – بأشراف، د.عبدالوهاب الكيالي ط١٩٩٩/٤ بيروت ص٢٢٢

• الاحزاب السياسية في العالم الثالث – سەرچاوەی پێشوو ص١٠٤

٢. الاحزاب السياسية في العالم الثالث – سەرچاوەی پێشوو ص١٠٥

• موسوعة السياسة – جزء/ الاول – أشراف عبدالوهاب الكيالي ط ١٩٩٩/١ بيروت ص٢٢٢

٣. ڕوبەرت موگابی: یەکەم سەرۆکی حکومەت و دووەم سەرۆک کۆماری زیمبابوی ساڵی (١٩٢٤) لەدایک بووە، ساڵی (٢٠١٩) کۆچی دوایی کردووە.

• کوامی نیکرۆما: تیکۆشەرێکی بەناوبانگی ئەفریقیایە، یەکەم سەرۆکی کۆماری غانا بووە، ساڵی (١٩٠٩) لەدایک بووە، ساڵی (١٩٧٢) کۆچی دوایی کردووە.

• پاتریس لومومبا: تێکۆشەرێکی وڵاتی کونغۆیە، هەڵگری بیروباوەڕی سوسیالستییە، ماوەیەک سەرۆک وەزیرانی کۆنفۆ بوو، لە (١٩٢٥) لەدایک بووە و لە (١٩٦١) کۆچی دوایی کردووە.

- جوموكينياتا: سياسەتمەدارێكی گەورەی وڵاتی كينيا بوو، يەكەم سەرۆك وەزيرانی ئەو وڵاتە بووە، پاشان بە سەرۆكی كۆمار هەڵبژێردراوە لەنێوان (١٨٩٤ ـ ١٩٧٩) ژياوە.
- ئەحمەد سيكوتۆری: ساڵی (١٩٥٨) سەرۆك كۆماری غينيا بوو، لەنێوان (١٩٨٤ ـ ١٩٢٢) ژياوە.
- كينيپ كاوندا: يەكەم سەرۆك كۆماری زامبيابووە، لە (١٩٦٤)، لەنێوان (١٩٢٤ ـ ٢٠١٢) ژياوە.
- جوليوس نيريری: سەرۆك كۆماری وڵاتی تەنزانيا بووە، لەنێوان (١٩٢٢ ـ ١٩٩٩) ژياوە.
- نيلسون مانديلا: تێكۆشەرێكی ئەفريقيای باشوورە، ماوەيەكی زۆر لە زيندان بووە، دژی سياسەتی ڕەگەزپەرستی بوو، يەكەم سەرۆك كۆماری ئەفريقيای باشوور بوو لە ڕەگەزی ڕەشپێست ساڵی (١٩٩٤)، لەنێوان (١٩١٨ ـ ٢٠١٣) ژياوە. سەرچاوە www.wikipedco.com

٤. دراسة/ الاحزاب السياسية في أفريقيا – النشأة – التكوين – محمد المختار. سايت www.qiraatafricom.com

# بەشی شەشەم

# پێکهاتنی حزبە سیاسییەکان لە کیشوەری ئەمریکای باکوور

## شیکردنەوەیەکی گشتی:

کیشـوەری ئەمریـکای باکـوور ڕووبەرەکـەی نزیکـەی (٢٤) ملیـۆن کـم٢، ژمـارەی[١] دانیشتوانەکەشـی بەپێـی سـەرژمێری سـاڵی (٢٠١٦)، خـۆی لـە (٥٧٩) ملیـون کـەس دەدات، ئـەو کیشـوەرە بـە جیهانـی نـوێ بەناوبانگـە.

سـاڵی (١٤٩٢) لەلایـەن گەڕیـدە (کریسـتوف کۆلۆمبـۆس) دۆزراوەتـەوە، پاشـان پەیتا پەیتا لـە وڵاتانی ئەوورپاوە خەڵکی چەوسـاوە و بێ کار و هەڵاتـوو، بەرەو ئـەو کێشـوەرە کۆچیان کـردووە و لێـی نیشـتەجێ بوونـە.

سـەرەوەی کیشـوەرەکە، وڵاتـی (کەنـەدا) کەوتبـووە ژێـر دەسـەڵاتی فەرەنسـا، بەشـەکانی خـوارەوەی کەوتبوونـە ژێـر دەسـەڵاتی بەریتانیـاوە.

لەنێوان (١٧٦٤ ـ ١٧٧٤) لـەو بەشـەی خـوارەوەی کیشـوەرەکە، (١٣) ناوچـە (ویلایـەت) یەکیان گرت و ڕابەرایەتی سـەربەخۆیی ئەمریکایـان دەکرد و کەوتنـە جەنگ دژی بەریتانیـا، لـە بـەرواری (١٣/ئەیلوولـی/١٧٨٣) سـەربەخۆیی ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریکا ڕاگەیەنرا و یەکـەم کـەس بـووە سـەرۆکی ئـەو کۆمـارە (جـورج واشـتون) بـوو.

## بارودۆخی سیاسی و یلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا:[٢]

کولتووری سیاسی ئەمریکا کاریگەریی گەورەی لەسەر بونیادنان و چەسپاندنی سیستمی حزبایەتی و فرەیی هەبووە لەو ولاتە، دیارە لە ڕووی مێژووییەوە دروستبوونی گرووپی حزبی دەگەڕێتەوە بۆ دوای دروستبوونی کۆنگریسی ئەمریکا و یەکگرتنی ویلایەتەکان لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی نوێی سەربەخۆدا، چونکە لەو سەردەمەدا و بەتایبەت دوای نووسینەوەی دەستوور و هەڵبژاردنی (جورج واشنتون) وەک یەکەمین سەرۆکی دەوڵەتەکە، ئیدی هەر زوو[٣] ململانێی دووبەرەیی لەنێوان دوو گرووپی سیاسی دەستی پێ کرد، کە لە سەردەمی داڕشتنی دەستووردا دژ بە یەکتر بوون، سەبارەت بە چۆنیەتیی سیستمی حوکمڕانی دەوڵەتەکە.

ئەوانەی پشتیوانی دروستکردنی دەوڵەتێکی مەرکەزی بەهێزیان دەکرد، فیدراڵیخوازەکان بوون، جەختیان لەسەر ناوەندێتی دەسەڵات و فەرمانڕەوایەتی و ئەریستوکراتیەتێکی نەتەوەیی دەکردەوە، کە لەژێر سەرپەرشتی و سەرکردایەتی (ئەلیکساندەر هامیلتون)دا بوون.[٤]

لە بەرامبەردا (تۆماس جیفرسون)، کە سەرکردایەتی – دیموکرات کۆماریخوازەکان –ی دەکرد، لەگەڵ دروستکردنی دەوڵەتێکی ئەمریکی فیدراڵ بوو، بەهۆیەوە ویلایەتەکان سەربەخۆیی خۆیان لەدەست نەدەن و تاکەکانیش ئازادبن، ناوبراو لەگەڵ ئەوەدا بوو هەموو کەس و کۆمەڵێک پێویستە بە

خودموختاری لەسەر زەوی بژی، هەروەها دژی سەرکۆتکردن و زۆرداری بوو.

لە ڕاستیدا ئەگەرچی (جورج واشنتون) پیاوێکی دانابوو، هاوسەنگی لەنێوان هەردوو سیاسەتەکەی (هامیلتون) و (جیفرسون)دا ڕاگرتبوو لە ماوەی حوکمڕانیدا، بەلام لەبەر ئەوەی پیاوێکی پارێزگار بوو، بۆیە زیاتر بەلای سیاسەتەکانی (هامیلتون)دا، دایدەشکاند، هەر لەبەر ئەوەشبوو لە مێژووی دیاریکردنی حزبیدا بە یەکەمین سەرۆکی ئەمریکا و یەکەمین سەرکردەی باڵی فیدراڵییەکان دادەنرێت.(٥)

توێژەران دەربارەی ڕێچکەی ژیانی حزبایەتی لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە چەند جۆرێک باسی دەکەن.

یەکەم:

توێژەر ڤیان مەجید لە کتێبەکەی، ژیانی حزبایەتی لەو وڵاتە دابەش دەکاتە سەر چەند خول و قۆناغێک، بەم شێوەی خوارەوە:

**١/ خولی سەرەتا (١٧٩٠ ـ ١٨٢٨)**

لەو ماوەیەدا فیدراڵستەکان و کۆماریخوازە دیموکراتەکان باسیان لەوە دەکرد ئاخۆ میللەت دەبێ ئاراستەی بازرگانی یاخود کشتوکاڵی هەڵبژێرێت، فیدراڵستەکان، کە لەلایەن موڵکداران و بازرگانەکان و بنەماڵە بەناوبانگ و گەورەکان و خەڵکی باکووری ڕۆژهەلات، هەروەها ناوچەکانی ئۆقیانووسی ئەتڵەسییەوە پشتگیری دەکران، ئەوانە لایەنگری دەوڵەتێکی

بەهێری ناوەندی بوون.

لە بەرامبەردا حزبی (کۆماریخواز – دیموکرات)، کە (تۆماس جیفرسون) ڕابەری بوو، جوتیار و کرێکاران و چینی ناوەڕاست و وردەبۆرژوازەکان پشگیرییان لێ دەکرد.

فیدراڵستەکان یەکەمین و دووەمین هەڵبژاردنیان بردەوە، بەلاّم بەهۆی ڕێکخستنە سنووردارەکانەوە لە هەڵبژاردنی دوایدا شکستیان هێنا و لە ساڵی (١٨١٦) بەتەواوی لاوزبوون.

بەم شێوەیە کۆماریخوازە دیموکراتەکان توانیان سەرۆکایەتی کۆنگریس بگرنە دەست و بەوەش لە سەردەمەکانی سەرۆک کۆمار (جیمس مونرۆ) و (جۆن کوینسی) سیستمی تاکحزبی زاڵبوو بەسەر کاروباری ولاّتدا، ئەگەرچی هەردووکیان لە گرووپی کۆماری بوون و کێبڕکێی یەکتریان دەکرد، بەلاّم (جۆن کوێنسی) سەرۆکایەتی کۆمارییە نەتەوەییەکانی دەکرد و (ئەندرو جاکسون)یش کۆمارییە دیموکراتەکان، بەوەش ململانێ سیاسی لەنێوان خودی کۆماریخوازان سەری هەڵدا، لە کاتێکدا فیدراڵستەکان لەناوچوون، دواتر لە (١٨٣٠)دا جارێکی دیکە سیستمی دوو حزبی بەسەر پێشبڕکێی سیاسییەکاندا زاڵبوو.

**٢/ خولی دووەم (١٨٣٠ ـ ١٨٦٠)**

ئەم خولە لە ساڵی (١٨٣٠) تا کۆتایی دەیەی (١٨٥٠) درێژەی کێشا، دوو حزبی گەورە لەسەر ئاستی نەتەوەیی دەستیان بە پێشبڕکێ کرد، ئەوانیش حزبی دیموکرات و حزبی ویگس(whigs) بوون، حزبی ویگس لەلایەن هنری کلای و دانیاڵ و یبستەرەوە ڕێبەرایەتی دەکرا، کە لە باڵی نەتەوەیی

ناو دیموکرات «کۆماریخوازەکان» پێکهاتبوون، ئەو حزبە دژی سیاسەتەکانی جاکسون بووە، ئارەزووی پێکهێنانی حکومەتێکی نەتەوەیی بەهێزی دەکرد، تیایدا بەرژەوەندی پیشەوەران و خاوەن سامان و پارەداران پارێزراو بێت، ئەوانە لەلایەن پیشەوەرانی باکووری ڕۆژهەڵات و جوتیارەکانی باشوور و پروتستانەکان پشتیوانی دەکران و لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی (١٨٤٠)دا توانیان سەرۆکایەتی بۆ پاڵێوراوەکەیان (ولیام هنری) بەدەست بهێنن.

هەرچی دیموکراتەکانە دوای ئەوەی پاشکۆی کۆماریخوازییان لەسەر ناوەکەیان لابرد، لە ئەنجامی لێکترازانیان لەگەڵ دیموکرات کۆماریخوازەکان، جەختیان لەسەر زەرووڕەتی بەشداریکردنی کەسانی ئاسایی لە ژیانی سیاسیدا دەکردەوە، بەتایبەت لە سەردەمی (ئەندرۆجاکسون)ی سەرۆکیاندا، کە لە (١٨٢٨) توانی پۆستی سەرۆکایەتی بەدەست بهێنێ و دواتر یاسایەک دەر بکات سەبارەت بە مافی هەڵبژاردن و دەنگدان بۆ هەموو نێرینەیەکی سپیپێستی تەمەن پێگەیشتوو، هەروەها دیاریکردنی (نوێنەرەکانی گەل) بۆ هەڵبژاردنی سەرۆک، لەگەڵ گفتوگۆکردن لەسەر سیستمی کۆمەڵایەتی، لەو ماوەیەدا چەند حزبێکی کەمینە بۆ ماوەیەکی کورت لەسەر گۆڕەپانی چالاکی سیاسی دەرکەوتن.

### ٣/ خولی سێیەم (١٨٦٠ ـ تا ئێستا)[٦]

دوابەدوای سەرکەوتنی (ئیبراهام لینکۆڵن) و سەرکەوتنی حزبی کۆماریخواز لە هەڵبژاردن، خولی سێیەمی چالاکییە سیاسییەکانی حزبە ئەمریکییەکان دەستی پێ کردووە، کە لە

پێنج قۆناغ خۆی دەبینێتەوە:

أ) قۆناغی سەرەتایی خولی مۆدێرن (١٨٦٠ ـ ١٨٩٦)

مشتومڕەکان دەربارەی مەسەلەی کۆیلایەتی بووە مایەی پەرت پەرتبوونی حزبی ویگز، بە شێوەیەک لەگەڵ هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆ لە ئەمریکادا حزبی ویگزیش لەناوچوو، بەم شێوەیە بەشێک لە حزبی ویگس(باکوورییەکان) و هەندێ لە ئەندامانی دیموکرات و خەڵکانی دەرەوەی ئەو دوو حزبە، پارتێکی نوێیان دامەزراند بە ناوەی پارتی کۆماری کە بەتوندی دژایەتی سیستمی کۆیلایەتی ئەمریکایان دەکرد.

دوای سەرکەوتنی باکوور بەسەر باشووردا (شەڕەکانی ناوخۆ) بە سەرکردایەتی ئیبراهام لینکۆڵن، خەڵک حزبی کۆماریخوازانی، بە حزبێکی سەرکەوتووی وڵاتپارێز و بونیادنەری دژی کۆیلەداری ناسی، سەرەڕای ئەوەش بڕوای خەڵک وابوو کە کۆماریخوازان پشتگیری بازرگانی و بۆ سوودی مولکداران کار دەکەن، هەروەها ئەوانی لایەنگری کۆماریخوازان بوون، زیاتر سەربازە کۆنەکان و ڕەشپێستەکان و پەراهەندەکان و پرۆتستانەکانی باکوور بوون، لە کاتێکدا لایەنگرانی دیموکراتەکان لە باشوور و لەنێوان کاسۆلیکە ئیرلەندییەکان و ئەوانەی دژ بە دەرکردنی یاسای قەدەغەکردنی مەی بوون.

دوای ئەو دۆخە تا هەڵبژاردنی (١٨٨٦) و سەرکەوتنی پاڵێوراوی کۆماریخوازەکان (ولیام مگنلی)، کۆماریخوازەکان لە شەش خولدا واتا لە ساڵانی (١٨٦١ ـ ١٨٨٥) سەرکەوتنی

هەڵبژاردنەکانیان بەدەسهێنا، پاشان (مگنلی) لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی (١٨٩٧)دا جارێکی دیکە وەک پاڵێوراوی کۆماریخوازەکان بە دەنگێکی تەواو سەرکەوتنی بەدەست هێنا.

ب) قۆناغی دووەم (١٨٩٧ ـ ١٩١٣)

هەڵبژاردنەکانی ساڵی (١٨٩٦) بە خاڵی وەرچەخان لە سیاسەتی ئەمریکا دادەنرێت، چونکە بە سەرلەنوێی گەڕانەوەی ئینتیمای حزبی و ڕێکخراوەیی دادەنرێت، هەرچەندە لە قۆناغی دووەمدا حزبی کۆماریخواز لە شەش هەڵبژاردنی دوابەدوای یەکدا سەرکەوت، بەڵام لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی (١٩١٢)دا ئەو حزبە تووشی ناکۆکی ناوخۆیی بوو، بە ناوی حزبی «پێشکەوتووان» باڵێکی لێ جیابووەوە بە ڕێبەرایەتی – ڕۆزفیلت – ئەو ڕووداوە بووە هۆی نوشستهێنانی کۆماریخوازەکان لە هەڵبژاردنی (١٩١٤) و سەرکەوتنی پاڵێوراوی دیموکراتەکان.

ج) قۆناغی سێیەم (١٩١٣ ـ ١٩٣٢)

لەم خولەدا حزبی دیموکرات لە ساڵەکانی (١٩١٣ ـ ١٩٢١)، هەروەها حزبی کۆماریخواز لە ساڵەکانی (١٩٢١ ـ ١٩٣٢) گەیشتنە پلەوپایەی سەرۆک کۆماری.

د) قۆناغی چوارەم (١٩٣٢ ـ ١٩٨٠)

بە سەرکەوتنی (ڕۆزفیلت) لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی (١٩٣٢) دا، چوارەمین خولی مۆدێرنی چالاکی حزبە سیاسییەکانی ئەمریکا دەستی پێ کرد، چونکە تا ئەو سەردەمە (هربەرت

هوفەر) سەرۆکی ئەمریکا لەسەر لیستی حزبی کۆماریخواز دەسەڵاتی بە دەستەوە بوو، ئەویش وەک کەسێکی پارێزگار بوو، لە هەڵوێستەکانی ئەو کورتهێنانەی ئابووری کە لە ساڵی (١٩٢٩) ڕوویدا، لە ئەنجامی هەڵوێستی کۆنەپارێزییەوە بوو سەبارەت بە دەرنەکردنی یاسایەکی تەشریعی بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە وەکو کێشەیەکی زەق و بەرچاو، لەلایەن (رۆزفیلت)ی کاندیدی دیموکراتخوازەکان قۆزرایەوە و توانی سەرکەوتن لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی (١٩٣٢) بەدەست بهێنی.[٧]

(ڕۆزفیلت) بە سەرکەوتووترین سەرۆکی ئەمریکی لەسەر لیستی دیموکراتخوازەکانی دادەنرێت، کە لە چوار خولی سەرۆکایەتیدا (١٩٣٢ ـ ١٩٤٥) هەڵبژێردرایەوە و توانی هاوپەیمانییەکی بەهێز لەنێوان کاسۆلیک و جوو و کۆنەپارێزەکانی باشوور لەلایەک، لەگەڵ لیبڕاڵەکانی باکوور لەلایەکی دیکە و دانیشتوانی شار و کارگەکانیش لە سێیەمین لاوە دروست بکات.

دوای جەنگی دووەمی جیهانی جارێکی دیکە کۆماریخوازەکان بە سەرۆکایەتی (ئایزنهاوەر) لە ساڵی (١٩٥٣ ـ ١٩٦١)[٨]دا جڵەوی حوکمیان گرتەوە دەست و پاشان دیموکراتخوازەکان بۆ ماوەی (٣) خولی سەرۆکایەتی دەسەڵاتیان گرتەدەست و لە ساڵی (١٩٦٩ ـ ١٩٧٧) کۆماریخوازەکان بۆ سێ خولی دیکە دەسەڵاتی سەرۆکایەتیان گرتەدەست.

هـ) قۆناغی پێنجەمی خولی مۆدێرن (١٩٨٠ ـ بەدواوە)

ساڵانی هەشتاکان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا حکومەتی دابەشبووی بە خۆیەوە بینی، حزبی کۆماری توانی بووی دەسەڵاتی سەرۆکایەتی ساڵانی (١٩٨١ ـ ١٩٩٣) بگرێتە دەست، کە دەکاتە سێ سەرۆکایەتی بەدوای یەکدا.

لە بەرامبەریشدا دیموکراتەکان ئەنجوومەنی نوێنەرانیان کۆنترۆڵ کردبوو.

دووەم:

توێژینەوەیەکی دیکە لەلایەن (ئیبراهیم ئەبوجاریە)، قۆناغەکانی ژیانی حزبایەتی لەویلایەتە یەکگرتووەکان بەسەر پێنج قۆناغ دابەش دەکات.[٩]

١. قۆناغی یەکەم لەنێوان (١٧٩٢ ـ ١٨٢٤)، لەم قۆناغەدا دوو حزب دروستبوون، ئەوانیش حزبی جمهوری و حزبی فیدراڵی، حزبی جمهوری لەو سەردەمە پێی وتراوە حزبی کۆماری دیموکراسی، ئەو دوو حزبە دەسەڵاتیان بەسەر سیستمی سیاسیدا هەبووە.

٢. قۆناغی دووەم (١٨٢٨ ـ ١٨٥٤) لەو ماوەیەدا حزبی جمهوری بەسەر دوو حزبدا دابەش بوو، ئەوانیش حزبی دیموکراسی نوێ، حزبێکی ڕاستڕەویش بە سەرکردایەتی (هنری کلای).

٣. قۆناغی سێیەم (١٨٥٤ ـ ١٨٩٥) لەو قۆناغەدا حزبی جمهوری دژ بە سیستمی کۆمەڵایەتی کاری دەکرد، وەک حزبێکی نوێ.

٤. قۆناغی چوارەم (١٨٩٦ ـ ١٩٣٢) لەم ماوەیەدا ململانێیەکی فراوان لەنێوان هەردوو حزب بەرپابوو، حزبی جمهوری زۆرترین دەسەڵاتی بە دەستەوە گرت.

٥. قۆناغی پێنجەم (١٩٣٢ ـ تا ئەمڕۆ)، هەردوو حزبی (جمهوری و دیموکراسی) دەسەڵات ئاڵوگۆڕ دەکەن.

خەسڵەتەکانی سیستمی حزبایەتی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا:(١٠)

١. سیستمێکە دەسەڵات لەلایەن دوو حزبی سەرەکی (جمهوری و دیموکراسی) پاوان کراوە.

٢. جۆرێک لە ناناوەندێتی لای حزبە سیاسییەکان پێڕەو دەکرێت، لە ڕوویەکەوە دەبینین حزبەکان لەو وڵاتە هەر جۆرە ڕێکخستنێکیان نییە کە ڕێگا بە کەسێک، یاخود بە سەرۆکی حزبە بدات بیروبۆچوونی خۆی بەسەر ئەندامانی حزبدا بسەپێنێ، یان ڕێگا لە ئەندامان بگرن بۆ دەربڕینی بیروڕای خۆیان، لە ڕوویەکی دیکەوە، هەر حزبێک حاڵەتی فرەیی تیادا دروست بووە لەسەر ئاستی ویلایەتەکان، بە دەربڕینێکی دیکە لقی هەر حزبێک لە ویلایەتێک وەک حزبێکی سەربەخۆیە.

٣. بوونی بێمتمانەیی دەنگدەران بە حزبە سیاسییەکان.

٤. لاوازی پابەندبوونی ئەندامان بە حزبەکان.

٥. نەبوون، یان تەماوییبوونی هەر جۆرە ئایدیولۆژیایەکی ڕوون لای حزبەکان.

٦. بڕیارەکانی حکومەت بەهۆی سیاسەتە ناوخۆییەکانی حزب دروست نابن.

٧. هەرچەندە کار و فەرمانەکانی هەردوو حزب نزیکن

لە یەک، بەڵام چەند جیاوازییەک هەیە لەنێوانیان لە ڕووی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و جوگرافییەوە.

ب) کۆماری مەکسیک:[١١]

کۆماری مەکسیک دەوڵەتێکی فیدراڵییە لە کیشوەری ئەمریکای باکوور، ئەو دەوڵەتە لە (٣١) ویلایەت پێکهاتووە، پایتەختەکەی شاری (مەکسیکوستی)یە، کە هەرێمێکی سەربەخۆیە، سیستمی سیاسی لەو وڵاتە سیستمێکی سەرۆکایەتی دەستوورییە، سەرۆک یەکجار لە ژیانیدا بۆ ماوەی (٦) ساڵ هەڵدەبژێردرێت، لە هەمان کاتدا سەرۆکی حکومەت دەبێت، دەسەڵاتە گرینگەکانی سەرۆک کۆمار، پێشنیازکردنی پڕۆژەی یاساکانە، دیاریکردنی سیاسەتی دەرەکی حکومەتە، بەکارهێنانی مافی ـ ڤیتۆ – یە لە ئاست چەند یاسایەک، هەروەها دەرکردنی مافی لێبووردن بەرامبەر کەسانێک کە تاوانبارکرابوون، هەر لە دەسەڵاتە گرینگەکانیشی ڕاگەیاندنی یاساکانە لە بوارە گشتییە جیاوازەکانەوە.

ئەنجوومەنی یاسادانان لە مەکسیک لە دوو بەش پێکدێت، ئەنجوومەنی پیران و ئەنجوومەنی نوێنەران.

**بارودۆخی سیاسی لە وڵاتی مەکسیک:**[١٢]

ساڵی (١٨٢١) وڵاتی مەکسیک سەربەخۆیی بەدەستهێنا، ساڵی (١٨٢٤) سیستمی کۆماری لەو وڵاتە ڕاگەیەنرا، ململانێ و ناکۆکی لەنێوان هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لەسەر

دەسـەڵات سـەریان هەڵـدا، سـەرەتا چەنـد ئەفسـەرێک هەڵگری ئاراستەی کۆنەپارێز دەسـتیان بەسـەر دەسـەڵات گرت، ململانێیە سیاسـییەکان زیاتـر لەنێـوان دوو ئاراسـتەبوون، کۆنەپارێـز و لیبراڵەکان کە بە توندی دەستی پێ کرد، ئەگەرچی جیاوازییەکی زۆریش لـە بیروباوەڕەکانی نێوانیـان بـەدی نەدەکرا.

ئـەو بارودۆخـە لـە وڵاتـی مەکسـیک لەگـەڵ پەرەسـەندنی ڕووداوەکانی، خەڵکی بەسـەر دوو ئاراستەی سـەرەکی دابـەش کـرد لـە ئاسـت بۆچوونیـان بـۆ چەمکـی دەوڵـەت، ئـەو دوو ئاراسـتەیەش:(١٣)

١. ئاراسـتەی یەکـەم: داوای دامەزراندنـی حکومەتێکـی پاشـایەتی دەسـتووریان دەکرد، لەگەڵ کارکردن بە پاشماوەی بەهاکانـی ئەریسـتوکراتیەت و پارێزگاریکـردن لـە کڵێسـە، وەک چارەسـەرییەک بـۆ کێشـەکانی مەکسـیک.

٢. ئاراسـتە دووەم: دژایەتـی ئـەو بۆچوونـە کۆنەپارێزەیـان دەکـرد، داوای پیادەکردنـی بنەماکانـی لیبراڵییەتیـان دەکـرد بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەکانی وڵات.

سـاڵانێکی دووردرێـژ وڵاتـی مەکسـیک ببـووە گۆڕەپانـی شـۆڕش و ڕووداوی توندوتیـژ، ئـەو دۆخـە دەرفەتـی خۆشـکرد بـۆ دەسـتێوەردانی دەرەکـی، ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا پشـتگیری لیبراڵەکانیـان دەکـرد، لـە کاتێکدا فەرەنسـا پشـتگیری ئاراسـتەی کۆنەپارێـزی دەکـرد.

ئەگەرچـی لیبراڵـەکان دەسـتیان بەسـەر دەسـەڵاتدا گـرت، بەڵام تۆقاندن و چەوساندنەوە لـە مەکسیک بە توندی درێژەی کێشـا، ئاسـایش و ئاسـوودەیی بۆ وڵات نەهاتـەدی، دەسـەڵات

هەمان ڕەفتاری ئەوانی پێشووی هەبوو.

لەنێوان (١٨٧٦ - ١٩١١) شەپۆلە ڕاپەڕینێکی جەماوەری فراوان هەموو مەکسیکی گرتەوە، لە ئەنجامدا سەرۆک کۆمار لە دەسەڵات دوورخرایەوە، دەسەڵات کەوتە دەستی چەند ئەفسەرێک کە بەهۆی کودەتاوە دەستیان بەسەر دەسەڵاتدا گرت، ئەو بارودۆخە ناسەقامگیرییە درێژەی کێشا تا ساڵی (١٩٢٠) کاتێ کەسێکی دیکە بە ناوی «جیل» بووە سەرۆک کۆمار.

لەو سەروبەندەدا حزبی نیشتمانی شۆڕشگێڕ لە (١٩٢٩) دامەزرا، پاشتر ناوی گۆڕا و بووە حزبی شۆڕشگێڕی دەستووری لە (١٩٤٦)، ئەو حزبە لەسەر دەستی (بلوتارکوکاتیس) دامەزرا، کە دواتر بووە سەرۆک کۆمار.[١٤]

ئامانج لە دامەزراندنی ئەو حزبە هەموو هێزە شۆڕشگێڕەکان بگرێتە خۆی و کۆتایی بە ململانێ و توندوتیژی بهێنێ، هەروەها هەر کەسێک بۆ پێگەی سەرۆک کۆمار هەڵبژێردرێت پێویستی بە ڕەزامەندی ئەو حزبەی دەکرد.

ساڵی (١٩٣٩) حزبی کردەی نیشتمانی دروست بوو، وەک کاردانەوەیەکی کڵێسە بەرامبەر بەرهەڵستیکردنی، حزب لە ساڵی (١٩٤٠) ئەندامێکی خۆی بۆ پێگەی سەرۆک کۆمار دیاری کرد.

## ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی جوتیاری و کرێکاری
## لە ژیانی سیاسی مەکسیکدا: [١٥]

بەهۆی پەیوەندی توندی حکومەت بە سێ بەشی سەرەکی ناو کۆمەڵگەی مەکسیک (جوتیاران، کرێکاران، سوپا) ئەوا سەقامگیری سیاسی لە سێیەکانی سەدەی بیستەمەوە ڕووی لە مەکسیک کرد.

ڕۆڵی جوتیاران:

لەنێوان سالآنی (١٨١٠ ـ ١٩٢٩) جوتیارانی مەکسیک زۆرترین گەلانی ئەمریکای لاتین بوونە کە بە شۆڕش و ڕاپەڕین هەستاون، بەڵام لە دوای ساڵی (١٩٣٠) هەژارانی گوند و لادێیەکانی مەکسیک گەورەترین گرووپ بوون کە پشتگیری حکومەت و حزبی دەسەڵاتیان کردووە.

چینی جوتیاری لە مەکسیک بەسەر سێ گرووپی لاوەکی دابەش دەبێت، ئەوانیش: جورنالیروس، ئەوانی بەکرێ کار دەکەن و زەوییان نییە.

ئەخیدا تاربوس، سوودمەندەکانی چاکسازی کشتوکاڵین.

مینیفو نستاس، خاوەن پارچەزەوی زۆر بچووک.

لە سەردەمی سەرۆک (لاوزارو کاردیناس) تۆرێکی فراوانی ڕێکخراوی جوتیاران پێکهات کە هەموو وڵاتی گرتەوە، پاشان ئەو ڕێکخراوانە لەناو (یەکێتیی نیشتمانی جوتیاران) کۆکرانەوە هەر لەو سەردەمەوە بەرپرسانی ئەو یەکێتییە جوتیارییە ڕۆڵیان لە کاروباری حکومەت گێڕاوە و دەنگیان بە نوێنەرەکانی حزبی شۆڕشگێڕی دەسەڵاتداراوە.

ڕۆڵی کرێکاران:
ساڵی (١٩٤٠) حکومەتی مەکسیک وای بە پێویست زانی کە سەندیکا کرێکارییەکان چاودێری بکات و ڕێنماییشیان بکات وەک پێویستییەک بۆ سەرکەوتنی گەشەپێدانی ئابووری وڵات، بۆیە زنجیرەیەک سەندیکای نوێی کرێکارانی دامەزراند، یەکێتیی کرێکارانی مەکسیک بووە گەورەترین ڕێکخراوی کرێکاری و زۆرترینیانیش دەستڕۆیی لە کاروباری وڵات، هەروەها بووە هاوبەشێکی کارا لە بەرنامەکانی حکومەت بۆ بەدیهێنانی سەقامگیری سیاسی و ئابووری.
لە ساڵی (١٩٤٩) سەرکردەی بزووتنەوەی کرێکاری (فیدل فیلازگویز) بووە پیاوێکی دڵسۆز بۆ حکومەت، هەر بەهۆی ئەو یەکێتیی سەندیکاکان لە کاری سیاسی ڕۆڵی کارای گێڕاوە، هەروەها نوێنەریان لەناو ڕێکخستنەکانی حزبی شۆڕشگێڕی دەسەڵاتدار هەبووە.

**هەوڵەکان بۆ چاکسازی سیاسی:**

لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا، بانگەشە بۆ چاکسازی سیاسی بە گەرمی دەستی پێ کرد، توێژێکی زۆر لە بژاردەی سیاسی وڵاتی مەکسیک داوای چاکسازییان دەکرد لە سیستمی حزبایەتی و هەڵبژاردندا.
هەر لە دیاردە و ڕووداوەکانی ئەو هەوڵانە، چەندین خۆپیشاندان ڕوویدا، لەگەڵ مانگرتنی گشتی مامۆستایان و مانگرتنی کرێکارانی هێڵی ئاسنین لە (١٩٥٨)، خۆپیشاندانەکانی بزووتنەوەی خوێندکاری (١٩٦٨)، سەرەڕای ئەو قەیرانە

ئابوورییەی مەکسیکی گرتەوە لەنێوان (١٩٧٥ ـ ١٩٨٨). لەم بارەوە چەندین هەوڵدرا بۆ چاکسازی سیاسی وەک دەرکردنی یاسای ساڵی (١٩٧٧) بۆ هەڵبژاردن، ئەگەر هەر حزبێک ڕێژەی (١,٥٪) دەنگەکانی هێنا ڕێگای کاری سیاسی پێ بدرێت بەپێی یاسا.

**خەسڵەتەکانی کولتووری سیاسی لە مەکسیک:**

١. مەکسیکییەکان بە توندی پشتگیری ئەو دامەزراوە سیاسییانەیان دەکەن، کە لە ئەنجامی شۆڕشی (١٩١٠)ەوە هاتنەکایەوە، هەروەها داننان بە بنەما دیموکراسییەکانی دەستووری (١٩١٧).

٢. ڕەخنەگرتن لە کار هەڵسوڕاندنی حکومەت لە بوارە ئابوورییەکان، هەروەها بەرپرسانی حکومەت بە گەندەڵ ناو دەبن.

٣. شۆڕش (١٩١٠) داکۆکی لەسەر دروشمەکانی وەک: دادگەری کۆمەڵایەتی، دیموکراسییەت، یەکێتیی نیشتمانی دەکردەوە.

٤. بڵاوکراوەکانی حزبی دەسەڵات، پاڵێوراوانی خۆی لە دەسەڵات بە چاکسازی کشتوکاڵی دەبەستەوە، هەروەها ئاڵای نیشتمان بەو دروشمەی کە دروشمی حزبی شۆڕشگێڕی دامەزراوەییە.

٥. لە ڕاپرسییەک لە تەمووزی (١٩٨٧) دەریخست، کە (٣٨٪)ی خەڵکی مەکسیک هیچ پەیوەندییەکی حزبایەتیان نییە،

هەروەها لە ڕاپرسییەکی دیکە لە نیسانی (١٩٩٠) ئاشکرای کرد، کە (٥١٪) خەڵکی مەکسیک پشتگیری هیچ حزبێکی سیاسی ناکەن.

٦. زۆرینەی خەڵکی مەکسیک پشتگیری کەسانی بە توانا و بەهێز دەکەن لە دەسەڵات، نموونەی (غوالیمو یتموک کاردیناس، کارلوس سالیناس) زیاتر لەوەی پشتگیری حزبەکان بکەن.

٧. چەند زانیاری و ڕاپرسییەک لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی بیستەم ئەوەیان ئاشکرا کردووە، کە خەڵکی مەکسیک دژی ئەو بۆچوون و بیروڕایانەن کە بانگەشە بۆ گۆڕانی ڕیشەیی دەکات، بەتایبەتی ئەوانی هەڵگری هزری چەپی مارکسین.

## سەرچاوە و پەراوێزەکانی بەشی شەشەم:

١. موسوعة السياسة – الجزء الاول – اشراف د. عبدالوهاب الكيالي – سەرچاوەی پێشوو ص٣١١

٢. سیستمی حزبی لە ئەمریکا – ڤیان مەجید – چ١ – ٢٠٠٨ سلێمانی ل٤٤١

٣. جۆرج واشنتۆن: یەکەم سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو، لەنێوان (١٧٣٢ ـ ١٧٩٩) ژیاوە.

٤. ئەلیکسەندەر هامیلون: یەک لە دامەزرێنەرانی ویلایەتە یەکگرتووەکان بووە، زانای دەستووری بووە، لەنێوان (١٧٥٥ ـ ١٨٠٤) ژیاوە.

٥. تۆماس جیفرسون: یەک لە دامەزرێنەرانی ویلایەتە یەکگرتووەکان بووە، سێیەم سەرۆکی ئەمریکا بوو، نووسەری مانیفستی سەربەخۆیی ئەمریکا بوو، لەنێوان (١٧٤٣ ـ ١٨٢٦) ژیاوە.

٦. ئیبراهیم لینکوڵن: شازدەهەمین سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکان بوو، لەنێوان سالانی (١٨٠٩ ـ ١٨٦٥) ژیاوە.

٧. فرانکلین ڕۆزفیلت: سەرۆکی (٣٢) ویلایەتە یەکگرتووەکان بوو، لەنێوان (١٩٣٣ ـ ١٩٤٥) ماوەی سەرۆکایەتی بوو، لەنێوان (١٨٨٢ ـ ١٩٤٥) ژیاوە.

٨. دوایت ئایزنهاوەر: سەرکردەیەکی سیاسی و سەربازی بووە، (٣٤)مین سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکان بوو لەنێوان (١٨٩٠ ـ ١٩٦٩).

٩. بحث – ابراهيم ابو جارية www.sasapost.com

١٠. بحث د. سليم كاطع – المركز الديمقراطي العربي –

نيسـان/٢٠١٨ سـايت www.democraticac.de
١١. الاحـزاب السياسـية في المكسـيک – النشـأة والتأثيـر – بحـث جيهـاد حسـنين المعهـد المصـري للدراسـات.
١٢. موسوعة السياسة – الجزء/٦ – سەرچاوەی پێشوو ص٢٩٦
١٣. السياسـة والحكومـة – لورانـس غراهـام – واخـرون – سـەرچاوەی پێشـوو ص٣٣١
١٤. امريكا اللاتينيـة – قـارة الجـوع والثـورة – بيتريوسـف – دار الثـورة – بغـداد، ط١/١٩٧٣ ص٣٣
١٥. موسـوعة – عالـم السياسـة – الجـزء /٢١، دار نوبلـس بيـورت / ط/٢٠١١/٢ ، ص ١١٠ – ١٢٠

# بەشی حەوتەم

# پێکهاتنی حزبە سیاسییەکان لە کیشوەری ئەمریکای باشوور (لاتین)

## شیکردنەوەیەکی گشتی[1]

زاراوەی ئەمەریکای لاتینی لەو زمانانەی بڵاو بوونەتەوە لە ناوچەکە وەرگیراوە، وەک زمانی ئەسپانی، پورتوگالی، فەرەنسی، کە هەموویان زمانی لاتینین.

ئەو کیشوەرە ڕووبەرەکەی لە دەوروبەری (١٧) ملیۆن کم٢ زیاترە، هەروەها ژمارەی دانیشتوانی زیاترە لە (٣١٧) ملیۆن کەس.

ئەمریکای باشوور، دەوڵەتەکانی لە ڕووی جوگرافیاوە بۆ چەند ناوچەیەک دابەش دەکرێن، وەک: کۆمەڵەی دەوڵەتەکانی ئەندیز: بۆلیفیا، پیرۆ، ئیکوادۆر، شیلی، ناوەکەشی لە زنجیرە چیای ئەندیزەوە وەرگیراوە، کە بەناو ئەو لاتانەدا تێپەڕ دەبێت.

لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کیشوەرەکە دوو کۆماری (کولومبیا و فەنزویلا) هەیە، ناوچەیەکە شوێنی کۆنترین شارستانیەتەکانە لەو کیشوەرە.

لە باشووری ئەمریکای لاتینی، کۆمارەکانی: ئەرجەنتین، پاراگوای، ئۆرگوای، هەیە.

گەورەترین دەوڵەتی کیشوەرەکە لە ڕووی دانیشتوانەوە وڵاتی بەڕازیلە، شوێنی جوگرافی و ژمارەی دانیشتوانی و خەسڵەتە کولتووریەکانی و زمان و ڕەگەزی وڵاتانی دیکەی کیشوەرەکە جیاواز دەکرێتەوە.

پێکهاتەی دانیشتوانی ئەو کیشوەرە لە ڕووی ڕەگەزییەوە

جیاوازی و جۆراوجۆرییەکی گەورەی تیادایە، لەوانە: هیندییە سوورەکان (دانیشتوانی ڕەسەنی کیشوەرەکە) ڕەشپێستە ئەفریقییەکان، کۆچەرە ئەورووپییەکان و ئەوانی خوێنیان تێکەڵە و ناویان لێنراوە «میسێنرۆ»، کە بەرەی دوو کەسی ئەورووپی و هیندییە سوورەکانن.

چەند دەوڵەتێکی کیشوەرەکە هیندییە سوورەکانی تیادا نییە، وەک: ئۆرگوای، لە چەند دەوڵەتێکی دیکە ڕێژەیان، یاخود ژمارەیان بەرزە، وەک مەکسیک، ئیکوادور، پولیڤیا، وڵاتانی ناوەڕاستی هەردوو کیشوەری ئەمریکای باکوور و باشوور، پاراگوای.

بەڵام ڕێژەی دانیشتوان لە هیندییە سوورەکان لە وڵاتانی، بەڕازیل، کۆلومبیا، ئەرجەنتین، فەنزویلا کەمترە.

لەسەر ئاستی سیاسی، دەوڵەتەکانی ئەمریکای لاتین چەند خەسڵەت و تایبەتمەندییەکی هاوبەشیان هەیە، وەک: ناوەندێتی لە دەسەڵاتی سیاسی، لاوازی حکومەتە خۆجێی و هەرێمییەکان، چڕبوونەوەی دەسەڵات لەژێر دەستی سەرۆکی حکومەت، پەککەوتەیی دەسەڵاتی یاسادانان، دەسەڵاتی دادوەری لە چەند دەوڵەتێکی کیشوەرەکە سەربەخۆیی خۆی لەدەستداوە، سەرەڕای ڕووداوی کودەتا سەربازییەکان کە لە زۆربەی دەوڵەتەکانی کیشوەرەکەباوە.

## دەرکەوتنی حزبەکان و ژیانی سیاسی:[٢]

دەرکەوتنی حزبە سیاسییەکان لە ئەمریکای باشوور بۆ دەوروبەری (١٧٠) ساڵێک پێش ئێستا دەگەڕێتەوە، ئەو کارە هاوبەند بووە بە سەربەخۆیی و جیابوونەوەی وڵاتانی ئەو کیشوەرە لە ئیسپانیا و لە داگیرکاری بە شێوەیەکی گشتی.

دیارە سەرەتا حزبە سیاسییەکان لەو وڵاتانەی سەربەخۆییان بەدەستهێنا دروستبوونە، وەک وڵاتانی بەڕازیل و پەنەما و کوبا، ئەوەش لە هەلومەرجێکدا کە دەرفەتی دروستبوونی ئەو حزبانە بەهۆی پەرلەمانەوە نەبووە.

لێرەدا شیکردنەوەی باری کۆمەڵایەتی و ئابووری، هەروەها شیکردنەوەی پەیوەندییە پاشکۆیەتەییەکان بە ئیستعمارەوە یارمەتیمان دەدەن بۆ تێگەیشتن لە ڕەگوڕیشەی ئەو دیاردەیە، ئەمە سەرەڕای کاریگەرییە زاڵەکانی سەر پەرەسەندنی ژیانی حزبایەتی.

دروستبوونی حزبەکان بەوە دەستی پێ کرد کاتێ چەند گرووپێکی سیاسی گەشەیان کرد، ئەوەش دوای ڕزگاربوون لەو دەوڵەتە ئیستعمارییەی کە وڵاتەکایانی داگیر کردبوو، دروستبوونی ئەو گرووپانەش ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندییەکانی گەورە موڵکدارانی زەوی و پیاوانی ناو سوپا و کڵێسەی ئایینی بەسەرەوە بووە، ئەو ڕاستییەش نەک تەنها لەسەر یەکەم قۆناغی دامەزراندنی حزبەکان لە کیشوەری ئەمریکای لاتینی پیادە دەبێت، بەڵکو بەسەر درێژایی ڕێرەوە مێژووییەکەی

وڵاتانی ئەو کیشوەرە، لەبەر ئەوەی ڕۆڵی ئەنجوومەنی یاسادانان (پەرلەمان) لە وڵاتانی ئەمریکای باشوور زۆر لاواز بووە، لە ڕاستیشدا دەسەڵاتی سیاسی لە دەستی ئەنجوومەنەکانی جێبەجێکردنی (حکومەت) ماونەتەوە، کە زاڵبوون بەسەر ئەو حزبە سیاسییانەی بریتی بوون تەنها لە گردبوونەوەی کۆمەڵە کەسێک.

ئەمە و سەرەڕای ئەو هەلومەرجانەی باسکران، جۆری سیستمی سیاسی لە چەندین وڵاتی ئەمریکای باشوور (لەگەڵ ئەو مۆرک و خەسڵەتە سەندیکایی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتیانەی کە ئەو وڵاتانە پێی ناسراون)، ئەوا پشکێکی گەورەی لە بەرپرسیاریەتی دروستکردنی سیاسەتە گشتییەکانی خستۆتە دەستی ئەوانەی پێیان دەوترێت، حکومەتە تایبەتەکان، نموونەی ژوورەکانی بازرگانی و پیشەسازی، بانکەکان، کۆمەڵە بازرگانیەکان... تا دەگاتە نیقابەکانی کرێکاران.

دەبنین ئەو بڕیارانەی پەیوەستن بە بەرژەوەندی هەریەک لەو لایەنانە، ڕەنگە هەرگیز نەگەنە ئەنجوومەنە پسپۆڕییەکانی حکومەت، ئەگەر ڕوویدا گەیشتنیش ئەوا وەک ئەنجامە کۆتاییەکان دەخرێنە ڕوو بۆ ڕەزامەندی دەربڕین لەسەریان، نەک وەک پێشنیازکردن بۆ ڕاوێژ و ڕێکەوتن لەسەریان.

بۆیە لەم چوارچێوەیەدا ڕۆڵی حزبە سیاسییەکان لاواز و پشتگوێخراو دەبن، هەروەها ڕێوشوێنەکانی وەک هەڵبژاردن و مانۆرە حزبیەکانیش بایەخێکی کەمیان دەبێت لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی.

بەڵام لە گۆشەی قەیرانەکانی گەشەپێدانی سیاسی، ئەوا

کارەکـە تەنهـا لەسـەر ئەوەنـدە ناوەسـتێت کـە سـەر هەڵدانـی دیـاردەی حزبایەتـی پەیوەسـت بێـت بـە بوونـی ئـەو قەیرانانـە و بـە ڕوودانیشـیان لـە یـەک کاتـدا، یاخـود لـە مـاوەی نزیـک لـە یەکتـردا.

دیـارە ئـەو حاڵەتـەش لـە سیما و تایبەتمەنـدی کۆمەڵگەکانـی جیهانـی سـێیەمدایە، بـەڵام بـە پلـەی جیـاواز لـە وڵاتێکـەوە بـۆ وڵاتێکـی دیکـە.

لـەم چـوار چێوەیەشـدا دیـاردەی دروسـتبوونی حزبـەکان لـە کیشـوەری ئەمریـکای باشـوور دەسـتی پـێ کـرد، ئەویـش وەک وەڵامدانەوەیـەک بـۆ پێداویسـتییە کۆمەڵایەتییـە جیاجیـاکان لـە قۆناغـە مێژووییەکانـی پەرەسـەندنی وڵاتانـی ئـەو کیشـوەرە.

بـە دەسـتەواژەیەکی دیکـە، پەرەسـەندنی حزبـە سیاسـییەکان و جۆراوجـۆری شـێوازەکانی و بیروبـاوەڕە ناکۆکەکانـی لـە کیشـوەری ئەمریـکای لاتینـی، ڕەنگدانەوەیـە بـۆ پەرەسـەندن و گـۆڕانـە کۆمەڵایەتـی و سیاسـییەکانی ناوچەکـە، حزبەکانیـش بـەزۆری لـە خاڵەکانـی وەرچەخانـی یەکلاکـەرەوەی مێـژووی وڵاتەکانیـان دەردەکـەون، ئەگـەر لـە بارودۆخەکـەی ئـەو وڵاتانـە وردبینـەوە دەبینیـن هـەر لـە سـەرەتای سـەدەی بیسـتەمەوە لـە چەنـد وڵاتێکـی ئـەو کیشـوەرە زنجیرەیـەک شـۆڕشـی و ڕاپەڕیـن دژ بـە دەسـەڵاتدارە دیکتاتـۆرەکان بەرپابـوون لەسـەر دەسـتی ڕۆشـنبیرانی چینـی ناوەڕاسـت، ئـەو دۆخـە وایکـرد کـە ئـەو چینـە زیاتـر بەهێـز بێـت، چونکـە سیسـتمی کۆمەڵایەتـی و ئابـووری گـۆڕانـی و بەسـەردا هـات و ڕووی لـە پێشـکەوتن کـردووە لەگـەڵ کاریگەریـی ئایدیۆلۆژیاکانـی جیهـان لـە ناوچەکـە.[٣]

ئەو دیاردەیە هاوکات بوو لەگەڵ گەیشتن و بڵاوبوونەوەی ئایدیولۆژیای مارکسی لینینی بۆ کیشوەرەکە و گەیشتنەی چالاکی کۆمۆنیستی و بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکان.

ئەو ڕێکخستنە سەرەتاییانەی ناویان لە خۆیان نابوو (حزبی سیاسی)، تەنها بریتی بوون لە چەند گرووپ و دەستەیەک، ئەوانە هەڵقوڵاوی توێژی بژاردەی حوکمڕان بوون، لەسەر پێگە و پایە گشتییەکان ململانێیان هەبووە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم.

ئەو ڕێکخستنانە زۆریش جیاواز نەبوونە لەنێوان خۆیاندا، لە ئاست ناسنامەی ئەو هێزانەی کە دەبوایە، حوکمڕانیان بە دەستەوە بێت، ئەوان باوەڕیان بە فەرمانڕەوایی بژاردەی کۆمەڵ هەبووە، بەڵام دەربارەی ئەو سیاسەتانەی کە پێویست بوو حکومەت پیادەیان بکات، جیاوازی هەبووە لەنێوانیاندا، نموونەش لەسەر ئەو جۆرە سیستمانە: سیستمەکەی (خوان بیرۆن) لە ئەرجەنتین، کە لە ساڵی (١٩٤٥) بەهۆی خۆپیشاندانی جەماوەری گەیشتە دەسەڵات.[٤]

لەلایەکی دیکەوە کۆمەڵێک سەر بە ئاراستەی «کۆنەپارێز»، کە بریتی بوون لە خاوەن زەوی و پیاوانی ئایینی، بۆچوونیان وابوو کە حکومەت ئەرکی ئەوە نییە تەنها پارێزگاری لە بونیادی کۆمەڵایەتی و ئابوورییە باوەکان بکات.[٥]

بەڵام «لیبراڵەکان» خواست و ئاواتیان زۆرتر بوو، بانگەشەیان بۆ ئەوە دەکرد کە حکومەت بایەخ بە گەشەپێدانی کشتوکاڵی و بازرگانی بدات، لەگەڵ هەناردەکردنی بەرهەم و کاڵاکان، ئەو کارەش لە ڕێگەی دابەشکردنی زەوییەکانی

کڵێسە و کۆمەڵانی هیندییە سوورەکان (دانیشتوانی ڕەسەن) بەسەر وەبەرهێنەرانی گوند و دەرەوەی شارەکان.

هەروەها لە ژمارەیەکی کەمی وڵاتانی ئەو کێشوەرە، حزبە لیبڕاڵ و کۆنەپارێزەکان توانیویانە ملکەچی و پابەندی قووڵ لەناو خەڵکدا بخولقێنن، کە هۆکاری مانەوەیان بووە تا ئەمڕۆ، بەڵام لە زۆربەی ئەو وڵاتانە حزبەکان وردەوردە ڕوویان لە نوشستیهێنان کردووە، لە بەرامبەردا چەند حزبێکی نوێ دەرکەوتوون لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا.

ئەمە و لەگەڵ قۆرخکردنی سیاسەتە حزبییەکان لەلایەن توێژی بژاردەی ناو کۆمەڵگە، ئەوا نەوەی نوێی کۆچبەران و پیاوانی کاروباری شار و پیشەوەران و کشتیار و بازرگانە بچووکەکان، ئەوانی لە چەند وڵاتێکی گەورەی ئەمریکای لاتینی دەرکەوتن لەنێوان (١٩٠٠ ـ ١٩٢٠)دا، ئەوانە بۆیان ئاشکرابوو کە هیوا و خواستیان کەمە دەنگیان هەبێت لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتەکانیاندا، ئەو هیوا و خواستەیان بەرەو ڕووی بەرهەڵستی دەبووەوە، ئەگەر حزبێکی سیاسی تایبەت بە خۆیان نەبێت، هەروەها کارکردن بەهۆی ئەو حزبانەوە بۆ جێبەجێکردنی چاکسازییەکان لە بواری هەڵبژاردندا. ئەو چین و توێژە ناوەڕاستیانەی باسیان هات، لە هەندێ وڵاتی کشوەری ئەمریکای لاتینی، ئەوانە نەک تەنها لە بەدیهێنانی ئەو چاکسازییەی مەبەستیان بوو سەرکەوتن، بەڵکو گەیشتنە هەندێ پێگە و پلە گشتییەکانیش، ئەو دەستە و گرووپانەی ناوی ڕادیکاڵیان لەخۆ دەنا (هەروەک لە شیلی و ئەرجەنتین)، یان لەژێر هەر ناوێکی دیکەوە بوایە، ئەوانە بەهۆی ڕێکخستنە

فراوانەکانیـان لەنـاو شـارەکاندا و بـە سـەرکردایەتی کەسـانی جەمـاوەری ڕووبـەڕووی حزبـە نەریتگەرییـەکان بوونەتـەوە و گەیشـتوونەتە پلەوپایـە گشـتییەکان.

بـەڵام ئـەو بێ بازارییـە گشـتیەی کـە بـە قەیرانـە ئابوورییـە جیهانییەکـەی سـاڵی (١٩١٩) ناسـرا، گوررزێکـی کوشـندە بـوو بەرامبـەر حـزب و توێژەکانـی ناوەڕاسـت، ئەوانـە توانـای چارەسـەرکردنی ئـەو کێشـانەیان نەبـوو کـە قەیرانەکـە ورووژاندبـووی، بۆیـە ئـەو حزبانـە بـەرەو ڕووی هێرشـی کۆنەپارێزەکان بوونەتـەوە، ئەمـە لەلایەکـەوە، لەلایەکی دیکـەوە لەسـەر دەسـتی سـوپا ئەندامانیـان لەسـەر زۆر پلـە و پێگـەی گشـتی دوور خراونەتـەوە، هەروەهـا دوای جەنگـی دووەمـی جیهانـی و لـە ئاکامـی ئـەو بارودۆخـە، ڕادیکاڵـەکان ناچارکـران بـەرەو ڕووی جـۆرە ڕکابەرییـەک ببنـەوە لەگـەڵ چەنـد هێزێکـی سیاسـی نوێـدا، ئەویـش لەپێنـاو بەدەسـتهێنانی پشـتگیری جەمـاوەری، گرینگتریـن ئـەو هێزانـەش بزووتنـەوە میللییـەکان بـوون لـە وڵاتانـی ئەرجەنتیـن و بەڕازیـل.[٦]

ئـەو بزووتنـەوە میللییانـە لەسـەر شـانی کۆمەڵـە کەسـانێکی سـیڤیل و سـەربازی دروسـت ببـوون، ئەوانـی هەڵگـری خەسـڵەتەکانی ئـاوات بـەرزی و خواسـت و لێهاتوویـی بـوون، ئەوانـە توانیـان بەسـەر بانگەشـەی ڕادیکاڵـەکان تێپـەڕن بەهـۆی تەیارکـردن و هاندانـی چینـی کرێـکاری شارسـتانی و پاڵنانـی ئـەو چینـە بـەرەو کاری سیاسـی و تێکەڵبوونـی کاری حزبایەتی، بەرچاوترین سـەرکردە جەماوەریەکانی ئـەو دۆخـەش، هەریـەک لـە (خـوان پیـرۆن) لـە ئەرجەنتیـن و (جیتولیـو فارجـال) لـە

بەڕازیل بوون.

ئەو بزووتنەوە میللییانە سوودیان لە هەنگاوە خێراکانی پیشەسازی وەرگرت، کە لە ساڵانی سی و چلەکان (سەدەی بیست) لە وڵاتەکانیان هاتە دی و لەگەڵ هەوڵ و هیوا بەرزەکانی چینی پرۆلیتاریای گەشەکردووی شارەکاندا، ئەوانەی کە لەلایەن هێزە ڕادیکاڵ و لیبراڵ و کۆنەپارێزەکانەوە پشتگوێ و فەرامۆش خرابوون.

بەڵام ڕێکخراوە حزبیەکانی سەر بە بزووتنەوە میللییەکان کە هیچ جۆرە توندوتۆڵییەکیان تیادا نەبوو، ڕوویان لە کەسایەتییە دیارەکان و توانی چەند ڕێکخراوێکی لاوەکی کرد بۆ پیشتگیرییان، نەک پشتبەستن بە ڕێکخراوی جەماوەری بەهێز، بۆیە کاتێ دەستیان گەیشتە دەسەڵات هێزیان بەکارهێنا، نەک تەنها بۆ دابەشکردنی دەسکەوتەکان بەسەر لایەنگرانیان، بەڵکو بۆ پشتگیریکردنی توێژێک لە کادیرانی ناوچەکە و بۆ پەلەکردن لە کارکردن لە بواری پیشەسازی.

بەڵام ئەو ڕەوتە میللیانە بە هیچ جۆرێک لەلایەن ڕۆشنبیر و پیشەوەرانەوە جێگای قبووڵکردن نەبوون، بەهۆی بێزاربوون لە ڕەفتارە دیماگۆگیانەیان و لە بەکارهێنانیان بۆ شێوازی توندوتیژی.

هەر لە ئەنجامی ئەو هەلومەرجانە و لەو سەروبەندەدا ئەوا کۆمەڵە سیاسەتمەدارێکی دیکە و ئەوانی ڕازی نەبوون بەو بارودۆخە، لە هەوڵی دامەزراندنی چەند حزبێکی دیموکراسی چاکسازی خوازبوون، بۆ ئەوەی خاوەن پێگەی جەماوەری بن، ئامانجشیان ڕێگاکردنەوە بوو بۆ دیموکراسییەت،

بەهۆی بەستنەوەی بەها دیموکراسییە ڕادیکاڵەکان بە لایەنە وروروژێنەر و سەرنج ڕاکێشە میللییەکان، لەگەڵ بوونی ڕێکخستنێکی توندوتۆڵ.

ئەوان ئامانجیان تەنها ئەوە نەبوو کە گرووپ و توێژەکانی «ناوەڕاست» بخەتە پاڵ خۆیان هاوشێوەی ڕادیکاڵەکان، بەڵکو ئامانجیان خستنەپاڵی چینی کرێکاریش بوو.

لە کۆتاییدا دەکرێ بڵێین کە دیاردەی حزبایەتی لە کیشوەری ئەمریکای باشوور بە چەند دیاردەیەک بەستراوەتەوە:

١. پارێزگاریکردن لە بەرژەوەندییە چینایەتیەکانی هێزە دەسەلاتدارەکان لە سەردەمی سەربەخۆییدا.

٢. حزبەکان بە زۆری ڕۆڵی پاشکۆیەتیان وەرگرتبوو، لەگەڵ هەوڵدان بۆ ئەوەی مۆرک و خەسڵەتی مۆدێرنێتە وەربگرن.

لێرەدا بۆ زیاتر دەرخستن و ڕوونکردنەوەی بارودۆخی ژیانی حزبایەتی لە کیشوەری ئەمریکای باشوور، باس لە ڕووە مێژووییەکەی ژیانی سیاسی چوار وڵاتی ئەو کیشوەرە دەکەین:

**یەکەم/ کوبا:**

ساڵی (١٥١١) وڵاتی کوبا کەوتە بەر هێرشی لەشکری ئیسپانیا و داگیر کرا، ئەو وڵاتە بووە بنکەیەک بۆ داگیرکردنی وڵاتانی دیکەی ناوچەکە لەلایەن ئیسپانیاوە.[٧]

بەڵام بەهۆی تێکۆشان و بەرهەڵستیکردنی خەڵکی کوبا، ئیسپانیا ناچار بوو ڕازی بێت لەسەر جۆرێک لە دەسەڵاتی

خۆجێی بۆ کوبا.

سـاڵی (١٨٧٨) کوبـا دواوڵات بـوو کـه ڕزگاری بێت لـه داگیرکردنی ئیسپانیا، ئەوەش بە هەوڵ و تێکۆشانی خەڵکەکەی و بـە سـەرکردایەتی (کارلـوس مانویـل)، پـاش زنجیرەیـەک شـۆڕش و توندوتیـژی درێژخایـەن.[٨]

لـەو ماوەیـەدا بەهـۆی پشـێوی و توندوتیـژی لـە وڵاتـی کوبـا، ژمارەیەکـی گـەورەی دانیشـتوانەکەی هەڵاتـن بـەرەو ویلایەتـە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کوبییـەکان لـەو وڵاتـە چەند ڕێکخراوێکـی نهێنیـان پێکهێنـا، وەک: ڕێکخـراوی – مینـا دولا روزاکوبانـا، سوسـیرا دوا دوکا ماغـوی.

سـاڵی (١٨٨٠) سیسـتمی کۆیلایەتـی لـە کوبـا هەڵوەشـایەوە، سـاڵی (١٨٩٢) خوسـیە مارتـی، حزبـی شۆڕشـگێڕی کوبـای دامەزراند، لـە خەسـڵەتەکانی ئـەو حزبـە دیموکراسییەتی میللی و دژایەتیکردنـی داگیرکاری بوو، دواتر کوبا بە سـەرکردایەتی «مارتـی» کەوتـە جەنگـەوە دژی ئیسـپانیا، مارتـی لـە شـەڕدا کوژرا، هـەر بەهـۆی توندوتیژی و دەسـەڵاتی خراپـی ئیسـپانیا، هێزێکی ویلایەتـە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گەیشـتە کوبا و شـەڕ لەگـەڵ لەشـکری ئیسـپانیا هەڵگیرسـا، ئاکامەکانـی ئـەو پێکدادانـە، کشـانەوەی لەشـکر و دەسـەڵاتی ئیسـپانیا بـوو بەسـەر کوبـادا، بەڵام وڵاتـی کوبا کەوتـە ژێردەسـەڵاتی ئەمریکا، بۆیـە چەندین ڕاپەڕینـی جەمـاوەری ڕوویانـدا لـە سـاڵانی (١٩٠٦، ١٩٠٩، ١٩١٩،١٩٠١٧).[٩]

لەنێوان (١٩٤٠ ـ ١٩٥٩) (جەنەڕاڵ پاتیستا) بووە فەرمانڕەوای کوبا و بە شێوەیەکی ملهوڕانە کاری بەڕێوە دەبرد، لەو ماوەیەدا

چەندین ڕێکخراوی نهێنی دامەزرا، لەناو خوێندکارانی کوبا و لەلایەن توێژە شۆڕشگێڕەکان، وەک: ئەنجوومەنی شۆڕشگێڕ، بزووتنەوەی نیشتمانی شۆڕشگێڕ، بزووتنەوەی ڕەسەنەکان، کۆمەڵەی ڕێبازی ئەرسەزۆکی... هتد، کە هەموویان بەرهەڵستی ڕژێمی پاتیستایان دەکرد.

لەو بارودۆخەی کە لە کوبا خولقابوو، (فیدل کاسترۆ)ی پارێزەر[١٠]، نزیکەی (١٢٠) کەسی لەگەڵ خۆی کۆ کردەوە و لە (٢٦/تەمووز/١٩٥٣) هێرشێکی چەکداریان کردە سەر سەربازگەی (مونکادا) لە شاری «سانتیاگو»، بەڵام هەوڵەکەیان بۆ دەستگرتن بەسەر سەربازگەکە شکستی هێنا، ژمارەیەکیان لێ کوژرا و ژمارەیەکی دیکەشیان بەدیل گیران، لەناو بە دیلگیراوەکان خودی کاسترۆشی تیادابوو، کە پاشان ڕەوانەی دادگا کراو بە (١٥) ساڵ زیندانی کرا.

دوای دوو ساڵ، (کاسترۆ) بە لێبووردنی گشتی ئازاد کرا، کاسترۆ ڕووی لە وڵاتی مەکسیک کرد، لەوێ لەگەڵ (جیفارا) یەکتریان ناسی، بوونە هاورێی خەبات بە یەکەوە، ڕێکخراوی (٢٦/تەمووز)یان دامەزراند و گەڕانەوە کوبا، پاش ماوەیەک بە هاوکاری ئەنجوومەنی شۆڕشگێڕ بڕیاری خەباتی چەکداریان ڕاگەیاند دژ بە دەسەڵاتی (پایتستا)، ئەو هێزە ساڵی (١٩٥٩) سەرکەوتنیان بەدەست هێنا و ڕژێمەکەی پاتیستا ڕووخا و کاسترۆ دەسەڵاتی گرتە دەست.

وڵاتی کوبا لەو ڕۆژگارەوە ملکەچی دەسەڵاتی تاکحزبیە – حزبی کۆمۆنیستی کوبا –، کە باوەڕی بە بنەمای دەوڵەتی ناوەندی و تاکحزبی هەیە.

**دووەم/ فەنزویلا**:[١٢]

فەنزویلا وەک بەشێک لە کیشوەری ئەمریکای باشوور، سالانێکی زۆر لەلایەن ئیسپانیاوە داگیرکرابوو، دوای ماوەیەکی زۆری تێکۆشان لەپێناو سەربەخۆیی و ئازادی لەلایەن خەڵکی وڵاتەکە بە سەرکردایەتی «فرانسیسکو میراندا»، بەڵام هیچ ئەنجامێکی لەباری لێ بەدەست نەهات.

پاشان بزووتنەوەی نیشتمانی بە سەرکردایەتی (پولیڤار) لە (١٨٣٠) توانیان سەربەخۆیی بۆ فەنزویلا بەدەست بهێنن، ئەگەرچی توێژێکی هەڵپەرستی گەندەڵ دەستیان بەسەر دەسەڵاتدا گرت، بۆیە ململانێ و کودەتا سەربازییەکان، لەسەر دەسەڵات درێژەیان کێشا، لەلایەکی دیکەوە ناکۆکی توند لەنێوان خاوەن زەوی و موڵکداران لەگەڵ چینی کرێکار و زەحمەتکێشان بەڕێوە دەچوو.[١٣]

لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی (١٨٤٦) لیبراڵەکان دەسەڵاتیان گرتە دەست، ئەوان تا ساڵی (١٨٥٨) لە دەسەڵات مانەوە، ساڵی (١٩٢٨) وڵاتی فەنزویلا بووە دووەم بەرهەمهێنەری نەوت لە جیهاندا، لەگەڵ ئەوەشدا هەژاری دەستی بەسەر خەڵکی ئەو وڵاتەدا کێشابوو، لەنێوان (١٩٤٥ ـ ١٩٤٨) لە سەردەمی سەرۆک کۆمار (بتانکورت) وڵات تارادەیەک سەقامیگری سیاسی بەخۆیەوە دیت، کە حزبی (کاری دیموکراسی) ڕابەرایەتی دەکرد، پاشان ئەو حکومەتەش بەهۆی کودەتایەکی سەربازی ڕووخا، ساڵی (١٩٤٧) وڵات بووە خاوەن دەستوورێکی نوێ،

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پشێوی و شەڕ و ئاژاوە ماوەماوە سەری هەڵدەدا.[١٤]

ساڵی (١٩٤٨) مارکۆسی سەرۆک کۆمار لە دەسەڵات دوورخرایەوە، (ڕۆمولو) سەرۆکی حزبی کاری دیموکراسی بە سەرۆکی کۆمار هەڵبژێردرا، ساڵی (١٩٦٠) حزبی کاری دیموکراسی باڵێکی جیابۆوە بە ناوی (بزووووتنەوەی چەپی شۆڕشگێڕ)، کە لەگەڵ یەکێتیی کۆماری دیموکراسی و حزبی شیوعی فەنزویلا بەرەیەکیان دروست کرد.[١٥]

ساڵی (١٩٦٣) نوێنەری هەمان حزب بە سەرۆک کۆمار هەڵبژێردرا، ساڵی (١٩٦٨) پاڵێوراوی حزبی سوشیالستی مەسیحی (ڕۆفائیل کالدیرا) بوو بە سەرۆک کۆمار، لە خەسڵەتەکانی حوکمڕانی سەردەمی (ڕومولو) بە سەقامگیری سیاسی و بوونی داهاتی باشی نەوت شانبەشان ڕێکەوتن و سازانی نێوان حزبە سیاسییە سەرەکییەکان دەناسرا.[١٦]

فەنزویلا هێشتا لە دەسەڵاتی حوکمی تاکڕەوی ڕزگاری نەبووبوو تا کەوتە ژێر دەسەڵاتی زۆرداری حزبەکان، بەتایبەتی هەردوو حزبی کاری دیموکراسی و حزبی کۆمەڵایەتی مەسیحی بۆ ماوەی زیاتر لە چل ساڵ.

### سێیەم/ بەڕازیل:[١٧]

ساڵی (١٨٢٢) سەربەخۆیی وڵاتی بەڕازیل ڕاگەیەنرا، (دوم بیدرو) وەک[١٨] ئیپمراتۆری وڵات خۆی سەپاند بەسەر دەسەڵاتدا، بەڵام بەهۆی درێژەکێشانی ناڕەزایی و ململانێی

دەرەکی و پشێوی ناو وڵات، ئیمپراتور دەستی لە کارکێشایەوە و کوڕەکەی، کە تەمەنی (٦) ساڵ دەبوو، لە جێگای خۆی دیاری کرد، هەر بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتیش، لیژنەیەکی سێ کەسی پێکهات، ساڵی (١٨٨٨) بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی سیستمی کۆیلایەتی دەرچوو، ئەو بڕیارە لەلایەن خاوەن موڵک و زەویوزارەکان نارەزایی لێ پەیدابوو، ئەو نارەزایەتی و دۆخە پەرەی سەند و بووە بزووتنەوەیەکی جەماوەری دژ بە دەسەڵات، کە بەهۆیەوە سیستمی پاشایەتی ساڵی (١٨٨٩) هەڵوەشایەوە، شای وڵاتیش بەرەو وڵاتی فەرەنسا هەڵات.[١٩]

دوای چوار ساڵ لە ئاڵۆزی و پشێوی بارودۆخی وڵات، سەقامگیری و ئاسوودەیی بۆ گەڕایەوە، سیستمی پاشایەتی گۆڕا و بوو بە کۆماری، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کودەتای سەربازی سەری هەڵدایەوە.

ئەو بارودۆخە و ئەو ئەزموونەی بەسەر بەڕازیلدا هات، ڕۆڵی حزبە سیاسییەکان دەردەخات بەتایبەتیش بزووتنەوەی دیموکراسی بەڕازیل، لەبەر ئەوەی بەتەنها ئەو بزووتنەوەیە بووە هێزی ئۆپۆزیسیونی سەرەکی لەناو دەوڵەت، بزووتنەوەکە ژیرانە کاری دەکرد، چونکە متمانەی دامەزراوەی سەربازی بەدەست هێنابوو، لەگەڵ بۆچوونی بە ئاراستەی دیموکراسیکردنی ژیانی سیاسی دەوڵەت، هەروەها گۆڕینی بارودۆخی ناوخۆی وڵات.

حکومەتە سەربازییەکەی بەڕازیل لە (١٩٨٨) ڕازی بوو بەدەرکردنی چەند یاسایەکی لێبووردن و گۆڕینی سیستمی هەڵبژاردن و بڕیاردان لەسەر فرەیی ژیانی حزبایەتی.

لەو سەردەمە ژیانی سیاسی لە بەڕازیل چەند خەسڵەتێکی هەڵگرتبوو، وەک زیندوویەتی و گەشەکردن و پێگەیشتنی حزبەکان.

**لە حزبە دیارەکانی بەڕازیل:**

بزووتنەوەی دیموکراسی، حزبی کرێکاران، حزبی کۆماری، حزبی گەلی دیموکراسی، حزبی سۆشیالست، حزبی کۆمونیستی، حزبی گەلی مەسیحی، لەگەڵ چەندین حزبی دیکەی خاوەن بەرنامەی لیبڕاڵ و دیموکراسی و چەپ و کۆنەپارێز، هەروەها سەرەڕای چەندین گرووپی بەرهەڵستکار و یەکێتییەکانی کرێکار و گرووپە ئایینییەکان.

**چوارەم: ئەرجەنتین:**

ئەرجەنتین ساڵی (١٨١٠) سەربەخۆیی بەدەستهێناوە، بەڵام بەردەوام بەرەو ڕووی زنجیرە شەڕ و ناکۆکی و ئاژاوەی ناوخۆیی بۆتەوە، ئەرجەنتین لەنێوان ساڵانی (١٨٥٢ تا ١٩٣٠) ئاراستەیەکی لیبڕاڵی کۆنەپارێز بەسەر دەسەڵات و حکومەت باڵادەست بووە، حکومەت لەو وڵاتە هەندێ جار بە دەستی کەمایەتییەک بەڕێوەدەچوو، هەندێ جاریش دیموکراسیانە بەڕێوەدەچوو.[٢٠]

لەنێوان (١٨٥٢ - ١٩١٦) توێژێکی موڵکداری زەویوزار دەسەڵاتدار بوو، لە هەڵبژاردنەکان ساختەکاریان ئەنجام دابوو، لەو سەروبەندەدا چینی ناوەڕاست و کرێکاران تازە

پێگەیشتبوون، وەک ئۆپۆزیسیون دژی ئەو دۆخە چالاکییان نواندووە، لەو ماوەیەدا چەندین سەندیکای کرێکاران و حزبی سیاسی دروستبوونە، لەوانە (یەکێتیی مەدەنی ڕادیکاڵ).

ساڵی (١٩٤٦) خوان بیرۆن بوو بە سەرۆک کۆماری ئەرجەنتین، هەوڵیدا باری ئابووری وڵات بەرەو گەشەکردن بەرێت و ژیان و گوزەران باشتر بکات، هەر لە (١٩٤٧)دا مافی دەنگدان بۆ ژنان ڕێگای پێدرا، هەروەها بانکەکان و هۆیەکانی گواستنەوە، کارەبا هەموویان خۆماڵیکراون.

(بیرۆن) لە هەڵبژاردنەکانی (١٩٥١) دووبارە سەرکەوت، پشتیوانییەکی جەماوەری فراوانی هەبوو، بە تایبەتی لەناو کرێکاران، بەڵام بەرەو ڕووی نارەزایی کڵێسە بۆتەوە، ساڵی (١٩٥٥) کودەتایەکی سەربازی ڕوویدا و دەسەڵات کەوتە دەستی سەربازان، دواتر ململانێیەکان توندتر بوون، ڕێگا لە حزبە سیاسییەکان گیرا بەتایبەتی حزبە چەپەکان، وەک حزبی کۆمۆنیستی، حزبی کرێکاران، حزبی کرێکارانی ترۆتسکی حزبی کرێکارانی سوشیالست.

## سەرچاوە و پەراوێزەکانی بەشی حەوتەم

١. الحرب الباردة في امريكا اللاتينية – بخلاء سعيد مكاوي – ط ٢٠١٣/١ – بيروت ص
٢. الاحزاب السياسية في العالم الثالث – سەرچاوەی پێشو ص ٨٥
٣. الحرب الباردة في امريكا اللاتينية – سەرچاوەی پێشوو ص ٤٨.
٤. خوان پیرۆن: ئەفسەرێکی پلەباڵای ئەرجەنتین بوو، سێ جار بە سەرۆک کۆمار هەڵبژێردراوە، لەنێون (١٨٩٥ ـ ١٩٧٤) ژیاوە.
٥. امريكا اللاتينية المعاصرة – د.رونالدو مونك – ترجمة د. مينر محمود، الرياض ٢٠٠٧ – ص١٦٦.
٦. بزووتنەوە میللییەکان: زاراوەیەکی سیاسی تەماوییە، لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم لە زۆر وڵاتانی جیهان بڵاوبۆتەوە، لەوانە: بەڕازیل و ئەرجەنتین.
٧. موسوعة السياسية/جزء – ٥ – اشراف د.عبدالوهاب الكيالي ص١٧٧

- بحث – ما هو نظام الحكم في كوبا – احسان العقلة – www.mowdooz.com

٨. کارلوس مانویل: لەنێوان ساڵانی (١٨٦٩ ـ ١٨٧٣) فەرمانڕەوای کوبا بووە، لەنێوان ساڵانی (١٨١٩ ـ ١٨٧٤) ژیاوە.
٩. فولخینسیو پاتیستا: ئەفسەرێکی پلەباڵا بووە لە کوبا،

لەنێوان (١٩٥٢ ـ ١٩٥٩) سەرۆکی کوبا بووە، لەنێوان (١٩٠١ ـ ١٩٧٣) ژیاوە.

١٠. فیدل کاسترۆ، تێکۆشەرێکی سیاسی بووە لە کوبا، سکرتیری حزبی کۆمۆنیستی کوبا لە ساڵی (١٩٦٥)، سەرۆک کۆمار لە ساڵی (١٩٧٦) لەنێوان (١٩٢٦ ـ ٢٠١٦) ژیاوە.

١١. ئەرنستو ـ تشی ـ جیفارا، لە وڵاتی ئەرجەنتین لەدایک بووە، لەنێوان (١٩٢٨ – ١٩٥٧) ژیاوە، تێکۆشەرێکی پارتیزانی وڵاتانی ئەمریکای باشوور بووە، ساڵی ١٩٦٧ لە وڵاتی پۆلیفیا کوژراوە.

١٢. امریكا اللاتينية قارة الجوع والثورة – بيتريوسف – بغداد ط/١٩٧٢/١/ ص١٢٩

- الموسوعة العربية الميسرة – المكتبة العصرية – بيروت ص٢٤٥٥

- بحث – فنزويلا – التاريخ والجغرافية والاقتصاد – محمد عادل زكي – سايت الحوار المتمدن..

١٣. سیمون بولیفار: سەرکردیەکی سەربازی و سیاسی وڵاتی فەنزویلایە، سەرۆک کۆماری فەنزویلا لەنێوان (١٧٨٣ ـ ١٨٣٠) ژیاوە.

١٤. فرانسیسکو میراندا: تێکۆشەرێکی سیاسی فەنزویلا بوو، خەباتی کرد بۆ ڕزگارکردنی وڵاتی ئەمریکای باشوور لە داگیرکاری ئیسپانیا، پاشان دەسگیر کرا و لە زیندان کۆچی دوایی کردووە، لەنێوان (١٧٥٠ ـ ١٨١٦) ژیاوە.

١٥. ڕومولو جایجوس، سەرۆک کۆماری فەنزویلا، ساڵی (١٩٤٨) ڕابەری حزبی کاری دیموکراسی بووە، لەنێوان ساڵانی

(١٨٨٤ ـ ١٩٦٩) ژیاوە.

١٦. ڕوفائیل کالدیرا: سەرۆک کۆماری فەنزویلا، لەنێوان (١٩١٦ ـ ٢٠٠٩) ژیاوە.

١٧. موسوعة السياسة، جزء اول – اشراف د. عبدالوهاب الكيالي ص٥٠١

- بحث – الموسوعة الجزائيرية للدراسات السياسية والاستراتيجية dz.com.www.politics

١٨. دوم بدرو: دامەزرێنەر و ئیمپراتۆری بەڕازیل، لەنێوان (١٧٩٨ ـ ١٨٣٤) ژیاوە.

١٩. سیستمی کۆیلایەتی: زاراوەیەکە ئاماژە بۆ خاوەنداری مرۆڤ بۆ مرۆڤ دەکات، بە خاوەندار دەوترا (سەروەر) و بە کۆیلەش (بەندە)، بازرگانی کۆیلایەتی لە سەردەمە کۆنەکانی مێژووەوە هەبووە، ساڵی (١٩٤٩) بە بڕیاری کۆمەڵەی گەلان ڕێگری لێ کرا و هەڵوەشایەوە.

٢٠. موسوعة السياسة، جزء اول – اشراف د. عبدالوهاب الكيالي ص١٢٨.

- www.wikipedida.com

# پـــاشـــكۆ

## حزبە سیاسییەكان لە وڵاتانی جیهاندا

لـەم بەشـە، نـاوی گرینگتریـن (دە) حزبـی سیاسـی دەهێنیـن بۆ هـەر دەوڵەتێـک، کـە ڕۆڵـی سـەرەکیان گێـڕاوە لـە مێـژووی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی ئـەو وڵاتانـە، بەرامبـەر هەریەکێکیـان مێژووی دروسـتبوونی و کەسـی یەکەمی و بەناوبانگی حزبەکە.

لـەم بـارەوە دەبـێ ڕەچـاوی ئـەوە بکەیـن کـە بەشـێک لـەو حزبانـە چەندیـن جـار بـەرەو ڕووی دووبەرەکـی و دابەشـبوون هاتـوون، یـان هەڵوەشـاونەتەوە و ماوەیـەک لـە کار و چالاکـی سیاسـی دوور کەوتوونەتـەوە و پاشـان دامەزراونەتـەوە.

هەروەها ڕەنگە ئەوانی بەشداریان کردووە لە دروستبوونی حزبێک، ئەوا دوورکەوتبنـەوە و حزبێکی دیکەیان دامەزراندبێ، یاخـود لـە حزبێـک دوورکەوتبنـەوە و چووبوونـە پـاڵ حزبێکـی دیکە.

ڕەنگە تێبینی ئەوەش بکرێت زیاتر لە جارێک چەند حزبێک یەک ناویان هەڵگرتبێ و لە کاتی جیاوازدا.

ئەو جۆرە گۆڕانانە کارێکی باوە لە مێژووی هەموو حزبە سیاسییەکانی جیهاندا.

**١/ بەریتانیا:**[١]

- حزبی پارێزگاران: ساڵی دروستبوونی (١٨٣٠)، لە سەرکردەکانی: لورد کانغتون، تشرشل، تاتشەر، تیرایزا مەی.
- حزبی کرێکاران، ساڵی دروستبوونی (١٩٠٠) لە سەرکردەکانی: جیرنمی کورییبن، جیمس کالاهان تونی بلیر، هارولد ولسون.
- حزبی ئازادیخوازان (لیبرِاڵ)، ساڵی (١٨٦٥) دروست بووە، لە سەرکردەکانی: غلادستون، جون ستیوارت مل، لوید جورج.
- حزبی سەوز، ساڵی دروستبوونی (١٩٩٠)، لە سەرکردەکانی: کارولین لوکاس، جوناشان بارتلی، سیان بیری.
- حزبی شیوعی بەریتانیا، ساڵی دامەزراندنی (١٩٢٠)، لە سەرکردەکانی: مایکل ماک غاهی.
- پارتی سیوشیال دیموکرات، ساڵی دروستبوونی (١٩٧٠)، لە سەرکردەکانی: جیری فیت، مارک دورکان.
- پارتی یەکێتیی دیموکراسی، ساڵی دروستبوونی (١٩٧١)، لە سەرکردەکانی: ئیەن پبیزل.
- حزبی شین فین (sinn fein)، ساڵی دامەزراندنی (٢٠٠٧)، لە سەرکردەکانی: جیم ئەلستر.
- حزبی نیشتمانی سکوتلەند، لە سەرکردەکانی: ویلیام ولف، کریسی ماک، نیکولاستارجی.
- حزبی دیموکراتخوازانی لیبرِاڵ، ساڵی دروستبوونی (١٩٨٨)، لە سەرکردەکانی: فینس کیبل.

**٢/ فەرەنسا:**[٢]

- حزبی سیوشیالستی فەرەنسا، ساڵی دروستبوونی (١٩٠٥)، لە سەرکردەکانی: جان جورسی گید، فرانسوا میتران، مارتین ئوبری.
- حزبی شیوعی فەرەنسا، ساڵی دروستبوونی (١٩٢٠)، لە سەرکردەکانی: موریس توریز.
- حزبی کرێکارانی فەرەنسا، ساڵی دروستبوونی (١٨٨٠)، لە سەرکردەکانی: جول غوسید، بول لافارج.
- حزبی ڕادیکاڵی سەربەخۆ، ساڵی دامەزراندنی (١٩٣٤)، لە سەرکردەکانی: بییر کاتالا.
- یەکێتیی لەپێناو کۆماری نوێ، ساڵی دروستبوونی (١٩٥٨)، لە سەرکردەکانی: جاک شیراک
- بزووتنەوەی کۆماری میللی، ساڵی دروستبوونی (١٩٤٥)، لە سەرکردەکانی: جورج بیرو، موریس شومان.
- حزبی کۆماری، ساڵی دروستبوونی (١٩٧٧)، لە سەرکردەکانی: جیسکاردیستان.
- حزبی دیموکراتی مەسیحی، ساڵی دروستبوونی (٢٠٠٩)، لە سەرکردەکانی: کریستین بوتن.
- حزبی کۆماری بەرەوپێش، ساڵی دروستبوونی (٢٠١٦)، لە سەرکردەکانی: ئیمانویل ماکرون.
- حزبی ڕادیکاڵی سوشیالست، ساڵی دروستبوونی (١٩٣٥)، لە سەرکردەکانی: ئەندریە موریس.

**٣/ ئەڵمانیا:**[٣]

- یەکێتیی دیموکراسی مەسیحی (CDU)ـ ساڵی دروستبوونی (١٩٤٥)، لە سەرکردەکانی: هیلموت کول، ئەنجیلامیرکل.
- حزبی سوشیالستی دیموکراسی ئەڵمانیا (SPD) ـ ساڵی (١٨٩١) دامەزراوە، لە سەرکردەکانی: کارل کاوتسکی، ئوفست بیل، هیلموت شمیدت.
- حزبی سوشیالستی ئەڵمانیای یەکگرتوو، ساڵی دروستبوونی (١٩٤٦)، لە سەرکردەکانی: ئەریک هونیکەر.
- حزبی نەتەوەیی سوشیالستی ئەڵمانیا، ساڵی دروستبوونی (١٩٢١)، لە سەرکردەکانی: ئەدۆلف هیتلەر.
- حزبی سەوز، ساڵی دروستبوونی (١٩٨٠)، لە سەرکردەکانی: زەیمونە بیتەر، جیم ئوزدەمیر.
- حزبی دیموکراسی ئازاد (FDA) ـ ساڵی دروستبوونی (١٩٤٨)، لە سەرکردەکانی: هانز غینشەر.
- حزبی شیوعی ئەڵمانیا (DKP) ـ ساڵی دروستبوونی (١٩١٨)، لە سەرکردەکانی: هربەرت میس.
- حزبی گۆڕان لەپێناو ئەڵمانیا (AFD)ـ ساڵی دروستبوونی (٢٠١٣)، لە سەرکردەکانی: فراوک بتری، بورغ موتین.
- حزبی لیبراڵی ئەڵمانیای دیموکراسی (LDPD) ـ ساڵی دروستبوونی (١٩٤٥)، لە سەرکردەکانی: کریسپن لیندر.
- حزبی – ئەلقەراسینە ـ piratenـ ساڵی دروستبوونی (٢٠٠٦)، لە سەرکردەکانی: سیبانسیتان ئەلسشیر.

**٤/ ئیتالیا:**[٤]

- حزبی دیموکراتی مەسیحی، ساڵی دروستبوونی (١٩٤٣)، لە سەرکردەکانی: (قەشە) دیون لیفی.
- حزبی سوشیالستی ئیتالیا، ساڵی دروستبوونی (١٨٩٣)، لە سەرکردەکانی: ساندرو برتینی، جولیانو ئەماتو.
- حزبی شیوعی ئیتالیا، ساڵی دامەزراندنی (١٩٢١)، لە سەرکردەکانی: سیلفیو برلوسکونی.
- حزبی نیشمانی فاشی، ساڵی دروستبوونی (١٩١٩)، لە سەرکردەکانی، موسولینی.
- بزووتنەوەی پێنج ئەستێرە، ساڵی دروستبوونی (٢٠٠٥)، لە سەرکردەکانی: جوزیبی فریللو، جیاترو برتوکازالاجیو.
- یەکێتیی باکووری ئیتالیا، ساڵی دروستبوونی (١٩٨٩)، لە سەرکردەکانی: ئەمبرتور بوسی.
- بزووتنەوەی سوشیالستی ئیتالیا، ساڵی دروستبوونی (١٩٧٤)، لە سەرکردەکانی: جورج پایاندریو.
- حزبی گەلی ئازادیخواز، ساڵی دروستبوونی (٢٠٠٩)، لە سەرکردەکانی: سیلفیو پرلسکونی.
- حزبی دیموکراسی، ساڵی دروستبوونی (٢٠٠٧)، لە سەرکردەکانی: بیرلویجی پرسانی.
- حزبی کۆمۆنیستی ئەلتەرناتیف، ساڵی دروستبوونی (٢٠٠٧)، لە سەرکردەکانی: فرانشیسکو ڕیتشی.

**٥/ ئیسپانیا:**(٥)

- یەکێتیی هێزە ناوەندە دیموکراسییەکان، ساڵی دروستبوونی (١٩٧٧)، لە سەرکردەکانی: غونزالت سواریش.
- حزبی کەتائیبی ئیسپانی، ساڵی دروستبوونی (١٩٣٤)، لە سەرکردەکانی: خوان کارلوس، ئەدولفوسواریش.
- هاوپەیمانی ڕێکخستنی دیموکراسییەکان، ساڵی (١٩٧٦) دامەزراوە.
- حزبی شیوعی ئیسپانیا، ساڵی دروستبوونی (١٩٢٣)، لە سەرکردەکانی: خۆسیە لویس، سانتیاغو کاریو.
- بەرەی میللی، ساڵی دروستبوونی (١٩٣٦)، لە سەرکردەکانی: مانویل ئاتانیا.
- حزبی کۆماری دیموکراسی فیدراڵی، ساڵی دروستبوونی (١٨٦٨)، لە سەرکردەکانی: فرانسیسکو مارغال.
- حزبی کۆماری لیبڕاڵ، ساڵی دروستبوونی (١٩٣٠)، لە سەرکردەکانی: ئەلکازمورا.
- حزبی سوشیالستی کرێکاری ئیسپانیا، ساڵی دروستبوونی (١٨٧٩)، لە سەرکردەکانی: بابلو ایفلیسیاس، سانشیس.
- حزبی پارێزگاران، ساڵی دروستبوونی (١٨٧٦)، لە سەرکردەکانی: ئەنتونیو کانویاس.
- حزبی کۆماری، ساڵی دروستبوونی (١٩٢٥)، لە سەرکردەکانی: مانویل ئەتانیا.

### ٦/ پورتوگال:[٦]

- حزبی شیوعی پورتوگالی، ساڵی دروستبوونی (١٩٢٠)، لە سەرکردەکانی: ئەلفارو کونیال.
- یەکێتیی دیموکراسی میللی، ساڵی دروستبوونی (١٩٧٤)، لە سەرکردەکانی: خۆسیە سیلفاتو.
- حزبی سۆشیالستی پورتوگال، ساڵی دامەزراندنی (١٩٦٤)، لە سەرکردەکانی: ماریوسوارێز.
- حزبی گەل (دیموکراسی کۆمەڵایەتی)، ساڵی دامەزراندنی (١٩٧٤)، لە سەرکردەکانی: پاولو بورتاس.
- هاوپەیمانی کرێکار و جوتیاران، ساڵی دامەزراندنی (١٩٧٤)، لە سەرکردەکانی: یدوینوفرمیس.
- حزبی سەوز، ساڵی دامەزراندنی (١٩٨٠)، لە سەرکردەکانی: جیرونیودی ساوسا.
- بزووتنەوەی دیموکراسی پورتوگال، ساڵی دامەزراندنی (١٩٨٠)، لە سەرکردەکانی: خۆسیە فانکاریت.
- بەرەی سوشیالستی پورتوگال، ساڵی دامەزراندنی (١٩٩٩)، لە سەرکردەکانی: مانویل سیرا.

### ٧/ ڕووسیا:[٧]

- حزبی ڕووسیای یەکگرتوو (UR). ساڵی دروستبوونی (٢٠٠١)، لە سەرکردەکانی: دیمتری مید فیدیف.
- حزبی شیوعی ڕووسیای یەکگرتوو، ساڵی دامەزراندنی (١٩٩٣)، لە سەرکردەکانی: غینادی زوغانوف.

- حزبی ڕووسیای لیبڕاڵی دیموكراسی، ساڵی دروستبوونی (١٩٨٩)، لە سەركردەكانی: فلادیمیر جیرنوفسكی.
- حزبی ڕووسیای دادپەروەر، ساڵی دروستبوونی (٢٠٠٦)، لە سەركردەكانی: سیرغی میرونوف.
- حزبی دیموكراسی ڕووسیای یەكگرتوو، ساڵی دروستبوونی (١٩٩٣)، لە سەركردەكانی: گریگوری یافلیسكی.
- یەكێتیی گەلی دیموكراسی ڕووسیا، ساڵی دروستبوونی (٢٠٠٦)، لە سەركردەكانی: میخائیل كاسیانوف.
- حزبی سەوز، ساڵی دامەرزاندنی (١٩٩٤)، لە سەركردەكانی: یەنغینی بیلیایف.
- حزبی شیوعی ڕووسیا، ساڵی دروستبوونی (١٩١٢)، لە سەركردەكانی: لینین، ستالین.
- حزبی ڕودینیا، ساڵی دروستبوونی (٢٠٠٣)، لە سەركردەكانی: دمیتری ڕوغوزین.
- حزبی نیشتمانپەروەرانی ڕووسیا، ساڵی دروستبوونی (٢٠٠٥)، لە سەركردەكانی: غینادی سیفیفین.

**٨/ ئەلبانیا:**[٨]

- حزبی كرێكارانی ئەلبانیا (شیوعی)، ساڵی دامەزراندنی (١٩٤١)، لە سەركردەكانی: ئەندەرخوجا، ڕامز عەلیا.
- حزبی شوشیالستی ئەلبانیا، ساڵی دامەزراندنی (١٩٩١)، لە سەركردەكانی: ئید راما.
- حزبی دیموكراسی ئەلبانیا، ساڵی دامەزراندنی (١٩٩٠)، لە سەركردەكانی: ساڵح برشا.

- بزووتنـەوەی سوشیالسـتی بۆ تـەواوکاری، سـاڵی دامەزراندنـی (٢٠٠٤)، لـە سـەرکردەکانی: خاتـو مونیـکا کریمـادی .
- حزبی ئەلبانیای میللی سوشیالیست، ساڵی دامەزراندنی (١٩٤٦).
- حزبی حزبی دیموکراسی نوێ، لە سەرکردەکانی: جیتک یولو، سـاڵی دروسـتبوون: (٢٠٠١).
- حزبـی دادپـەروەری و تـەواوکاری، لـە سـەرکردەکانی: تاهیـر محیدیـن، سـاڵی دروسـتبوون: (٢٠١١).
- حزبی دیموکراسییەت و سۆشیالیزم، لە سەرکردەکانی: باسکال میلو.
- حزبی دیموکراسی سۆشیالست، لە سەرکردەکانی: ئەسکەندەر جینـۆش.
- حزبـی یەکێتیـی نیشـتمانی بـۆ مافەکانـی مـرۆڤ، لـە سـەرکردەکانی: فانفجـی دولـە، سـاڵی دروسـتبوون: (١٩٩١).

**٩/ نەمسا:**

